نیسانی ٢٠١٧ ٦

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکرییە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

**ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری، بارودۆخی سیاسی کوردستان، سەبارەت بەریفراندۆم وسەربەخۆیی، ڕۆژی شورا لەکوردستان، ڕەخنە لەپرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆران، سەبارەت بەستەم ومەسەلەی میللی، هەلومەرجی جیهانی، لەبارەی کالاوە، بەڵگەنامەکان**

عوسمانی حاجی مارف،
موحسن کەریم،
سورەیا شەهابی،
خـەسرەو سایە،
ڕێبوار ئەحمەد،
جەمال موحسن،
کارڵ مارکس

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە 6 / ساڵی سێهەم / نیسانی 2017

سەرنوسەر:

**جەمال محسن**

دیزاین:

**خەسرەو سایە**

بەشدارانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، موحسن کەریم،**
**سورەیا شەهابی، خـەسرەو سایە، ڕێبوار ئەحمەد،**
**جەمال موحسن،**

پەیوەندی:
0047 47276028
**didgaisocialisti@gmail.com**

www.hkkurdistan.org

# ناوەڕۆک:


★ **تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:**
**ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری، هێنانەمەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری پێویستە!**
عوسمان حاجی مارف، موحسن کەریم .......... ...................................... ٢

★ **سەرنجێك لەسەر بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان**
خەسرەو سایە........................................ ....................................... ١٨

★ **سەبارەت بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان**
گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد ...................................................................... ٢٨

★ **ڕۆژی شورا لەکوردستان**
**ئایا سەرهەڵدانەوەی جولانەوەی شورایی وشوراکان لەکوردستان لەتوانادایە؟**
ئاراس ڕەشید، خەسرەو سایە، جەمال موحسین ........................................ ٤٣

★ **پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟**
ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا (5)
خەسرەو سایە.............................................................................. .. ٥٩

★ **سەبارەت بە ستەم و مەسەلەی میللی**
عوسمانی حاجی مارف.......................................................................... ٩٧

★ **هەلومەرجی جیهانی و تێپەڕینی بە تونێلی تاریکیدا**
گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی ........................................................ ١٠٧

★ **کالاّ**
کارڵ مارکس ......................................................................... ١١٩

★ **بەڵگەنامەکان:**
- **یاری کردن بەماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستان، مەحکومە!**....... ................................................................ ١٢٧
- **چەند ڕێسایەکی دیدگای سۆشیالیستی** ........................... ١٣٠

## پێشەکی ژمارە:

سەرەتا پۆزش بۆ خوێنەرانی بەڕێزی گۆڤارەکەمان ئەهێنینەوە کە ئەم ژمارەیە لە کاتی خۆی دواکەوت.

سەرنجی خوێنەران لە سەرەتای ئەم ژمارەیەدا بۆ ئەوە ڕائەکێشین کە چەند ڕێسایەکی پێویستی گۆڤارەکە ئەخەینە بەردەم.

ئەم ژمارەیە کۆمەڵێک گفتوگۆ لەسەر چەند مەسەلەیەکی جیاواز لەخۆئەگرێ.

یەکەمین تەوەر سەبارەت بە هەژاری و نەداری و برسێتیە کە یەخەی بە جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی بێبەش گرتووە. باسی هەلومەرجی سیاسی کوردستان یەکێکە لە باسەکانی نێو ئەم ژمارە کە هەوڵ ئەدات سەرخەتەکانی ئەم هەلومەرجە بناسێنێ.

یەکێکی تر لە گفتوگۆکان سەبارەت بە مەسەلەی ڕیفراندۆم و ڕەهەندەکانیەتی. لەم باسەدا کۆمەڵێک پرسیاری گرنگ لەسەر ئەم پرسە لەلایەن گۆڤارەکەوە وروژێنراوە.

باسی شوراکان کە باس لە گرنگی و زەمینەکانی پێکهێنانیان ئەکات. هاوکاتیش لە درێژەی زنجیرە باسی ڕەخنە لە بزووتنەوەی گۆڕاندا بەشی پێنجەم لێرەدا هاتووە.

ئەمەو سەبارەت بە هەلومەرجی جیهانی و هەڕەشە و شەڕە ناوچەییەکان گفتوگۆیەکتان بەرچاو ئەکەوێ.

جگە لەمانە باسێک لەسەر کێشەی کورد کە وەڵام بە هەندێ مەسەلەی پەیوەست بەم کێشەیە ئەداتەوە و هەروەها وەک هەوڵێک بۆ پۆشینی باسە فیکری و تیۆریەکان، وەرگێڕانێک سەبارەت بە بەشی کاڵای کتێبی سەرمایەی کارڵ مارکس لەم ژمارەیەدا هاتووە.

**سەرنووسەر**

**کۆتایی نیسانی ٢٠١٧**

# ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری، هێنانەمەیدانی بزوتنەوەیەکی جەماوەری پێویستە!

**تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:**

ئەم تەوەرە سەبارەت بە هەژاری و نەداری و چۆنێتی بەرەنگاربوونەوەی لەلایەن جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوەیە. شێوازی گفتوگۆکە چەند پرسیارێکە کە بە جیا خستمانە بەردەم هەریەک لە هاوڕێیان عوسمان حاجی مارف و موحسین کەریم. بۆیە لێرەدا لە شێوەی پرسیار و وەڵامدا بە دوای یەکدا دێن.

**دیدگای سۆشیالیستی:** خراپی باروگوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە ڕادەبەدەرە، نەدان و کەمکردنەوەی مووچە و کرێ و لەبەریەکهەڵوەشانی خزمەتگوزاریە تەندروستی و گشتیەکان، زیادکردنی باج لەسەر جەماوەری بێبەش و ...هتد لە نمونەکانی ئەم خراپیەیە. بەڵام هێشتاش چاوەڕوان ئەکرێ زیاتر بەرەو خراپی بڕوات. ئێمە پێشتر باسمان لە هۆکارە ئابوری و سیاسیەکانی ئەم بارودۆخە کردووە، بەڵام بەرپرسەکانی حکومەت و شارەزایانی ئابوری بۆرژوازی کورد هۆکاری خراپبوونی بارودۆخەکە دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی کە گوایە کێشەی دارایی هەیە، حکومەت پارەی پێویستی لەبەردەستدا نییە و کورتهێنانی بودجە هەیە. لەبەرئەوە حکومەت بۆ دەربازبوون لەم بارودۆخە ناچارە داهات زیاد بکات و خەرجیەکانی کەم بکاتەوە. ئەوەش کاریگەری لەسەر ژیان و ئاستی گوزەرانی خەڵکی کەمدەرامەت داناوە و بەرەو هەژاری ڕەها پاڵیان پێوە دەنێت! تا چ ڕادەیەک ئەم بیانوانە لای ئێوە پەسەندە؟

**موحسین کەریم:** هەڵبەتە وەکو خۆشتان وتتان، ئێمە لە شوێنی دیکەدا ئاماژەمان بەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم بارودۆخە ئابوریە فەلاکەتبارە کردوە و ئەوەمان ڕوون کردۆتەوە کە ئەوەی لە

## ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری، ئامانجەکانی



کوردستاندا دەگوزەرێت نەبوونی پارە و سامان نییە، یان قەیرانی دارایی و کورتهێنانی بودجە نییە کە بەرپرسانی حکومەت و ئابوریناسەکانی بۆرژوازی کورد باسی دەکەن. بەڵکو ئاکامی قەیرانێکی ئابوریە کە روبەرووی سیستەمی سەرمایەداری لە کوردستان بوەتەوە. بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی وەکو هەموو دەسەڵاتە بۆرژواییەکانی دنیا، هەوڵ دەدەن باری سەختی ئەو قەیرانە ئابوریە بەسەر شانی کرێکار و زەحمەتکێش و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای کوردستاندا بشکێننەوە. هەژاری و برسیکردن و هەژارکردنی زیاتری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەک و پڕکردنی گیرفانی سەرمایەدار و بۆرژواکان لەلایەکی دیکەوە، کارنامەی چینایەتی حکومەتی هەرێمە.
بێگومان هەژاربوونی بەردەوامی چینی کرێکارو توێژە زەحمەتکێشەکانی کۆمەڵگا یەکێکە لە تایبەتمەندیە زاتیەکانی سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و دەسەڵاتی سەرمایە. بەو رادەیەی سامانی سەرمایەداران و چینی بۆرژوازی لەهەر کۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا زیاد دەکات، بەو ئەندازەیە بەشی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە داهاتی گشتی کەم دەکات و بەوپێیەش زیاتر هەژار دەبن. مارکس لەوبارەیەوە دەڵێت:" لە کۆتاییدا ئەوە یاسایە کە هەمیشە زیادەی رێژەی دانیشتوان (الفائض النسبي للسكان- The relative surplus population)، یان سوپای زەخیرەی پیشەسازی لەگەڵ رادەو توانای کەڵەکەبوون هاوسەنگ دەکاتەوە. ئەم یاسایە بەهێزتر لە قۆڵکان کە پرومیسۆسی بەبەردەکەوە بەستەوە، کرێکار بە سەرمایەوە دەبەستێتەوە*. لەبەرامبەر کەڵەکەی سەرمایەدا هەژاری کەڵەکە دەکات. بەمجۆرە، کەڵەکەبوونی سامان لە جەمسەرێکدا لەهەمان کاتدا بریتیە لە کەڵەکە بوونی هەژاری، ژانی کۆیلایەتی، نەزانی، دڕندەیی و تێکچوونی باری دەرونی لە جەمسەرەکەی دیکەدا، واتە لای ئەو چینەی کە بەرهەمە تایبەتەکەی لە فۆرمی سەرمایەدا بەرهەم دەهێنێ". ( کارل مارکس، سەرمایە، جەلدی یەکەم: شیکردنەوەیەکی رەخنەگرانەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری).
مەبەستم ئەوەیە بڵێم که هەبوونی هەژاری لە کوردستان و زیادبوون و بەرەوسەرچوونی رێژەی هەژاری ئاکامی سیاسەتی ئابوریی هەڵە و نەزانینی حکومەتی هەرێم و بەرپرسەکانی نییە، بەڵکو زادەی خودی سیستەمێکی ئابوری-کۆمەڵایەتیە کە ئیستا لە کوردستاندا لەئارادایە؛ سیستەمی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری. دەسەلاتداران و بەرپرسانی حکومەتی هەرێم وەکو نوێنەرانی سیاسی بۆرژوازی کورد و پارێزەری دەسەڵاتی سەرمایە لە کوردستان بەرپرسیارێتی ئەم دۆخەیان دەکەوێتە ئەستۆ و هەر لەوێشەوە دەبێ بکەونە بەر رەخنەی سۆشیالیستی چینی کرێکارو جەماوەری بێبەشی کوردستان.
هەروەکو پێشتر ئاماژەم پێکرد، قوڵبوونەوەی هەژاری و پەرەسەندنی بەو رادە مەترسیدارە بەهۆی کەمبونەوەی پارە لە بازاڕەکانی کوردستان و "قەیرانی دارایی"یەوە نییە. پارە و سامان لە

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

کوردستاندا ئەوەندە زۆرە کە دەتوانێ بۆ دەیان ساڵ ژیان و گوزەرانی سەرجەم خەڵکی کوردستان لە ستانداردێکی باڵای جیهانیدا دابین بکات، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پارە و سامانە لەلایەن سەرمایەداران و بەرپرسانی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە دەستی بەسەردا گیراوە، بۆیە کۆمەڵگای لێ بێبەش کراوە و زۆربەی خەڵکی کوردستان لەناو هەژاریدا نقوم کراوە.

ئەگەر نمونەیەک لە ئەمریکا بهێنەوە کە یەکێکە لە وولاتە سەرمایەدارە هەرە دەوڵەمەندەکانی دنیا کە بەشێکی زۆری پارە و سامانی گۆی زەوی لای دەوڵەمەندان و خاوەن سەرمایەکانی ئەو وڵاتە کۆبۆتەوە. لەو وولاتە جیاوازی نێوان دەوڵەمەند و خەڵکی ئاسایی لەماوەی ٣٠ ساڵی رابردودا بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر زیادی کردووە. بەپێی ئامارێکی ساڵی ٢٠١٤ی پەیمانگای دیراساتی سیاسی لە ئەمریکا، داهاتی ساڵانەی تاکی هەرە دەوڵەمەندی ئەو وولاتە کە ١٪ ی کۆی دانیشتوانی ئەمریکا پێکدەهێنن، دەکاتە زیاتر لە ٦ ملیۆن دۆلار، لە کاتێکدا داهاتی ساڵانەی تاکی هەژار؛ واتە چینی کرێکار و زەحمەتکێشی ئەمریکا کە ٩٠٪ ڕێژەی دانیشتوان پێکدەهێنن، بەپێی ئەو چارتەی خوارەوە نزیکەی ٣٣ هەزار دۆلارە.** واتە داهاتی ساڵانەی سەرمایەدارو توێژی سەرەوەی کۆمەڵگا دوو هەزار ئەوەندەی داهاتی ساڵانەی کرێکار و توێژە هەژارەکانی کۆمەڵگایە. کەواتە هۆکاری هەژاری کەمی و نەبوونی پارە نییە، بەڵکو کەڵەکەبونیەتی لەدەستی کەمایەتیەکی زۆر بچووکی کۆمەڵگادا.




ئەم چارتە لەماڵپەڕی Inequqlity.org وەرگیراوە وپڕۆژەیەکی پەیمانگای دراساتی سیاسیە لەئەمریکا. Sam Pizzigati ڕۆژنامەنوسی خاوەن ئەزمونی بزوتنەوەی کرێکاری ئەمریکایە کەبۆماوەی 20ساڵ بەرپرسی پەخش وبڵاوکردنەوەی گەورەترین یەکێتی کرێکاری ئەمریکا(ئەنجومەنی نیشتمانی پەروەردەو فێرکردن) بووە کەزیاتر لە3ملێۆن ئەندامی هەیە.

کوردستانیش هەمان یاسای سەرمایەداری تێیدا بەڕێوەدەچێت و زۆربەی سامانی کۆمەڵگا لەدەستی چەند سەرمایەدارێکی بەرپرسی حزبە دەسەڵاتدارەکان و هاوچینە ملیۆن وملیاردێرەکانیانە لە چینی بۆرژوازی کوردا! بەڵام لە کوردستان ناتوانرێ داتایەکی لەوچەشنە سەبارەت بە سامانی سەرمایەدار و بەرپرسە خاوەن سەرمایەکان بەدەست بهێنرێ. بەڵام کرێکار

## ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری...

و زەحمەتکێشی کوردستان دەتوانن لە ڕێگای ژمارەی ڤێلا و باڵەخانە و ئوتێل و بازاڕ و مۆڵ و باخ و خانوە گەشتیاریەکان و ریزە شوقە و ئۆتۆمبیلی گران بەها و خەستەخانە تایبەتیەکان و کۆمپانیا بازرگانیەکانی خۆراک و داوودەرمان و بیر و پاڵاوتگەی نەوت و....تاد. دەستنیشانی ئەوە بکەن کە پارە و سامان لای کێ کۆبوەتەوە. لەکاتێکدا بێ مووچەیی، بێخانەلانەیی و کرێچێتی، هەژاری و برسێتی لای ئەمان کۆبوەتەوە!

دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ئەم قەیرانەی کردوەتە فرسەتێک بۆئەوەی گەورەترین پاشەکشە بە چاوەڕوانیەکانی خەڵک بکات لەرووی مافەکان و شێوازی ژیانیانەوە. بێجگە لە بێکارکردن و نانبڕاوکردنی دەیان هەزار کرێکار لە کەرتە ئابوریە ناحکومیەکاندا و بڕین و کەمکردنەوەی کرێ و دەرماڵەی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی حکومی، حکومەت خەریکە خۆی لەژێر باری هەر جۆرە بەرپرسیارێتیەک بەرامبەر بە خزمەتگوزاریە کۆمەلایەتیەکان دەدزێتەوە. لەهەولی ئەوەدایە ئاخرین بزمار لە تابوتی ئەو شێوازە لە ئابوری بدات کە بۆ ساڵانێکی زۆر، لەژێر کاریگەری سەرمایەداری دەوڵەتیدا، دەوڵەت بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە دابینکردنی بەشێکی گرنگی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەکو خوێندن و خەستەخانەو داودەرمان و ئاوو کارەباو مەوادە خۆراکیە بنەڕەتیەکان ( بایعی) بە خۆڕایی یان بە نرخێکی رەمزی لە ئەستۆ گرتبوو.



**عوسمان حاجی مارف:** سەرەتا سەرنجتان بۆ ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییانە ڕادەکێشم کە ماوەی سێ مانگی خایاند، بینیمان لە کانونی دووەمی ٢٠١٦دا بایکۆت ڕاگیرا و خۆپیشاندانەکانیش بەهەر هۆیەک بێت کە جێگای باسی ئێستامان نییە، نەیانتوانی بەردەوام بن، بەڵام جیاوازیەک لە توڕەیی و ناڕەزایەتی ئەم جارەی خەڵکدا، لە گەڵ هەستانە جەماورەیەکانی ١٧ شباتی ٢٠١١دا لە مەیدانی ئازادی شارەکاندا، لەوەدایە کە خواستی موچە و پێداویستیەکانی ژیان ناوەڕۆکی ئەم ناڕەزایەتیانەی کۆتایی ٢٠١٦ و سەرەتای ٢١٠٧ی بەخۆوە گرێ دابوو، بەرەنگاری و وەستانەوەیەک لەبەرامبەر برسێتیدا دەنگی بەرزکردەوە، ئەتوانم بڵێم بەهەر کەموکوڕیەک لە ئامادەکاری و بەڕێوەچونی خۆپیشاندانەکان و دواتر ڕاگرتنی، بەڵام نیشانەی سەرهەڵدان و بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی جەماوەری یە و هەڵمەتێک لە ئارادایە کە بەشێکە لەو شەپۆلەی دەکەوێتە بەرامبەر هەوڵەکانی دەسەڵاتی بورجوازی کوردیەوە کە بۆ دەرچون لە قەیرانی ئابوری هێرش دەباتە سەر سفرە و ژیان و گوزەرانی کرێکاران و زەحمەتکێشان. حزبە دەسەڵاتدارەکانی بۆرجوازی وەک پارێزەر و نوێنەرایەتی کردنی سەرمایە و بەرژەوەندیەکانی سەرمایەداران هەوڵەدەن لە ڕێگەی دابەزینی ئاستی بژێوی و کەم کردنەوەی کرێی کار و ڕاگرتنی خزمەتگوزاریەکان و برسی کردنی زیاتری خەڵکیەوە کەڵەکەی سەرمایە

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

بپارێزن و داهات زیاتر بکەن و هەر بەم شێوە نارەوا و نابەرپرسیاریانەوە لە بەرامبەر ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژاردا لەم قەیرانە ئابوریە بێنە دەرەوە.
ئاشکرایە ئەزمونی چارەکە سەدەیەک زیاتر لە دەسەڵاتی میلیشیایی پارتی و یەکێتی کە ژیانی خەڵکیان بە بارمتە گرتووە ولە چاوەڕوانیەکی نادیار و هەڵواسرا و لە ناو نائارامی و گێژاوی سیاسیدا ڕایانگرتون، گومانی تیا نییە کە بۆ دوبارە ڕێکخستنەوەی سەرمایەگوزاری و دەرچون لەو قەیرانە و هەوڵدان بۆ کەڵەکەبونی زیاتری سەرمایە و گەندەڵ کاری و جەردەیی و تالانی زیاتر نەک ئامادەنین بە هیچ شێویەک بەرپرسیاریەتی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی کوردستان بگرنە ئەستۆ و دابینی بکەن، بەڵکو دەیسپێرن بە حەتمیەتی هەژاری و برسیەتی.
بە جیا لەوەی دەسەڵاتی بەزۆر سەپێنراوی هەردوو حزبی ناسیۆنالستی میلیشیایی پارتی و یەکێتی دەوریان هەیە لە بەردەوامی گێژاو و ناجێگیری و نائارامی هەلومەرجی سیاسی کوردستاندا، لەهەمان کاتدا هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و بەرپرسە حزبیەکان لە ڕێگەی دەست بەسەراگرتن و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستانەوە بانکە جیهانیەکانیان بە ترلێون دۆلار بوژاندۆتەوە، لەم سەریشەوە لەشکرێک لە بێکاری و نەداری و هەژاری و برسیەتی ئەمسەروئەوسەری کوردستانی داگرتووە کە قەیران و کارەساتێکی مەترسیدارە بۆتە چارەنوسی ملیۆن ئینسان لەسایەی دەورو کارکردی دەسەڵاتی کوردایەتی و بنەماڵەییدا.
جەمسەرگەری چینایەتی گەیشتووە بەوپەڕی قوڵبوونەوە و ئەمسەرو ئەوسەرو ناکۆکی خۆی، کەمینەیەک لە سەرمایەداری خاوەن ملیارەها و ژیانی فرعەونی، ملێۆنەها ئینسانیش لە هێزی کار و دەرگیربونیان لە بەرامبەر نەداری و هەژاریدا، سیما و ڕوخساری دانیشتوانی کوردستانە. لە دەوارنی دەسەڵاتی سیاسی پارتی و یەکێتیەوە لە دامەزراندن و بەرێخستنی سەرمایە لە کوردستاندا، گەر لەلایەکەوە بە دامەزراندنی کارخانە و کۆمپانیا و پرۆژەی ئابوری و ڕێگاوبان و بیناسازی..دەورەیەک چوبێتە پێشەوە، لەلایەکی تریشەوە بەشیوەیەکی سەرەکی بەرهەم هێنانی نەوت مەوقعیەتی ئابوری کوردستانی لە پەیوەند بە بازاری جیهانی سەرمایەداریەوە دیارکردووە. هەربۆیە بازرگانی و قاچاخچێتی تەنها لەژێر دەست و کۆنترۆڵی هەردوو حزبی دەسەڵاتداردایە و داهاتەکەی بە ترلیۆن دۆلار لە بانکە جیهانیەکاندا دەئاخنرێت. لە هەمان کاتدا کوردستان بۆتە نمونەی بازاڕێکی ئاواڵە و بەرەڵاو بێ سانسۆر جێگای هەموو جۆرە کاڵایەکی خراپ و بۆگەن و ئیکسپایەری تیادەبێتەوە.
لەگەڵ ئەوەی داهاتی بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت و کەڵەکەبونی سەرمایە بەو شێوە خەیاڵیە بانکە جیهانیەکانی تەنیوە لە ترلیۆن دۆلار، لەملاشەوە بە بیانوی قەیرانی ئابوری و دارایی دیمان موچەی فەرمان بەران ماوەیەک نەدراو دواتر بە ناوی پاشەکەوتی موچەوە بەنیوەناچڵی دەدرێ، کە ئەمە هەنگاوی بە هەڵپە و هێرشی دەسەڵاتی سەرمایەیە بۆ کەمکردنەوەی ئاستی خەرجی لە پرۆسەی بەرهەم هێناندا، دواتریش کەمکردنەوە یان ڕاگرتنی خزمەتگوزاریەکان کە لە عەمەلیەی جێبەجێکردندایە و ڕۆژ بەڕۆژ تەنگ بە ژیان و گوزەرانی چینی کرێکارو خەڵکی بێکارو نەدارو هەژار هەڵدەچنێت، کەهەمان دەستگرتنەوەیە لەخەرجی بۆ کەڵەکەبونی زیاتری سەرمایە و بەرنامە

ڕێژی بۆ ڕێکخستنەوەو بە پیرەوە چونی بازاڕی ئازاد و ئازادکردن و دەست ئاوالآکردنی سەرمایەو سەرمایەدارن و کارەساتەکانی.

ئەگەر کەمێک بە خاڵ بەندی بچینە سەر چۆنیەتی دابەزینی زیاتری ئاستی بژێوی کرێکاران و دەرکەوتنی زیاتری نەداری و هەژاری و برسیەتی لە کوردستان، یەکەم؛ نەدان و کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران مامۆستایان و خانەنشین و خاوەن پیداویستیەکانە... دووەم؛ ڕاگرتن و کەمکردنەوەی زیاتری خزمەتگوزاریەکان لەتەندروستی و پەروەردە و پێداویستیەکانی تری ژیان. سێیەم؛ وەستان و کەم بوونەوەی کۆمپانیا و پرۆژە ئابوریەکان یان بەتایبەت کردنی خزمەتگوزاریەکان و دەرکردنی کرێکاران بە بەردەوامی. چوارەم؛ ئەوەی جێگای سەرنجی جدیە و گرنگە بە جیا لەوەی ڕێژەیەکی زۆر بێکار لە بازاڕی کاردایە، بەردەوامیش دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و پیشەوەرەکان و نەوەیەکی تازەی ئامادەبەکار ساڵانە پەیوەست دەبن بە بازاڕی کارەوە و لەبەر نەبونی فرسەتی کار، حەتمیە کە بە بێکاری دەمێننەوە و بەردەوام ڕێژەی بێکاری بەرەو سەر دەبات. پێنجەم؛ بوونی ئاوارەیەکی بێ شومار لە ئاکامی جەنگ و بارگرژی و ناجێگیری سیاسیەوە.

هەرچەندە ئەم قەیرانی ئابوریە ئاستێکی جیهانیە و لە ساڵی ٢٠٠٨وە دەستی پێ کردووە و تا ئێستاش بەردەوامە، لەتەواوی دنیادا سەرمایەداران بۆ تێپەراندنی ئەم قەیرانە بە بێکار کرن و کەمکردنەوەی کرێ و ڕاگرتنی خزمەتگوزارەیەکان تێچونی بەرهەم هێنان کەم دەکەنەوە و تێکڕای قازانج زیاد دەکەن، بەڵام ئەم واقعیەتە بۆ هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان بە دەسەڵاتی میلیشیایی و نەبونی دەوڵەت و یاسا و حاڵەتی جەنگ و قەیرانەکان و بارگرژی و گێژاوی سیاسی و زیادبونی بەردەوامی ڕێژەی بێکاری و دابین نەکردن و نەبونی هیچ جۆرە زەمانەتێکی کۆمەڵایەتیە، کە نیشانەی ئایندەیەکی ناتەندروست و مەترسیدارتر ڕووبەڕووی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی نەدار و هەژاری کوردستان دەکاتەوە کە ئاستی نەداری و هەژاری و برسیەتی زیاتر دەباتە سەرترو لە پرۆسەی بەرفراوان بون و بەردەوام لە زیادبوندایە. لەولاشەوە حزبە دەسەڵاتدارەکان و شەریکەکانیان لە دەسەڵات نەک هیچ جۆرە پرۆژەیەکیان بۆ وەڵامدانەوە و چارەسەری ئەم کێشە مەترسیدارە نییە و بۆیان گرنگ نییە، بەڵکو تەواوی پرۆژەکانیشیان بە ناوی چاکسازی لە چوارچێوەی سیاسەتی بانک و پەیوەندیە جیهانیەکان و پاراستنی سەرمایە و کەڵەکەبونی زیاتری سەرمایەدایە. بەدەستگرتنەوە لە خەرجی بۆ پێداویستیەکانی ژیان و کەمکردنەوی موچەی فەرمانبەران و کرێی کرێکاران هۆکارێکی سەرەکی زیاتر بونی ئەم بەڵاو دەردی سەریەو کارەساتی هەژارییەن.

بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی ئاشکرایە ئێستا کێشەیەک کە یەخەی بە ژیان و چارەنوسی زۆرینەی خەڵکی کوردستان دەگرێ، سەرباری ئەو هەموو بەڵاو دەردی سەریانەی لەماوەی حاکمیەتی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی و پارتی و یەکێتیدا بەسەریان هاتووە، وا خەریکە کارەساتی هەژاری و برسیەتی بەتایبەتمەندیەکی مەترسیدارترەوە دەچێتە پاڵ کارەساتەکانی تر و دیواری جەهەنەمێک لە سەر نەخشەی سنوری کوردستان دادەمەزرێنن، واتە ئێستا کێشە و مەسەلەیەکی

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

زۆر هەستیار کە پێویستە و دەبێت وەڵامی بدرێتەوە و ڕێگا چارەی بۆ بخرێتە ڕوو، هەوڵدان بۆ بەرگرتن بە مەترسی کارەساتی هەژاری، هەر لێرەوەیە کە بزووتنەوەی دژی هەژاری مەترەح دەبێت و دەبێتە ئەولەویەتی هەڵسوڕانی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ خەڵکی ناڕازی کوردستان و تەواوی ڕێکخراوە ئازادی خوازو ئینسان دۆست و چەپ و کۆمۆنستەکان.

ئەم کێشەیە لە کوردستاندا بە پێچەوانەی ئەو بانگەوازەی حزبە دەسەڵاتدارەکان ڕایان گەیاندووە قەیرانی دارایی یەخەی پێ نەگرتووە، گرفتەکە نەبونی پارە نیە، بەرهەم هێنان و بازرگانی و قاچاخچێتی و تاڵانچێتی و کەڵەکەی سەرمایە نەوەستاوە و بەردەوامی هەیەو داهاتی ملیاردلێرەکان و پارەی ناو بانکە جیهانیەکان بۆ سەر حسابی هەردوو بنەماڵە و بەرپرسەکان لە زیادبونی خەیاڵی و بێ وێنە و بەردەومدایە، برسێتی و هەژاری لە دڕندەیی زیاتری کەڵەکەی سەرمایە و بە بەرزکردنەوەی ئاستی قازانجە لە سەر حسابی زیاتر سفرە خاڵی کردنی چینی کرێکارو و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژاردا، بۆیە ناڕەزایەتی و هاتنە مەیدانی جەماوەری و بەهێزکردنی بەرەی بزوتنەوەی دژی هەژاریە  ئەتوانێ لەبەرامبەریدا بوەستێتەوەو بەری پێ بگرێت.

واقعیەتی سەرمایە لە کوردستان لە پاڵ ئەوەی لەناو بازنەی قەیرانی ئابوری جیهاندا دەسوڕێتەوە و کارکردی لەسەر هەلومەرجی ئابوریەکەی داناوە، بورجوزای کورد پێویستی بەوەیە لەگەڵ ڕەوتی تێپەڕاندنی ئەو قەیرانە لە ئاستی جیهاندا خۆی ڕێک خاتەوە و بگونجێنێت، کە ئەوە دەخوازێ بەدوای عەمەلی کردنەوەی سیاسەتی نیو لیبرالیزمەوە هەنگاو بنێت. بۆیە دەبێت جوڵەی سەرمایە زیاتر ئازاد و کراوەتر و دابینی قازانجی زیاتر بکات. مەترسی ئەم ئاراستەیە و واقع بوونەوەی لە هەلومەرجی سیاسی و ژیانی ئێستای کوردستاندا لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، بەوەی حزبە دەسەڵاتدارەکان بە حوکمی دەسەڵاتی میلیشیاییان قۆرخی تەواوی سەروەت و سامانی کوردستانیان کردووە و بەردەوامن لە تاڵان و بڕۆکردنی سەرەوت و سامانی کوردستاندا، سیاسەتی ئازادکردن و دەست ئاواڵەکردنی سەرمایە ئاشکرایە لە فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتی ئێستای کوردستاندا فرسەتی هەیە بەشێوەی ئەوپەڕی دڕندەیی هێرش بکاتە سەر ژیانی چینی کرێکار و کەشێکی مەترسیدار تر لە کوردستاندا فەراهام دەهێنێت، کە بەرین بون و فراوان بونی هەژاری و نەداری و برسێتیە، کوردستان لە بەرامبەر مەترسی و کێشەیەکی وەهادایە، دەبێت ڕوبەڕوی ببینەوەو کاری جدی لەسەر بکەین و بەری پێ بگیرێت.

**دیدگای سۆشیالیستی:** سەرئەنجام نابێ بهێڵرێ ئەم دۆخە سەختەی ژیان بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و توێژە بێبەشەکاندا بسەپێنرێ و ببێتە جەهەنمێکی واقعی بۆیان. بەرای ئێوە، بەلەرچاوگرتنی ئاستی ڕێکخراوبوونی خەڵک، چۆن دەکرێ بەرەنگاری ئەم بارودۆخە ببنەوە؟ پێتانوایە پێویستە بزووتنەوەیەک لەدژی ئەم بارودۆخە فەلاکەتبارە ئابوریە و هەژارکردنی خەڵک بەڕێ بکەوێ؟ گەر وەڵامەکەتان بە بەڵێیە، تایبەتمەندیەکانی ئەم بزووتنەوەیە ئەبێ چی بێت؟

## ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری...

**موحسین کەریم. ک:** وەستانەوە بە ڕووی هەژارکردن و دەست بەسەراگرتنی بەرهەمی ڕەنجیان لەلایەن بۆرژوازیەوە، هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی بەشێکی هەرچی زیاتر لەو داهاتە کۆمەڵایەتیەی کە خۆیان دروستی دەکەن، هەمیشە گۆشەیەکی گرنگی خەباتی چینی کرێکار و جەماوەری زەحمەتکێش و توێژە بێبەشکراوەکانی کۆمەڵگا بووە لە سەراسەری دنیای سەرمایەداریدا. کۆمەڵگای کوردستانیش هەڵاواردە نییە لەو یاسا گشتیەی بەرەنگاربونەوەی چینی کرێکار و بۆرژوازی. لەماوەی دەسەڵاتداریێتی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراقدا، بەردەوام ئەو ڕوبەڕووبونەوەیە لەئارادابووە و ناوبەناو سەری کێشاوەتە نارەزایەتی و جموجوڵ و خرۆشانی جەماوەری، بە تایبەتی لەدژی حکومەتی هەرێم، کە خاوەنی بنکە و دامەزراوە گەورە ئابوریەکانە و بەرپرسەکانیشی بە سود وەرگرتن لە پۆستە سیاسیەکانیان بونەتە سەرمایەداری گەورە و خاوەن سەدان ملیۆن و ملیار دۆلار . لەگەڵ توندبوونەوەی قەیرانی ئابوری و بێکارکردنی دەیان هەزار کرێکار و دەستپێکردنی هێرشی حکومەتی هەرێم بۆ سەر کرێکار و کارمەندانی کەرتی حکومی و برینی مووچەکانیان، شەپۆلی نارەزایەتی جەماوەری بە شێوازی جۆرواجۆر دەستی پێکرد. ئەم نارەزایەتیانە پیشاندانی بەرگری خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ڕەنجدەر بوو لە ئاستی ژیان و گوزەرانی و وەستانەوە بوو بەرووی سیاسەتی حکومەت بۆ داسەپاندنی سیاسەتی لێگرتنەوە و سک هەڵگوشین بەسەریاندا و زیاتر هەژارکردنیان. بۆیە بە بڕوای من نەک هەر ناکرێ ئەم بارودۆخە قبوڵ بکرێت، بەڵکو بە کردەوە جەماوەری زەحمەتکێش لەدژی هاتە مەیدان و نارەزایەتی و توڕەیی لەم هەلومەرجە فەلاکەتبارە ئابوریە قوڵپ دەدات.

بەڵام وەکو ئێوەش ئاماژەی پێدەکەن یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری لە ئێستادا لاوازی ئاستی ڕێکخراوبوونیەتی. کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە کەمترین ئاست و توانای ڕێکخراوەیی و ڕێکخراوبوون بەهرەمەندن. هیچ ڕێکخراوێکی خەباتکاری جەماوەری کرێکاران و توێژە بێبەشەکان لەئاراد نییە. پرش و بڵاویەکی ترسناک بەسەریاندا زاڵە. تەنانەت هەندێ دەستە و گروپی بچووک کە لە چەند ناوەندێکی کار و فەرمانگەی خزمەتگوزاری و دامەرزاوە پەروەردەیی و زانستیەکاندا هەن بێجگە لەوەی کە کەمترین پەیوەندیان پێکەوە هەیە، بەڵکو لەناو بەشەکانی خۆشیاندا کاریگەریەکی ئەوتۆیان نییە لەسەر ڕێکخستنی کرێکاران و کۆکردنەوەیان لە دەوری یەکتری و پەرەدان بە گیانی خەباتکارانەو هاودڵی چینایەتی، بەڵکو زیاتر وەکو دەستە و گروپێک هەن کە تەنها لەکاتی ئاکسیۆن و جموجوڵە جەماوەریەکاندا دەورونەخشێک بۆخۆیان دەبیننەوە، دوای هێوربوونەوەی نارەزایەتی و چالاکیە جەماوەریەکان بێکار و بێ ئەرک دەمێننەوە. هەر ئەو لاوازیەی مەیلی ڕێکخستن و کاری بەردەوامی ڕێکخراوەیی بوە کە وایکردوە نارەزایەتی و جموجوڵە جەماوەریەکانیش زۆرتر مۆرکێکی نارێکخراو و کاردانەوەی بەسەردا زاڵ بێت و زۆرکاتیش بوونەتە نێچیری سیاسەتی حزبە بۆرژواییە نەیارەکان بە یەکتر و بە ئاکامێک نەگەیشتوون. هەر ئەوە بووە کە وایکردوە نارەزایەتیەکانی دوو ساڵی رابردوو، نەتوانن پاشەکشەیەکی ئەوتۆ بە دەسەڵات و بۆرژوازی بکەن و سەرەنجام کەوتنە ناو دەورەیەکی خامۆش بونەوە و هێرش و پەلامارەکان بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی خەڵکی

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

بێبەش و چەوساوەش بەردەوامە... بێگومان لە هەلومەرجێکی بەوجۆرەدا مەسەلەی بەرەنگاربونەوەی سیاسەتە ئابوریەکانی حکومەتی بۆرژوایی هەرێم و هێرشەکانی بۆسەر ئاستی ژیان وگوزەرانی چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش و کەمدەرامەت رووبەرووی سەختیەکی زۆر دەبێتەوە و بەبێ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە جدیە مەحاڵە بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکان بە جێگایەک بگەن و رەنگە لە خراپترین حاڵەتیشدا ببنە کارتێکی فشاری نێوخۆیی بنەماڵەی بۆرژوازی لە ململانێ سیاسیەکانی نێوانیاندا لەسەر بەش و سەهمی زیاتر لە بەرهەمی رەنج و کاری ئەوان.

من پێموایە مەسەلەی بەرەنگاربونەوەی جەماوەری بێبەشکراوی کوردستان دژی ئەو بارودۆخەی ژیان لەهەر ساتێکی دیکەدا دووبارە سەر هەڵدەداتەوە. بۆ خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش وەستانەوە بەرووی ئەم هەلومەرجە سەختە ئابوریە، وەستانەوەیە بەرامبەر بە زیاتر هەژارکردن و برسیکردنیان. بەرگریکردنە لەژیان و مانەوەی فیزیکی خۆیان و ماڵو منداڵیان. بەرگریە لە نانی سەر سفرەی خێزانەکانیان و شیری مناڵە ساواکانیان. بەرگریە لە کەرامەت و شکۆی کۆمەڵایەتی و مرۆڤانەی خۆیان و خێزانەکانیان، بۆیە ناتوانن دەستبەرداری خەبات و بەرەنگاری و وەستانەوە بن دژی هەژارکردن و برسیکردنیان. بەڵام بۆئەوەی ئەو خەبات و نارەزایەتی و بەرەنگاریە بێ ئاکام نەبێ و بە ئامانجەکانی بگات، پێویستە رابەران و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیست و کۆمۆنیست و یەکسانیخوازی بزوتنەوە جەماوەریەکان وەڵام بەو کێشەیە بدەنەوە. وەڵامدانەوە بە گرفتی رێکخراونەبوون و لاوازیی مەیلی رێکخراوبوون لەناو کرێکاران و جەماوەری بێبەش و زەحمەتکێشدا یەکێکە لە پرسە هەرە سەرەکی و ئەولەویەکانی بەردەم ئەو رابەر و هەڵسوڕاوانە. دەستەبەرکردنی ئاستێک لە رێکخراوبوون، لانی کەم لەئاستی رابەرانی ناوەندەکانی کارو فەرمانگە حکومیەکان و گەڕەکە هەژار نشینەکان و بێکاران ....دا مەرجێکی سەرەکی و گرنگە بۆ سەرپێ خستنەوەی نارەزایەتیەکان و دابینکردنی ئاسۆی سەرکەوتن و پاراستنیان لە گەمەی سیاسی حزبە بۆرژواییەکان. وەکو چۆن سوپایەک بەر لە هێرشبردن بۆسەر دوژمن، سەربازەکانی ساز و ئامادە و رێکدەخات و لەلایەن ئەفسەرەکانەوە فەرماندەیی دەکرێن، دەنا لە یەکەم کاردانەوەی دوژمن دا لەبەریەک هەڵدەوەشێن و تووشی شکست و هەڵاتن دەبنەوە، بەوجۆرەش جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش دەبێ لەلایەن رابەرانی رادیکاڵ و شۆرشگێرەوە ساز و ئامادە و فەرماندەیی بکرێن!

وەکو ووتم بەرەنگاربوونەوەی بارودۆخی هەژاری و برسێتی بە شێوازی جۆراوجۆر دەستی پێکردووە. خۆپیشاندانەکانی یەک دوو ساڵی رابردووی مامۆستایان و کارمەندانی بەشی پەروەردە، کارمەندان و کرێکارانی فەرمانگە حکومیەکان و خەستەخانەکان، لاوانی بێکار و کرێکاران و توێژە بێبەشکراوەکانی کوردستان لە زۆریک لە شارو شارۆچکەکان نمایشی گۆشەیەک لەو وەستانەوە جەماوەریە بوون. بەڵام پێویست دەکات ئەم نارەزایەتی و بەرەنگاری و تورەیی و گازندە جەماوەریە دژی دەسەلاتدارانی هەرێم و هاوچینەکانیان لەناو بۆرژوازی کورددا، لەچوارچێوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەریدا رێک بخرێت کە سەروسامان بدات بەو نارەزایەتیانە و بە ئاقاری سەرکەوتن ئاراستەی بکات. لەرووی رێکخراوەییەوە ئەو بزوتنەوەیە بکاتە خاوەنی

## ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری...

شێوازی جۆرواجۆرو گونجاوی ڕێکخراوبوون کە لە هەموو ناوەند و مەڵبەندێکی کار و خزمەتگوزاری لەلایەن رابەرانی کرێکاری و جەماوەریەوە دابمەزرێن. دەستی رابەران و هەڵسوڕاوانی ئەو ناوەندانە بخاتە ناو دەستی یەکتر. خواستەکانی جەماوەر لە پلاتفۆرمێکی ڕۆشندا بەیان بکات و شێوازەکانی کارو هەڵسوڕانی دیاری بکات.
بزوتنەوەی دژی هەژاری، بزوتنەوەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستانە بۆ بەرگری لەژیان و گوزەران و ئایندە و کەرامەتی ئینسانیان. بزوتنەوەیەکە دژی برسیکردن و هەژارکردنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردەوە کە خەریکن کۆمەڵگا روبەرووی کارەساتی برسێتی و قاتوقڕی دەکەنەوە. بزوتنەوەیەکە کە دەبێ لە هەموو ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاری و لە هەموو گەڕەکێکی هەژارنشین بەرێ بکەوێت. لەناو کرێکار و فەرمانبەر، مامۆستا و خوێندکار، بێکارو توێژە هەژار و بێبەشەکان، لەناو ژنان و لاواندا . لەکاری بچوکەوە دەست پێبکات بۆ کاری گەورە. خواستی هەبێ و یەخەی دەسەڵاتداران بگرێت. لە کوێدا بە گونجاوی زانی و هێزی هەبوو خۆی خواست و داواکانی جێبەجێ بکات. بزوتنەوەیەک بێت لەکاری ئیمزاکۆکردنەوە و بەرێخستنی کەمپینی جۆراوجۆر لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستانەوە دەست پێبکات بۆ پەردەهەڵماڵین لەرووی تاڵانکردنی داهاتی خەڵک لەرێگای خستنەرووی ئەو زانیاری و داتایانەی دەست دەکەوێت بۆ رای گشتی تا بەرێخستنی مانگرتن و کۆبونەوەی گشتی لە شوێنی کار و فەرمانگە و دامەزراوە حکومیەکان و ناوەندەکانی خوێندن، تا دەگات بە مانگرتن و خۆپیشاندانی سەراسەری و نافەرمانی مەدەنی. دەستبەرێت بۆ دامەزراندنی سندوقی هەرەوەزی لەپێناو دابینکردنی کاڵا سەرەکیەکان بۆ ژیان و بژێوی هاولاتیانی کەمدەرامەت لەداهاتی حکومەت و سەرمایەداران. لەکاتی پێویست و گونجاودا دەست بەرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوەندە خزمەتگوزاریەکان لەلایەن کرێکاران و کارمەندان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە خۆڕایی بۆ هاولاتیانی کەمدەرامەت و...... هەروەها پێویستە ئەو بزووتنەوەیە لە دەرەوەی کوردستانیش هەوڵ بدات پشتیوانی رێکخراوە چەپ و یەکسانیخوازەکان و یەکێتی و سەندیکا کرێکاریەکان و کەسایەتیە مرۆڤدۆستەکان بۆ بزوتنەوەکە و خواستەکانی بەدەست بهێنێ و ببێتە فاکتەرێکی فشاری گەورە لەسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان.. تاد.

**دیدگای سۆشیالیستی:** باشە هاوڕێ عوسمان ئێوە زۆر تەئکید لەوە دەکەن کە بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بانکە جیهانیەکانیان پرکردووە، تا لەنامە کراوەکەتدا بۆ مەسعود بارزانی باس لەوە دەکەیت کە ٦٠٠ملیار دۆلار لە حساب بانکی تاکەکانی ئەو بنەماڵەیەدایە، ئایا ئەمە زیادەڕەوی نییە بۆ داهاتێک لە ٢٥ساڵ دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا.

**عوسمانی حاجی مارف:** ئایا هیچ ئامار و بەڵگە و سەرچاوەیەک هەیە کە نیشانی بدات لە ماوەی ٢٥ ساڵەی دەسەڵاتی پارتی و یەکێتیدا داهاتی کوردستان چەندە و چۆن خەرج کراوە؟ هەر لە سەرەتای ڕوخانی حکومەتی بەعس و دەسەڵاتی میلیشیایی ئەو دوو بنەماڵەیەی پارتی و یەکێتیدا

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

دزی و جەردەیی و تالآنی  ئاودیو کردنیان کرد بە دیاردەیەکی فراوان و بێ سەروبەرەیی تەواوی کۆمەڵگەی داگرت. دواتر دانانی گومرگ و کۆنترۆڵکردنی سنورەکان و کۆکردنەوەی داهاتەکەی بۆ بودجەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار دەگەڕایەوە، پاشان دەست بەسەراگرتنی تەواوی سەروەت و سامانی کوردستان و بەتاڵان بردنی و دەرگا کردنەوە بۆ جۆرەها کۆمپانیا و دروستکردنی کۆمپانیای وەهمی بە شەراکەت و چاودێری و کۆنترۆڵی ژێر دەستی کەسانی هەردو بنەماڵە و بەرپرسە حزبیەکان، دواتر وەرگرتنی بودجەی لە ١٧٪ لە دەوڵەتی ناوەند، لە هەموو ئەمانە گرنگتر بەرهەم هێنانی نەوت و بازرگانی و قاچاخچێتیە بە نەوتەوە. هەر بۆیە گاڵتەیان بە شەفافیەت و ئاماری داهات و خەرجی دێت و هیچ کات حساباتی بۆ ناکەن.
پێویستە ئەوە ڕۆشن بێت لە هەر شوێنێکدا بازرگانی و قاچاخچێتی بە چاڵە نەوتەکانەوە بکرێت، داهاتەکەی لە حساب نایەت لە ترلیۆن دۆلار زیاتر تێ دەپەڕێت، کارو پرۆژەی سەرەکی ئەم دو حزب و دوو بنەماڵەیە مامەڵە و بازرگانی و قاچاخچێتیە لە وێنەی داهاتی مافیا جیهانیەکان، بە شێوەیەکی ژێربەژێرو بەردەوام. گەر یادتان بێت لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەسەرچاوەیەکەوە ڕاگەیەندرا کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق دەوڵەمەندترین حزبی جیهانە، باشە ئەو هەموو حزبانەی کە لە وولآتانی زلهێزی سەرمایەداری دنیادا کە مێژویەکی دێرینتریان لە پارتی هەیە و خاوەنی چەندین سەرچاوە و پرۆژەی ئابوری و داراییبن، جێگای سەرسوڕمان نییە پارتی یەکەم دەوڵەمەندی حزبی دنیا بێت! بۆیە نابێت هیچ دودڵی و گومانمان لەوە هەبێت کاتێ  ئێمە باس  لە بوونی سامانی ترلیۆنی دەکەین بۆ هەردوو بنەماڵە، نەک ٦٠٠بلیۆن هیچ نییە، بەڵکو دیاریکردنی بڕی ترلیۆن دۆلار بۆ داهاتی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی زۆر واقعی و بەجێیە. با خۆیان بفەرمون و بە ئاماری ڕۆشن و ووردەوە داهاتی ٢٥ ساڵەی حکومەتەکەیان بخەنە بەردەست و ئەو بانگەوازانەی ئاماژە بە بونی پارەی بانکەکانیان دەدات بە درۆ بخەنەوە، چونکە ئەو پارانە مافی خەڵکی کوردستانە و دەبێت بگەڕێندرێتەوە بۆ گەنجینەیەکی ئاشکرا و شەفاف و لەژێر چاودێری نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵکدا خەرج بکرێت بۆ باش بژێوی و پێداویستیەکانی دانیشتوانی کوردستان و چارەسەری هەژاری. هەر بەو مانایە ئاشکرایە کە کوردستان قەیرانی دارایی و پارەی نییە. ئەو بڕە پارەیەی لە بانکە جیهانیەکاندایە مافی خەڵکەو بەشی دە ساڵ زیاتری بژێوی دانیشتوانەکەی دەکات.

**دیدگای سۆشیالیستی:** لەم نێوەدا پێویستە دەستەکانی نارەزایەتی و یان هەر گروپێک و پێکهاتەیەکی ڕێکخراو چی بکەن و ئەرکیان دەبێ چی بێت؟

**موحسین کەریم:** بە بڕوای من هەر دەستەو گروپێک و هەرجۆرە پێکهاتەیەکی ڕێکخراوەیی جەماوەریی رادیکاڵ و تێکۆشەر لە دەرەوەی ڕێکخراو و دەستەو گروپە جۆرواجۆرەکان کە بەناوی جۆرواجۆرەوە لەلایەن خودی حزبە بۆرژواییە ڕەنگاوڕەنگەکانەوە دروستکراوە بۆ چەواشەکردن و بەلاڕێدابردنی خەباتی جەماوەری و گۆڕینی ئاراستەی خواست و داواکاریەکانیان،

دەتوانن و دەبێ دەوری بەرچاویان هەبێ لە سەرپێخستن وبەرێخستنی ئەم بزووتنەوەیەدا کە باسی دەکەین، واتە بەرێخستنی بزووتنەوەی دژی هەژاری. ئەگەرچی بەداخەوە دەوری ئەم دەستەو گروپە رادیکاڵانە لە خەباتی جەماوەریدا لاوازە و بەپێی پێویست نییە، چونکە نەیانتوانیوە دەورێکی ئەوتۆیان هەبێت لە چارەسەرکردنی گرفتی نارێکخراوبوون و پرشوبلاوی جەماوەری نارازی و دامەزراندنی کۆڵەکەکانی رێکخستنی جەماوەری رادیکاڵ و خەباتکار لە ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاری و دامەزراوە تەندروستی و زانستیەکاندا... هێشتا بەداخەوە خاسیەتێکی ئاکسیۆنیستی و جموجوڵگەرایی بەسەر زۆرێک لەو رابەرو هەڵسوڕاوانەدا زاڵە تا ئەوەی کاری بەردەوام و بە حەوسەڵەی هوشیارکردنەوە و رێکخستنی هاورێ و هاوکار و هاوپیشەکانیان لەناو گروپ و دەستەو رێکخراوی خەباتکارانەدا. جۆرێک لە کاری رێکخراو و بەردەوام کە فرسەت بدات بەو هەڵسوڕاوانە لەکاتی خۆیدا نارەزایەتیەکان رابەری و رێنمایی و ئاراستە بکەن و جەماوەری ناڕازی لە دەوری بڕیارەکانی ئەوان کۆببنەوە و دەست بەکاری عەمەلی بکەن. کارێکی گرنگی ئەو دەستە و گروپانە ئەوەیە کە ئەم لاوازی و کەموکوڕیەی خۆیان دەست نیشان بکەن و هەوڵی ئەوە بدەن بەسەریدا زاڵ ببن. دەبێ دەست بەرن بۆ کاری رێکخراو و بە نەخشە و بە بەرنامە. دەوری ئەو دەستە و گروپانە و رابەران و هەڵسوڕاوەکانیان لەپەیوەستبوون و بەشداری و سەرپیخستنی بزوتنەوەی دژی هەژاریدا هەنگاوێکی درووستە بە ئاقاری وەڵام دانەوە بە چارەسەری ئەو گرفتە زۆر هەستیارەی بزوتنەوەی نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەپێناو ژیانێکی شکۆمەند و شایستەدا. وەکو پێشتر ووتم بزوتنەوەی دژی هەژاری بزوتنەوەیەکی سەرتاپاگیر و هەمەگیری جەماوەریە کە بوەتە پێداویستیەکی گەورەی کۆمەڵگای کوردستان و دەبێ هەموو ئەو کەسایەتی و هەڵسوڕاو و گروپ و دەستە جەماوەریە رادیکاڵ و خەباتکارانەی بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران تێدەکۆشن جێگای شایستەی خۆیانی تێدا پەیدا بکەن. کرێکارو زەحمەتکێش و هاوڵاتیانی کەمدەرامەتی کوردستان روبەرووی کارەساتی برسێتی دەبنەوە و ئەگەر بەڕووی ئەم هەلومەرجەدا نەوەستینەوە مانایەک بۆ بوونی خەباتکارانەمان نامێنێتەوە. چەندە لەم ئەرکەماندا سەردەکەوین یان نا ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، بەڵام خۆبواردن لەم ئەرکە ئینسانی و چینایەتیە نەماوەتەوە!

**عوسمانی حاجی مارف:** هەڵبەتە بەرێخستنی هەر بزوتنەوەیەک لە هەنگاوی یەکەمیدا پێویستی بە جۆرێک لە رێکخراوە کە بتوانێ نوێنەرایەتی و رابەرایەتی بکات و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو پێشی بەرێت و جەماەری کاتەوە، نفوزی فروان بێت و هاوسەنگی هێز بە قازانجی دەورو هاتنە مەیدانی خەڵک بگۆرێت. رێکخراوێک جێگای ئومێد و بەدەست هێنانی دەستکەوت و خواستەکانی بزوتنەوەکەی بێت. ئەم رێکخراوە بەدەور و یەکگرتنی رابەرانێکی هوشیار و خاوەن ئەزمون دەتوانێ بە سەرکەوتن بگات. هەرئێستا کەسانێکی بەرچاو هەن کە لەنارەزایەتیە جەماەریەکاندا لە رابردودا خاوەنی ئەزمونی خەباتی جەماوەرین و پێشتر چەندین گروپ ورێکخراویان پێک هێناوە، گەر ئەو کەسایەتیانە لە رابەرانی نارەزایەتیەکان بە ئازادیخوازان و ئینسان دۆستان و یەکسان

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

خوازان و چەپ و کۆمۆنیستەکانەوە و هەمو ئەو کەسانەی ئێستا لەو باوەڕەدان کێشەیەک لە کوردستاندا پێویستە وەلام وەربگرێتەوە و جەماوەری ناڕازی بەدەوریدا ڕێک بخرێت و سەربەخۆ و پارێزراوبێت لە خۆشخەیالی و دەورو دەخالەتی حزبە ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان و ئەوە قەبوڵ کەن کە دەور و ئەرکیان بەرگرتنە بەکارەساتی هەژاری و نەداری و برسیەتی و بیکاتە ئەولەویەتی هەڵسوڕانی سیاسی، ئەتوانن لە ناوەندێکدا یا ڕێکخراوێکدا کۆببنەوە ئەولەویەتی دەست پێکردنی کارەکانی دیاری بکەن و دەست بەکاربن، ئەوە سەرەتای هەنگاوێکە ئەتوانێت دەرگای بە ڕێخستنی بزوتنەوەی هەژاری بخاتە سەر پشت. هەروەها پێویستە دەرس لە ئەزمون و کەم وکوڕی و گرفتەکانی هەڵسوڕانی خەباتی ڕێکخراوەیی جەماوەری پێشویان وەرگرن و یەکدەست بەرەوپێشی بەرن، خۆپاراستن لە پەرش و بلاوی و ریسک نەکردن بە هاتنە مەیدانی جەماەر لەکاتێکدا هاوسەنگی هێز بە قازانجی نیە، ڕێکخستنی دەستەو کۆمەڵی جیاواز لە بێکاران و لاوان و ژنان لە پەیوەند بە فراوان کردن و سەراسەری کردنەوەی بزوتنەوەی دژی هەژاری....

**دیدگای سۆشیالیستی:** داخوازیە سەرەکی و فەوریەکان کە خەڵک ئەتوانێ لە دەوریان یەکگرتوو و ڕێکخراو بێ چین؟ هەروەها ئەکرێ بە دیاریکراوی باس لەوە بکەن کە دروشمە سەرەکی و پێویستەکان کە ئەتوانێ وەلامدەرەوەی نەفرەت و بێزاری قوڵ و ناڕەزایەتی جەماوەری کرێکار و بێبەش بێ چی بن؟

**موحسین کەریم** : پێموایە خواستە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی دژی هەژاری لە قۆناغێ ئێستادا دەتوانرێ لەم خالانەدا دەستبەندی بکرێت: ١_هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی پاشەکەوتی زۆرەملێی موچە، گێڕانەوەی موچە پاشەکەوتکراوەکان و بردنەسەری کرێ و مووچە بەپێی گرانی. ٢_ دانی بیمەی بێکاری بۆ هەموو کەسێکی ئامادە بۆکار(ژن و پیاو) کە هیچ کارێک و سەرچاوەیەکی بەڕێچوونی ژیانیان نییە و هەروەها دانی بیمەی خانەنشینی بۆ هەموو ئەوکەسانەی توانای کارکردنیان نییە.٣_ دابینکردن و بەخۆراییکردنی پێداویستیە پزیشکی و تەندروستیەکان بەپێی ستانداردێکی جیهانی و پێشکەوتوانە.٤_ دابینکرنی خانوبەرە بۆ هەموو بێخانە و لانەکان، لە ڕێگای دابینکردنی قەرزی خانوبەرە و دەستگیرۆیی و کارئاسانی بۆیان. ٥_ دابینکردنی ئاو و کارەبای بەردەوام و سووتەمەنی بە نرخێکی رەمزی بۆ هەموان. ٦_ هەروەها لەبەرئەوەی بەهۆی بارودۆخی شەڕەوە خەڵکێکی زۆر ئاوارەی شارەکانی کوردستان بوون و ماڵو حاڵی خۆیان بەجێهێشتوە و هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نییە و پێویستیان بە هاوکاری و کۆمەک کردنە، بۆیە پێویستە یەکێک لە خواستە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی دژی هەژاری بریتی بێت لە دابینکردنی پێداویستی مرۆیی بۆ ئاوارەکان لە رووی بژێوی و شوێنی گونجاوی نیشتەجێبوونەوە.

**عوسمانی حاجی مارف:** لەو بارەیەوە هاوڕێ محسن بەگشتی خواستەکانی دیاری کردووە، پێویست ناکات دوبارەیان بکەمەوە. ئەوەی هەر ئێستا و دەسەتبەجێیە و بە پێویستی دەزانم بۆ

## ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری...

ئێستا تەئکیدی لەسەر بکەم پێداگریە لەسەر خواستی دانی موچەی تەواو و هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری زۆرەملێی پاشەکەوتی موچەیە. لەلایەکی ترەوە هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی دژی هەژاری پێویستە لە ناوەوەو و دەرەوەی کوردستان هەوڵ بدەن بەردەوام بە شێوازی جۆراوجۆر فشار بهێنن و ئەوە ڕیسوا بکەن کە هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی بە تاڵانی و جەردەیی و دزی و قاچاخچێتی بە سەروەت و سامانی کوردستانەوە بانکە جیهانیەکانیان پڕکردووە لە ترلیۆن دۆلار، لە هەمان کاتدا وەک خواستێک داوای گەڕانەوەی ئەو پارانە بکرێت. هەروەها لە ڕاستای ڕێکخستنی بزوتنەوەی دژی هەژاریدا بە جیا لەوەی کە لەسەرەتادا دروشمی "نا بۆ هەژاری و برسیەتی" ئەکرێ دروشمێکی سەرەکی بێت، نمونەی دروشمی وەک "هەژاری و برسیەتی ریسواییە بۆ دەسەلاتی کوردایەتی" ئەکرێ دروشمی تر بێت. هەڵبەتە لە چونە پێشەوەی هەنگاوە عەمەلی و ڕێکخراوییەکانیدا و فراوان بونی پایە و نفوزی جەماوەریدا، دروشم و خواستی گونجاو بەرزکرێتەوە، کە پێویستە بە گوێرەی چونە پێشەوەی بزوتنەوەکە دیاری بکرێن.

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئایا بەڕای ئێوە بوونی پلاتفۆرمێک کە هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی و ڕابەرانی ناڕەزایەتیەکان و بەگشتی هەڵسوڕاوانی بواری ناڕەزایەتیەکان لە دەوری یەکگرتوو و یەکدەست بن پێویست نییە؟ گەروایە دەکرێ سەرخەتی سەرەکی ئەو پلاتفۆرمە بخەیتەڕووو!؟

**موحسین کەریم:** بەڵێ منیش پێموایە کە بزوتنەوەکە پێویستی بەوەیە پلاتفۆرمێکی ڕۆشنی هەبێت کە لەلایەن هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی بزوتنەوەی نارەزایەتیە گشتی و جەماوەریەکانەوە لەسەری ڕێک بکەون و ئامانجی بزوتنەوەکە و بەرنامەی کار و خواستە سەرەکیەکان و شێوازەکانی خەبات و ڕێکخستنی خەباتەکەی ڕۆشن بکاتەوە. سەرخەتی گشتی ئەو پلاتفۆرمەش دەکرێ لە (٣) تەوەرەی سەرەکیدا دەستنیشان بکرێت کە بریتین لە:
**یەکەم:** ڕاوەستانەوە دژی هەر نەخشە و پلان و پرۆژەیەک کە حزبە دەسەلاتدارەکان بە ناوی چاکسازیەوە، دەیانەوێ هەژاری و بێکاری و برسێتی بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و نەداردا بسەپێنن.
**دووەم:** خەبات بە ئاراستەی داسەپاندنی ئەو خواستە ئابوری و سیاسی و کۆمەلایەتیە دەستبەجێیانەی کە مەرجی باشبژێوی و ژیانێکی شایستە و گونجاون بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان، کە من پێشتر خواستە سەرەکیەکانی ئێستام دەست نیشان کردوە.
**هەروەها سێیەم:** خەبات لە پێناو گێڕانەوەی پارە و سامانی بەتاڵانبراو لەلایەن سەران و لێپرسراوانی حزبە دەسەلاتدارەکانەوە و تەرخانکردنی بۆ باشبژێوی خەڵکی کوردستان..

**عوسمانی حاجی ماهرف:** گەر سەرنج بدەن ئەو قەیرانانەی حزبە دەسەلاتدارەکان و حزبەکانی هاوبەش لەدەسەلاتەکەیاندا کە لە پەیوەند بە هەلومەرجی نائارامی سیاسی ناوچەکە و عیراق و کوردستانەوە، وەها تێوەگلاون کە لەدەورانێکی زیاتر لە گێژاوی سیاسی و بێ سەروبەری و

## تەوەرەیەك بۆ گفتوگۆ:

چاوەڕوانی بەسەردەبەن، بە تایبەتی چاوەڕوانی و خۆ ئامادەکرنیان بۆ دوای کوتایی شەڕی داعش، کەوتونەتە ناو گێژاوی کێشمەکێش و بانگەشەی بێ سەروبەرو هێز کۆکردنەوە، بە توندبونەوەی بارگرژی لەبەرامبەر حکومەتی ناوەندی، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک، بانگەوازی ڕیفراندۆم، مانۆڕی سەربازی و دەسبەسەراگرتنی چاڵە نەوتەکان بەهێزی چەکداری، نمونەی هەوڵەکانی خۆ ئامادەکردنیان بۆ دوای کۆتایی شەڕی موسڵ، تا لەو ئاڵوگۆڕانەی لە هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەدا ڕوئەدات پێگەو دەستکەوتی زیاتر بەدەست بهێنن. پارتی و یەکێتی مەسەلەی سەرەکییان گۆڕینی هاوسەنگی هێزیانە هەریەک بەقازانجی خۆی کە بەهەر قیمەت و بە هەر نەهامەتی و کارەساتێک بەسەر تەواوی خەڵکی کوردستاندا بشکێتەوە مێشێک میوانیان نابێت.
لەو قەیرانانەی نزیک دوو ساڵە لە تێکچونی پەیوەندی نێوان حزبەکان و هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنەکانیان و داخستنی پەرلەمانە کارتۆنیەکەیاندا و بێ ئیعتبار بونی زیاتری دامودەزگا حکومیەکان و دەسەڵاتی دادوەری، شکستی گەوەری ئەزمونی حکومەتە نمونەییەکەی کە شانازیان پێوەدەکرد سەلماند. دووساڵە پێنج حزبی هاوبەش لە حکومەتی کوردیدا خەڵکی کوردستانیان سەرقاڵ وماندو کردووە بە کێشەو بە پرۆژە و پلاتفۆرمی پوچەوە کە جگە لێدانەوەی قەوانی "بە دانیشتن و گفتگۆ کێشەکان چارەسەر دەبن" و "کاراکردنەوەی پەرلەمان" و 'هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان یا لە ڕێگەی خەڵکەوە"...هتد شتێکی تریان لە پەیوەند بە ژیان و گوزەرانی خەڵکەوە نەدرکان و نەگۆڕی. ئەم دۆخە نالەبار و ناجێگیرە و شکستی ئەزمونی حکومەتی بنکەفروانەکەیان و قەیرانەکانیان هاوکاتی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسیانەن کە لەناوچەکەدا دەگوزەرێ و بەردەوام هاوکێشەکان ئاڵوگۆڕی تریان بەسەر دێت. حزبەکانی کوردایەتیش ناچار بون لە درۆ و فروفیشاڵی دیموکراتی و دەسەڵاتی پەرلەمان و حکومەتی بنکە فراون پەردە لەسەر خۆیان لابەرن و وەک واقعیەتی هێزی میلیشیا و مافیایی ڕووی خۆیان ئاشکرا دەکەن و خۆیان بۆ ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەکە ئامادە دەکەن.
هەر بۆیە ئەو پرۆژە و چاکسازیانەی هەریەک لە حزبەکان کە لەباری سیاسیەوە دەیخەنە ڕوو لەبەرامبەر یەکدا هەتا بۆ وەڵام بە کێشەکانی نێوان خۆشیان، پرۆژەی کارساز نین و ناتوانن کار بەهیچیان بکەن و ڕێککەونەوە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد ناکرێ و ناتوانرێت هەلومەرجی گێژاوو نائارامی سیاسی کوردستان لە بارگرژی و هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو کێشمەکێشی وڵاتانی جیهانی و ناوچەکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جیا بکرێتەوە. تا هێزی میلیشیا باڵادەست و ئامارازی دەسەڵاتی سیاسی بێت، ئەو جۆرە پرۆژانە پوچ و بێ مانایە. هەروەها مەوقعیەت و سیاسەتی پارتی و یەکێتی وەک هێزی میلیشیا پاشکۆبونیانە بە سیاسەت و بەرژەوەندی و کێشمەکێشی وڵاتانی ناوچەکە و وڵاتانی زلهێزی دنیاوە، نەک بە بزوتنەوەی گۆڕان و ئیسلامیەکانەوە.
لە لایەکی تریشەوە ئەو پرۆژەو پلاتفۆرمانەی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان لە باری چاکسازی ئابوریەوە قسەی لەسەر دەکەن، لە چوارچێوەی ڕێکخستنی بازاڕی ئازاد و دابەزاندنی خەرجی لە پرۆسەی بەرهەم هێنان و لە کەمکردنەوەی کرێی کرێکارن و بێکارکردن و بە

**ڕاوەستانەوە بەرامبەر بەهەژاری ونەداری...**

کەمکردنەوە و تایبەتیکردنی خزمەتگوزاریەکان لە تەندروستی و پەروەردە و پێداویستیەکان شتێکی تر ناخەنە ڕوو، نەدانی موچە و کەمکردنەوەی موچە بەناوی پاشەکەوت، دەست پێکردن و پیادەکردنی ئەو سیاسەتەیە کە دەیانەوێت بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابوری لە پەیوەند بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانەوە، چاکسازی ئابوری بە قازانجی سەرمایەو سەرمایەداران کەڵەکەی زیاتری سەرمایە ڕێک بخەنەوە. بە کورتی پڕۆژەکانی چاکسازی ئابوری حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان لەسەر بەرەوپیرچون و قەبوڵ کردنی بە هەژار کردن و برسی کردنی زیاتری دانیشتوانی کوردستان داڕێژراوە. بۆیە هەر ڕێکخراو یا هەر ناوەندیکی سەراسەری بۆ بەرێخستنی بزوتنەوەی دژی هەژاری پێویستی بە پلاتفۆرمێکە کە بە ڕوانگە و ڕەخنەی دروست و جدی لە پڕۆژەی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان دابڕێژرێت، بۆ ڕاوەستانەوە دژی هەر نەخشەو پلان و پڕۆژەیەک کە حزبە دەسەڵاتدارەکان بە ناوی چاکسازیەوە، هەژاری و بێکاری و برسێتی بەسەر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و نەداردا زیاتر دەسەپێنن. بۆ خەبات بەئاڕاستەی داسەپاندنی ئەوخواستە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیە دەستبەجێیانەی کە مەرجی باش بژێوی و ژیانێکی شایستە و گونجاون بۆ هەر تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان. بۆ خەبات لە پێناو گێڕانەوەی پارە و سامانی بەتاڵانبراو لەلایەن سەران و لێپرسراوانی حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە و تەرخان کردنی بۆ باش بژێوی خەڵکی کوردستان.

بزوتنەوەی دژی هەژاری بزوتنەوەیکی واقعیە و دەستکردی هیچ گروپ و حزب و کەسێک نییە، پێویستی بە ڕابەریکردن و ڕێکخستن و بەرچاو ڕۆشنکردنەوە و بەرەوپێش بردن و بەسەرکەوتن گەیاندنە، شەڕی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی هەژار و برسی سەراسەری کوردستانە لەبەرامبەر دەسەڵاتی بۆرجوا ناسیۆنالستی میلیشیایی و تاڵانچی و جەردەدا. شەڕی کریکارانە دژ بە نەهامەتی و کارەساتەکانی سیستمی سەرمایەداریی.

***پرۆمیتۆس لە ئەفسانەی کۆنی یۆنانیدا ئەو خوایە بوو کە ئاگری لە کێوی (ئۆلۆمپس) دزی و دایە دەستی بەندەکانی خۆی. ڤۆڵکان یش خوای ئاگرە کە لەسەر ئەو کارە پرۆمیتۆس بە بەردێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم دەستەواژەیە لە وێنەیەکی زەیتی دیرک ڤان بابیورن(Dirck van Baburen) لە زانکۆی ئوتریخت ( Utrecht) یەوە وەرگیراوە کە ساڵی ١٦٢٣ کێشاویەتی.**

**** تێکڕای داهاتی ساڵانەی تاک ناتوانێ داهاتی ڕاستەقینەی تاک نیشان بدات، چونکە ئەو ڕێژەیە بەوجۆرە دەست نیشان دەکرێت کە بەرزترین داهات و کەمترین داهات لەناو هەمان توێژدا کۆدەکرێتەوە و دابەشی دوو دەکرێت. بۆیە بێگومان بەشێک لە چینی کرێکارهەن لەو وولاتە کە داهاتی ڕاستەقینەی ساڵانەیان لە ١٦٠٠٠ دۆلار تێناپەڕێت.**

# سەرنجێك لەسەر بارودۆخی سیاسی ئێستای کوردستان

خەسرەو سایە

هاوڕێیان:

ئەوەی من ئەمەوێ لێرەدا لەسەری ڕاوەستم، ئەو لایەنە تازەیەیە کە بەتایبەتی لەم یەک دوو مانگەی دواییدا لە نێو دۆخی سیاسی کوردستاندا بەرجەستە بۆتەوە. لەم پەیوەندەشدا، دەبێ ئەوە بڵێم کە حزب بەگشتی لێکدانەوە و هەڵویستەکانی خۆی لەسەر دۆخی ناوچەکە و شەڕ لە سوریا و موسڵ و ململانێی سیاسی و سەربازی نێوان هێزە ئیمپریالیستیەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە، بەتایبەتی ئێران و تورکیا و هێزە ناوخۆییەکان، لە بەیاننامە و بەڵگەنامەکانیدا ڕاگەیاندووە کە من نامەوێت لێرەدا دووبارەیان بکەمەوە. بۆیە فەرزم ئەوەیە کە ئەم باسەی من لە درێژە و پشتبەستن بەو لێکدانەوە و هەلوێستانەی حزبدا وەربگرن. بەڵام سەرەتا چ شتێک تازەیە؟

## دوو لایەنی تازە:

بێگومان هەلومەرجی کوردستان بەشێکە لە هەلومەرجی ناوچەکە و دنیا. بەدیاریکراویش ڕەوەندەکانی شەڕێک کە لە ناوچەکەدا هەیە، وەک سەنتەریک بۆ ئاڵوگۆڕی دونیا و جێخستنی هاوکێشەی نێوان هێزە جیهانی ئیقلیمی و ناوخۆییەکان، بە یەکجاری کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی ئاڵوگۆرە سیاسیەکانی هەرێمی کوردستان هەیە و فاکتۆرێکی کاریگەرە بۆ بزواندنی حزب و جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا. لەم بارەوە بە بڕوای من دوو لایەنی تازە، وەک ئاکامێک لە کێشمەکێشی چەند مانگی ڕابردووی نێوان هێزە دەرگیرەکان جێگای سەرنجدان و ڕاوەستانە: یەکەمیان بەرجەستەبوونەوەی ڕۆڵی ڕوسیایە لەدوای گرتنەوەی شاری حەڵەب ودووەمیشیان، وەدەرنانی داعشە لە بەشێکی زۆر لە ناوچەکانی عێراق بەتایبەتی لە بەرەی چەپی موسڵ و دواتریش پەڕینەوە بۆ بەرەی ڕاست.

## سەرنجێك لەسەر بارودۆخی سیاسی كوردستان

لەبارەی خاڵی یەکەمەوە، وەدەرنانی ئۆپۆزسیۆنی سوریا لە حەلەب تەنها یەک وەرچەرخانی گەورە نییە لە هاوکێشەی سەربازی نێوان لایەنە دەرگیرەکانی سوریادا، بەڵکو لەباری سیاسیشەوە، داسەپاندنی پاشەکشەیەکی ترە بەسەر ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و لایەنگرانی ئەم کەمپەدا. ئەمە بە مانای وەرگرتنی پێشڕەوی یەکلایەنەی ڕوسیایە بۆچارەسەری جەنگ لە سوریادا، سازدانی چەند کۆبوونەوەی یەک لەدوای یەکی نێوان لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن و حکومەتی سوریا لە "ئاستانە"، هاوکات خۆئامادە کردن بۆ کۆبوونەوەی جنێفی چوار بەڕۆشنی دەریدەخات کەڕوسیا لەبەرامبەر ئەمریکادا ڕوو لەپێشڕەویە، و دەیەویت سوریا وەکو حەوزەیەکی نفوزی خۆی بەسەر ئەمریکا و هێزە ڕەقیبەکانی تردا داسەپێنێ. داکۆکی کردن لە مانەوەی ئەسەد و نووسینی مسۆدەی دەستوری سوریا، پێشنیارکردنی لەلایەن ڕوسیاوە بۆ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆن و حکومەت، خۆی نیشانەیەک لە پێشڕەوی ڕوسیا ڕووەو ئەم ئامانجە دەردەخات. لەلایەکی ترەوە هەرچەندە ئەم مەوقعە تازەیەی ڕوسیا هێشتا شەڕی بەرەو کۆتایی نەبردووە، بەڵام بە بۆچوونی من هەموو لایەنەکان دەیانەوێت ئەم شەڕە بەجۆرێک تەواوکەن، چونکە درێژەکێشانی بە زیان و گرفتی چەندلایەنە بۆهەمویان تەواوبووە. ئەم دۆخە تازەیە لەلایەک ئەمریکا وادار دەکات دەست بۆ کاردانەوەیەک بەرێ تا لانیکەم هاوسەنگیەک پێکبهێنێ لەبەرامبەر ڕوسیادا، بۆ ئەوەی لەژێر سایەیدا، ڕێچکەی ڕێکەوتن بگرێتەبەر. بەتایبەتی هەمووده‌زانین کە ئەمریکا لە سەردەمی ئۆبامادا، شەڕی موسڵی وەک کارتێک بۆ هەستانەوەی هاوکێشەی هێزی سەربازی و سیاسی لەبەرانبەر ڕوسیادا لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەدەستەوە گرت، بەڵام ئێستا نازانرێ ئیدارەی ترامپ دەست بۆ چ کاردانەوەیەکی سەربازی تردەبات. بە تایبەتی کە ترامپ، وەک نوینەری ڕەوتێکی ئەڵترا ڕاستڕەوی زاڵ بەسەر دەستەی فەرمانڕەوادا بەیکجاری جڵەوی لەدەستداوە و ئەگەری خولقاندنی مەترسیەکی گەورە لەئارادایە. لەلایەکی ترەوە نفوزی ئێرانە کە لەبەر ڕۆشنایی پێشڕەویەکانی ڕوسیادا، هەرچی زیاتر وەک پۆلیسی ناوچەکە و پرکردنەوەی سیستەمی ئەمنی کەنداو، خۆی بەرجەستە کردۆتەوە. ئەمە بابەتێکە کە هەم زەمینەی هەڕەشەکانی ترامپ بۆسەر ئێران و گرتنەبەری سیاسەتێکی تازە سازدەکات، وە هەم ڕوڵی تورکیا و سعودیە وەک بەرەیەک لەبەرامبەر ئێراندا کارا کردۆتەوە. بەرادەیەک کە ڕوسیا نەتوانێ هەمولایەک پێکەوە ڕازی بکات و سەرەنجام ئارایشتێکی تازە بە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست ببەخشێ. کۆبوونەوەی ئەم دوایانەی تەعاونی عەرەبی لە ئەردەن کە زیاتر بەه ەوڵی سعودیە لەدژی ئێران سازدرا، لەبنەڕەتەوە بۆ کۆکردنەوەی هێزە، بەتایبەتی هەوڵدان بۆ ڕازی کردنی عێراق و ڕازی کردنی بەدەرچون لە بازنەی سیاسەتەکانی ئێران، خاڵێکی سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە بووە....

ئەم دۆخە تازەیە بە دڵنیایەوە کاریگەری لەسەر حزبەکانی کوردستان دادەنێ چونکە هەرهەموویان بەسەر هەردوو بەرەی تورکیا و ئێراندا دابەشبوون و لەبازنەی سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەم دوو دەوڵەتەدا دەخولێنەوە. لەم پەیوەندەشدا ئێستا باس لە "سیاسەتی مەتەوازنی حکومەتی هەرێم و پارتی" دەکرێت لەگەڵ وڵاتانی دونیادا. کۆبوونەوەی مەسعود بارزانی لەم دواییانەدا لەسەر مەسەلەی نەوت و سیاسەتی پارتی لەناوچەکەدا، لەگەڵ بەرپرسانی ڕوسیا و ئێران، لە حاشییەی

کۆنفرانسی "ئاسایشی جیهان"دا کە لە میونخ بەسترا، هەروەها دەنگۆی ئەوەی کە بارزانی سەردانی ئێران دەکات، نیشانەیەکە لەوەی کە بارزانی خەریەک دەست بۆ جۆرێک لە سیاسەتی دوسەرەیی دەبا لەژێر ناوی "ڕاگرتنی بالانس" دا. هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی ئەو مەوقعە تازەیەیە کە ڕوسیا و ئێران لەسایەی شکستەکانی ئەمریکا و تورکیادا، بەدەستیان هێناوە..
بەڵام لەبارەی خاڵی دووەمەوە، گۆرانکاریەکان ڕاستەوخۆتر لەسەر دۆخی هەرێم کاریگەری داناوە. ئێستا کە هەموولایەک باس لەوە دەکەن کە "کێشەکە داعش نییە"، بەڵکو موسڵی دوای داعشە، ئەمە خۆی ئاماژەیە بۆ ئەوەی تەواوبوونی جەنگ لەموسڵ هەر لە ئێستاداوە هێزە دەرگیرەکانی خستۆتە قۆناغی کێشمەکێشەوە لەسەر ئەوەی ئارایشی ناوچەکە چی لێدێت وهەرلایە دەستکەوتەکانی خۆی چۆن دەچنێتەوە و چ جێگاوڕێگایەک لە دەسەڵات و ناوچەکانی نفوزدا بەدەست دێنێ. لەم پەیوەندەدا، مەسەلەی قەیرانی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، کە دواتر دێمەوە سەری، ساڵانێکە درێژەی هەیە و بەردەوامیش خاڵێکی میحوەری بووە. کێشەی بودجە و دابەشکردنی داهات، مەسەلەی کەرکوک وناوچە جێناکۆکەکان، کە ئێستا هێزی پێشمەرگە لە بەشێکی زۆریاندا جێگیرکراوە، مەسەلەی نەوت و ئیمتیازاتی ناسیونالیزمی کورد، کە پێشتر لە فیدراڵیزمدا پێناسەی بۆ کرابوو.. هەموئەمانە چییان بەسەردێ و چۆن لەسەری دەبڕێنەوە؟ بابەتگەلێکن کە جارێکیتر دەبێتەوە بنەمای کێشمەکێشی نێوان بەغدا و هەرێم و لەم چوارچێوەیەشدا، پەیوەندی نیوان حزبەکانی کوردستان بەرەو گۆرانکاری و ڕیزبەستنی تازە دەبات.
ئەوەی کەدەمەوێت بەدیاریکراوی سەرنجی ئێوەی بۆ راکێشم ئەوەیە کە پارتی لەبەر ڕۆشنایی ئەم فاکتۆرە تازانەدا، ڕۆڵی هێزێکی هێرشبەر وخولقێنەری دۆخە سیاسیەکان دەردەکەوێ، هێزێک کە تاکڕەوی زیاتر بە خەرج دەدات لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، مەسەلەی ئاڵا لەکەرکوک، باسی سەربەخۆیی و وڕیفراندۆم و دەست هەڵگرتن لە نامەکەی مەسعود بەرزانی بۆ ڕێکەوتنی لایەنەکان و چارەسەری قەیرانی سیاسی و دارایی لە هەرێمی کوردستان، وەک خۆی ناوی لێناوە، بەی ەکجاری خراوەتە لاوە. ئێستا هەموان باسی سەربەخۆیی وڕیفراندۆم دەکەن و ئەمەش سەرەتایەکە بۆدەورەیەکی تازەی لە کێشمەکێشەکانی نێوان بۆرژوازی کورد و دەوڵەتی مەرکەزی لەپەیوەند بە نزیک بوونەوەی کۆتایی داعش لەموسڵدا... لەمبارەوە قسەی زیاتر پێویست دەکات، بەڵام ڕێگام بدەن با جارێ سەرنجێک لە جوڵانەوەی ناسیونالیزمی کورد لەئاستی ناوچەکەدا بدەم ودوایی بگەڕێینەوە سەرئەم خالە.

## ناسیونالیزمی کورد و پێگەی پارتی

وەک سونەتەیکی سیاسی کە بەردەوام ئاماژەمان پێداوە، ئەحزابی ناسوینالسیتی کورد هەمیشە سیاسەت و بەرژەوەندیەکانیان لەسەر بنەمای درزوکەلێنی نێوان دەوڵەتان و هاوکێشەی هێزی نێوانیان و خۆبەستنەوە پێیانەوە داڕشتووە، بەڵام لەپەیوەند بە ڕۆڵێکەوە کە ناسیونالیزمی کورد و

## سەرنجێك لەسەر بارودۆخی سیاسی كوردستان

هەموو حزبەکانی دەیگێڕن لە ئێستای ناوچەکەدا و لەبەر ڕۆشنایی ئەو هەلومەرجە تازەیەی ئاماژەمان پێکرد، دەمەوێ ئاماژە بۆ حاڵەتێکی واوەتر لەم سونەت و بنەمایە بکەم. ئەویش ڕۆڵگێرانی هێزەکانی ئەم بزوتنەوە بۆرژوازیەیە وەک "هێزی کۆنترا". ئەمە بە مانای تەجاوزکردنی ڕۆڵی "بریکاری" بوونیشە کە تائێستا لە جەنگدا بۆ دەوڵەتانیان گێڕاوە. لە ڕیزی پێشەوەی ئەم سیاسەتەدا، پارتی دەبینین کە هێزی پێشمەرگەی هەر لەزووەوە بەپێی یاداشتی لێکتێگەیشتن لەگەڵ ئەمریکادا لەبەرامبەر 415 ملیۆن دۆلاردا خستۆتە خزمەتی سیاسەتە جەنگخوازیەکانی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە. پارتی لەکۆنتراکردنی هێزەکانی پێشمەرگەدا، تەواوی هەوڵەکانی بۆ ئەوەیە کە چەک و پارە و ئیمکانات و توانای لۆجستیکی شەڕ بەدەست بهێنێ و خۆی لەبەرامبەر عێراقی دوای تەواو بوبی داعش لەموسڵدا ئامادەبکات. هەر لەمبارەوە بارگرژیە چەکداریەکەی ئەم ڕۆژانەی شنگال لەگەڵ پەکەکە مقۆمقۆی ئەوەی کە دەبێ هێزەکانی پەکەکە لەشنگال و قەندیل دەربکرێ، بەڕۆشنی کۆنتراکردن و پێشلەشکری کردنی پارتیە، بەپێی داوایەک کە حکومەتی تورکیا کردوویەتی. بەڵام لەم ڕۆڵەدا پارتی تەنیا نییە. حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەتا ئەم دوایانەش سەروبنی زمانی ئەوە بوو کە ئامادەن لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێراندا، بە دیالۆک و ئاشتی کێشەی کورد بەلایەکدا بخەن، کەچی ئێستا هێزەکانی بۆ سعودیە خستۆتە کۆنتەراتەوە و دەستی داوەتە توندکردنەوەی کردەوەی چەکداری لە شارە سەر سنوریەکان. پەیەدەش لەمبارەوە ڕۆڵی هاوشێوە دەگێڕێ. بانگەوازی بەردەوامی ساڵح موسلیم و ئامادەیی بۆڕێکەوتن لەگەڵ ڕوسیا و ئەمریکادا، هاوکات بەشداری لەشەڕی گرتنەوەی ڕەقەدا و وەرگرتنی کۆمەکە سەربازیەکان لەم دەوڵەتانە، دیسانەوە نیشاندەدات کە سیاسەتی کۆنترابوون حاڵەتێکی تازەیە لە ڕۆڵی ناسیونالیزمی کورددا. بەڵام لایەنێکی تر کە پێویست دەکات سەرنجی لێبدەین پێگە و دەوری پارتیە لەم دۆخەدا. بە بڕوای من پێگەیەک کە پارتی بۆی پەیدا بووە و سیاسەتێک کە دەیەوێت تاکڕەوانە بیگێڕێ، ئەوی وەک سەنتەریک بۆ ناکۆکی و ڕیزبەستنی حزبەکان نەک هەر لەعێراق، بەڵکو لە ئاست پارچەکانی کوردستانیشدا دیاری کردووە. ئەمە بەو مانایەی کە لەلایەکەوە، دەعوای پارتی لەدژی دەوڵەتی عیراق و گەرمکردنی بانگەواز بۆ سەربەخۆیی و ڕیفراندۆم، هەم یەکیەتی و حزبە ئیسلامیەکانی بەخەت کێشاوە و خودی بزوتنەوەی گۆڕانیشی تەریک خستۆتەوە، وەهەم دەرگای ئومێدێکی بە ڕووی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانی ئێراندا کردۆتەوە، تاوەک پشتیوانەیەک سەیری بکەن. لەلایەکی تریشەوە پارتی وەک میحوەرێک بۆ دژایەتی پەکەکا، دەردەکەوێ وبەمەش قورساییەک لەسەر تەواوی حزبەکانیتر دادەنێ، وپێدەچیت لەنێوان شەرکردن و نەکردنی پەکەکادا، قەراریان پێبدات. وەک ئەنجامیگیریەک لەم سەرنجانە دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەگەری شەر و بارگرژی چەکداری نێوان حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕاکێشم، کە پارتی دەستی پێشڕەوی تێدا هەیە و هەمولایەکیش لە پرۆسەی کۆنترابوندا خۆیان پرچەک کردووە. پێم وابێ ئەمە مەترسیەکە و دەبێ کۆمەڵگای لێئاگادار بکرێتەوە. ئێستا بابگەڕێنەوە سەر وردەکاریەکانی دۆخی سیاسی کوردستان و مەیدانەکانی خەباتمان.

**خەسرەو سایە**

## سەرنجێك لە دۆخی سیاسی كوردستان

هەروەک پێشوتر لەمبارەوە قسەمان کردووە، دۆخی ئێستای کوردستان لەچوارچێوەی قەیرانێکی فرە ڕەهەندی سیستم و حاکمیەتی بۆرژوا ناسیۆنالیزمی کورد دا دەچێتە پێشەوە. ئەم قەیرانە بە بۆچونی من سێ ڕەهەند، وەیان بڵێم سێ کوچکەی سەرەکی هەیە، کە هەموویان پێکەوە زەمینە ماددی و سیاسیەکانی خەباتی چینایەتی لە کوردستان وڕەوەندەکانی دیاری دەکات. کەوایە با کەمێک زیاتر لەبارەی ئەم قەیرانە و ڕەهەندەکانیەوە قسەبکەین:

ڕەهەندی یەکەم: قەیرانی ئابوریە، ئەمە بەو مانایەی کە نیزامی سەرمایەداری لە کوردستان دوای دەورەیەک لە گەشەکردن و بوژانەوە، لەگەڵ قەیرانی ئابوری بەرەوڕووە. دەورەیەک لە بوژانەوە کە لەساڵی 2005 دەست پێدەکات تا 2012 بۆ 2013 درێژە دەکێشێ. ئەم دەورەیە کە لەژێر سایەی ئارامیەکی نسبی و سەرەوژێربوونەوەی داهاتی نەوت و بودجەی عێراق، سەرمایە بە لێشاو ڕووئەکاتە بازاڕەکانی کوردستان و بەو پرۆژانەوە ئەچەسپێ کە ژێربینای ئابوری کوردستان دەگرێتەوە و زیاتریش وەک پێداویستیەکانی دامەزراندنی پیشەسازی دۆزینەوە و دەرهێنان و هەناردەکردنی نەوت و مەوادی ژێرزەمینی، جێگایان هەیە. لەم دەورەیەدا کە بە خێرایی هەزاران پرۆژەی جۆراو جۆری گەورە و بچوک و مامناوەندی، لە بوارەکانی ڕێگاوبان، پرد، بینا و شوێنی نیشتەجێبوون، تا کارگەکانی پاڵاوگەی نەوت، بەرهەم هێنانی گەچ و چیمەنتۆ، ئاسن و بوارەکانی خۆراک.. هاوکات سەردەرهێنانی سەدان کۆمپانیای بیانی و ناوخۆیی و کارکردنیان لە بوارەکانی گەڕان و دۆزینەوە و دەرهێنانی نەوت و گازدا. کە سەرەنجام فراوانبوونەوەی شارەکان و خستنەگەڕی هێزی کاری کرێکارانی کوردستانی لە مەودایەکی فراواندا بەدوای خۆیدا هێنا. ئەم دەورەیە دەکرێ بە قۆناغ و شەپۆلی دووەمی تەواوکردنی ژێربینای ئابوری سەرمایەداری کوردستان ناوبەرین کە بەدوای ساڵی 1974 وە تا 2003، لەبەرئەنجامی پشێوی وشەڕە یەک لەدوای یەکەکانی نێوان ناسیونالیزمی کورد وبەعس، شەڕی ئێران و عێراق، شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداو، تاساڵی 2003 وڕوخانی بەعس، ئابوری سەرمایەداری کوردستانیان لە چاوەڕوانیدا ڕاگرتبوو. ئەگەرچی لەسازدانەوەی دەوڵەتی تازەی عێراقدا، ڕێکەوتنی نێوان ناسیونالیزمی کورد و لایەنە عێراقیەکان بەپێی دەستور، هاوکات دابەشکردنی دەسەڵات و سامان، لەژێرفۆرمی فیدراڵیزمدا، زەمینە سیاسییەکانی بۆ ئەم شەپۆلە لە پەرەسەندنی سەرمایەداری لە کوردستان سازکرد، بەڵام خودی دەورەکە خێرا و کورتخایەن بوو، وە هەرزوو سەری لە ڕاوەستان و پاشان قەیرانی ئابوری دەرهێنا. قەیرانێک کە لەلایەک بەرئەنجامی پرۆسەی پربوونی بەرهەمهێنانی پێداویستیە ژێربینایەکانە، بۆ پیشەسازی دەرهێنانی نەوت ومەوادی ژێرزەمینی، وە لەلایەکی تریشەوە سەرەو ژێر بوونەوەی کارکرد و ڕەوەندی قەیرانی ئابوریە جیهانیە بۆ کوردستان. بەتایبەتی کە ئابوری و سەرمایەداری لە کوردستان بەحوکمی ئەوەی وەک حەوزەیەکی ئیمپریالیستی بۆ ناردنە دەرەوەی سەرمایە و وەگەرخستنی هێزی کاری هەرزان، جێگەی لە کاردابەشکردنی ئابوری جیهاندا گرتووە، بە پێویست لەژێر کاریگەریەکانی بازاڕی جیهان و دۆخی سەرمایەداری جیهاندایە. بە ڕادەیەک دەکرێ بڵێم کە

## سەرنجێك لەسەر بارودۆخی سیاسی كوردستان

ئابوری كوردستان چاوەڕوانە بۆ هەلومەرجی جیهانی و هاوكات چارەسەركردنی قەیرانەكەشی لە ناوخۆدا نییە، چونكە پەیوەندی ناردنەدەرەوەی سەرمایە لەبەرهەمهێنان و فرۆش و ناردنی نەوت چاوەڕوانی بازاڕی جیهانییە. ئەمە باسێكی ترە و من نامەوێ لێرەدا لەوەزیاتر لەسەری بڕۆم. بەڵام ئەوەی گرنگە ئاكامی ئەم قەیرانە چییە و چ ڕەنگێكی داوەتەوە لەسەر دەسەڵات؟ لەسەر ژیان و گوزەرانی كرێكاران و زەحمەتكێشان؟ سەرەنجام لەسەر ڕەوتی خەباتی چینایەتی چ كاریگەریەک دادەنێ؟

یەكێك لەئاكامەكان و كاریگەریەكانی ئەم قەیرانە ئابوریە لەسەر دەسەڵات، وادار كردنیەتی بە گرتنەبەری سیاسەتی داشكاندنەوەی ئاسەوارەكانی ئەم قەیرانە بەسەر ژیان و گوزەرانی كرێكاران و خەڵكی زەحمەتكێشدا، یانی گرتنەبەری سیاسەتی سكهەڵگوشین و لێگرتنەوە لە داهاتی خەڵک و دەستهەڵگرتن لە خزمەتگوزاریە كۆمەڵایەتیەكان و سیاسەتی بێكاركردن، لەڕێگای ترشیق و بچوككردنەوەی حكومەت و دامەزراوە دەوڵەتیەكانەوە.. ڕاپۆرتەكەی سەرۆكایەتی هەرێم لەبارەی سیستەمی موچە و هەڵوەشانەوەی دەرماڵە و.. لێكدانی وەزارەتەكان، خۆ دەربازكردن لە دابینكردنی خزمەتگوزاری تەندروستی، خوێندن، ئاووكارەبا، دامەزراندن.. هەموو ئەمانە گۆشە سەرەكیەكانی ئەم سیاسەتەن كە چینی دەسەڵاتدار لەراستای داشكاندنەوەی ئاسەواری قەیرانەكە بەسەر شانی خەڵكدا گرتویەتیەبەر.

یەكێكی تر لە ئاكامەكانی قەیرانی ئابوری ڕاوەستان و لەكاركەوتنی كارگە و پرۆژە ئابوری و بازرگانیەكان و گرژبوونی بازاڕ وسەرهەڵدانی بێكاری و گرانیە. دۆخێكی ئاواش لەپاڵ سیاسەتەكانی دەسەڵاتدا كە ئاماژەم پێدا، هەرچی زیاترە هەژاری و نەداری كردۆتە دیاردەیەكی بەرپڵاوی مەترسیدار. كە بێگومان كاریگەری خراپ و شكێنەری دەبێ لەسەر دۆخی كۆمەڵایەتی و خەباتی چینایەتی. هەربۆیە خەبات لەدژی هەژاری و نەداری وەک مەیدانێكی ئەسڵی و سەرەكی خەباتی چینایەتی لە كوردستان جێگا دەگرێ، كە دەبێ حزب بەبایەخێكی زۆرەوە كاری لەسەر بكات. بەواتایەكی تر دەمەوێ بڵێم كە خەبات لەدژی گشتیەتی چینی بۆرژوازی و حزبەكانی لەمرۆدا لە خەبات لەدژی هەژاری و بۆ باشكردنی ژیان دەڕواتە پێشەوە. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ خەبات بۆ ئازادیەكان، بۆ سكولاریزم بكەین دەبێ لە ژیانەوە دەست پێبكەین. مەسەلەی ژیان بە مانای كرێ، خزمەتگوزاری ئاو وكارەبا، بە مانای خوێندن و پەروەردەی خۆرایی، بە مانای پەیداكردنی كار و بەدەستهێنانی بیمە كۆمەڵایەتیەكان، بە مانای چەسپاندنی یاسای كار لە كوردستاندا. بە بڕوای من ئەم مەیدانە دەبێ وەک نەبەردێكی ئەسڵی سەرنجی بۆ بدەین و وەک بناغە و ڕیشەی ناڕەزایەتیە جەماوەریەكانی دەورەی داهاتووە لەبەرچاوی بگرین... بەڕای من یەكێ لە بنەما ئەسڵیەكانی دەخاڵەتی ئێمە لەسەر مەسەلەی هەژاری و نەداری هەر ئەوە نییە كە بزوتنەوەیەكی داخوازیەكانی لەسەر بەڕێ بخەین، بەڵكو لەو ڕووە مەیدانی ئەسڵیە كە بوعدێكی ستراتیژی لە خەباتی ئێستای حزبدا، لەڕاستای كۆمەڵایەتی بوونەوە، ڕیشەداكوتانی تەشكیلاتیماندا بۆ پەیدابووە. چونكە ئەم دۆخە زیاتر درێژەدەكێشێ و بۆرژوازی كورد ناچارە فشارەكانی خۆی لەسەر ژیانی خەڵک زیاتر بكا و بەپێی ڕێنوێنیەكانی بانكی جیهانی سیاسەتی لێگرتنەوە بۆ

تێپەرینی لە قەیرانی ئابوری بگرێتەبەر. بەڵام ئەم کارە بەبێ وەڵامی سەرمایەداری جیهانی بە ئابوری کوردستان و سیستەمە سیاسەیەکەی، بە جۆرێک کە گونجاو بێت لەگەڵ ڕەوتی پەرەسەندنی ماوەدرێژی ئابوریدا، شتێکی مەحاڵە. هەربۆیە، مەسەلەی هەژاری و نەداری، مەسەلەی ژیان و بژێوی، وەک زەمینەیەکی سەرەکی بۆ توندبوونەوەی خەباتی چینایەتی کرێکاران و جەماوەری کەمدەرامەت، لەدژی دەسەڵات، بەهێزی خۆیەوە دەمێنێتەوە و لە ئەگەری زۆریشدا، دەبێتە سەرچاوەی سەرهەڵدانی نارەزایەتی و بێزاری جەماوەری. لەمەش زیاتر دەمەوێ ئەوە بڵێم کە خودی قەیرانی ئابوری بنەما و زەمینەی قەیرانی حکومەتیشە کە دەستەی فەرمانڕەوا لەگەڵی بەرەوڕووە.

ڕەهەندی دووەم: قەیرانی حکومەتیە.. سەرەتا ئەبێ ئەو ڕاستیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان ڕۆشن بکەینەوە کە ئەووتری ڕێکنەکەوتنی ئەم حزبانە وای کردووە کە حکومەت و پەرلەمان گیرۆدەی قەیران ببن و هەلومەرجی کوردستان لە باری سیاسەوە موستەقر نەبێ. بەڵام بە پێچەوانەوە ئەوەی کە وای کردووە حزبەکان بخاتە بەرامبەر بەیەکەوە و یەکێتی و پارتی و لایەنەکان نەتوانن ڕێکبکەون، ناکارامەیی نمونەیەکە لە حکومەت و فەرمانڕەوایی، کەهەم ناتوانێ وەک سەرخانێکی گونجاو بۆ ئابوری سەرمایەداری ڕۆڵ بگێڕێ وهەم پەیوەندی نێوان دەسەڵات و خەڵک بە جۆرێک ڕێکبخات، کە مەقبول بێ و جێگای ڕەزامەندی خەڵک بێت. بەواتایەکی تر ئەم فۆرمە لە حکومەت کە دەسەڵاتی ناوچەیی ئەحزابی میلیشیاییە و بەرئەنجامی هەلومەرجێکی تایبەتە، عومری خۆی کردووەو وەڵامدەرەوەی پەیوەندیە مۆدێرنە ئابوری و سیاسیەکانی سەرمایەداری نییە. هاوکاتیش خەڵک لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتەدا، نارازی وتورەیە. ئەمانە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی ناکۆکی نێوان حزبەکان و کێشەیان لەسەر ڕێگاچارەی دەربازکردنی دەسەڵاتێک کە ناسیونالیزمی کورد دایمەزراندووە. باسی چاکسازی کە هەموو حزبەکان قسەی لەسەر دەکەن، خۆی ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیەتیە کە فۆرمی حکومەت وەڵامدەرەوە نییە وناتوانرێ ببێتە مایەی ئینسجامی دەرونی دەستەی فەرمانڕەوا ویەک دەست بوونەوەی باڵەکانی بۆرژوازی تێیدا. بۆ نمونە ئەو دەورەیە بۆچی توانییان بانگەوازی حکومەتی بنکە فراوان بکەن؟ چونکە دەورەیەک بوو گەشەی ئابوری، جۆرێک لەڕیفاهی بۆ خەڵک دابین کردبوو، وەلەبەرامبەردا، ئەوانیش ملیان بەدەسەڵاتدابوو. بەڵام کە قەیرانی ئابوری سەری هەڵدا وپاشان دۆخی ناوچەکە فەزای جەنگی بەخۆوەگرت، ئیتر حکومەتی بنەکەفراوان نەیتوانی عاملی یەکگرتوو مانەوەی حزبەکان بێت لەدەسەڵاتی هاوبەشیاندا. لایەکی تری ئەم قەیرانە سیاسیە هەر پەیوەست نابێتەوە بە مەسەلەی پەیوەندی خەڵک و قەیرانی ئابوریەوە، بەڵکو کێشەکە فۆرمی حکومەتیە لە کوردستان. تا ئێستا ٢٥ ساڵە کۆمەڵێک میلیشیا خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا داسەپاندووە و بەزەبری هێز هەموو جومگەکانی سیاسەت وئابوری وئیداریان کۆنترۆڵ کردووە. بەرادەیەک نەیاسا، نەدادگا ونەپەرلەمان وحکومەت ونەزمی ئیداری.. هیچیان مانایەکیان بۆ نەماوەتەوە، تەنانەت نەبونی دەستور وکارپێکردن بەبڕیارو یاساکان خودی ئەم دەسەڵات و حکومەتەی خستۆتە ژێر پرسیارەوە، تەنانەت لە ڕوانگەی چینی بۆرژوازیەوە نامەتڵوبە. خەڵک دەوڵەتی ئەوێ، یاسای ئەوێ، دادگای ئەوێ..... بەڵام کێشەی بۆرژوازی کورد

ئەوەیە هچ فۆڕمێكی دەوڵەتی نییە. ئەمەش ڕەنگدانەوەی تیۆری دەورانە كە بۆرژوازی و ئیمپریالیزم لە هەر دەورەیەكدا سازی داوە. بۆ نمونە لە دەورانی موستەعمەرەكاندا حكومەتی وصایا هەبووە، یان حكومەتی ئینتیداب هەبووە. ئەوانە نوێنەرایەتی بۆرژوازی و چینە باڵادەستەكانیان كردوە. لە دەورەیەكدا دیكتاتۆری بێپەردە شكڵی حكومڕانی بووە، بەم دوایانەش فۆرمی دیموكراسی ئەتنیكی وئاینی. یانی مەبەستم لەوەیە كەبڵێم جۆری ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەت، دەوڵەت بە عینوانی ئامرازی دەستی چینی سەرمایەدار كە پێگەی ئەسڵی لە ئابوری ئەو وڵاتەدا هەیە كەوتۆتە ژێر پرسیارەوە. كەوایە پرسیارەكە ئەوەیە كەئابوری سەرمایەداری ئەمڕۆی كوردستان چ جۆرێك لە دەوڵەت ئەخوازێ، كەبتوانێ شیوازی مەتڵوبی بۆرژوازی كورد بێت وئینسیجام و ئارایشی سیاسی تاماوەیەكی درێژ بۆ هەیئەی حاكمە زامنكات. ئەم كێشەیە هەر كوردستان نییە، بۆ نمونە لە ناجیریا، لە سۆماڵ و هەتا لە سودان، لە لیبیا، هەموو كۆمەڵێك میلیشیان شوێنێكیان گرتووە و كۆنترۆڵیان كردووە. وە مەسەلەی دیموكراسی و پەرلەمان و ئەوانە كارتۆنیە، هەڵبژاردنیان كارتۆنیە. ڕەخنەی ئێمە لەم وڵاتانەدا لە پەرلەمان لەوەوە نییە كە پەرلەمان نیابەتی دەنگی خەڵك ناكات، ڕاستەوخۆ نییە، كێشەكە ئەوەیە ئەم نیزامانە كە دروست ئەبن و بەرگی دیموكراسی و چی و چی بە بەردا ئەكرێ لە ئەسڵدا غیابی ئەلگۆیەكی دەوڵەتە كە بۆرژوازی لە دەستی نەماوە، پێی نییە. هەموو ئەم مەسەلەیە نیشانی ئەدات كە بۆرژوازی جیهانی لە ئێستادا هیچ ئەڵتەرناتیڤێكی پێ نییە بۆ مەسەلەی سازدانەوەی دەوڵەت و سیاسەت و ئابوری لەم وڵاتانەدا. ئەمە شتێكە كە ئەم قەیرانە درێژماوە ئەكات.

ئەگەر بمانەوێت ئەنجامگیریەك لەم باسە بكەین، ئەویش ئەوەیە كەقەیرانی حكومەتی ودرێژەكێشانی، هەم تەوازنی هێز وهەم فرسەت ئەدات بە چینی كرێكار وجەماوەر، باشتر پێ بنێنە مەیدانەوە، هاوكات بوار دەدات تا حزبی ئێمە وەكو ئۆپۆزسیۆنی ئەسڵی هێز بگرێ و بچێتە ناو هاوكێشە سیاسیەكانەوە. لەمبارەشەوە دەبێ حزب وەك ئەڵتەرناتیڤی سیاسی وئابوری دەركەوێ. یانی وەك هێزێك كەخەرێكە خەبات دەكات بۆ دامەزراندنی دەوڵەت و نیزامێكی سیاسی كەتێیدا خەڵك ئازادەو ڕۆڵی هەیە لەبەڕیوەبردنی وڵاتدا. دەوڵەتێك كەدابینكردنی باشبژێوی بۆهاولاتیان بەبنەمای خۆی دەزانێ. تەبلیغ بۆ كوردستانی ئازادو سەربەخۆ، بۆ حكومەتی شورایی وكۆكردنەوەی جەماوەری نارازی لەدەوری ئەم دروشمانەو خەباتكردن لەدەوریان، گۆشەیەكی تری پلاتفۆرمی سیاسی حزبە لەمدەورەیەدا. بەمجۆرە دامەزراندنی دەوڵەت وپرسی سەربەخۆیی كوردستان ئەولەویەت و مەیدانیكی تری كارمانە، كەدواتر لەبەرەیەوە قسەدەكەم..

ڕەهەندی سێهەم: لایەنێكیتر كە لەم قەیرانەدا درێژی هەیە و كاریگەری بەسەر خەباتی چینایەتیەوە لە كوردستاندا جێهێشتووە، پەیوەندی نێوان حكومەتی مەركەزی و هەرێمە. ئەمە بەمانایەك مانەوەو درێژە كێشانی مەسەلەی كوردە. یانی ناوەڕۆكەكەی خودی مەسەلەی كوردە وەك كێشەیەك كەلەسەر خاك ونەوت و ئیمتیازاتی سیاسی ومادی.. هەرجارە لەلایەن ناسیونالیزمی كورد وحزبەكانیەوە وەك كارتێك بەدەستیەوە دەگرێ وكوردستان بەرەو بارگرژی ونائارامی ڕادەكێشێ. بەڵام خودی ئەم پەیوەندیە كەلەژێر ناوی فیدراڵیزمدا، پێناسەیان بۆكردووە، پوچەڵ

بۆتەوەو کوردستان بەکردەوە سەربەخۆیە وملی نادات بەبڕیارو سیاسەتەکانی بەغدا. ئەم واقعیتە کۆمەڵگای کوردستانی لەگێژاوێکی سیاسی بەردەوامدا ڕاگرتووە وکەس نازانێ تەقینەوەی کێشەو هەرای نێوان حزبە دەسەڵاتدارەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا، چ ئاکامێکی خراپ بەدوای خۆیدا دێنێ، بۆنمونە کێشەی نێوان بەرزانی و مالکی بەردەوام بارگرژی بەدواداهات. ئەم بارگرژیەش هەمیشە فاکتۆرێک بووە بەدەستی ناسیونالیزمەوە تا نەزعەی قەومی لە کوردستاندا بهێڵیتەوە و فەزا ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزم لەسەر خەڵکی کوردستاندا رابگرێ. تەنانەت خەڵک نان و ئاوی نەبێ، هەر لەم وەزعەش خراپتر بێت، بەڵام کاتێک ببیستێ حەشدی شەعبی هێرش ئەکات یەکسەر هەموو هاوکێشەکان ئەگۆڕێت. ئەمە یەکێکی ترە لەو بەربەستانەی بەردەم چونە پێشەوەی خەباتی چینایەتی. کەدەبێ حزب هەڵویستی ڕۆشنی لەسەربگرێ. بەواتایەکیتر دەمەوێ بڵێم کەخەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستانو چارەسەری کێشەی کورد، مەیدانێکی ترە کەبەجدیەتێکی زۆرەوە کەوتۆتە دەستوری کارمانەوە. لەم بارەوە ئەگەر قسەیەکی زیاتر بکەم، دەبێ ئاماژە بەدۆخی دوای تەواوبونی شەڕی داعش لەموسڵ بکەین، بەتایبەتی کە پەیوەندی نیوان هەرێم وبەغدا وپێناسەکردنەوەی لەڕوانگەو بەرژەوەندی هەردوولاوە، دوبارە لەبوعدێکی فراوانتردا سەرهەڵدەداتەوە، تەنانەت سنوری دەستوریش دەبڕی ومادەکانی هەڵدەوەشێنیتەوە. ئەم بابەتە لەروانگەی بەغداوە، نەزعەی گێڕانەوەی کوردستان بۆ دەوڵەتی مەرکەزی، یەکێکە لەمەبدەئەکانی "یەکپارچەیی خاکی عێراق" بەلای بۆرژوازی عێراقیەوە. یانی بۆرژوازی عێراقی هەمیشە چاوی لەوەیە کە دەوڵەتێکی یەکپارچە و یەکگرتوو دروست بکات. لەروانگەی حزبەکانی ناسیونالیزمی کوردەوە، بەتایبەتی پارتی، لەتەوازنی قیوان هێزەکانی دوای تەواوبونی داعشدا، مەسەلەی گێرانەوەی کەرکوک وناوچەدابراوەکان وهەنگاونان بۆ سەربەخۆیی زیاتر بەدەستەوە دەگرێ ودەکەوێتە شوێن ئیمتیازاتی زایترەوە. باسی ڕیفراندۆم کەپارتی و مەسعود بەرزانی، کەحزبەکانی بۆ جولاندووە، نیشاندەدات، کەپەیوەندی نیوان هەرێم وبەغدا، لەبەردەم دەرگای دوبارە پێناسەکردنەوەدایە ولێرەشەوە سەرهەڵدانی شەڕو دەورەیەک لەبارگرژی ئەگەرێکی بەهێزە. تەنانەت ئەکرێ بڵێم کە ئەم شەڕە کراوەیە و دەبێ خەڵک لەم گێرمە وکێشەیە دەربهێنرێت. وەڵامێکیش بۆ ئەمە تەنها کارکردنە بۆ سەربەخۆیی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەم ڕێگایەوە.

حزب نابێ خۆشخەیاڵ بێ بە پارتی گوایە باسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی دەکات، گەر بە کردەوەش درۆنەکا و بییەوێت کوردستان بەرەو جیاوببونەوە بەرێ، بەڵام هێشتا سیاسەتی مامەڵەکردن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازات لەبەغدا، لەپشتی ئەم بانگەوازەوە خەوتووە. هەر لەم بارەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم کە پلاتفۆرمی بارزانی لەسەر سەربەخۆیی کوردستان ئاڵوگۆڕێکی بەسەر هاتووە. بەتایبەتی جاران ئەیویست لە ڕێگەی سەربەخۆیی ئابوری و ناردنە دەرەوەی نەوتەوە هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵگرێ، بەڵام ئێستا بەهۆی گرفتە قانونی و ڕێگریەکانی بەردەم ناردنەدەرەوەی نەوتی کوردستان و ساغکردنەوەی لە بازاڕی جیهانیدا. هاوکات بەهۆی ئەو جێگایەی کە پارتی لەشەڕی موسڵدا بەدەستی هێناوە، ڕێگای سیاسەتی دانوسان و گفتوگۆ و

## سەرنجێك لەسەر بارودۆخی سیاسی كوردستان

قانعكردنی هێزە ئیمپریالیستی و هێزە ناوخۆییەكانی گرتۆتەبەر. ئەوەتا سەرانی پارتی بەردەوام دەڵێن: " ئێمە لەگەڵ بەغداد دائەنیشین و ئەمانەوێ بەغداد دراوسێیەكی باش بێ لەگەڵماندا"...

مەسەلەیەک کە دەبێ پەردەی لەسەر هەڵماڵین ئەوەیە کە فاکتۆری خەڵک لاوەکیە لە تەرحەکەی پارتیدا بۆ سەربەخۆیی، هاوکات باسی ڕیفراندۆم دەکات کە هێزی میلیشیا بەسەرسەری خەڵکی شارەکانەوە راگیراوە وهیچ جۆرە فەزایەکی ئارام و ئازاد بۆ دەنگدان و بەشداری کردنی خەڵک و لایەنەکان لەم ڕیفراندۆمەدا زامن نییە و قسەی لەسەر ناکرێ. لەلایەکی ترەوە هێشتا خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکان، ئاوارە و ماڵوێرانن، هێشتا فەزای جەنگ سایەی هەیە بەسەر ژیانی خەڵکی کەرکوک وئەو ناوچانەوە. بۆیە پارتی دەیەویت ڕیفراندۆمێک سازبدات، کە لەچاو هەڵبژاردنەکانی هەرێمیشدا زۆر کارتۆنیتر و نائازادانەترە. ئێمە دەبێ مەرجەکانی خۆمان بۆ ڕیفراندۆمیکی سەرکەوتو ئازادانە بڵێین و حزب وەک هێزێکی پەیگیر بۆ خواستی سەربەخۆ و دامەزراندی دەوڵەت لە کوردستاندا، دەرکەوێ و ببێتە پێشەنگی جەماوەر.

هاورێیان: من لێرەدا قسەکانم تەواو دەکەم، هیوادرام لەرێگای ئەم سەرنجانەوە توانیبێتم لانی کەم سەرخەتی لێکدانەوە و سیاسەت و مەیدانەکانی کاری حزبم بەیان کردبێ و دەرگام لەسەر گفتوگۆی ئێوەشدا، خستبێتەسەر پشت.. بەسوپاسەوە..

**تێبینی:**

**ئەم نوسراوەیە کورتەی قسەوباسێکە کەلەپلێنۆمی 20 حزبدا پێشکەش کراوە**



**گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد**

# سەبارەت بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

**دیدگای سۆشیالیستی:** هەر تاو نا تاوێک بارزانی ڕایئەگەیەنێت کە ئەیانەوێت ریفراندۆم لە کوردستاندا ساز بکەن و ئەمجارەش دیسان لە هەلومەرجی تازەی کوردستان، بەرەو کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی داعش، گەرمبوونەوەی کێشمەکێش لە کەرکوک و هەڵکردنی ئاڵای کوردستان (هەرچەندە دواتر بە خشکەیی داگیرا)، هەمان بانگەواز دەستی پێ کردۆتەوە. لیژنەی هاوبەشی مەکتەب سیاسیان سەردانی لایەنەکان ئەکەن و لیژنەی ڕیفراندۆم و بەرپرسی بۆ دائەنێن و ... تاد. ئێمە ئەمانەوێ تاوتوێیەکی هەمەلایەنەی ئەم مەسەلەیە بکەین و چەند پرسیارێک بوروژێنین.

تۆ لە بابەتێکت لەژێر ناوی (دیسانەوە هاشوهوشی ڕیفراندۆم) دا کۆمەڵێک لایەنی سیاسەتەکانی پارتیت لە پشت تەرحی ڕیفراندۆمەوە باس کردووە. بەڵام هێشتا پێویست ئەکات زیاتر لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕابوەستین. تۆ لەوێ باس لەوە ئەکەیت کە ئەم سیاسەتەی پارتی جدیەتی تیا نییە بەرەو سەربەخۆیی کوردستان، بەڵام ئایا بە بڕوای ئێوە پارتی، وەک نوێنەرایەتیەکی بنەڕەتی بۆرژوازی کورد، بە ڕاستی بە شوێن دروستکردن یان پێکهێنانی دەوڵەتەوە نییە لە کوردستاندا؟ بۆرژوازی کورد وەک چینێک پێویستی بە دەوڵەتسازی و قەوارەدان بە پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە لە چوارچێوەی وڵاتێکی ڕەسمی و یاسایی لە ڕووی نێودەوڵەتی نییە؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** سەرەتا ئەوە بڵێم کە لە ڕاستیدا پێویستە هەر کاتێک ئەحزابی ناسیۆنایستی کوردی بە تیابەتیش پارتی و بارزانی باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی دەوروژێنن، ئەو سیاسەت و بانگەشەیەیان لە پەیوەند بەو هەلومەرجە دیاریکراوەوە لێکبدرێتەوە بۆ ئەوەی سیاسەت ومەرامی

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

ڕاستەقینەی پشتی وروژاندنی ئەو پرسە لەو هەلومەرجەدا روونبێتەوە. بە بڕوای من جدی بون یان جدی نەبوون رەنگە پێناسەیەکی ورد نەبێت بۆ سیاسەتێک کە ئەم پرسەی وروژاندوە. ناکرێت بلێین بورژوازی کورد بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ دەولەتسازی و بە وتەی خۆیان پێکهێنانی دەوڵەتی کوردیدا نییە. دروستر وایە کە بڵێین بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی بە دوای بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیەوەیە نەک چارەسەری کێشەیەک کە ناوی کێشەی کوردە. بە مانایەکی تر بورژوازی کورد ئەم کێشەیەی کردوە بە دەستمایەیەک بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتێکی سیاسی و ئابوری بۆ خۆی. سەردەمێک ناوەڕۆکی کێشەی کورد بریتی بوو لە ستەمی میللی بە دڕندانەترین شێوە لەسەر خەڵکی کوردزمان. ئەم کێشەیە لە دوای راپەرینی ١٩٩١ ەوە بە جۆرێک گۆڕانی بەسەرهات، واتە بەشێکی زۆری هاولاتیانی کوردزمان و ناوچە کوردنشینەکان لەژێر رکێفی دەوڵەتی رەگەزپەرست و فاشیستی بەعس هاتەدەرەوە و بورژوازی کورد کۆمەڵێک ئیمتیازاتی بەدەستهێنا. دواتریش دوای داگیرکرنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لە سالی ٢٠٠٣دا بە تەواوی ناوەرۆکەکەی گۆڕا، ئیتر مەسەلەی کورد مەسەلەی ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردستان نییە و ئەو ستەمە کۆتایی هاتووە. ئێستا ناوەڕۆکی ئەو مەسەلەیە بریتیە لەو هەلومەرجە دژوارەی کە سیاسەت و کارکردی دەوڵەتە مەرکەزیەکانی عێراق و هەردوو ناسیۆنالیزمی کورد و عەرەب دۆخیکی ئەوەندە پڕ لە کێشە و رق و کینە و ناکۆکیان دروست کردووە و قلێشت و دووبەرەکیەکی ئەوەندە قوڵ و کۆنەرستەنەیان لە نێوان خەڵکانی کوردزمان و عەرەبزماندا پێکهێناوە کە تازە پێکەوە ژیانی ئەو خەڵکانە لە چوارچێوەی یەک ولات و یەک دەوڵەتدا، بە تایبەتیش کە ئەو دەوڵەتە ناسنامەی عەرەبی و ئیسلامی هەڵگرتوە، زۆر سەخت و دژوارو پڕدەردەسەریە.

ئەوە ئاشکراو بەرجەستەیە لە سیاسەت و دروشم و پڕوپاگەندی فراوانی ناسیۆنالستی کوردیدا، تا کاتێک ناوەڕۆکی ئەم کێشەیە بریتی بوو لە ستەمی میللی لەسەر خەڵکی کوردزمان، ئەوان ئامانجی راشکاو و پێناسەکراو و بەرنامە بۆ داڕێژراویان بریتی بوو لە شەریکبونەوە لە دەسەلاتی سیاسی عێراق و بە دیاریکراوی خوازیاری ئۆتۆنۆمی بووون.

دوای ئەو هاوسەنگیەی کە بە راپەڕینی ئازار هاتەکایەوە، لەگەڵ سوێندخواردنی هەموو رۆژەی سەرانی ناسیۆنالیستە کوردەکان بە پێویستی و پیرۆزی یەکپارچەیی خاکی عێراق، ئەوان ئامانج و دروشمی خۆیان گۆڕی بۆ فیدرالیزم بەو مانایەی گوایە ئەمە هەنگاوێک لە پێشترە لە ئۆتۆنۆمی. کە بەبڕوای من جیاوازیەکی ئەتۆیان نییە و بە تایبەت لە رووی قەومی بونیەوە زۆر کۆنەپەرستانەیە. دوای داگیرکرنی عێراق لەلایەن ئەمریکا و رووخانی رژێمی بەعسەوە، ئەوان لەو هاوسەنگیە تازەیەدا بە مەرام و ئامانجی راگەیەنراوی خۆیان گەیشتن و بون بە خاوەن ئەو

فیدرالیزمەی کە ساڵەهابوو خەویان پێوەدەبینی و دروشمیان بۆی دەدا. تەجروبەی فیدرالیزمی قەومی کە جگە لە قۆناغێکی تر لە جۆرەها گرفت و کێشە و بێدەرەتانی بۆ خەڵک، هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان نەبوو. گشت ئەو پرۆسەیەی ناسیۆنالیزمی کورد بە ئاقاری ئامانجەکانی خۆی کە شەریکبونەوە بوو لە دەسەلات و سامان، هیچ کات نەک دەسکەوتێکی بۆخەڵک تیا نەبوو بەڵکو بە کردەوە دەرکەوت کە بەرژەوەندی خەڵک و بورژوا ناسیۆنالیستی کورد وەکو دوو هێڵی تەریب وان کە هەرگیز بە یەک ناگەن.

بەڵام هێشتا ئەمە خود بە خود ناتوانێ بمانگەیەنێ بەو ئەنجامەی کە دامەزراندنی دەوڵەتی قەومی کوردی ئامانجێکی بورژوازی کورد نیە. بەڵکو ئەو راستیە نیشانده‌دات کە بورژوا ناسیۆنالیستی کورد لە روانگەی بەرژەوەندی سیاسی و ئابوری خۆیەوە لەهەر سەردەمێکدا چاو لەم مەسەلەیە دەکات. بۆ نمونە ئەو بەشە دەسەلاتە و ئەو سامانە زۆرەی لە ٢٠٠٣ تا ٢٠١٣ دەرژایە دەستی بورژوازی کوردەوە ئەوەندە ئەوانی سەرمەست دەکرد کە جەلال تاڵەبانی بە دەمی خۆی روون و راشکاو بڵێ "دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی تەنها خەونێکە"، لە جێگاو هەلومەرجێکیشدا رەنگە ئامانجە سیاسی و ئابوریەکانی خۆیان لە دامەراندنی دەوڵەتی سەربەخۆدا خۆی ببینێتەوە. بەڵام یەک راستی حاشاهەڵنەگر هەیە کە ئەم هێزە ناسیۆنالیستە کوردانە زۆر لەوە دەستەمۆ و پاشکۆ و لە راستیدا عەمیلترن کە بتوانن سەربەخۆ لەو دەوڵەت و بلۆکانەی خۆیان لەگەڵیان گرێداوە بڕیارێکی وەها چارەنوسساز و جەسورانە بدەن. هەروەها بەراستی ناسیۆنالیزمی کورد زۆر لەوە بودەڵەتر و ناکارامەترە کە جەسورانە بەرەنگاری تەحەدیاتەکانی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بێتەوە، مەگەر ئەوەی چۆن سەردەمی جەنگی خەلیجی ١٩٩١ لە ئاسمانەوە دەسەلاتی خستە باوشیانەوە، دیسان هەلومەرجێک بێتپێشەوە و دەوڵەتی سەربەخۆش بخاتە باوشیانەوە. بێگومان دامەزاندنی دەوڵەتی سەربەخۆ گرفت و تەحەدیات و سەختی ودژواری خۆی هەیە، مەسەلەی گوشارەکانی دەوڵەتی مەرکەزی عێراق و دنیای عەرەب، ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، هەڵوێست و کاردانەوەی دەوڵەتانی ناوچەکە و جیهان، چۆنیەتی دابینکردنی گوزەرانی خەڵک لەسەر حسابی پارە عەمبار کراوەکانی خۆیان و پێکهاتنی بەرتەسکی لەبەردەم تاڵان و بڕۆی ئێستایان بە سامان و داهاتی کوردستانەوە ..هتد. بە کورتی نە ئۆتۆنۆمی و نە فیدرالیزمی شکستخواردو و نە دەوەڵەتی سەربەخۆ لە روانگەی بوررژوا ناسیۆنالیستی کوردەوە هیچ پەیوەندیەکی بە ئاوات و ئامانجە ئازادیخوازەکانی خەڵکی کوردستانەوە نییە.

مەسەلەیەکی تر هەیە کە بەراستی زۆر گرنگە لە بارەی ئەوەی کە ئەوان دەوڵەتیان دەوێ یان نا؟ ئەویش ئەوەیە کە ئەوان لەم دۆخەی ئێستادا بە جۆرێک سودمەندن هەم لە رووی ئابوری و هەم لە رووی سیاسیەوە، کە زۆر دیار نییە ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتی سەربەخۆ ئەم سەڵتەنەتەی

ئێستایان لێ تێک نەچێت. لە رووی سیاسیەوە کوردستانیان کردوە بە دوو زۆنی سەوز و زەرد و هەرکامیان لەگەڵ کۆمەڵێک حزب و تاقمی دەستەمۆ و شاگردا، خۆیان بکوژو ببڕی هەریەک لەم ناوچانەن، سەروەت و سامانێکی خەیاڵی کە بە تریلیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت بە تالان دەبەن، لەبەرامبەر ژیان و گوزەران و پێداویستی و خزمەتگوزاریە هەرە سەرەتاییەکانی خەڵکدا هیچ بەرپرسیارێتیەک لە ئەستۆ ناگرن. بەهانەی هەرە سەرەکیشیان ئەوەیە کە حکومەتی بەغدا پابەندی یاسا و دەستور و ڕێککەوتنامەکان نابێت. بەڵام کاتێک کوردستان ببێت بە دەوڵەت ئیتر ئەم دۆخەیان لێ دەشێوێ، دەبێ وەڵامی سەد و یەک خواست و پێویستی ژیانی خەڵک و مافەکانیان بدەنەوە، ئیتر بەهانەی پابەند نەبونی حکومەتی مەرکەزیش بە دەستەوە نامێنێ. بەهەرحاڵ هەموو ئەم رونکردنەوانەم بۆ ئەوەیە کە بڵێم بەڕای من ئەوە حوکمێکی دەقیق نییە کە بڵێین ناسیۆنالیزمی کورد و بارزانی "جدی نین" لە پێکهێنانی دەوڵەت بە شێوەیەکی گشتی، رەنگە لە زۆر هەلومەرجدا لە بەرژەوەندیان نەبێت ئەم کارە بکەن بەڵام ئەمە ناتوانێ حوکمێکی گشتی و بنەڕەتی بێت. بەڵام لانی کەم ئەمجارە خۆیان راشکاوانە دەڵێن ئەنجامدانی ریفراندۆم مانای ئەوە نییە کە بە کردەوە بۆ ئەوە بێت کوردستان جیابێتەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکرێت.

دەربارەی ئەوە کە پرسیتان ئایا بۆرژوازی کورد وەک چینێک پێویستی بە دەوڵەتسازی و قەوارەدان بە پرۆسەی کەڵەکەی سەرمایە لە چوارچێوەی وڵاتێکی ڕەسمی و یاسایی لە ڕووی نێودەوڵەتی نییە؟ من دەڵێم ئەگەر ئەمە هۆکار بێت، ئەوە دەمێکە پرۆسەی دەوەران و کەڵەکەی سەرمایە ئەو سنورە کلاسیکیەی تێپەڕاندوە کە بەند بێت بە دامەزراندنی دەوڵەتی میللی و بازاڕی یەکگرتووی میلیەوە، لە سەردەمێکدا کە گلۆبالیزەیشن هەموو دنیای کردوە بە یەک شار و بازاڕێکی یەکگرتوی جیهانی، ئیتر بورژوازی کورد بۆ دەوەران و کەڵەکەی سەرمایە لەسەر بازاری میللی پەکی نەکەوتووە. ئەگەر هەلومەرجی ئاسایشی سەرمایە ڕێگا بدات هەم کوردستان و هەم هەموو گۆشەیەکی ئەم دنیایە دەتوانی مەیدانی سەرمایەگوزاری بێت هەم بۆ سەرمایەداری کورد و هەم بۆ سەرمایە و سەرمایەداری دەرەکی. لەم بارەیەوە ئەوەی گرنگە دابینکردنی ئاسایشی سەرمایەیە تا بەبێ دەوڵەتی سەربەخۆش سەرمایەی دنیا برژێتە کوردستانەوە و لە هەلومەرجی کاری هەرزان کەڵک وەرگرێ بۆ قازانجی بە لێشاو. مەسەلەی بنەڕەتی بۆ سەرمایە قازانجی زیاترە، ئێستا لە چین بە تێچویەکی هەرزانتر کاڵاشی هەورامی دروست دەکرێت، ئەگەر لە کوردستان لە پاڵ کاری هەرزانەوە ئاسایش بۆ سەرمایە هەبێت، دەکرێت بەشێک لە ڤاڵڤۆی سویدیش لە کوردستان دروست بکرێت. راستە سەرمایە تالانی دەکات و خوێنی کرێکار دەمژێ و هەموو شتێک دەخاتە پێناو قازانجەوە، بەڵام هەموو ئەمانە بە یاسا و ڕێسا دەکات. لە جێگایەک کە سەرمایە ئاسایشی تەواوی هەیە، لەسەر دەستدرێژکردنی منداڵێکی برسی بۆ تاقە بسکیتێک یان

پارچە شیرینیەک کە لە پێشدا پارەکەی نەدابێت و بەم مانایە موڵکی تایبەتی کەسێکی ترە، پێی پۆلیس و دادگا و سزا و زیندان دێتە ناوەوە. ئەوە ئەمنیەت نییە بۆ سەرمایە کە هەرکەس نازناو و پاشگری تاڵەبانی یان بارزانی بە ناوەکەیەوە بێت، سندوقی ئۆتۆمبیلەکەی لە داهاتی کۆمپانیایەک پڕ دەکات و دەڕوات و کەس ناتوانێ بڵێ بەری چاوت بڕۆیە. جگە لە شەڕ و نا ئەمنی گشتی ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە سەرمایە ڕوودەکاتە کۆریا و تایوان و مالیزیا و چین بەڵام ڕوو ناکاتە کوردستان. لانی کەم من لەم سەردەمەدا ئەوەی ئێوە باستان کرد بە فاکتۆرێکی کاریگەر بە مانا کلاسیکیەکەی نازانم.

پێشتر وتم تا ئێستا لەهەر قۆناغێکدا کە ئەم حزبانە کەوتونەتە دەهۆڵ کوتان بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی، لە ڕاستیدا هیچ کات مەرامە ڕاستەقینەکەیان سەربەخۆیی نەبووە، بەڵکو هەر جارەی لە پێناو بردنەپێشی سیاسەت و گەیشتن بە ئامانجێکی تردا ئەم دەهۆڵەیان کوتاوە و یارییان بە هەستی خەڵک کردوە و هێزی خەڵکیان لە دەوری خۆیان هەڵخڕاندوە. لە بارەی وروژاندنی ئەم مەسەلەیە لەم بارودۆخە تایبەتەی ئێستادا لەو ووتارەدا کە ئاماژەت بۆ کرد بۆچونی خۆم باسکردوە بۆیە دوبارەیان ناکەمەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** جیاوازی ئەم ڕیفراندۆمە لەگەڵ ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان پێشتر وتوویانە و ئەیڵێین چییە؟ ئایا سەربەخۆیی کوردستان کە کۆمۆنیستەکان بانگەواز و کاریان بۆ کردووە لە ساڵانی ڕابردوودا پێویستیەکە بۆ دەرچون لە هەلومەرجی سیاسی قەیراناوی کوردستان و ئاگری شەڕێک کە گرتوویەتیەوە؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** ریفراندۆم بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد بە تایبەتی لە عێراقدا، ڕیگاچارەیەکی ئوصولیە بۆ کێشەیەک کە دەیان ساڵە بووە بە گرفتێکی سیاسی گەورە و کۆمەڵگای خستوەتە ژێر کاریگەری توندی خۆیەوە. بە بڕوای من ئەمە خۆی لە خۆیدا پەیوەندیەکی بە هەلومەرجی قەیرانی و شەڕ و نائارامی بە شێوەیەکی گشتی نییە. بنەماکەی زۆر سادە بریتیە لەوەی کە کێشەیەکی سیاسی گرنگ هەیە لەم کۆمەڵگایەدا بە ناوی کێشەی کورد. پێشتر ستەم و سەرکوتی دڕندانەی میللی و هەڵاواردنێکی فاشیانە دژی خەڵکی کوردزمان لە سایەی دەوڵەتێکدا کە خۆی بە عەرەبی ناساندبوو، پیادەکراوە و ئەمە بوو بەم کێشە سیاسیە گەورەیە. پاش ڕوخانی ئەو دەوڵەتە و نەمانی ستەمی میللییش ئەو قڵشت و ناکۆکی و ڕەقەبەریە توندەی کە بە هۆی ڕابردوی ستەمی مللیی و پاشان کارکردی هێزو و بزووتنەوە ناسیۆنالیستە کورد و عەرەبەکانەوە لە نێوان خەڵکی کوردزمان و خەڵکی عەرەبزماندا سازکراوە، ئەم مەسەلەیەی بە جۆرێکی تر درێژداوە. ئەم کێشەیە

پێویستی بە چارەسەر هەیە. لە روانگەی کۆمۆنیزمەوە بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی و کۆتایهێنان بە هەموو جۆرە ستەم و هەڵاواردنێک، ریشەییترین وەڵامیشە بەم کێشەیە. تا کاتێک کە ئاسۆیەکی نزیک بۆ بەرپاکردنی شۆڕشی کرێکاری دیار نەبێت، ئوصولیترین رێگاچارە ئەوەیە کە بە راپرسیەکی گشتی و ئازادانەی خەڵکەکەی ئەم مەسەلەیە ببرێتەوە. هەڵبەت ئەگەر ئاسۆیەکی نزیک بۆ شۆڕشی سۆسیالیستیش لە ئارادا بوایە هەر پێویست بوو ئەم مەسەلەیە بە ریفراندۆم یەکلا بکرایەتەوە، بەڵام ئەوە کاری کورتترین ماوەی پێویست بوو بۆ ئەنجامدانەکەی. جیابونەوەی فینلاند لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر نمونەیەکە. بەهەرحاڵ لەو راپرسیەدا ئەو پرسیارە دەخرێتە بەر دەنگدادانی خەڵک؛ کە ئایا دەیانەوێ لە عێراقدا بمێننەوە یان جیابنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست بکەن؟ بەڵام بێگومان مانەوەیان لە عێراقدا بەو مەرجەوە دەبێت کە دەوڵەت و یاسا و دەستور هەموو دانیشتوان بەدەر لە ناسنامەی قەومی و دینیان وەکو هاوڵاتی یەکسان لە هەموو بوارێکدا چاو لێ بکات و هیچ جۆرە هەڵاوارنێک لە ئارادا نەبێت.

هەڵبەت دەبێ جیاوازی بکەین لە نیوان ریفراندۆم و جیابونەوە. ریفراندۆم دەکرێت دەنگ بە جیابونەوە بدات یان دەنگ بە مانەوە بدات. واتە لایەنێک دەتوانێ خوازیاری ریفراندۆم بێت و لەو ریفراندۆمەدا بانگەوازی خەڵک بکات بۆ مانەوە و بەڵگەی خۆی باس بکات کە بۆچی مانەوە باشترە. بۆ کۆمۆنیست و هێزێکی کۆمۆنیست قازانج و بەرژەوەندی و خۆشگوزەرانی خەڵک و بە دیاریکراوی بەرژەوەندی چینی کرێکار و رەخساندنی زەمینەی گەشەکردنی خەباتی چینایەتی ئەو فاکتۆرە سەرەکیەیە کە دەبێ بە بنەما وەرگیرێت بۆ بانگەوازکردن بۆ دەنگدان بە مانەوە یان جیابونەوە. بە شێوەی گشتی کۆمۆنیستەکان خوازیاری پێکەوە ژیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی گەورەترن و ئەوە بە قازانجی گەشەی خەباتی چینایەتی و دامەزراندنی دەوڵەتی بەهێزی سۆسیالیستی دەزانن. بەڵام لە هەلومەرجی تایبەتدا کە پێکەوە مانەوە لە جیاتی ئەوەی مایەی بەهێزی و هاوپشتی بێت، ببێتە مایەی دەردەسەری و ناکۆکی، بە ناچاری لایەنگری لە جیابونەوە دەکەن. لەگەڵ ئەوەدا و بەدەر لە پێشنیاری کۆمۆنیزم لە هەردوو حاڵەتەکەدا رێگای گونجاو ئەوەیە کە خەڵک لە راپرسیەکی ئازاددا ئەو رێگایەی دڵخوازیانە هەڵبژێرن. کۆمۆنیزم و هەموو بزووتنەوە و هێز و دەوڵەتیکێش دەبێ ئەنجامی راپرسی خەڵک بە بنەما وەرگرێت و ئەوە جێبەجێ بکرێت.

کاتێک بۆ یەکەمجار لەسالی١٩٩٥دا باسی پێویستی سەربەخۆیی کوردستانی عێراق لەلایەن مەنسور حیکمەتەوە خرایەڕوو و دوای ئەوەش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق وەکو رێگاچارەی خۆی بۆ کێشەی کوردستان پەسەندی کرد. مەسەلەکە واوەتر بوو لە ریفراندۆم، واتە جگە لە بەفەرز وەرگرتنی مەبدەئی ریفراندۆم و ئەوەی کە سەرئەنجام دەبێ خەڵک لە راپرسیەکی گشتی و ئازادانەدا بڕیار لەسەر یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە بە مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابونەوە

و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ بدات، مەنسور حیکمەت لەو کاتەدا بەرگری لەوە کرد کە پێویستە ریفراندۆم بکرێت و لەو ریفراندۆمەشدا ریگای دروست ئەوەیە کە خەڵک دەنگ بدەن بە جیابونەوە. ئەمە لەو کاتەدا بۆچونێکی دژە باو بوو، وەکو پێشتر وتم کۆمۆنیستەکان بەوە ناسراون کە دژی سنورە دەستکردەکانن و خەبات دەکەن بۆ سرینەوەیان، کەچی ئەو لەو کاتەدا داوای جیابونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی کرد. ئەم باسە لەو کاتەدا پشتی بە دوو فاکتۆری سەرەکی بەستبوو؛ یەکەم ئەوەی کە کوردستان لە کۆمەڵگایەکی شاری و مودێرنەوە گۆڕابوو بە ئۆردوگایەکی ئاوارەیی و هیچ دینامیزمێکی ئابوری تیا نەمابوو و ژیانی خەڵک بە کۆمەکی رێکخراوە خێرخوازەکان و دەوڵەتانی هاوپەیمان بەڕێوە دەچوو، ئەمەش رۆژبەرۆژ ئەو کۆمەڵگایەی بەرەو داڕوخان و پاشەوپاشگەڕانەوەی زیاتر دەبرد. لە راستیدا خودی کۆمەڵگا لەبەردەم هەڕەشەی لە ناوچون بوو. بۆیە دەبوو بە خێرایی لەو دۆخە دەربێت و رێگا لەو رەوتی داروخانە بگیرێت. دووەم ستەمێک لەسەر خەڵکی کوردستان کە دەیان ساڵبوو لەلایەن دەوڵەتە سەکوتگەرە عەرەبیەکانی عێراقەوە دژی خەڵکی کوردزمان بەڕێوە دەچوو. بە مانایەکی تر لەبەرچاوگرتنی ئەوەبوو کە کێشەیەکی دەیان ساڵە بە ناوی کێشەی کورد لە ئارادا بوو. ئەو وتی ئەم دوو مەسەلەیە پێویستیان بە یەک وەڵام هەیە کە هاوکات هەردوکیان چارەسەر بکات. بەڵام لەو کاتەدا کە دەوڵەتی فاشیستی بەعس لەسەر کار بوو، ئیمکانی ئەوە نەبوو کە دوور لە ناسنامەی قەومی هاوڵاتیان بە چاوێکی یەکسان تەماشا بکرێن، بۆیە وتی رێگای گونجاو بۆ هەردوو کێشەکە جیابونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە کە هەردوو کێشەکە پێکەوە چارەسەر دەکات. بێگومان ئێستا دۆخەکەی ئەوکات گۆڕاوە، نە ستەمی میللی ماوە و نە کوردستان وەکو ئەوکات ئۆردوگای ئاوارەییە، بەڵام دیسان مەسەلەی کورد بە ناوەرۆکێکی جیاوازەوە ماوەتەوە و دیسان ریفراندۆم رێگاچارەی دروستە بۆ چارەسەر و دیسانیش بە بەڵگەگەلێکی تر هەر جیابونەوە دروست و گونجاو و کارسازە.

دربارەی خودی ریفراندۆم، بە بڕوای من شتێک بە ناوی ریفراندۆمی کۆمۆنیستی و ریفراندۆمی بورژوازی بوونی نییە، ریفراندۆم هەر ئەوەیە کە تا ئێستا لە زۆر جێگیای دنیادا بۆ بڕینەوە و یەکلاکردنەوەی پرسگەلێکی گرنگ راپرسی بە خەڵک کراوە، ریفراندۆم راپرسیە بە خەڵک بۆ وەلامدانەوە بە پرسیارێک لە نێوان دوو ئەلتەرناتیوی جیاوازدا، لەسەر بناغەی دەنگدانی خەڵک گرتنەبەر و پیادەکردنی یەکێک لەو دوو رێگایەیە کە راپرسی بۆ دەکرێت. بۆ نمونە ریفراندۆم بۆ پرسینی رای خەڵک دەربارەی مانەوە یان هاتنەدەری بەریتانیا لە یەکێتی ئەوروپا؟ بەڵام مەرجی ریفراندۆمێکی واقعی و ئازاد کە خەڵک بتوانن ئازادانە و بە چاوی کراوە و بە ئاشنابوون بە رای لایەنەکان دەربارەی ئەو ئەلتەرناتیوە جیاوازانە، مسۆگەربوونی کۆمەڵێک پرەنسیپە کە دەنگدانی ئازادانە و هوشیارانەی خەڵک و ئەنجامی واقعی دەنگدانی خەڵک لە سندوقەکانی دەنگدان دەکرێت

نەک لە جیاتی ئەمە سیناریۆ بەرپاکرێت بۆ سەپاندنی رای لایەنە دەستڕۆیشتووەکان. یان وەکو مسعود بارزانی دەڵێت مەرج نییە ریفراندۆم لە ئەگەری دەنگدانی خەڵک بە جیابونەوە، دەوڵەتی سەربەخۆ پێکبێت!! کەوایە ئەو ریفراندۆمی بۆ مەرام و مەبەستێکی تر دەویّ کە روونیشی ناکاتەوە چیە؟ ئەمە دروست بە ناوی ریفراندۆمەوە بەلارێدابردنی بیروهۆشی خەڵک و پاشانیش بەکارهێنانی ئەنجامی دەنگدانی خەڵکە بۆ ئەجندایەکی تر لەگەڵ نەیارەکانی بۆ مەرامەکانی خۆی.

**دیدگای سۆشیالیستی:** تۆ پێشنیاری ئەوە ئەکەیت کە ڕیفراندۆم لەو ناوچانەش کە جێناکۆکن بکرێ و لێیان بپرسرێ کە ئایا خەڵکەکەی ئەیانەوێ سەربەخۆ بن، بەڵام ئایا دەنگدانێک کە لەو ناوچانە بێ، کارناکاتە سەر تەواوی پرۆسەی دەنگدانەکەی ڕیفراندۆم و ئەنجامەکەی؟ بە جۆرێکی تر بیڵێین ئێستا کە هەرێمی کوردستان بە شێوەی دیفاکتۆ (ئەمری واقع) سەربەخۆیە باشتر نییە چارەنوسی هەرێم یەکلایی بکرێتەوە ئنجا دوای ئەوە لە کەرکوک و ناوچە جێناکۆکەکان ئەم پرۆسەیە بچێتە پێشەوە؟ چونکە هەر ئێستا ئەو ناوچانە جێی ململانێ و هەڕەشەی هێزە ناسیۆنالیستیە کوردیەکان وعەرەبیەکان و ئیسلامیەکان و تەنانەت تورکمانیشە. گەر هەر دوای داعش شەڕ لەم ناوچانە لەسەر فراوانبوونەوەی زۆنی دەسەلات هەڵبگیرسێ، پرۆسەی ڕیفراندۆمیش لە هەرێمی کوردستاندا دواناخات؟ بە تایبەتیش گەر ئەمە هاوجووت بێ لەگەڵ تەرحی دەوڵەتێکی قەومی کوردی ئاوێتە بوو بە ئیسلام.

**ڕێبوار ئەحمەد:** بۆ ئەوەی قسەکەی من وەکو خۆی بەیان بکرێت من دەڵێم کاتێک ریفراندۆم دەکرێت دەربارەی ئەوەی کە ئایا خەڵکی کوردستان دەیانەوی لەگەڵ عێراق بمێننەوە یان جیابنەوە؟ یەکەم من نەموتوە و ناڵیم لە خەڵکی ئەو ناوچانە بپرسن کە ئایا ئەیانەوی سەربەخۆ بن؟ سەربەخۆبوون یانی چی؟ یانی مەبەست لەوەیە کە بیانەوێ سەربەخۆبن لە هەردوو دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی کوردستان کە راپرسی بۆ دەکرێت؟! من شتی وام نەگوتوە، بەڵکو دەڵێم ریفراندۆم لەسەر چارەنوسی کوردستان بە مانەوە یان جیابونەوە لە عێراق دەبێ لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا ئەنجام بدرێت، مەبەستم لە ناوچە کوردنیشینەکان هەموو ئەو ناوچانەیە کە بە گشتی یان بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانەکەی کوردن و هەر بەم پێیەش مشتومڕ هەیە لەسەر ئەوەی کە ناوچەی کوردی یان وەکو خۆیان دەڵێن کوردستانین یان نا. نمونەی بەرجەستەی ئەمە کەرکوک و خانەقین و شەنگال و مەخمور و ..هتد. بێگومان ئەم ناوچە کوردنشینانە تێکەلاونشینن، واتە خەڵکی کورد و عەرەب و تورک و ئەرمەن و ئاسوری و ..هتد تیایاندا دەژین. من دەڵێم بەڵێ نەک رەنگە بەڵکو بێگومان کاریگەری دەبێ لەسەر ئەنجامی ریفراندۆم، بەڵام هەر لەبەر ئەم

کاریگەریە دەبێ راپرسی بۆ جیابونەوە یا مانەوە ئەوناوچانەش بگرێتەوە. ناکرێت کاریگەری دەنگی خەڵکی ئەو ناوچانە لەسەر ئەنجامی ریفراندۆم نادیدە بگیرێت. یەکەم ئەوە مافێکی ئەوانە کە بەشداری بکەن لە دروست کردنی بڕیارێکی زۆر چارەنوسساز دەربارەی ئایندەی ئەو کوردستانەی کە مشومڕ هەیە لەسەر ئەوەی ئەوان بەشێکن لێی یان نا؟ بۆ نمونە ناسیۆنالیستە کوردەکان ئیدعای ئەوە دەکەن کە لە سەدا چلی کوردستان لە دەرەوەی هەرێمە، دەوڵەتی مەرکەزیش دانی بەوەدا ناوە کە ناوچەگەلێک هەن لە نێوان هەرێم و مەرکەزدا کێشەیان لەسەرە و واتە نەبڕاونەتەوە. کەوایە پرسیار ئەوەیە چۆن و بە چ پێوانەیەک ئەکرێت خەڵکی ئەم ناوچانە بە دەر لەوەی ژمارەیان هەرچەندێک بێت، لە بڕیاردان لەسەر داهاتویان رۆڵ و دەنگیان نادیدە بگیرێت؟! پرسیار ئەوەیە کە بە کام پێوانە بۆ نمونە ئەگەر ئیدعای ناسیۆنالیستە کوردەکان بە هەند وەرگرین لە سەدا چلی دانیشتوانی کوردستان کە لەم ناوچانەن و زۆرترین قوربانیانی ستەم و هەڵاواردنی قەومی لە رابردوودا لەوان کەوتوە و لە ئێستاشدا مەترسی شەڕ و کێشەی قەومی زۆرتر ئەوان دەکات بە قوربانی، لە راپرسی و بڕیاردان لەسەر ئایندەی کوردستان مافیان نادیدە و فەرامۆش بکرێت؟ چۆن دەکرێت سبەینێ ئەوان لەگەڵ کارێکی ئەنجامدراو و بڕاوە روبەروبن و تەنها ئەوەندەیان بۆ مابێتەوە کە لەگەڵ دەوڵەتی عێراق یان لەگەڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دەبن؟ بۆ مافیان نییە لە سەرەتاوە لە دروستکردنی ئەو بریارەدا بەشداری بکەن؟ کێ دەڵێ بەشداری ئەوان کار ناکاتە سەر ئەنجامی ریفراندۆم چ بۆ جیابونەوە و چ بۆ مانەوە لەگەڵ عێراق؟ گریمان خەڵکی ناوچەکانی ئێستای هەرێم دەنگیاندا بە مانەوە، ئیتر چ هەڵبژاردنێک لەبەردەم خەڵکی باقی ناوچە کوردنشینەکانی تر دەمێنێ؟ یان بە پێچەوانە ئەگەر خەڵکی ناوچەکانی ئێستای هەرێم دەنگ بدەن بە جیابونەوە، بە چ پێوانەیەک خەڵکی ناوچە کێشە لەسەرەکان ناچارن بەم بریارەی کە رۆڵیان لە دروست کردنیدا نەبوە، ناچاربن بەوەی لەگەڵ لایەکیان بکەون؟ من دەڵێم بە پێچەوانەوە دروست لەبەر ئەوەی بەشداری ئەوان کاریگەری دەبێ لەسەر ئەنجامی ریفراندۆم بۆ جیابونەوە لە عێراق یان مانەوە، دەبێ بەشداری لە ریفراندۆم بکەن لەسەر چارەنوسی کوردستان.

دووەم رەنگە یەکێک لە کاریگەریە پۆزەتیفەکانی بەشداری ئەم ناوچانە بەو بارەدا بێت کە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان وەکو ئەمری واقع نەتوانێ ناسنامەی قەومی و نەتەوەپەرستی کوردی زەق بکاتەوە بۆ ئەوەی دەنگی نەخێر لە دانیشتوانی غەیرە کوردزمانی ئەو ناوچانە وەنەگرێت.

مەبەستی من ئەوەیە لەو ناوچاونەدا دەبێ دەنگدان بۆ دوو مەسەلە بکرێت یەکێکیان مانەوە یان جیابونەوەی کوردستانە لە عێراق، ئەوی تریان دەربارەی ئەوەیە کە لە حاڵی جیابونەوەی کوردستاندا ئەو ناوچانە دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی کوردستان بن یان لەگەڵ دەوڵەتی عێراق بمێننەوە. هەر یەک لەمانە ئەگەر بە دەنگدانی خەڵک ببرێتەوە کۆڵێک شەڕ و کێشە و نەهامەتی لە

کۆڵ خەڵک دەکاتەوە، هەردوو دەوڵەتیش دەخاتە پیشبرکێی ئەوەوە کە خزمەتگوزاری و مافی زیاتر بە خەڵک بدەن بۆ ئەوەی دەنگی ئەو ناوچانە بەدەست بهێنن. هەڵبەت مەرجێکی چارە هەڵنەگر نییە کە حەتمەن دەنگدان لەسەر هەردوو ئەم مەسەلانە لەو ناوچانەدا بە یەکەوە و لە یەک کاتدا ئەنجامبدرێت، دەکرێت لە پێشدا بە بەشداری دانیشتوانی ئەو ناوچانە ریفراندۆم لەسەر مانەوە یان جیابونەوەی کوردستان بکرێت، پاشان ئەگەر ئەنجامی دەنگدان جیابونەوە بوو، لەو ناوچانە ریفراندۆم بۆ ئەوەش بکرێت کە دەیانەوێ لەگەڵ کام لابن. واتە بە کورتی گرنگ ئەوەیە کە خەڵکی ئەو ناوچانە هەم دەبێ لەسەر دەنگدان بۆ یەکلاکردنەوەی ئایندەی کوردستان بەشداری ریفراندۆم بکەن، هەم دەبێ بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەیەک کە لەسەر ئەو ناوچانە هەیە لە ڕێگای دەنگدان و راپرسی لە دانیشتوانەکەی چارەسەر بکرێت. من وەکو کۆمۆنیستێک لام وایە ئەگەر لە روانگەی بەرژەوەندی خەڵکەوە چاو لەم جۆرە مەسەلانە بکەین کە بوون بە کێشەی سیاسی و مەترسی ئەوە لە ئارادایە کە بکێشێتە جەنگ وماڵوێرانی، رێگاچارەی دوور لە کارەسات نە دەتوانێ گەڕانەوە بێت بۆ سەرژمێری ١٩٥٧ و نە بەرلەوە و نە دوای ئەوە، هەروەها نە مێژوو نە زانستی کۆمەڵناسی ئەم جۆرە کێشانە چارەسەر ناکات. راپرسی خەڵکەکەی تەنها رێگای گونجاوە بۆ ژێرپێخاڵی کردن و ناکام کردنەوەی ئەو سیاسەتانەی کە دەیەوێ بە جەنگ و ماڵوێرانی یەکلایان بکاتەوە.

تا ئەو جێگایەی بە دواکەوتن یان دوانەکەوتنی ریفراندۆم لەسەر چارەنوسی کوردستان دەگەڕێتەوە، من لام وانییە ئەمە فاکتۆرێکی کاریگەر بێت، لە هەموو حاڵێکدا لە پرۆسەیەکی ٦ مانگیدا کە مەبەست بێت هەلومەرج بۆ ریفراندۆمی گشتی ئامادە بکرێت لە هەمانکاتدا دەکرێت هەمان کار بۆ ئەمەش بکرێت. مەگەر لایەنەکانی ئەم کێشەیە نەیانەوێ بە ریفراندۆم و رای خەڵک یەکلایی بکەنەوە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** ئێستا بە شێوەیەکی گشتی وتوومانە کە ئەبێ کوردستان ببێ بە دەوڵەتێکی غەیرە قەومی و سێکیولار. بەڵام با پرسیارەکە وردتر بکەینەوە: چ جۆرە دەسەڵات یان دەوڵەت و حکومەتێک پێویستە لە کوردستاندا دروست بکرێ لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان؟ بە واتایەکی تر، بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ئابوری و سیاسی و یاسایی ئەم دەوڵەتە چۆن ئەبێ؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** با بەر لە هەموو شت ئەوە دووپات بکەمەوە کە لەو وتارەشدا کە ئاماژەتان پێیدا باسم کردوە، دەربارەی ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان نابێ بە مەرجی ئەوە دەوڵەتی سەربەخۆ یان جیابونەوە پەسەند و لایەنگری بکەن کە دەوڵەتی سەربەخۆ سێکیولارو غەیرە قەومی بێت. ئێمە لە

پێشدا چارەسەری کێشەکەمان بۆ سەرەکیە. دەوڵەتی سەربەخۆ چ دەوڵەتی قەومی کوردی بێت و چ دەوڵەتی سێکیولاری غەیرە قەومی بێت کێشەی کود کۆتایی دەهێنێت. بەم مەنایە ناکرێت بەو مەرجە ریفراندۆم و جیابونەوە پەسەند و پشتیوانی بکەین کە ئەو دەوڵەتەی پێکدێت سێکیولار و غەیرە قەومی بێت. لە راستیدا ئەمانە خۆیان دوو بڕگەی جیاوازن، ریفراندۆم تەنها بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەکرێت کە خەڵکی کوردستان مانەوە لەگەڵ عێراق یان جیابونەوەی دەوێ، نەک چ جۆرە دەوڵەتێک. بێگومان نابێت ئەمە هیچ لە پێویستی و بایەخی سێکیولار بوون و غەیرە قەومی بوونی ئەو دەوڵەتەش کەم بکاتەوە. بەڵام دەبێ ئەوە رون بێت کە ماهیەتی ئەو دەوڵەتەی پێکدێت دەکەوێتە گرەوی رۆڵ و سەنگ و سوکی هێزو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان لە مەیدانی واقع و لە گشت ئەو پرۆسێسەدا، گرێی خواردووە بە بەرامبەرکێی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەگەر کۆمۆنیزم و چینی کرێکار رۆڵێکی قورس و کاریگەری هەبێت نەک هەر دەکرێ ئەو دەوڵەتی سەربەخۆیە سێکیولارو غەیرە قەومی بێت، بەڵکە دەکرێ سۆسیالیستی و دەوڵەتێکی کرێکاری بێت، کە لە هەمانکاتدا لە باڵاترین ئاستدا سێکیولاریزم و غەیرە قەومی بوون مسۆگەر دەکات. بە پێچەوانەشەوە ئەو دەوڵەتەی کە بە رۆڵی بەرجەستەی ناسیۆنالیزم و بە پێی سیاسەت و بەدیلی ناسیۆنالیزم پێکدێت، قەومی و بە ئەگەری زۆر ئاوێتە بە ئیسلامیش دەبێت. بەڵام ئەمە ئەو راستیە ناگۆرێت کە یەکەم؛ کێشەی کورد بە یەکجاری کۆتایی پێ دەهێنێت و دووەم؛ دۆخێکی تازەی ئەوتۆ دەخوڵقێنێت کە هەلومەرج بۆ ململانێی چینایەتی بورژوازی و کرێکار لەبارتر دەکات و راستەوخۆتر ئەم دوو چینە دەخاتە بەرامبەر یەکتری و بوار دەکاتەوە بۆ ئەوەی خەباتی سۆسیالستی چینی کرێکار بکەوێتە سەر راستە رێگایەک بۆ پەرەسەندن و بەهانەیەک نەمێنێتەوە بۆ فریوکاری هاوچارەنوس نیشاندانی کرێکار و بورژوازی کورد. وە سەرئەنجام سێیەم؛ دۆخێکی تازە بۆ گشت بزوتنەوەی نارەزایەتی دەخوڵقێنێ و دەوڵەت دەخاتە ژێر گوشاری ئەوەی کە مافە هەمەلایەنەکانی جەماوەری خەڵک بسەلمێنێ و دابینی بکات و لەم بارەیەوە جەنگێکی راستەوخۆ و فرە مەیدان دەکەوێتە نێوان خەڵک و دەوڵەتەوە لەسەر ماف و ئازادیەکان وچی تر دەوڵەت ناتوانێ بە بەهانەی کێشەکانی فیدرڵیزمەکەیان و بەهانەی بێ دەربەستی حکومەتی مەکەزی خۆی لە خواستی خەڵک بدزێتەوە. هەر ئەمەش زەمینەی ئاڵوگۆری شۆڕشگێرانە لەبارتر دەکات تەنانەت لەسەر خودی ماهیەتی دەوڵەتیش.

هەرچەند لام وانییە لە پەیوەند بەم مەسەلەیەوە باسی شێوەی ئابوری و سیاسی یاسایی دەوڵەتێک کە کۆمۆنیزم بۆی تیدەکۆشێت جێگایەکی ئەوتۆی هەبێت لە پەیوەند بەم باسەوە، چونکە جارێ کێشەکە لە جێگایەکی ترە، بەڵام بۆ ئەوەی لانی کەم سەرخەتی وەڵامی پرسیارەکەتان نارۆشن نەمێنێتەوە، سەرەتا ئەوە بڵێم کە جۆری پرسیارەکەی ئێوە کاتێک دەڵێی " چ جۆرە دەسەڵات یان

دەوڵەت و حکومەتێک پێویستە لە کوردستاندا دروست بکرێ لەسەر دەستی کۆمۆنیستەکان"؟ بە ناچاری ئەگەر بمەوێ بە درێژی لەسەری بڕۆم لە باسی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دوورمان دەخاتەوە. چونکە وەڵامی دروستی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە کۆمۆنیزم بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کرێکاری خەبات دەکات، ئەگەر لە رووی ئامادەیی زاتیەوە ئاسۆیەکی نزیک بۆ ئەمە لەبەرچاوبوایە، ئەوە زۆر باس و زۆر مەسەلە مەوزوعیەتی نەدەما و باشترین رێگاچارە دەکەوتە دەست بۆ سەرجەم کێشەکان. بەڵام ئەگەر مەبەستی پرسیارەکەی ئێوە ئەوەیە کە بە شێوەیەکی گشتی شێوازی ئابوری و سیاسی و یاسایی ئەو دەوڵەتی سیکیولار و غەیرە قەومیە چییە، کە کۆمۆنیزم لە پەیوەند بە کۆتایهێنان بە کێشەیەکی دیاریکراوەوە خستویەتیەڕوو؟ ئەوە دەتوانم بڵێم لە رووی ئابوریەوە ئەو دەوڵەتە هەر سەرمایەداریە و بەبێ بەرپاکردنی شۆڕشی سۆسیالیستی لە پێشدا دەوڵەت و پاشان سیستەمی سەرمایەداری گۆڕانی بەسەر نایات. بەڵام ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە کە لە رووی ئابوریەوە چۆن و بە چی بەڕێوە دەچێت؟ ئەوە دەتوانێ دەوڵەتێک بێت کە لە زۆر روەوە نەک هەر پێداویستیە سەرەتایی و سەرەکیەکانی خۆی دابین بکات، بەڵکو دەتوانێ هەناردەشی هەبێت. لە رووی کشتتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری، لە رووی سەرچاوە کانزاییەکان، لە رووی گەشت و گوزار، لە رووی پیشەسازی جۆراوجۆر، مەوادی خۆراکی لە زەیت و شەکر و برنج و تازە ئەگەر لەبەر باری تەندروستی جگەرە و دوخانیات فەرامۆش بکات، مەوادی بیناسازی، کارەبا ..هتد تا سەردەمانێک ئەو دەرمانەی لە عێراق (کارگەی دەرمانسازی سامەڕا) دروست دەکرا لە رووی کوالێتیەوە لە بەرهەمی زۆرێک لە وڵاتانی دەوروبەر زۆر باشتر بوو تەنانەت شانی لە شانی دەرمانی ئەورپایی دەدا. وە زۆر لایەن و سەرچاوەی دیکە، جگە لەوەی کە سەرچاوەیەکی نەوتی و گازی سروشتی گەورەی هەیە. بەراستی ئەگەر دەوڵەت و دەوڵەتداری و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا مەبەست بێت، نەک تاڵان و بڕۆ و راوڕوتی مافیایی، ئەوە هەمووو ئەمانە بە خێرایی دەکرێت ببوژێنەوە. لەوەش زیاتر خۆ ئەگەر قازانجی سەرمایە بنەما نەبێت بەڵکو دابینکردنی پێداویستیەکانی گوزەرانێکی باش بۆ هاوڵاتان بنەمابێت، لە هەموو ئەو رووانەوە توانا و زەمینەی بوژانەوەی گەورە هەیە. هەموو داهاتەکان دەبێ لە یەک بانکی میللیدا کۆبکرێنەوە و لەژێر کۆنترۆڵی نوێنەرانی باڵای خەڵک (شوراکان)دا بۆ دابینکردنی خۆشگوزەرانی دانیشتوان خەرج بکرێن. دۆخی ئێستا نابێت بە بنەما وەرگرین، ئەوانەی ئێستا دەسەڵاتیان بە دەستە بە مەفهومی بورژوازی و سەرمایەدارییش، مافیان. تەنها کەڵەکەی سامان و توندکردنی لە بانکەکان سەروبنی پرۆژەیانە. ئەو سامانەی بە تاڵانی دەیبەن ئامادەنین و لە راستیدا دڵنیایی ئەوەیان نییە بیشیخەنە کارەوە. لە جێگایەک مافیا دەسەڵاتدار بێت، سەرمایەش ناتوانێ رووی تێ بکات، ئەگینا لە سایەی ئەو هێزی کارە زۆر و هەرزانەدا پیشەسازی ئۆتۆمۆبیلیش لە کوردستاندا پێشبڕکێی لەسەر دەکرا.

## گفتوگۆ لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

لە روی سیاسیەوە دەوڵەتی کوردستان پێویستە دەوڵەتێکی ئازاد و ئازادیخوازبێت، هەموو دەرگاکانی بەروی میدیا و ژورنالیزمی دنیادا بکاتەوە بۆ ئەوەی وێنایەکی ئۆبژێکتیڤ لە دۆخی سیاسی کوردستان نیشانی دنیا بدەن و نەیارانی نەتوانن دێوەزمەی لێ دروست بکەن. سیستەمی شواریی باشترین و ئازادنەترین و هەتا دیموکراسی ترین شێوە و سیستەمی دەوڵەتی و دەسەلاتداریێتی و بەشداری خەڵکە لە دەسەلات. دەبێ هەموو پۆستە حکومی و قەزایی و ئیداریەکان بە دەنگدانی راستەوخۆی خەڵک دەهەڵبژێردرێن و هەرکات جێگای رەزامەندی خەڵک نەبوون لاببرێن. دەوڵەتی کوردستان نابێ ناسنامەی قەومی و دینی هەبێت، هەموو هاولاتیەکی ئەم کۆمەڵگایە بەدەر لەوەی بە چ زمانێک قسە دەکات و روو دەکاتە کوێ بۆ نوێژکردن یان هەر بروای بە دینداری نییە، هەموان هاولاتی یەکسان بن. هەموان بە یەکسانی بۆیان هەیێت بۆ هەموو پۆست و بەرپرسیاریێتیەک خۆیان بەربژێر بکەن و بتوانن دەنگی متمانەی خەڵک بەدەست بهێنن، هەموو جۆرە دابەشکاری و دەستەبەندیەکی قەومی و دینی و تائیفی قەدەغە بێت، بۆ نمونە هاولاتیەک بە کوردی یان بە عەرەبی یان بە تورکمانی قسە دەکات مافی ئەوەی هەبێت بتوانێ بە پێی پێوانە گشتیەکان کە بۆ هەر پۆستێک دیاری دەکرێت، خۆی بۆ سەرۆکی دەوڵەت بەربژێر بکات و دەنگی متمانەی خەڵک بەدەست بهێنێت. دابەشکردنی پۆستەکان چ لە شوراکاندا و چ لە کابینەی حکومەتی و چ لە پۆستە قەزایی و ئیداریەکاندا لەسەر بناغەی نوێنەرایەتی کردنی قەوم و تائیفە و دین، واتە ئەو گاڵتەجاڕیەی ئێستا لە عێراق و کوردستاندا بە شانازیەوە وەکو رەچاوکردنی مافی دەستەواژەی پوچی "پێکهاتەکان" بە تەواوی قەدەغە بێت، هەرکەس بۆ هەر پۆستێک هەڵدەبژێردرێت لە سنوری کارو دەسەلات و ئەرکەکانی خۆیدا دەبێ نوێنەرایەتی یەکسانی هەموو هاولاتیان بێت، لە دەستور و یاسای ئەو دەوڵەتەدا دەبێ (هاولاتی) دەستەواژەی ئەوەڵ و ئەخیر بێت نەک قەوم و دین و تائیفە و..هتد. هەر لە بنەڕەتەوە دەبێ دەستەواژەی "کەمایەتی و مافی کەمایەتیەکان" کە مانای کردنیانە بە هاولاتی پلەدوو قەدەغە بێت، هەموان وەکو یەک هاولاتی یەکسان و خاوەنی مافی یەکسانبن. هەموانیش بۆیان هەبێت بە زمانی دایکی خۆیان لە هەموو جێگایەکی فەرمی و نافەرمیدا قسە بکەن و بخوێنن.

لە رووی یاساییەوە، دەبێ هەموو هاولاتیان لەبەرامبەر یاسادا لە ماف و ئەرکدا یەکسانبن، دین بە تەواوی لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن جیابێت، ببێت بە کاری تایبەتی هەر هاولاتیەک، هەرکەس ئازادە کێ ئەپەرستێ و رووئەکاتە کوێ بۆ نوێژکردن یان هیچ لەمانە ناکات و دینی نییە. دەوڵەت نابێ هیچ خەرجێک بۆ کاروبار و برەودان بە هیچ ئاین و بیروباوەڕێک خەرج بکات، ئەوە ئەرکی پێڕەوانی دین و بیروباوەڕەکانە کە لەسەر حیسابی خۆیان خەرج بکەن بۆ بلاوکردنەوەی پەیامی خۆیان و بیروباوەڕەکانیان. ژن و پیاو دەبێ لە هەموو بوارێکدا یەکسان و هەر جۆرە

## سەبارەت بە ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان

هەڵاواردنێک لەسەر بناغەی جنس قەدەغە و ڕووبەرووی سزای قانونی بێتەوە. ئازادی بێ قەیدوبەندی سیاسی و حزب دروستکردن و ڕێکخراو دروستکردن و رادەربڕین و رەخنەگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین، دەوڵەت نابێ هیچ جۆرە بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیایەکی هەبێت، لە جیاتی ئەوە لە هەموو بوارێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیدا کۆمەڵێک یاسا پەسەند بکرێت کە ڕاستەوخۆ لەسەر بناغەی ئازدی و ماف و خۆشبەختی ئینسانی و هاولاتیان داڕێژرابن و ئەوەی گرنگ نییە ئەوەیە کە لە گەڵ چ ئایدۆلۆژیەک دەکەونە ناکۆکیەوە.

لە هەمو ئەو بوارانەدا دەکرێت زۆر زیاترو وردتر لەسەری بڕۆین بەڵام لاموایە بۆ دانی دیدکی گشتی ئەوەندە بەس بێت و باسەکە لەوە درێژتر نەکەینەوە. بە تایبەتی بەڕای من ئەم باسە لە پەیوەند بە ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستانەوە لاوەکین. لەو جێگایەی ریفراندۆم بە کردەوە دەکەوێتە دەستورەوە و ٦ مانگ دیاری دەکرێت بۆ ئەوەی لایەنەکان لە فەزایەکی ئازادا پێشنیارو بەرنامەی خۆیان بخەنە بەردەسی خەڵک، دەکرێت ئەم مەسەلانە هەمەلایەنەتر و وردتر باس بکرێن. لەوەش زیاتر کاتێک ریفراندۆم ئەنجم دەدرێت و دۆخەکە دەگاتە سەر دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆ ئەوکات ئەمانە دەبن بە بنەمای کێشمەکێشی بزووتنەوە و هێز و چینەکان. بەڵام جارێ کێشەکە لە سەر خودی ریفراندۆمە.

**دیدگای سۆشیالیستی:** پێتان وایە کێشە لەسەر شارێکی وەکو کەرکوک کە سەرچاوەیەکی نەوتی گەورەیە بە ئاسانی و لەسەر بناغەی ئەنجامی دەنگدانی خەڵکەکەی بە لایەکدا بکەوێت و هیچ لایەک لە دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان مل بەوە بدات کە لەسەر بناغەی دەنگدانی خەڵک دەست لەو سەرچاوە نەوتیە هەڵگرێت؟

**ڕێبوار ئەحمەد:** بە بڕوای من ئەمە مەسەلەیەکی زۆر پڕکێشەیە و هۆیەکی سەرەکی دژواری پێکنەهاتنە لەسەر ئەم شارە. تەنها سەپاندنی ئەو حوکمە دەتوانێ بیبڕێتەوە کە ژیان و چارەنوسی خەڵک و دانیشتوانەکەی گرنگترە لە نەوت. بێگومان ئەمە بە ئاسانی ناسەپێ و خودی دەنگدانی خەڵک گرنگە بەڵام بە تەنها یەکلایی ناکاتەوە، تا ساڵەهای ساڵ بەهانە زۆرو زەبەندە تا هەر یەک لەم دوو دەوڵەتە و هەتا هەر هێز و تاقمیکی فالانژ و قەومپەرست بە هەموو جۆرەکانیەوە، پێداگری لەسەر دانی ناسنامەی قەومی خۆیان بەم شارە بکەن و بیکەنەوە بەهانە و بنەما بۆ شەڕو کێشەی نەبڕاوە. گونجاوترین ڕێگا بۆ کۆتایهێنانی کێشە لەسەر نەوت و پاراستنی خەڵک لە ئاگری شەڕو کێشە، بەبڕوای من پێکهاتنێکی سیاسی فەرمیە، بەدەر لەوەی کە بەپێی ئەنجامی ریفراندۆم کەرکوک دەکەوێتە سەرکام دەوڵەت، لە نێوان هەردوو دەوڵەت بە سەرپەرشتی ناوەندێکی

نێودەوڵەتی بۆ نمونە نەتەوە یەکگرتوەکان، سەبارەت بەوەی کە داهاتی نەوتی کەرکوک بەشێکی بۆ بوژانەوە و خزمەتگوزاری و خۆشگوزەرانی خەڵکی ئەم شارە خەرج بکرێت کە لە دەیان ساڵی رابردوودا زەرەر و زیان و وێرانکاریەکی زۆر گەورەی بەرکەوتوە، ئەودوای داهاتەکەشی دابەش بکرێت لە نێوان هەردوو دەوڵەتدا.

# ڕۆژی شورا لەکوردستان

# ئایا سەرهەڵدانەوەی جوڵانەوەی شورایی وشوراکان لەکوردستان لەتوانادایە؟

ئەم گفتوگۆیەی بەردەستتان بەشێک بوو لە زنجیرەی بەرنامەکانی ڕادیۆی پێشەنگ بە بۆنەی یادی شوراکان و بزووتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١، کە لەلایەن ئاراس ڕەشیدەوە ئامادە و پێشکەش ئەکرا. گفتوگۆکە جارێکی تر بە شێوەی نووسین بۆ دیدگای سۆشیالیستی ئامادەکراوەتەوە، کەلێرەدا ئەیخەینە بەردەم خوێنەران و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی و رابەرانی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان وەک بەشداریەک لە بابەتی ڕێکخستنی جەماوەری و بەڕێخستنی بزووتنەوەی شوراییدا.



**ئاراس ڕەشید:** لە هەلومەرجێکی پڕ هەژاری و دەردەسەری بۆ جەماوەری بێبەش و لە تورەیی و بێزاری  و ئاستێک لە ناڕەزایەتیش قوڵپ دەدات، چ شێوازێک بۆ ڕێکخراوبوون و یەکدەستەبوونی خەڵک گونجاوە؟ ئەگەر هاوریێ خەسرەو لە پێشدا لە تۆوە دەست پێبکەم. بڵێین ئایا شوراکان گونجاون و بارودۆخ  بۆ پێکهێنانیان لەبارە، لەئەمڕۆدا و لە ئێستای کوردستاندا؟

**خەسرەو سایە :** بەڵێ بە دڵنیاییەوە  پێکهێنانی شورا و هەوڵدان بۆ بەڕێخستنی جوڵانەوەی شوراکان یەک وەڵام و ئەڵتەرناتیڤی کۆمۆنیزمی کرێکاریە بەرامبەر بە بارودۆخی ئێستای کوردستان، بەتایبەتی لەکاتێکدا کە ئێمە  ئەبینین ناڕەزایەتیەکان  شێوە سەرەتاییەکانی لە ڕێکخراوبونی جەماوەری هێناوەتە دەرەوە. ئەو

## ڕۆژی شورا لەکوردستان

نارەزایەتیانەی کە لە دەورەی رابوردودا مامۆستایان و کارمەندان سازیاندا بەرۆشنی نیشانیدا کە پایەکانی لەسەر کۆبونەوەی گشتی جەماوەری دانرابوو، شوراش خۆی لە بنەرەتەوە قاچەکانی یاخود پێکهاتەکەی وەک جولانەوەیەک لە درێژە و رێکخستن و رێکخراوکردن و مونەزەمکردنی کۆبونەوە گشتیەکانە. بەم مانەیە ئەتوانم بڵێم کە شێوەیەکی لەبار کەوا کارساز و عەمەلی بێ هاوکات سانا بێت بۆ رابەران و هەڵسوڕاوانی جولانەوەی ناڕەزایەتی جەماوەری و کرێکاری کۆبونەوە گشتیەکانە. چونکە ئەم هەنگاوە بەبێ هیچ پەیمان و کۆنتراکتێک و بێ نوسینەوەی هیچ پەیرەو و پرۆگرامێک، ڕاستەوخۆ لەلایەن جەماوەرەوە هەر لەو شوێنە بریاری لەسەر بدەن و نوێنەران هەڵبژێرن و خواستەکانیان گەلاڵە بکەن. وە هەر لێرەشەوە برپارلەسەر شێوازی بەرێوەبردن و فراوان کردنەوەی نارەزایەتیەکان بدەن. بەرای من شوراکان ئەتوانێ لەسەر زەمینە و لەجەرگەی ئەم نارەزایەتیانەی ئێستادا شکڵ بگرن و وەکو پێکهات و جولانەوەیەکی تازە سەر دەربهێنن. بەلام دیارە ئەمە هەنگاوی تر و پێداویستی خۆی ئەوێ کە ئەکرێ لە دواییدا لەبارەیەوە قسە بکەین.

**ئاراس ڕیشید:** هاورێ خەسرەو ئەگەر پرسیارێکی دیکە هەر لەم بارەوە بکەین، ئەویش ئەوەیە، کە ئێمە لەپەیوەند بەدۆخی قەیراناوی ئێستای هەرێمی کوردستانەوە ئەم باسەدەکەین، کەوایە ئەو قەیرانە سیاسی وئابوریەی لەگۆڕدایە، چ مانایەک دەبەخشێ بە شکڵگرتنی شوراکان؟

**خەسرەو سایە:** بەڵێ بێگومان، باسی ئێستای شورا، لە دەرەوەی هەلومەرجێکدا نییە کە ئێوە ئاماژەی بۆدەکەن. بەرای من تایبەتمەندیەکی دۆخی ئیستا ئەوەیە کە هەرجۆرە نارەزایەتیەک تەنانەت ئەگەر بۆ سادەترین خواستیش بێت، ئیمکانی ئەوەی هەیە بگیرسێ و سەر لە جولانەوەیەکی جەماوەری دەربێنێت و بەیەکجاری سیاسی بێتەوە. یانی بەرەو ئەوە بروات کە خەڵک دەبێ تەکلیفی خۆیان لەگەڵ دەسەلاتی مەوجودا یەکلابکەنەوە. بەم مانایە جولانەوەی رێکخراوبوون لە بنەرەتدا لە هەلومەرجی ئێستای قەیراناوی و نارەزایەتیەک کە بە دژی دەسەلات هەیە، بەرای من ئەو توانا و خەسڵەتەی هەیە کە لە خواراوە وەک بزوتنەوەیەک بۆ سەلبی (لێسەندنەوەی) مەشروعیەتی دەسەلاتداریەتی ناسیونالیزم خۆی بنوێنێ وهاوکاتیش جەوهەر و کۆڕپەی دەسەلاتدارێتیەکی جەماوەری لەباوەشی خۆیدا هەڵگرێ. لەم ڕووەشەوە جولانەوەی شورایی و شوراکان خۆیان ئەو خەسڵەتەیان هەیە کە ئەتوانن هەم شێوەیەک بن لە شێوەکانی حوکمڕانی وەهەم ئەشتوانن ئامراز بن بۆسازدان و ڕێکخستنەوەی جەماوەر لە دەوری خواستێکی دیاریکراو. بەواتایەکی تر دەمەوێت بڵێم شوراکان ئەتوانن هەم ئامرازی بردنە پێشەوەی خەباتی ئابوری و داخوازیەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان بن بۆ باشترکردنی ژیان، وە لەهەمان کاتیشدا پێبەپێ لەگەڵ گۆرانی تەوازنی هێزی نیوان جەماوەرودەسەلات، ئەتوانن هەنگاو بنێن بەرەو ئەوەی کە شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەلاتداریەتی جەماوەری کە پێچەوانەیە بەدەسەلاتدرایەتی مەوجود بێننە کایەوە، وە نوێنەرایەتی راستەوخۆی خەڵک بۆ ئیدارە و بەڕێوەبردنی شوێنەکانی خۆیان لە

خوارەوە پێک بێنن.

**ئاراس ڕەشید:** بەڵێ هاوڕێ جەمال ئەگەر ئەو دەورەیەی ڕابردو تەماشا بکەین لە نارەزایەتیەکان، با بڵێن، کە بە نارەزایەتی و بایکۆتی مامۆستایان و بەشێک لە فەرمانبەران ناوی دەرکرد. لەوێدا زۆر شێوازی جیاجیای جەماوەر و خەڵک خۆی ڕێکدەخست، بۆنمونە دەستەکانی نارەزایەتی هەبون و ئەنجومەنی مامۆستایانی نارازی تەنانەت تەرحی هەرەوەزیەکانیش هەبوو، سندوقی داهاتی سلێمانی و شتی لەو بابەتانە لەئارادابون، با کەمێک لەسەر ئەم مەسەلەیە بوەستین، رای ئێوە بەرامبەر ئەوە چیە؟



**جەمال موحسن:** سەرەتا سوپاس، من ئەمەوێت بڵێم وەک لە قسەکانی خەسرەویشدا هات، ئەبێ لە دوو ئاستدا مەسەلەکان شوراکان ببینین، یەکێکیان ئەوەیە کە نموزەجێکە بۆ بەرێوەبردنی کۆمەڵگا و هاوکاتیش بۆ ڕێکخستنی نارەزایەتیەکان، بەشێکیشی ئەوەی کە چۆنیەتی زامنکردنی دەسەڵاتی جەماوەری کرێکار و زەحمەکتکێش و خەڵکی بێبەشە، کە پێمان وایە لەرێ ی شوراکانەوە ئەم مەسەلەیە ئەچێتە پێشەوە. ئەوەی ئایا لەباری واقعەوە چ شتێک ئیمکانی هەیە، ئێمە کاتێک کە وەکو کۆمۆنیستەکان پێمان وایە باشترین ڕێگا و ئامراز بۆ خۆرێکخراوکردن چ بۆ سەپاندنی داخوازی ژیانی ڕۆژانە و باشکردنی ژیانی، ئەوەی کە پێی ئەوترێ چاکسازی یاخود ریفۆرم لەژیانی خەڵکدا ، وە چ بۆ زەمانەتکردن وگەرەنتیکرەدنی نواندنی ئیرادی خەڵک ، پێمان وایە باشترین ئۆلگۆ، باشترین نموزەج شوراکانە. ئەمە مەسەلەیەک نییە ئێمە لە بیرورای خۆمانەوە هێنابێتمان. لەبەشێک لە قسەکانی خەسرەودا، حەزئەکەم تۆزێک تەئکیدی لێبکەمەوە. وتی جۆرێک لە نارەزایەتی مامۆستایان ئەوەی لەخۆیەوە هێنا کە لە خوارەوە کۆبونەوەی گشتی بوو. سەیریکە ئەم نارەزایەتیانەی لەم دواییەدا بوون هەر مامۆستایانی نە ئەگرتەوە، لە نەخۆشخانەکانەوە لە باج و گومرکەوە لە فەرمانگەکانی ترەوە لەکارەباوە، لەهەموو ئەمانەدا کاتێ سەرنجت ئەدا ، خەڵک ڕۆژانە ئەچوە سەر شوێنی کارەکەی بەڵام لە شوێنی کارەکەی ڕائەوەستا کارەکەی ڕائەگرت، لەوێ مەشوەرەتیان ئەکرد چی بکەن.نارەزایەتیەکەیان بەرەو کوێ ی ببەن؟ داخوازیەکەنیان چی بێ و چۆن بێ. وە لەنێو ئەوانەشدا کەسانێکیان دیاری ئەکرد، کە بتوانن قسەکەر و بە مانایەک نوێنەری ئەوانە بن. ئەمە جۆرێکە لەم کۆبونەوە گشتی ورۆژانەییە، بەڵام لە شێوەیەکی سادەتریدا بوو هێشتا. ئێمە پێمان وایە ئیمکانی هەیە ئەمە گەشەی پێبدرێت. زیادبکرێت وە گەشە بکا بەرەو ئاستی ئەوەی کە کۆبونەوە گشتیەکان ئاکتیڤتر بکرێن نە بە مانای ئەوەی کە تەنها تۆ بچی داخوازیەک بدەی بەرووی دەسەڵاتێکدا، چونکە تۆ کاتێک کە بیر لە ئامرازێکی ڕێکخراوبوون

## ڕۆژی شورا لەکوردستان

ئەکەیتەوە، ئیرادەی ئەم جەماوەری کرێکارە یا خەڵکی بێبەشە ئەهێنێتە دەرەوە، چاوروانی ئەوە ناکەی کە کەسێک لەسەرەوە ڕەحمێکت پێ بکات. ئەسڵەن بۆی نییە وات لەگەڵدا بکات، مووچەت ئەبڕێت..کارەبات ئەبڕیت نانت ناداتێ ...شیری منداڵەکەت ئەبڕێت هێشتا تۆش بچی داوا لەو بکەیت و بڵێیت مەرحەمەتت بێ و پارەکەم بدەرێ!؟ ئەمە ئیمکانی نییە، ئەبێ بچی بەسەریدا فەرزی بکەی. بۆ ئەوەی فەرزیشی بکەی ئامرازێکت پێویستە ئەم هێز و ئیرادەیە بێنێتەوە مەیدان کە ئەوەش بە شوراکان ئەکرێ.

ئەوەی دەستەکان هەبوون یان ئەنجومەنی مامۆستایان یان هەرشێوازێکی تر کە هەبوون، بەبڕوای من هەمووی لە هەنگاوێکدا و لە قۆناغێکی دیاریکراودا هەنگاوێک و شتێکی باشە. هەر کۆمەڵە کرێکاری ناوەندێک، هەر کۆمەڵە کارمەندی ناوەندێک لەشوێنێکدا کۆببنەوە و داخوازیەکانیان ڕێکبخەن و بیانەوێت بیسەپێنن بەسەر دەسەڵاتداردا، لەجێگەی خۆی ئیجابیە. بەڵام ئەگەر ئەمە لەوەوە کە تۆ ئەرۆی دەست ئەگریتەوە بۆئەوەی کە شتێکت بدەنەوە بگۆڕی بەوەی، کە بڵێ ی ئەوە من خۆم ئەم شتەم ئەسڵەن لەکۆمەڵگادا تەئمین کردوە و دابینم کردوەو بەرهەمم هێناوە، تۆ دەستت بەسەردا گرتووە. یانی ئەگەر کرێکارانی کارەبا نەبن، مەگەر بەڕێوبەرەکانی سەرەوە و وەزیرەکان لەسەرەوە، ئەوانن تەئمینی ئەو تەزوە کارەبایە بۆ ماڵان بکەن،،؟ نا، کرێکارەکانن! کەواتە خاوەنی ئەوانەن کە بەرهەمی ئەهێنن. خەستەخانەکان هەروایە کارگەکان هەروایە. یانی بەم مانایە کاتێک تۆ خۆت هێزێکی بەرهەمهێنەری ئەو کۆمەڵگایە بیت، ئەبێ خۆشت بە خاوەنی ئەو کۆمەڵگایە بزانی بۆیە ئەبێ بزانی لە نوقتەی هێزەوەیە، ئەم کارە ئەکەی پێم وایە شوراکانن ئەم شتە تەئمین ئەکەن. بۆیە ئەو فۆرمانەی تر لەچوارچێوەیەکی تەسکتردا مانەوە و نەیتوانی ئیدامە بدات، لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەم ئاسۆیە نەبوون کەوەک خەسرەویش ووتی، بچی لەلایەکەوە کارت لەسەر ئەوەبێت مەشروعیەتی دەسەڵات لەوانە بسەنێتەوە. ئەوەش شتێکە بە کردەوە ئەکرێ نەک بەوەی کە ، ئێستا هەموو کەس تەعبیری لێ ئەکا کە دەسەڵاتی ئەوانە هیچ مەشروعیەتێکی نەماوە. ئەوە زۆرباشە، بەڵام لەبارەی عەمەلیەوە چۆن ئەمە ئەسەلمێنی؟ ئەوەش بەوە ئەیسەلمێنی کە لەنێو هەر ناوەندێکی کارگەریدا لەنێو هەر شوێنێکی کاردا، ئەم ئیرادەیە بنوێنرێت کە خاوەنی کۆمەڵگا ئێمەین، وە ئەوەی ئێوەی دەسەڵاتن کە ئەبێ داوا لەئێمە بکەن کە بەرهەمەکەتان بدەینێ، بۆیە من پێم وایە شورایە ئەتوانێ وەکو ئۆلگۆ و ئامرازێک ئەم مەسەلەیە دابین بکات.

**ئاراس ڕەشید:** باشە هاورێ خەسرەو پرسیارێکی دیکە بکەم ، ئەگە رتەماشای دەسەڵات بکەی لە هەرێمی کوردستان، دەبینین ئەو دەسەڵاتە تائەوەی خزمەتگوزاریەکانیش پێشکەش ناکات، یانیش وەکو خۆی پێشکەش بەخەڵکی ناکات لەئاو وکارەباو هەتا ئازادیە سیاسیەکان ، ئەوەتا لەو دواییانە مووچەی خەڵکیش نادات بەتەواوەتی، ئایا هەر یەکێک لەمانەی باس ئەکرێت، چۆن ئەتوانی دەور و دەخاڵەتی خەڵک دابین بکات..؟ ئەکرێ خەڵک خۆی بچێت قوتابخانە دروست بکات؟ لەسەر گیرفانی خاڵی خۆی؟ یان بۆنمونە بچن شوێنێکی کار یان کارگەیەک دروست بکەن بۆ ئەوەی

بەرهەمەکەی بۆ خۆیان بێت؟ ئەگەر واش بێت ئایا ئەم جۆرە لەڕیکخرواو بوون گەرەنتی دەسەڵاتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری بێبەش دابین دەکات؟

**خەسرەو سایە:** دیارە ئێوە مەبەستتان لە پێکهێنانی هەرەوەزیەکانە؟

**ئاراس ڕەشید:** بەڵێ ئەو شێوە ڕێکخراوبوونە.

**خەسرەو سایە:** من سەرەتا وەکو مەبدەء، ئەوە بڵێم ئێمە هیچ شێوەیەک لە شێوەکانی ڕێکخراوبونی جەماوەری سەربەخۆ لە دەسەڵات لە هەر ئاستێک بەهەر جۆرێک کە کرێکاران ، زەحمەتکێشان ، مامۆستایان، ژنان بۆ خۆیان پێکیدەهێنن و دەست ئەبەن و لەدەوری کۆئەبنەوەو دەست دەخەنە نێو دەستی یەک ئێمە ئەوە بە کارێکی ئەرێنی دەزانین و بە پێچەوانە لەگەڵ خەباتکردن بۆ بزوتنەوەی شورایی نایبینینەوە. یانی لە نەززەری ئێمەوە مەسەلەی ئێمە ئەوە نییە، کە تەنها بەفۆرمێکەوە موعامەلە لەگەڵ جولانەوەی جەماوەری وخەبات بۆ ڕیکخراوبونی جەماوەری بکەین، وە هەرچی لەدەرەوەی ئەو فۆرمە بوو، ئیتر بە مەنفی سەیری بکەین، نا بەپێچەوانەوە هەر جۆرە ڕێکخراوبون و کۆبونەوەیەکی جەماوەری لە دەروری تەعاونی بێت لەدەوری سندوقەکانی هەرەوەزی بێت لە یەکێتیە کرێکاریەکان بێت لە کۆمیتەی مانگرتن بێت لە کۆنترۆڵی کارگەری بێت، هەرجۆرێک هەتا دەستە و گروپی وەرزشی لاوان تیپی مۆسیقی و هونەری هەرچیەک بتوانێ خەڵک ڕێکخراو بکات بۆ وەزیفەیەک، کە بتوانێ یەکگرتوویان بکات و روحیەتی هاودڵی و هاوخەباتییان پێببەخشێ ئێمە ئەوەمان پێ باشە و لایەنگری و پشتیوانی دەکەین. بەڵام لێرەدا مەسەلەکە ئینتیخابێکی سیاسیە. بەتایبەتی کە نە شوراکان وە نە هەرەوەزیەکان هیچکامیان وەک جولانەوەیەک لەئارادا نین، بەڵکو ئەوە ئێمەین کە بەپێی لێکدانەوەکانمان نمونەیەکمان هەڵبژرادووە و بەو نمونەیەوە ڕوو لە جەماوەر دەکەین. بەواتایەکی تر دمەوێت ئەوە بڵێم کەسێک کەنقابەی کرێکاری وەیا هەرەوەزیەکان، تەنانەت کەسێک کەشورا بە پێشمەرجی سەرەکی بۆ ڕیکخراوبوونی جەماوەری بەدەستەوەدەگرێ و بەو ئەلگۆیەوە، بەو فیکر و باوەڕ و سونەتەوە، بڕوا بۆ ناو جولانەوەی جەماوەری، ئەوە لەپێشەوە ئینتخابی خەتێکی سیاسی وسونەتێکی خەباتکارانەی کۆمەڵایەتی هەڵبژاردووە، کەهەڵدەگەڕینەوە سەر حزبە سیاسیەکان وئامانجەکانیان. کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی چینایەتیە، چینی کرێکار، سەمایەدار و سەرمایەی بچوک و گەورەی تیایە و پیشە و کار و وەزائیفی جۆراوجۆری تیایە، لەسەر مەتنی ئەم واقیعەتە چینایەتیە، باوەڕ و بەرنامەی سیاسی و ئەحزابی جۆراوجۆر کە سەر بە بزووتنەوەی جیاوازن لەئارادان. بۆ نمونە ڕەوتی ڕیفۆرمیستی هەیە، ئێستا ئەگەر باس لە حزبی شیوعی عێراقی وەک ڕەوتێکی ڕیفۆرمیستی وناسیونالیستی ناو چینی کرێکار بکەین، ئەوا یەکەمین کارێکی سادە کە دەستی بۆبەرن ئەوەیە کە ئەڕۆن عەریزە و ئیمزا کۆئەکانەوە، زیاتر لەمەش بڕوا باس لە نەقابات ئەکەن، ئەمە ئیتر سونەتێکە چونکە لەئەسڵدا، وەک حزبێکی

## ڕۆژی شورا لەکوردستان

ریفۆرمیستی نایەوێت هەلومەرجی مەوجود لەسەرەوە هەڵبگێڕێتەوە وە. لەسونەتێکی ئاوادا شۆڕشی کرێکاری و ئەڵتەرناتیڤی حکومەتی کارگەری لە دەستوردا نییە و سۆشیالیزم بە مەعنایەکی تر لەدەستوری ئەودایە کە لە ڕێگای ریفۆرمەوە بەدی دێت. یان بزووتنەوەی گۆڕان هەرگیز نایەوێت شورا دروست بکات، وەهەتا نایەوێت ڕێکخراوێک دروستبکات کە بتوانێ دەخاڵەتی خەڵک بۆ چارەنوس و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و ژیانی خۆی مسۆگەر بکات. ئەو ئەوەندە دەیەوێت خەڵک بێنێتە مەیدان، کە سیستەمی مەوجود لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە.

بەڵام بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان، کە شۆڕشی کرێکاری و هێنانە سەرکاری حکومەتی کرێکاری ئاسۆمانە، مامەڵەکردن لەگەڵ هەر هەلومەرجێکدا، ئەوە لە نەزەر دەگرین کە تا چەند لەم ئاسۆیە نزیکمان دەخاتەوە.. بەبڕوای من ئەوانەی کە لە هەلومەرجی ئێستادا پێیان وایە پێکهێنانی هەرەوەزیەکان مومکینە و ئەتوانێ وەڵامدەرەوە بێت، لە کاتێکدا نارەزایەتیە جەماوەریەکان، ئەم فۆرمەیان لە خۆیاندا نەهێناوەتە دەرەوە، ئەوا لە پێشەوە بڕیاریانداوە پێکهێنانی شوراکان بە نادیار بسپێرن و بۆ خۆیان هەڵبژاردنێکی سیاسی دیکە بکەن. ئەگینا واقیعەتی ئێستای ڕێکخراوبوون لەنێو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا، وەکو چۆن شورای دروست نەکردوە، هیچ هەرەوەزیەکیشی دروست نەکردوە، کەوایە وەک ئێمە چۆن دەمانەوێت وهەوڵ بۆ شورا دەدەین دیسانەوە ئەوانیش دەیانەوێت و هەوڵ بۆ هرەوەزیەکان دەدن. بەواتایەکیتر مەسەلەکە ئەوە نییە کە ئێستا یەک ڕیز لە هەرەوەزیەکان دروستبوون وەکو جوڵانەوەیەکی بەکردەوە، لەسەر جوڵانەوەی نارەزایەتی جەماوەری راوەستاوە، تەنانەت وانییە کە لانی کەم ڕیزێک لە رابەران و هەڵسوراوان پەییان بە ئاگایی و سونەتێکی بە کردەوە بۆ پێکهێنانی هەرەوەزیەکان بردبێت. بۆیە ئەویش دیسانەوە ئەبێ هوشیاری بدات، دەبێ بڕوات دەست بۆ کارێک بەرێت کە مستەلزەماتەکانی ئەم مەسەلەیە ئامادە دەکات. یانی ئەبێت لە هەلومەرجی مەوجودەوە دەست پێبکات. جا ئەگەر واقعیەتەکە بۆ شورا و هەرەوەزیەکان وەک یەک بێت ئێمە کۆمۆنیستەکان، ئەم پرۆسەیەمان پێویست نییە، یانی مەسەلە بەو جۆرە نییە کە جارێ بڕۆین هەرەوزیەکان دروست بکەین و پاشان بەرەو شورا بیبەین. من ئەپرسم هەرەوەزیەک ئەگەر لەسەر سونەتی کۆبونەوەی گشتی دابمەزرێت بۆچی شورا نەبێت؟ بەڕای من یەکێتیەکی کرێکاری هەر کۆڕوکۆبونەوەیەک هەر تەشەکولێک هەر ڕێکخراوبونێک هەرەوەزی بێت یان نەبێت کە پشتی بەستبێت بە هەڵبژاردنی نوێنەران لە ڕێگای کۆبونەوەی گشتی مونەزەمەوە ئەوە شورایە، ناوی شورای لێ بنێی یان نا لەنەزەر منەوە شورایە.

خاڵێکی تر ئەوەیە کە لە هەلومەرجی ئێستادا، بەڕای من هاوسەنگی هێزی نێوان جوڵانەوەی جەماوەری و دەسەڵاتێک کە هەیە هەرگیز ڕێگا بەوە نادات کە تۆ بڕۆی هەرەوەزیەکان لەسەر مەسروفات و ئیمکانات و بودجەی حکومەت و دەوڵەمەندان دامەزرێ. ئەگەر هاوسەنگی هێزی نێوان جوڵانەوەی جەماوەری و دەسەڵات بگاتە ئاستێکی ئاوها کە دەست بردن بۆ هەرەوەزیەکان لەسەر حیسابی سەرمایەداران و لێسەندنەوەی مەشروعیەتی دەسەڵاتی ئەوان بێ، ئەوا ئیتر هەلومەرجێکە ئەتوانێ ڕاستەوخۆ ببێ بە شورا و کۆنترۆڵی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و بەڕێوەبردن. ئەو کاتەش تەرحی هەرەوەزی ئاستێکی لە خوارترە لە شوراکان وکۆنترۆڵی

## ئایا سەرهەڵدانەوەی شوراکان لەتوانادایە؟

جەماوەری.

**جەمال موحسن:** هاوڕێ ئاراس لێرەدا فرسەتێکم بدەیتێ، منیش حەزئەکەم هەندێ ئیزافە بکەم.

**ئاراس ڕەشید:** فەرموو.

**جەمال موحسن:** کۆمەڵێک شت هەیە لە ژیانی واقیعی ئینساندا، ئەبێ ئینسان لەوێوە دەستی بۆ بەرێ. بۆنمونە یانی ئێستا تۆ ئەڵێی لە ناوچەیەکدا، لە دێیەکدا، خەستەخانەی تێدا نییە یاخود قوتابخانەی تێدا نییە. بۆچی لەو شوێنە ئینسان ناژێ؟ مافی نییە منداڵەکانی بچێتە قوتابخانە و بخوێنێ وخوێنەواری فێربێ وچاوی بکرێتەوە و بێبەش نەبێ؟ پرسیارێکی زۆر سادە و خەڵک ئەتوانێ بیکا ئەویش ئەوەیە: یانی چی منالّی بەرپرسەکان خۆیان ئەڕۆنە قوتابخانەی نمونەیی و تایبەتی و زانکۆ تایبەتیەکان و پارەو پولیان بۆهەڵئەڕێژێ، کەچی خەڵکی هەژار قوتابخانە نەبێت لە ناوچەکەیدا؟ بەڵام وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە ناکرێ خەڵکی بە پارەی خۆی بیکات چونکە ئەوە ناوچەیەک و دوو ناوچە نییە، بەوە ناکرێ کە تۆ بچیت لەو ناوچەیەدا بلۆکەکانی بۆ پەیدابکەی و فلانەکانی بکەیت وفیسارەکانی بکەی قوتابخانە دروست بکەیت و سەرئەنجام منالانی ئەو شوێنە بچنە سەر خوێندن. ئەمە کارێکی باشە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەسەپێنرێت بەسەر دەسەلات و ئەو پارەوپولە زۆرەی لەو کۆمەڵگایەدا بەهەدەر ئەڕوات و ئەچێ بەئاسماندا وکەس نازانێ لە کوێ یە، سودی چییە؟ یان چۆن ئەکرێ؟ یانی سەرئەنجام چەند قوتابخانە دروست ئەکەی؟ چەند نەخۆشخانە دروست ئەکەی کە پێویستت پێیەتی؟ وە بە چی ئەیکەی؟ ئەوە جگە لەوەی کە قوتابخانە ونەخۆشخانەکان لەژێر پرسیاردان بەتایبەت کە نەخۆشخانەکان ببێت بەمەیدانێک بۆ بازرگانی ئەوانەی دەسەلات. سەرئەنجام لەهەر جێگایەکدا هەر کۆمەڵە کەسێک دەستبەرن بۆ ئەوەی کە بە کۆمەڵ دیفاع لەخۆیان ئەکەن لەبەرامبەر هێرشی بۆرژوازی کورددا، کارێکی ئیجابیە. بۆنمونە لەم ڕۆژانەدا، کۆمەڵێک خوێندکاری زانکۆ لە سلێمانی هاتونەتە پێشەوە شتێکی زۆرکورتیان دەرکردوە، هەمووی حەوت هەشت دێڕە ، ئەڵێن ئەو سەد هەزارەی کە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئەیەوێت فەرزی بکات بەسەر خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکاندا، ئەوان ئەڵێن نایدەین. بەبڕوای من ئەمە هەنگاوێکی زۆر ئیجابیە، تۆ هەزاران خوێندکارت هەیە هەر هەمووی ئەم کارە بکات، چی ئەکەن؟ یانی هەزار خوێندکار فەسڵ ئەکات، دە هەزار خوێندکار فەسڵ ئەکات. یان بۆ نمونە پارەی کارەبا لەگەڕەکێکدا، ئەگەر دە گەڕەک هەر هەمووی موتەفیق بێ لەسەر ئەوەی پارەی کارەبا نادەین، خۆ کارەبەکەتان زۆر جوانە تا پارەکەشی زیاد بکەن لەسەرمان ؟ سەرئەنجام ئەمە ئەبێ بە ناوکۆکەیەک بۆ یەکگرتوویی ئەو خەڵکە، بەڵام لەنێویدا، کەسانێک کە ئەبنە قسەکەری، کەسانێک کە ئەبنە ڕابەری، ئەگەر ئەم لە دوری یەک کۆوەبونە، یان ئەو هەرەوەز کارکردنە کە بۆ نمونەی قوتابخانە کە هێنامەوە، نەیبەن بەرەو ئاقاری یەکگرتووییەکی پتەوتر، ببێ بە جێگای کۆبوونەوە و نواندنی هێزی ئەو جەماوەرە شتێکی ئەوتۆی لێ سەوز نابێ.

**ئاراس ڕەشید:** نەبێتە هۆی هۆشیاربونەی ....

**جەمال موحسن:** نەک تەنها هۆشیاربونەوە، نەبێتە مەیدانێک بۆ ئەم هێزنواندنی جەماوەریە و هێزی لێوە پەیدابکات. وە بچێ، شتەکانی بسەپێنێ. یانی تۆ ئەگەر شتەکانت نەسەپێنی، ئەوپەڕەکەی بەرپرسێک لەلایەکەوە دێت، دەفتەرێک پارەت بۆ دێنێت و سەد منەتیشت بەسەردا ئەکات و ئەڵێ من لە بەرپرسەکانی تر پاکتر و باشترم، ئەوەتا من کۆمەکم کردی خەستەخانە یان قوتابخانە یان شتێک بکەیتەوە. سەرئەنجام بۆچی مەگەر ئەو پارەیەی کە تۆ لەگیرفانت دایە، هی کێیە..؟ هی ئەو خەڵکە نییە کە مەحروم بووە لە خوێندەواری؟ ئەمە ئاستێکە لە هۆشیاری بەرزکردنەوە ئەرکی رابەرانە ئەم بەهێزییە بۆ نێو ئەو ناوکۆکەیە بەرنەوە. ئەگەر ئەم کارە لەڕێی هەرەوەزیەوە ئیمکانی هەیە بکرێت، زۆر زۆرباشە ئیمکانی هەیە وئیجابیە، یا هەتا دەستەی مامۆستایانە دەستەی کرێکارانی فلانە شتە، دەستەی داکۆکیە، گرنگ نییە. گرنگ ئەوەیە بەم جۆرە لە بیرکردنەوە بڕوات کە کۆمەڵگا بەهی خۆی دەزانێ و سەرئەنجام ئەچێ فەرزی ئەیسەپێنێ. بێگومان ئەمە لە ئاکامدا بۆ خۆی جوڵانەوەیەکی سیاسیە و تەوەجوهی سیاسی پەیدا ئەکات بەڵام ئیتر ئەرکی ڕابەرانیەتی ئەمەی تیا بەهێز و تۆخ بکەنەوە.

**ئاراس ڕەشید:** بەڵێ هاوڕێ جەمال، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شوراکانی ١٩٩١، زەمینە و فاکتۆرەکانی سەرهەڵدانی ئەو جووڵانەوە شوراییە کامانە بوون؟ واتە ئەو فاکتەرانە چی بوون، کە دامەزراندنی شوراکانیان زامن کرد؟

**جەمال موحسن:** لە هەر جێگایەک چینەکان هەبن، چینی کرێکار و زەحمەتکێش هەبێت و چینی دارا و سەرمایەدار هەبێت، لە نێو ئەو ململانێیەی ڕۆژانە لە نێویاندا دەڕواتە پێشەوە، دەست بردن، بیرکردنەوە و هەوڵدان بۆ یەکگرتوو کردن، مەسەلەیەکی واقعییە و ڕۆژانە بە نهێنی بێت یان بە ئاشکرا دێت و دەڕوات. ساڵی ١٩٩١ هەلومەرجێک هاتە پێشەوە کە ڕژێمی بەعس وەدەرنرا بە هێزی جەماوەری و خەڵک لە بەرانبەریدا هەستا. ئەو شتەی ئێمە لە ژێرەوە چەپ و کۆمۆنیستەکان، ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری خەریکی بووین و کارمان کرد بۆ پێکهێنانی کۆمیتەکانی ڕاپەڕین و بەشداربووین و تەرحی دامەزراندنی شووراکانمان کرد. ئەلگۆ و نموزەجی ئێمە بوون. ئەمە لە ئاستە ژێرزەمینی و مەخفیەکەی خۆیدا نەمایەوە، بەڵکو سەریدەرهێنایەوە و بە شێوەیەک سەتحێکی کۆمەڵایەتی بۆ خۆی پەیدا کرد. هەڵبەت لەسەرەوە کۆمۆنیستەکان و بەشێکی تر لە هەڵسوڕاوان کە خۆیان بە چەپ دەزانی لەسەریەوە وەستابوون و دەرفەتیان دا بەوەی ئەم زەمینەیە بێتە دەرەوە.

من بیرم دێت بۆ نمونە کە لە یەکێک لە کۆبوونەوەکاندا چووینە حەوشەی کارگەری جگەرەوە. ئەو کرێکارانە هێندە تووڕەبوون لە بەرانبەر ئیدارەیەک کە پێش ئەوە بەعس لە پشتیەوە بووبوو و لە

## ئایا سەرهەڵدانەوەی شوراکان لەتوانادایە؟

خەڵکی دابوو بۆ نمونە لەسەر هۆکاری بەعسی نەبوون و چەوسابوونەوە، هەوکات دەشیانبینی کە بەرهەمی ئەو کارە هیچی بۆخۆیان نییە و خۆیان هەر لە هەژارییەکی دیریکراودا دەژین لە چاو بەرپسان و ئەواندا هتد. هێندە بە رق و تووڕەییەوە چوون بەرەو ئیدارەکەی، کە یەخەی مودیرەکەی بگرن و بیهێنە دەرەوە و هەر نەیەڵن دەربازی ببێت. تەنانەت خەڵکی تێدابوو، کە هێندە تووڕەبوو، کە دەیان وت ئەبێ ئەنجن ئەنجن بکرێت.

مەبەستم ئەوەیە ئەم کێشمەکێشە کە لە نێوان سەرمایەدار و کرێکاردا هەبووە، ئیتر کرێکاران و نوێنەرەکانیان سەرمایەدارێکی پێ قەبوڵ نەدەکرا. بۆیە هاتنە دەرەوە وتیان کەواتە دەتوانین لێرە بە دواوە ئەم کارگەیە هی خۆمان بێت.

**ئاراس ڕەشید:** ئەو ئاستە لە تووڕەییە لە بەرانبەر لە دەسەڵات ئێستاش دەیبینین لە ئاستێکدا.

**جەمال موحسن:** بە دڵنیاییەوە وایە، ئێسا قووڵتریشە، چونکە قڵشتی چینایەتی نێو جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و بۆرژوازی کورد ئیتر لە ئاستێکی زۆر بەرچاو و فراواندایە و بە ئاشکرا دەیبینین. بۆ نمونە وشەکانی وەک "فیرعەون ئاوا"، "فیرعەونەکان" هەتا کۆشک و ڤیلاکانیان و ژیانی پاشائاسای ئەوان و لەولاشەوە نقوم بوونی خەڵک لە هەژاریدا. خۆ ئەمانە شتێک نین خەڵک هەر وا لە کتێبێکی خۆش و فەنتازیای خەیاڵ و لە ڕۆمانێک یان چیرۆکێک لە شتێکەوە دەریهێنابێت، بەڵکو لە ژیانی واقعی خۆیەوە دەریهێناوە. ئەمە ئێستا قووڵترە و بۆیە ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییانەی ئەو کات بۆ دامەزراندنی شوورا هەبوو، لە ئێستادا زۆر زیاترە. لە باری واقعی کۆمەڵگاوە. بەڵام وەک لە پێشووتریشدا وتمان، کە مەرج نییە بچین بڵێین دەبێت دروست لەم جۆرە لە ڕێکخراوبوونە بێت. کاتێک لە جێگەیەکدا جۆرێک لە ڕێکخراوبوون دێتە دەرەوە، گرنگە کە ڕێکخراوبوونێک بێت زامنی ئەوە بکات کە جەمعێک کۆبکاتەوە. بۆ نمونە کارگەی ئاسن یان دۆشاوی تەماتە یان کارگەکانی دەرمان کە لە ئێستادا کراونەتەوە، ئەگەر یەکێک لەمانە بە نمونە وەرگرین، شتێک لەوێدا بێتە دەرەوە، کە ئەو کرێکارانە ڕێکبخات و خۆیان خاوەنی خۆیان بەهێز بکات و نیشانی بدات، ئەوە نموزەجێکی باشە، کە بتوانن زەمانەتی ئەوە بکەن کە هەمیشە کۆبوونەوە گشتییەکانیان بکەن و لەوێ بڕیار بدەن چی بکەن و خەڵکی هەڵبژێرن و بۆی دیاری بکەن چی بکات و ئەگەر نەشکرا دووبارە بیهێننە خوارەوە... ئەمە ئیتر دەبێتە شورا.

بە بۆچوونی من هەر ئێستا ئەم زەمینەیە لە بارە. پێویست ناکات هەمیشە بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شوراکان لە ١٩٩١دا، یان شوراکانی کاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر، کە کاتێک یەکێک لە دروشمەکان "هەموو دەسەڵاتێک بۆ شووراکان" بوو.

**ئاراس ڕەشید:** هاوڕێ خەسرەو کەوایە ئێستا قسە لەسەر مەیسەرکردنی کۆنترۆڵی جەماوەرییە. ئەم کارە چۆن دەکرێت، لە کاتێکدا کە کرێکاران و جەماوەری مەحروم هیچ شتێکیان نییە. ئایا دەتوانین دووبارە بڵێینەوە شوراکان؟

## ڕۆژی شورا لەکوردستان

**خەسرەو سایە:** پێش ئەوەی وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە، پێم خۆشە لە درێژەی ئەو قسانەی جەمال کردی منیش سەرنجێک بدەم، چونکە پێم وایە وەک ئەنجامگیرییەک لە ئەزموونی بزووتنەوەی شورای لەساڵی ١٩٩١ کۆمەکمان پێ دەکات کە لە هەلومەرجی ئێستادا بتوانین دووبارە دەست بەرینەوە بۆ شوراکان. یان بە ڕێکخراوبوونێکی جەماوەری کە بتوانێت کۆنترۆڵی جەماوەری بە دەستەوە بگرێت لە چوارچێوەی جوڵانەوەیەکی شوراییدا.
من پێم وایە بزووتنەوەی شووورای ساڵی ١٩٩١ بەرئەنجامی دوو فاکتەری سەرەکی بوو، ئەگەر بە گشتی سەرنجیان بدەین. یەکەمیان وجودی گرایشی کۆمۆنیستی بوو، واتە بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆمۆنیستەکان لە سەردەمانی پێش دەستپێکردنی ڕاپەڕین و پەلاماری ئەمەریکا بۆ سەر عێراق، مەجود بوون و فکرە و باوەڕی شورایان لە نێوانیاندا هەبووە و حکومەتی شوورایی مەسەلەیان بووە و لە نێو خۆیاندا "نان، کار، ئازادی حکومەتی شووورای" یەکێک بووە لە دروشمەکانیان و چاوەڕوانی ئەوە بووە، کە لە هەر هەلێکدا ئەم گرایشە یان مەترپالەی کە لە نێو ئەم گرایشەدا چالاک بووە و لە شارەکانی کوردستاندا نفوزێکی پەیدا کردبوو، بێتە دەرەوە و دەست بۆ ئەڵتەرناتیڤەکەی خۆی بەرێت. بە بۆچوونی من ئەمە فاکتەرێکی بڕیاردەر بوو.
لە پاڵ ئەم فاکتۆرەدا، بە بڕوای من گۆڕینی هاوسەنگی هێزی نێوان جەماوەر و دەسەڵاتی مەوجوود بوو. لە کاتێکدا دەسەڵات هەڵکەندرا، بۆشاییەک دروست بوو ، کە دەبێت پڕ بکرێتەوە. لەو کاتەدا هێزی چەکداری ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد لە کوردسستاندا نەیتوانیبوو سەقامگیر بێت. ئەویش وەک هەر هێزێکی تر لە دۆخی ژێرزەمینییەوە کەوتە دۆخی ئاشکرابوون. بە واتایەکی تر بڵێم ڕەوتی کۆمۆنیستی کرێکاری، کە لەو کاتەدا بە هەمان شێوەی یەکسان لەگەڵ ڕەوتی ناسیۆنالیستیدا یەک فرسەتیان بۆ هەڵکەوت، ئەویش گۆڕینی هێزهاوسەنگی نێوان خۆیان و جەماوەر و دەسەڵات بوو. ئەمە فرسەتی دا بەوەی کە چۆن هەر یەکێکان کۆمەڵگا ڕێکبخەنەوە. بۆ نمونە ناسیۆنالسیتەکان چوون کۆمیتەی جۆراوجۆریان دروست کرد. بەڵام بە دەستپێشخەری و پێشڕەوی کۆمۆنیستەکان شوراکان دروست کران.
ئەمە مانای ئەوەیە، کە یەکیک لە خەسڵەتەکانی شوراکانی 91، بە پێچەوانەی شوراکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ڕووسیا، یان تەنانەت ئەو شورایانەی لە سەردەمی شۆڕشی بەهمەن لە ئێراندا دروست بووبوو، کە لە ئەنجامی یەک دەورە لە خەباتی ئابوریدا سەریان دەرهێنا. شوراکانی کوردستان لەو دەورەیەدا لە سەرەوە پێکهات. واتە هیچ پێشینەیەکی خەباتی ئابوری نەبوو. بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا کەباس لەپێکهێنانەوەی شوراکان دەکەین، پرسیارەکە ئەوەیە، کەئەو فاکتەرانە ماوە، کەشوراکانی 91ی لەسەر دامەزرا؟
من لە قسەکانی سەرەتادا باسم کرد، کە ئێمە کۆمۆنیستەکان هەمیشە باوەڕمان هەیە، کە باشترین ئیدارە و بەڕیوە بردن کە خەڵکی تێدایە و چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بگرێت. کارگەر و زەحمەتکێش هەم بڕیاردەر و هەم بەڕیوەبەری کۆمەڵگا بێت و هەم ئەنجامی بەرهەمهێنانی ڕەنجی بۆ خۆی بێت، شوراکانن. ئەم فیکرەیە و باوەڕەکەی هەیە، تەنانەت کەسانیش هەن، بەڵام هێزهاوسەنگی ئەم جووڵانەوەیە لەگەڵ دەسەڵاتی مەوجوددا هێشتا نەگۆڕاوە. بۆیە ئەگەر ئێمە

## ئایا سەرهەڵدانەوەی شوراکان لەتوانادایە؟

بمانەوێت جووڵانەوەی شورای دەست پێبکەینەوە لەسەر بنەمای ئەزموون و دەستکەوتی خەباتی ڕابردوو، ئەم جارەیان ناتوانین لەسەرەوە دروستی بکەین. لە ئێستادا کۆمۆنیستەکان ناتوانن بچن کۆبوونەوەی گشتی بە خەڵک بکەن و بانگەوازیان بکەن بۆ دروست کردنی شووراکان، وەک ساڵی ١٩٩١.

کەوایە دەبێت ڕێگایەکی واقعی بگرینەبەر و لە پرۆسەیەکی خەباتکارانەدا و لە جەرگەی جوڵانەوەی داخوازی و ناڕەزایەتیەکانی ئێستاوە هەڵکشێین بۆ شوراکان. ئەمە پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێکەڵە ئەتوانێ لە سەرەتاوە ئەنواعی خۆڕێکخستنی جەماوەری بگرێتە خۆی. لە هەرەوەزییەوە دەتوانێت تێیدا بێت تا دەستەی مامۆستایان، تا چەندینی هاوشێوە. بۆ نمونە ئەگەر سەرنج بدەن، بۆچی ئێمە لە ناڕەزایەتیەکانی ئێستادا لەسەر دەستەکانی ناڕەزایەتی پێداگیریمان کرد؟ چونکە مەسەلەکە ئەوەیە، کە دەبێت ئەو خاڵە بە ڕەسمی بناسێنین کە ڕێکخراوەی جەماوەری، یاخود ئاستێک لە ئاستەکانی ڕێکخراو بوون، هەمیشە بەرئەنجامی ناڕەزایەتی مەوجودە. ناڕەزایەتی نییە بە بێ شکڵێک لە شکڵەکانی ڕێکخراوبوون. هەر ناڕەزایەتییەک یان هەر خۆپیشاندانێک، بتەوێت یان نا، شێوەیەکی ڕێکخراوبوونی تێدا مەوجود نەبێت، ئەو ناڕەزایەتییە یان خۆپیشاندانە ڕوونادات. ئەوەش یان بە کۆمیتەی خۆپیشاندان ڕێکدەخرێت، یان بە کۆمیتەی مانگرتن یان بە کۆبوونەوە و کۆڕ و کۆمەڵ و مەحافل ڕێکدەخرێت، یاخود وەک وەک ئەوەی کە دەستەکانی ناڕەزایەتی ئەم کارەیان کرد.

بەڵام کێشەکە ئەوەبوو، کە ئەگەر تۆ بتەوێت بەرەو شورا بڕۆیت، دەبێت کێشە و گرێوگۆڵ و مەسەلەی ئەم جولانەوەیە و ئەم ناڕەزایەتیە لە چوارچێوەی ئاسۆیەکی سیاسی و خەباتکارانەوە چارەسەر بکەیت. ڕابەرانێک بێنێتە مەیدان کە واوەتر لە ناڕەزایەتی ئێستا لەم بزووتنەوەیە دەڕوانن و واوەتر لەوە تێدەکۆشن کە خەڵک لە مەیداندا ڕابگرن و بیهێڵنەوە و لە هێزهاوسەنگیەکدا ڕایان بگرن، کە سبەینێ لە ئاستێکی فراونتر لە ڕێکخراوبوون بڕوات. ئەمە کار و ئەرکی کۆمۆنیستەکانە. ئەمە پێویستی بە بەهێزکردنی گرایشی کۆمۆنیستی و نەریتی کاری شوراییە لە نێو ئەم ناڕەزایەتییانەدا. ئێمە دەبێت وەک هەڵبژاردەیەکی سیاسی لێرەوە بڕۆین بۆ ناو ناڕەزایەتیەکان و بتوانین ئەو کارانە بکەین. بۆ نمونە قسەی ئێمە سەبارەت بەوەی کە دەبێت لە ناوەندەکانی شوێنی کار دەستەکان دامەزرێن و نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن، بەپێویست دەبێت ئەم دەستانە کۆبوونەوەی گشتی ئەنجام بدەن. ئەم قسەیە بۆچی وایە؟ لەبەر ئەوەی دەتوانێت هەم ڕۆحیەتێک و تەوژمێکی تازە بە ناڕەزایەتیەکان بدات و شکڵ و قۆناغێکی باشتر لە دەستەی ناڕەزایەتی بهێنێتەدەرەوە. یەکێک لەو کێشانەی کە دەستەی ناڕەزایەتی ئەوەیە کە بۆچی خەباتی خۆی بردە بەردەم پارێزگا و پارێزگاش بوو بە نوێنەری ئەو خەڵکە؟ کێشەکەی ئەوەبوو کە ئەم دەستانە شێوەکی تر لە سوننەتی خەبات، کە ڕیفۆرمیستەکان پێیان دابوو ئەوانەی کە باوەڕیان بوو، کە ئەم ناڕەزایەتییانە بۆ ڕووخانی ئەم دەسەڵاتە نەبەن، بەڵکو بیکەنە فشار بۆ ئەوەی کە خواستەکانی چاککردنەوەی پەرلەمان و هتد. بەدەست بهێنن. بەڵام ڕابەری سۆشیالیستی و ڕادیکاڵ لە نێو ئەم ناڕەزایەتیانەدا خوازیاری ئەوەبوو کە ئەم ناڕەزایەتیانە بەرێتە ناو ناوەندەکانی

کارگەکان، نەخۆشخانەکان، شارەوانییەکان، بەرهەمهێنانی نەوت، گەڕەکەکان، هتد. و ئەگەر خەڵک خۆی ئیرادە بگرێت و وشیار بێت بە شێوە و بەرژەوەندی ڕێکخراوبوونی خۆی، کە دەزانێت لەو ڕێگەیەوە سفرەی خاڵی نانێکی بۆ زیاد دەبێت، بارودۆخی داو دەرمان و قوتابخانەی منداڵەکەی باش دەبێت، دەتوانێت نوێنەرەکانی هەڵبژێرێت و پایەداربێت و هیچ کەسێکیش ناتوانێت هەڵیکەنێت. وەکو ڕەگی ئەو ڕوەکەی کە لە ناو ئینجانەکەدا تەواوی خاک و خۆڵی ئنجانەکە دەگرێت و بڵاودەبێتەوە. بە بۆچوونی من ئەمە ڕێگاکەیەتی و ئێمە دەتوانین بەم ڕێگایەدا بە شێوەیەکی عەمەلی و کارساز خەبات بۆ پێکهێنانەوەی شوراکان، وەک جوڵانەوەیەک بخەینە دەستوورەوە و کاری بۆ بکەین.

**ئاراس ڕەشید:** هاوڕێ جەمال وەک دوا پرسیار ڕۆڵی کۆمۆنیستەکان و سۆشیالیستەکان لەم نێوەدا چییە؟

**جەمال موحسن:** بە ڕای من لە بەشێک لە قسەکانی ئێمەدا هات بە تایبەتی لە قسەکانی ئەم دواییەی خەسرەودا، بەڵام ئەگەر تەئکیدێکی زیاتری لەسەر بکەینەوە. وەک پێشتریش وتم، لە ئێستادا وقسەکە لەسەر هەڵسەنگاندنی شوراکانی ١٩٩١ نەبووە، مەبەستم ئەوەبوو کە هەلومەرجەکان جیاوازبوون. تەماشا بکەن لە ئێستادا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش هەموویان بێزارن لە دەسەڵات. هەمووشی لە ڕووی تێورییەوە پێی وایە ئەم دەسەڵاتە هیچ مەشروعییەتێکی نەماوە، بەڵام هەوڵدان بۆ وەلانانی ئەم دەسەڵاتە و قانع بوون بەوەی ئەم دەسەڵاتە دەبێت بە دەستی خەڵک لابچێ و هێزهاوسەنگ وتواناییەک بۆ ئەمە پێویست بێ، هێشتا نەهاتوتە پێشەوە. بە بۆچوونی من دەبێت ئەم دوو جیاوازییە ببینین.
کاتێک لە ١٩٩١ شوراکان پێکهاتن لە هەلومەرجێکدا کە بەعس ڕووخا، خەڵک ئیرادەیەک پەیدا دەکات، کە دەبینێت دوژمنەکەی شکاوە، لە هەمان کاتدا دەخاڵەت وچالاکی ئەحزابی چەپ و کۆمۆیستەکان هەیە، دەتوانێت ئەم کارە بکات. بەڵام لە ئێستادا وا نییە. چەندین ئەحزاب هەن کە ناڕەزایەتی خەڵکیان بە لاڕێدا بردووە و درۆیان لەگەڵ کردوون. بەرنامەی داونەتێ و گوتویەتی وەرن دەنگم پێ بدەن و لەولاشەوە دەچێت خەریکی شتێکی تر و ساتوسەودا بووە. ئەمانە هەمووی کاریگەری لەسەر سایکۆلۆجی ناڕەزایەتی ئەم خەڵکە داناوە. دەیانەوێت سیاسەت لە خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش ناشرین بکەن. خەڵک بێزارە لەو جۆرە لە سیاسەتی ئەحزابی بۆرژوازی کوردی. بە دروست خەڵک پێیان دەڵێت، کە ئەمانە خەریکی بازرگانی سیاسین.
بەڵام سیاسەتێکی تر کە بەرگری لە نانی خەڵک دەکات، کە خەڵک دێنێتە دەرەوە بۆ ئەوەی خەڵک خۆی تەئمینی ژیانی خۆی بکات. سیاسەتێک کە دەیەوێت خەڵک دەسەڵاتی خۆی پەیدا بکات، ئەم دەسەڵاتە لای خەڵک ناشرین نابێت. پرسیار ئەوەیە، کە چ ڕەوتێک ئەم کارە دەکات؟ بە بۆچوونی من ئەمە ئەرک و کاری کۆمۆنیستەکان، بە تایبەتی کۆمۆنیزمی کرێکارییە.

## ئایا سەرهەڵدانەوەی شوراکان لەتوانادایە؟

من پێم وایە کە دەبێت ئەم بۆچوونە زۆر بە بەرینی بخەینە ناو ڕیزی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشەوە. نمونەیەکی سادە کە هاوکات خاڵێکی لاوازیشە. ئەم هەموو ناڕەزایەتییانە هەبوون و جەماوەرێکی زۆر هاتن، خۆ هەمووی مامۆستا و فەرمانبەر نەبوون لەسەر جادە لە واقعدا، بەڵکو جەماوەرێکی زۆری تێدا بوو، کە بەدەست هەژاری و برسێتییەوە دەناڵێنێت. واتە ئاستێکی کۆمەڵایەتیتری بە خۆوە گرتبوو. بەڵام ناوەندە کرێکارییەکان نەکەوتبوونە جوڵە. بۆ نمونە لە نێو کرێکارانی نەوتدا یان ئاسندا یان کارگەکانی تر دەنگێکت نەبینی بەرز بێتەوە. ئەم شتە کە نەهاتە دەرەوە بۆ خۆی لاوازییەکە. کارکردن لەسەر ئەوە لە هەموو ئەم ناوەندانەشدا ئەم جۆرە لە ناڕەزایەتییە بێتە دەرەوە، کە کاتێک کێشەیەک بوو، کرێکارانی ئەو ناوەندە بتوانن کۆببنەوە و کۆبوونەوەی گشتی ڕێکبخەن، خۆیان لە نێو خۆیاندا کیشەکە باس بکەن و نوێنەرێک دیاری بکەن کە بیباتە سەرەوە و سەرئەنجام بیسەپێنێت. دەبێت ئەمە بەهێز بکەین. ئەمە ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە ئەم نەریتە لە ئیعتماد کردن بە خۆ و ڕێکخستنی کۆبوونەوەی گشتی بەهێز بکات، کە یەکێکە لە کۆڵەکاکانی بزوتنەوەی شورایی.

یەکێکی تر کە بەلامەوە گرنگە ئەوەیە کە خەڵک ناچێت سواڵ لە دەسەڵات بکات، بەڵکو کاتێک خواستی هەیە دەبێت بچێت بیسەپێنیت. نمونەیەک ئەوەیە لە کاتی ناڕەزایەتیەکاندا کارمەندانی باجەکان تەرحێکی زۆر باشیان هێنایە پێشەوە، بەڵام هێزی کافی نەبوو تا بیسەپێنیت. تەرحەکەیان ئەوەبوو کە دەیانگووت ئێمە ئاگادارین لەوەی کە باج و گومرگەکان چەندێکە، زۆر زیاترە لەوەی بەشی مووچەی خۆمان بکات، نیسبەتێکیان دیاریکرد، کە بدرێت بە کارمەرندان خۆیان و خۆیان بتوانن مووچەکانی پێ دابین بکەن. ئەگەر ئەم مەسەلەیە بە شوێنیدا بڕۆشتنایە و هێزێکی کافیان بۆ بهێنایەتە مەیدان، دەستکەوتێکی مەزن ئەبوو. هەمان شت لە نێو کرێکارانی کارەبا و مرورەکاندا بچوایەتە پێشەوە، بۆ نمونە مرورەکان دەیانگووت کە داهاتی مرور دەتوانێت مووچەی هەموو کارمەرندانی پارێزگای سلێمانی دابین بکات، نەک تەنها هی ناو شار. هەموو ئەمانە مانای ئەوەیە کە پارە و ئیمکان هەیە، بەڵام هێزێکی دەوێت کە بتوانێت لە قورگی دەسەڵاتداران بیهێنتە دەرەوە. ئەمەش ئەرکی کۆمۆنیستەکانە کە ئەم مەیلە بەهێز بکات. ئەم نەریتە سیاسی و خەباتکارانەیە بەهێزبکات و ئەمەش بۆ خۆی شورایە. شوورا تەنها شتێکی ئایدۆلۆجی و فیکری نییە ئێمە دڵمان پیی خۆش بێت و لە ئەنجامی ئەوەی شەو خەومان پێوە بینیبێت و بەیانی کە هەستاین بڵێین شورا باشترین شتە. مەسەلەکە وانییە. شورا ژیانی واقعییە. بۆ نمونە مانای نییە من مامۆستایەک بم لە جێگەیەکی وەک زانکۆدا و زانست دەبەمە پێشەوە، بەڵام کەسێک لە سەرو منەوە کەمترین زانیاری سەبارەت بە زانست هەیە و بێت بەسەر مندا زانست فەرز بکات. ئایا دەبێت ئەو خاوەنی بێت یان من؟ نمونەی جێگەکانی دی بە هەمان شێوە، بۆ نمونە پاڵاوگەکانی نەوت. ئەگەر ئەوان نەڕۆن کار نەکەن و پارێزگاری لە بۆرییەکان نەکەن و بەرهەمەکەی نەهێنن، کێ دەیکات لەو کۆمەڵگایەدا؟ بۆیە دەبێت سەرئەنجام تۆ خۆت بە خاوەنی بزانیت. بەهێزکردنی ئەم مەیلە لە نێو کرێکاراندا کاری ئێمەیە و شوراکان لیرەوە دێنە دەرەوە، نەک لەوەی کەسێک پێی خۆشە.

ئەو قسەیەی خەسرەو ئاماژەی پێ دا زۆر دروستە، کە ئەم جارەیان دەبێت لە قووتی خەڵکەوە ئەم جۆرە لە ڕێکخراوبوون بێنیتە دەرەوە. چونکە تۆ خەڵکێکی ماندوو و شەکەتکراو و برسیکراوت هەیە و دەبێت وەڵام بەمە بدرێتەوە. هەر هێزێک، کۆمیتەیەک، دەستەیەک، ڕێکخراوێک بتوانێت ئەم قووتە بسەنێت، کارێکی زۆر باشە و بە قازانجی بەهێزکردنی ئەم ئیرادەیە ئەبێ. ئەمە کاری کۆمۆنیستەکانە کە ئەم ئاسۆ و بۆچوونە بەهێز بکەن و بەڵێ سەرئەنجام ئەمەشمان بۆ ئەوە دەوێت بتوانین شۆڕش بکەین. بۆ ئەوەمان نییە کە مووچەکانمان بەدەست هێنا بچینەوە ماڵێ دانیشین و بڵێین کێشەمان نەما. ئەو کۆمەڵگایە کێشەی زۆرە. ئەو کۆمەڵگایە نابێت بە دەستە ئەوانەوە بێت. ئەم بزووتنەوەیە بۆیە بەڕێئەخەین بۆ ئەوەی سەرئەنجام بچێتە ڕێڕەوی شۆڕشی کرێکارییەوە، ئەگەر نا وەک ئەوەی لێ دێت، کە کەسێک شوێنێکی بیەشێت و بچێت تەنها ئازارشکێنێکی بدەیتێ. ئێمە نامانەوێت بە تەنها ئەو کارە بکەین.

**ئاراس ڕەشید:** هاوڕێ خەسرەو ئەگەر تەماشای ناڕەزایەتییەکان بکەین، لە ئێستادا لەسەر شەقامەکان نەماون. بەڵام ناڕەزایەتی خەڵک هەر قوڵپ دەدات. ڕۆژ بە ڕۆژیش قەیرانە ئابووری و سیاسیەکانیش زیاد دەکات. ئایا لە ئێستادا لە نێو ئەو ناڕەزایەتییانەدا قسەیەک لەسەر شوورا هەیە، یاخود واقعییەتی هەیە؟

**خەسرەو سایە:** ئەگەر من پرسیارەکە وا لێ بکەم، کە ئایا لە ئێستادا لەو ئاستە لە بێزاری و ناڕەزایەتی کە هەیە، ئیمکان هەیە بۆ بزووتنەوەی شورایی و لە کوێوە دەتواندرێت ئێمە لسەر ئەم مەسەلەیە کار بکەین و دەستی بۆ بەرین؟ لە کوردستاندا یەک واقع هەیە، کە ئەویش مەسەلەی هەژاری و نەدارییە. لە ئێستادا ئەم مەسەلەیە لە چەند ڕووەوە یەخەی بە خەڵک گرتووە و خەڵکی کوردستانی ڕووبەڕووی کارەساتێک کردۆتەوە، چونکە هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەری قەیرانی ئابووری لە ناوخۆی کوردستاندا وجودی نییە. ئەم مەسەلەیە ڕەوتێکی جیهانییە. لە لایەکی تریشەوە دەبینی کە دەسەڵاتداران هیچ بەرپرسیارێتیەکیان لە بەرانبەر ژیان و چارەنووسی ئەو خەڵکە نییە. بۆیە ئیمکانی برسێتی و نەداری و نەبوونی ببێتە کارەسات لە نێو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا.

بە بۆچوونی من لەم هەلومەرجەدا خەبات بۆ باشتر کردنی ژیان و گەڕاندنەوەی قووتی خەڵک دەتوانێت زەمینەیەک بێت بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شوراکان سەردەربهێنێت. بەڵام دیارە ئەم مەسەلەیە هەر بەتەبلیغ و کاری وشیاردەرانە کە گرنگە و پێویستە بەردەوام بکرێت- بەکردەوە دەرنایەت و لە حەز و ئارەزووی ئێمەوەشەوە دەست پێ ناکات. بەڵکو لەوێوە دەست پێ دەکات، کە چۆن بتوانرێت ناڕەزایەتیەکانی ئێستا لە شکڵی خاوی ڕێکخراوبوونیەوە هەنگاو بە هەنگاو لە دەوری شکڵی سادەی خۆیەوە و تەنانەت دەست بردن لە سەرەوە بۆ لیژنە و کۆمیتەی کاتی، کە بتوانێت پێکهات و گروپەکانی نێو ئەم ناڕەزایەتییانە کۆبکاتەوە و یەکیانبخات و هەنگاو بە هەنگاو لە دەوری پلاتفۆرمێکی ڕۆشن بەرەو شکڵێکی باڵاتری ڕێکخراوبوون لەوانەش شوراکان ببرێت.

## ئایا سەرهەڵدانەوەی شوراکان لەتوانادایە؟

ئەمە چۆن؟ بۆ نمونە لە ئێستادا خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لەسەر مەسەلەی هەژاری و نەداری لەگەڵ سێ واقعیەت بەرەوڕوون. یەکێکیان مەسەلەی ئەم سیاسەتی سکهەڵگوشین و لێگرتنەوەی خزمەتگوزاری و بڕینی مووچەیە، کە بۆتە واقعیەتێکی سەخت، بۆ نمونە نەبونی کارەبا، نەبونی خزمەتگوزاری هاتووچۆی گشتی، تەندروستی و داودەرمان، خوێندن و.. هتد. هەموو ئەمانە بەشێکە لە سیاسەتی دەسەلات بە ناوی دەست بردن بۆ چارەسەری قەیرانی ئابوری، وەک هەر دەسەلاتێکی تری بۆرژوازی.

خاڵێکی تر چاوەڕوانی خواستی خەڵکە. دەورەیەک خەڵک ڕەفاهیاتی بینیوە، وەک بەکارهێنانی مۆبایەل، ئینتەرنێت، سەیارە، سەفەر و گەشت..هتد. بۆ نمونە ئێستا خەڵکی کوردستان سەفەری وڵاتانی تر دەکەن و ئەمە وەک بەشێک لەژیانیان سەیری دەکەن. مەبەستم ئەوەیە، کە ئەمانە هەموو چاوەڕوانی تر دێنێتە پێشەوە و خواستی تازە دێنێتە ئاراوە.

خاڵێکی تر بوونی ئەو سەروەت سامانە دزراوەیە کە لە دەستی بەرپرسانی حزبی و کاربەدەستانی دەسەلاتدا کۆبۆتەوە. بۆ نمونە کە دەسەلات دەڵێت قەیرانی ئابووری، خۆ لە گیرفانی بەرپرس و دەسەلاتداران وەلام نادرێتەوە. هەر ئەوەی دەزگا ڕاگەیاندنەکانی جیهان باسی لێوە دەکەن، کە دەیان ملیارد لەلای مەسعود بەرزانی و بنامەڵەکانی بارزانی و تاڵەبانیدا لەبانکەکانی جیهاندا خەوێندراوە، دەبێ ئەم پارانە بگەڕێنرێتەوە. ئەگەر بۆ نمونە ئەوە وەرگرین، کە بودجەی فەرمی کوردستان ساڵی بە ٣٠ بۆ ٣٥ ملیارد دانراوە. ئەو دەیان ملیارد دۆلارە بلۆککراوەی خانەوادەی بارزانی و تاڵەبانی، ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ خەڵک، دەتوانێت لانی کەم ژیانی چەند ساڵی داهاتووی خەڵکی دابین بکات.

مەبەستم ئەوەیە کە ئەم سێ کوچکەیە، دەتوانێت بزووتنەوەیەکی فراوانی جەماوەری لەسەر بەرێبخرێ و خەڵک کۆبکاتەوە و ڕێکیان بخات. لە حاڵی حازردا، دەستەی نارەزایەتی و کۆڕو کۆمەڵی جۆراوجۆری نارەزایەتی هەیە لە ناو مامۆستایان، کرێکاران، خوێندکاران، لە گەڕەکان، لەنیو ژناندا.. هتد. ڕابەرانی ئەم پێکهاتوانە دەتوانن لە دەوری پلاتفۆرمێک کۆببنەوە. پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا، بۆ دەستپێکردنی نارەزایەتی لە دژی هەژاری و نەداری بێتە ئاراوە. بە بۆچوونی من ئەمە یەکەم هەنگاوە کە دەبێت بنرێت. کۆبوونەوەی ئەوان لە دەروی خواستەکانیان، بۆ نمونە خواستی بیمەی بێکاری. لە ئێستادا خواستی کار یان بیمەی بێکاری خواستێکی زۆر گرنگە، ئەگەر بە فراوانی کاری لەسەر بکرێت، یان لەسەر گێراندنەوەی داهاتەکان، یان تەئمینی ٢٤ سەعات ئاو و کارەبا و خۆرایی کردنی خەستەخانەکان و بواری تەندروستی. یان لەدژی سیاسەتی پاشەکەوتکردنی مووچە. ڕابەران وهەڵسوڕاوانی ئەم خواستانە و هەموو ئەوانەی لە دەورەکانی ڕابردوودا چالاک بوون، دەتوانن کۆببنەوە، کۆمیتەی خەبات لە دژی هەژاری و نەداری دروست بکەن. ئەم کۆمیتەیە دەتوانێت بڕوات کۆمیتەی گەڕەکەکان دروست بکات، ئەم خەباتە دەبێت سەرئەنجام بۆ گۆڕینی کۆمەڵگا هەنگاو بنێت و بەرەو ئەم ئاسۆیە مل بنێت.

وەک پێشتریش وتم، کە پێویستە ڕیزێک لە هەڵسوڕاوان و ڕابەرانی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان واوەتر لە هەلومەرجی ئەمڕۆ بڕوانن. پێیان وابێت، کە لە بەرئەنجامی ئەم خەباتە، ڕیزی ڕادیکاڵ و

شۆڕشگێڕانی جەماوەرە  بۆ ئەوەی خۆی دەسەڵات بگرێت و هەنگاو بە هەنگاو هاوسەنگی هێزی خۆی بگۆڕێت لەگەڵ دەسەڵاتدا، تا بتوانێت دواتر لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا دەسەڵات لە دەستی ئەوان دەربهێنێت و ئیرادەی دەسەڵاتکردن بۆ خودی خەڵک بگەڕێنێتەوە. من پێم وایە ئەمە  چوارچێوە و فەزایەکی واقعیە بۆ دەست بردن بۆ خەباتی شوراکان بۆ دامەزراندنیان وەک جووڵانەوەیەک. کاری ئێمەی کۆمۆنیستەکان لە نێو خەبات لە دژی هەژاری و نەداری و بێکاری، بە بۆچوونی من دەتوانێت سەرلە جوڵانەوەی شووراکان دەربهێیت..

**ئاراس ڕەشید: لە کۆتاییدا سوپاس بۆ هاوڕێیان جەمال موحسین و خەسرەو سایە بۆ بەشداریتان.**



خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزووتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟ ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

(5)

**" دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی"،**
**یان تەعدیلی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی سیستەمی مەوجود؟**

لەم بەشەی باسەکەماندا، لەسەر دوایین تەوەرەی بەشی سێهەمی پرۆگرامی بزووتنەوەی گۆڕان ڕادەوەستین کە لەژێر ناونیشانی "دادی کۆمەڵایەتی و گەشەدان بە سامانی مرۆیی"دا، هاتووە. بێگومان ئەم تەوەرەیە بەو جۆرەی کە پرسی "داد/ عەدالەتی کۆمەڵایەتی" و "گەشەدان بەسامانی مرۆیی" دێنێتە ئاراوە، گەرەکیەتی دوا ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕانمان پێبناسێنێ. واتە ئەم تەوەرەیە وەک بەرەنجامێک لەسەرجەم ڕوانگە و بۆچوون و ئاڕاستە سیاسیەکان و هەموو ئەو "ئەرکە نیشتمانی و دیموکراتی"یانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا پشتیان پێدەبەستێ و تۆماری کردوون، وێنای ئەو کۆمەڵگایەمان پێدەناسێنێ، کە بڕیارە داهاتووی خەڵکی کوردستانی بۆ ڕاکێشێت. بەدیوێکی تردا "دادی کۆمەڵایەتی" و "گەشەدان بەسامانی مرۆیی" ئەو چەمکانەن کە بزووتنەوەی گۆڕان دەیەوێت لەڕێگایەوە سنووری خۆی لەگەڵ بێدادیەکانی ئێستا و ئەو

سیستەمەدا بکێشێت، کە لەسەر بنەمای جیاکاری و ستەم و بەشخۆری ڕاوەستاوە و سەرەنجام بیگوێزێتەوە بۆ کۆمەڵگا و سیستەمێکی تر کە دادی کۆمەڵایەتی تیا بەرقەرارە و سامانی مرۆییش ڕوو لە گەشەیە. کەوایە بەرلەوەی بچینە وردەکاری نێو بەند و خاڵەکانی ئەم تەوەرەوە باشترە لەسەر خودی ئەم دوو چەمکە ڕاوەستین.

## واتای دادی کۆمەڵایەتی چییە..؟

## بزووتنەوەی گۆڕان لەکوێدا ڕاوەستاوە؟

دادی کۆمەڵایەتی یەکێک لەوچەمکە باوانەیە کە لە کەلتوری فکری و سیاسی دونیای ئەمڕۆدا پانتاییەکی گەورەی داگیرکردووە و لە ئاستێکی فراوانیشدا بەکاردەبرێ. بەڕادەی ئەوەی کە حزب و دەزگا و ڕێکخراوە و دامەزراوەی جۆراوجۆر، هەریەکەیان بەشێوازی جیاواز، بۆ تەعبیرکردن لەدوا ئامانجەکانیان، لە پەیڕەو و پرۆگرامە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانیاندا، جێگایان بۆ کردۆتەوە. تەنانەت سەرکردە و سەرۆکی وڵات، قازی و مەلا و قەشە و سەرۆک خێڵ، سەرەڕای کارنامەی ڕەش و سەرکوتگەری و کۆنەپەرستی و ڕاسیستانەیان، بەجۆرێک لەجۆرەکان لە دانی پەیام و ئاماژە و دەربڕینەکانیاندا پەنا بۆ بەکاربردنی ئەم چەمکە دەبەن و وەک ئاوات و ئامانجێک ئەیدەن بە گوێی خەڵکیدا. دیارە هۆکاری ئەمەش لەو خاڵەدا خۆی دەردەخات کە چەمکی "دادی کۆمەڵایەتی"، لە ڕەوتی مێژوویەکدا کە تێپەڕاندووە، کراوەتە چەمکێکی پیرۆزکراو و موعتەبەر، بۆ تەعبیرکردن لە کۆمەڵگا و داهاتوویەکی بەختەوەر و خۆشگوزەران و ئازاد و پێشکەوتووی ئینسانی. لەکاتێکدا خودی ئەم چەمکە، یەکجار نارۆشن و لێڵە و هەڵگری واتا و مەبەست و ئامانجی جۆراوجۆر و تەنانەت دژبەیەکیشە. بەتایبەتی ئەم چەمکە لەڕەوتی مێژوودا و لەسەردەمانی جیاجیا و لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا، لەلایەن بزووتنەوە و هێز و ڕەوتی جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتییەوە واتا و تەعبیری ڕەنگاوڕەنگ و پێچەوانە لەگەڵ واقعی مەوجودی لێدراوە و بۆ پاساودانی ڕاگرتنی سیستەم و دەسەڵات، بۆداهاتوویەکی نادیار و لە هەمانکاتدا بۆ دانی ئاوات و ئومێدێکی خەیاڵی، بە خەڵکی چەوساوە و زوڵم لێکراو، دەستی بۆ براوە.

بۆنموونە ئاینەکان بە گشتی دادی کۆمەڵایەتی وەک حوکمێکی خوداوەند لەسەر ئەرز و واتای تەرازوویەک وەردەگرێ بۆ کێشانی "عەدل و ئینساف" کە سپێردراوە بە ئەخلاقیات و ویژدانی پەیامبەرانێکی پیاوچاک و ئەقڵی حەکیمانێکی خێرخواز، تا کۆمەڵگا و ئینسانەکان لە "شەڕی شەیتان و فیتنە" و بوغز و کینە دەرکێشێ و ژیانێکی "هاوسەنگ/ میانەڕەوی" و "بەویژدان" تەرازوویەک بێت بۆ بەرقەرارکردنی داد لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەنداندا، لە نێوان کۆیلە و خاوەن کویلەدا. کەچی لە ئەنجامدا، زۆرترین تاوان و بێدادی و سەرکوت و هەڵاواردن لە سایەی "نیەتی دادوەرانی نوێنەرانی سەرزەوی خواوەندەکان" خوڵقێنراوە.

سوقرات و ئەفلاتون، وەک یەکەمین فەیلەسوفانێکی سەردەمی کۆنی یۆنان، "دەوڵەتی ئایدیاڵ"، لەسەر بنەمای "فەزیلەتە کۆمەڵایەتیەکان" و لە پەیوەند بە دابەشبوونە چینایەتی و کۆمەڵایەتیەکانی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئەو دەمانەوە و بە پێداگرتن لەسەر "خەسڵەتە ناوەکیەکانی خودی ئینسان"، دادی کۆمەڵایەتییان لەسەر بنەمای ڕاگرتن و مەشروعییەتدان بە کۆیلەیەتی، وەک چەمکێکی فەلسەفی هێنایەکایەوە، کەدواتر مشتومڕێکی فەلسەفی و تیۆری لێکەوتەوە. بەڵام دواتر چەمکی دادی کۆمەڵایەتی کە زیاتر لەپەیوەند بە "تاوان و سزاوە" لە بوعدێکی قانونیدا لە سیستەمی دادوەری و قەزاییدا، خۆی دەرخست و کرایە قەڵغانێک بۆ پێشگیری بە ئاشوب و تاوان، "سەروەریی یاسا"ی لەبەرامبەر هەمووان‌دا، بەعەدالەت ناساند. لەکاتێکدا لەژێر سایەی "سەروەریی یاسادا"، زیندانیکردنی هەتاهەتایی، سەرپەڕاندن و لەسێدارەدان و هەڵواسینی ئینسان و لێسەندنەوەی مافی ژیان، وەک شێوازێک بۆ "تەنفیزی عەدالەت"، کە تا ئەمرۆش درێژەی هەیە، کرایە بەشێک لە سیستەمە قانونیەکان و بەم حاڵەشەوە چەمکی دادی کۆمەڵایەتی بەرەو مەیدانەکانی ئەخلاق، سیاسەت، ئابووری و کۆمەڵناسی سەرەوخوار بوەوە. بەڕادەی ئەوەی ئەمڕۆ باس لە عەدالەتی کەلتوری و، ئەتنیکی و"دادی جوگرافی"یش دەکرێ و لە هەربوارەشدا واتای تایبەتی پێدەدرێ.
بەدیاریکراویش لەسەدەی هەژدەهەمدا و لەگەڵ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی سیستەمی سەرمایەداری و دەرکەوتنی سەرمایەدار و کرێکار وەک دابەشبوونێکی کۆمەڵایەتی سەرەکی، چەمکی دادی کۆمەڵایەتی ڕوانگەیەکی بۆرژوایی پێدرا و وەک تەعبیرێکی ئەم چینە بۆ "یەکسانی و هاوبەشێتی" نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا، بەکارهێنرا. مەسەلەی "کرێی عادیلانە لەبەرامبەر ڕۆژکارێکی عادیلانە"دا، کە کرێکارانی بەریتانیا لەجەرگەی پەرەسەندنی مانیفاکتۆرە و دەرکەوتنی قەڵشتێکی فراوان لەنێوان ژیانی هەژاری و نەداری کرێکاران لەلایەک و دەوڵەمەندان و خاوەن کارگە و سەرمایەداراندا، تەعبیرێک بوو بۆ تەحقیقی دادی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەنگلس واتەنی "ئەو بابەتەی لەڕوانگەی ئەخلاقەوە عادیلانەیە، تەنانەت بەپێی یاساش عادیلانە بێت، بەڵام بە بەراورد بەو شتەی کە لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە عادیلانەیە، ئەشێ تائەوپەڕی خۆی جیاوازبێت". کرێکاران لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا، کە جگە لە فرۆشی هێزی کاریان شتێکی تریان نییە بۆ دابینکردنی ژیان و بژێوییان، وەک چەوساوەترین چین و بەشی کۆمەڵگا، دەکەونە پەیوەندییەکی نابەرابەر و ناعادیلانەوە لەبەرامبەر سەرمایەداران و دەوڵەمەندانی کۆمەڵگادا. بەتایبەتی کە کاری کرێکاران لە پڕۆسەی کار و فرۆشتنی هێزی کاریاندا، نەک هەر پێداویستی و هۆیەکانی بژێوی خۆیان و کۆمەڵگا بەرهەمدەهێنن، بەڵکو زیادەیەکیش دەخەنە سەر بڕی ئەو سەرمایەیەی کە لە دەستی دەوڵەت و سەرمایەداراندا کۆبۆتەوە. بەمجۆرە سەرچاوەی داهاتی کۆمەڵایەتی شتێکی تر نییە جگە لە کەڵەکە بوونی بەردەوامی هێزی کاری دزراوی کرێکاران، ئەمە ئیتر ناعادیلانەترین دابەشبوونی کۆمەڵایەتییە کە چینی بۆرژوازی و دەوڵەت و یاسا بە دیاردەیەکی "عادیلانە" ڕەسمییەتی پێداوە. لەلایەکی ترەوە سەرمایەداران بۆ ڕاگرتنی ئەم هەقیقەتەی نیزامی سەرمایەداری، لەچەندین لاوە ستەم و چەوسانەوە و جیاکاری بەرهەمهێناوە و بگرە گەلێک لەوستەم و بێدادییانەی کە لە کۆمەڵگاکانی پێش خۆیدا بوونیان هەبووە، بە میرات بردووە، لەوانە ستەمکێشی ژنان. بەم پێیەش نیزامی سەرمایەداری وەک سەرچاوەی هەموو جیاکاری و ستەم و چەوسانەوەیەکە کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بێدادی لەبەرامبەر کرێکاراندا ڕاوەستاوە. خودی ئەم ڕاستییە، لەدونیا و

**خەسرەو سایە**

سەردەمی ئەمڕۆدا، چینی بۆرژوازی و دەوڵەتان و سەرمایەدارانی وردودرشت و قەڵەم بەدەستانی، بە شێوازی جۆراوجۆر خستۆتەکارەوە بۆ جوانکردن و بەڕەوا و بەعادیلانە نیشاندانی نیزامی سەرمایەداری و پێچەوانە کردنەوەی دادی کۆمەڵایەتییە لەم نیزامەدا. بەتایبەتی کاتێک ئەم چەمکە وەک دروشم و ڕێباز، وەک دوائامانجی هێزولایەنە بۆرژوازییەکان، وەک ڕێباز و بەرنامەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم چینە، لە پەیوەند بە هەلومەرجی داسەپاو و سیستەمە قانونی و سیاسی و ئابوورییە جیاجیاکانەوە بەدەستەوە دەگیرێ و واتای جۆراوجۆر و جیاوازی پێدەدرێ: ئەمڕۆ دادی کۆمەڵایەتی لای دیموکراتخوازەکان ئەو واتایەی پێدراوە کە ئەوە "سیستەمی دیموکراتی"یە کە لەسەر بنەمای "دەنگدانی تاک" لە هەڵبژاردنەکاندا ئەتوانێ وەک "تەرازووی عەدالەت" ڕۆڵبگێرێ لە برانەوەی سیستەمی دەسەڵاتداریتیدا و ئازادی و دادی کۆمەڵایەتیش بۆ هەمووان دەستەبەربکات. زۆرجاریش ئەم پرۆسەیە بە ئامانجی بەدەستهێنانی "ئاشتی کۆمەڵایەتی" و دوورکەوتنەوە لە توندوتیژییەوە دەبەستریتەوە. لەکاتێکدا هەژاری و بێکاری، جەنگ و کوشتار، پەلامار و توندوتیژی پۆلیسی و ڕاسیستی کۆمەڵە دیاردەیەکی زەقی دیموکراسی و سیستەمە دیموکراتیەکانە. لەمەش زیاتر واتای دادی کۆمەڵایەتی بۆ ناسیونالیستەکان کە لە مافی سەلماندنی هەویەتی نەتەوەیی لەبەرامبەر ئەوانی تردا و لە مافی ڕزگاری خاک و ئاوی وڵات، لە دەستی بێگانە، زیاتر تێناپەڕێت، "ئەوانی تر" وەک "کەمینە" لە یەکیەتی نەتەوەییدا، سەرکوتدەکا و وەک ئینسانی پلەدوو چاویان لێدەکات. لای لیبراڵەکانیش کە تاک و تاکگەرایی خاڵی سەنتەرە، بەپێویست تایبەتمەندیەکانی تاک، لەوانە توانا و ئامادەییەکان، شایستەیی و پسپۆڕی... کە هەر هەموویان بەرئەنجامی کاری تەخەسوسی و کاردابەشکردنی یەکلایەنەی سیستەمی سەرمایەدارین، وەک بنەمایەکی جێگیر بۆ پێناسەی چەمکی دادی کۆمەڵایەتی بەدەستەوە دەگیرێ و بەم جۆرەش گەیشتن بە بەها فەردییەکان بەمانای گەیشتنی تاک بە "بەرهەمە بەکاربردنە کۆمەڵایەتیەکان" لە پرۆسەی کۆکردنەوەی قازانج و سودی سەرمایەکاندا، بە "هەقێکی ئەبەدی تاک" ڕەسمییەت پێدەدات. لەکاتێکدا لەژێر سایەی عەدالەتی لیبراڵەکاندا ئەوە هەر ئەو "تاکە مەحبوب"ەیە، کە بێکاری و هەژاری و دەیان دەردوبەڵای تر خنکاندویەتی و "تاوانە کۆمەڵایەتیەکان" لە گۆشەی زیندانەکاندا، یەخسیری کردووە. لەیەک وتەدا دادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمڕۆدا کە زیاتر ڕووی لە بواری ئابووری و داهات و سامانە کۆمەڵایەتیەکان کردووە، لە ڕوانگەی بۆرژوازی و ڕەوتەکانیەوە، زیاتر واتای "عەدالەت لە دابەشکردندا"ی پێدەدرێ. "داهاتی کۆمەڵایەتی وداهاتی تاک" باوترین چەمکن بۆ تەرازووکردنی عەدالەت لە نێوان سەرمایەداران و دەوڵەت و هاوڵاتیاندا،

*/ لای مارکس و مارکسیستەکان، "چەمکی یەکسانی" ئاڵتەرناتیڤی چەمکی دادی کۆمەڵایەتییە. یەکسانی نەک هەر بە مانای دابین کردنی ئازادیەکانی ئینسان و یەکسانییان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، بەڵکو یەکسانی لە بەشداریکردن و هاوبەشێتی هەمووتاکێکی کۆمەڵگا لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و دەستڕاگەیشتنی یەکسانیان بە هەموو داهات و سەرچاوە مادی و مەعنەویەکانی کۆمەڵگادا، بەم جۆرە یەکسانی لای مارکس لە پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە دەست

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

لەکاتێکدا ئەوە پرۆسەی بەرهەمهێنان و جێگاوڕێگای ئینسانەکانە لەوێدا، کەهەر لەپێشەوە بڕیاری بەرکەوتەی تاکەکانی کۆمەڵگای داوە. *

بەڵام چەمکی دادی کۆمەڵایەتی هەرچۆنێک بێت و بەهەر مانایەک بێت، لەوەتەی پەیدابووە تا ئێستا، خۆی بەڵگەی ئەو ڕاستیەیە کە جیاکاری جۆراوجۆر، ستەم و چەوسانەوە، لەنێوان ئینسانەکاندا و لەلایەن بەشێکی کۆمەڵگاوە بەرامبەر بە بەشەکەی تر، یەک واقعیەتی حاشاهەڵنەگرە و ئەم حاڵەتەش لە قاڵبی سیستمە سیاسی و ئابووری و قانونیەکاندا ڕێکخراوە، بەم پێیەش خەبات و هەوڵی کۆمەڵایەتی و فەردیی ئینسانەکان بۆ گۆڕینی ئەم واقعیەتە و کۆتاییهێنان بە ستەم و چەوسانەوە، کردەیەکی بەردەوامە کە "دادی کۆمەڵایەتی" بەواتای جۆراوجۆری کردۆتە ئاڵاکەی.

لەم ڕوانگەیەشەوە مەسەلەی چۆنیەتی بەدیهێنان و دابینکردنی دادی کۆمەڵایەتی خۆی پرسێکی گرنگە تا بە کردەوە پیشانمان بدات کە چ ئاستێک و چ جۆرێک لە جۆرەکانی ستەم و جیاکاری تێپەڕاندووە و لەسایەی چ نیزامێکدا، ڕێچکەی بەرەو دادی کۆمەڵایەتی گرتووە؟ "ڕیفۆرم و چاکسازی"، "دەستور و پەیماننامەی کۆمەڵایەتی"، "بەرنامە و هوشیاری"، تا دەستبردن بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین... ئەمانە ڕێبازگەلێکن کە لە پێناو گەیشتن بەدادی کۆمەڵایەتیدا لەلایەن ئەحزاب و ڕەوتگەلی جیاجیاوە، دەستیان بۆ براوە و لەمێژوودا نموونەیان زۆرە.

ئێستا بەدوای ئەم قسەوباسانەدا با بزانین بزووتنەوەی گۆڕان بەشوێن هەڵگرتنی چ جۆرە جیاوازی و بێدادییەکەوەیە و چ ڕێبازێکی لەبەرامبەردا گرتۆتەبەر و سەرەنجام چ واتایەکی بەم چەمکەداوە؟

لە پەیوەند بە وەڵامی ئەم پرسیارانەوە، سەرەتا پرۆگرام هەست بە "جیاوازییەکان و بێدادییەکان" دەکا و دەنووسێت:

> <u>بەڵام ئەوەی لە هەرێمی کوردستاندا هەستی پێدەکرێ بێبەرنامەیی حکومەتە لە پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا، بڵاوبوونەوەی بێدادییە لەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند، نێر و مێ، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گوندی و شاری و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە.</u>

لەم دەربڕینەی سەرەوەدا پرۆگرام لە دوو ئاستدا جیاوازیەکان و بێدادی کۆمەڵایەتی دەستنیشان

---

⟹ پێدەکات و شۆڕدەبێتەوە بۆ دابەشکردنی بەرهەمی کۆمەڵایەتی و هەموو بوارەکانی تر. بەمجۆرەش هەر کەسێک بەوپێیەی کە ئینسانە و چاوی بە کۆمەڵگەی ئینسانی هەڵهێناوە بە یەکسانی لە هەموو نیعمەتەکانی ژیان و بەروبوومی کاری هاوبەشی ئینسانەکان بەهرەمەند دەبێت. "لە هەر کەسێک بەپێی توانای و بۆ هەرکەسێک بەپێی پێویستیەکانی، ئەمە بنەمایەکی سەرەکی کۆمەڵگەی یەکسانی و ئازادی کۆمۆنیستییە". شۆڕشی کۆمۆنیستی کە نەک هەر دەسەڵاتی سیاسی چینی دەسەڵاتدار دەڕوخێنێ، بەڵکو موڵکداریتی تایبەتی و کاری بەکرێ هەڵدەوەشێنێتەوە و کۆمەڵگای کارکردوان دادەمەزرێنێ، بەئاراستەی پوکانەوەی دەوڵەت و چینەکان و کاڵا و پارە و بازاڕ... وهەموو بنیادەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری.. بەجۆرێک کە یەکسانی واقعی کۆمەڵایەتی دادی کۆمەڵایەتی دەستەبەربکات.

کردووە، یەکەمیان: "بێ بەرنامەیی حکومەت لە پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا"، و دووەمیشیان: "بڵاوبوونەوەی بێدادیە لە نێوان کەرتە کۆمەڵایەتیەکان" و "بیدادی جوگرافیە"، یانی "جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، نێر و مێ، دەسەڵاتدار و بێدەسەڵات، گوندی و شاری و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچە"یە!

لەبارەی خاڵی یەکەمەوە ئێمە دواتر لەسەر واتای دەستەواژەی "سامانی مرۆیی" و ئەو ئاماژانەی کە بۆ لێڵکردنی واقعیاتە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان پشتی پێبەستراوە، ڕادەوەستین، بەڵام لێرەدا دەپرسین ئایا "حکومەت بێبەرنامەیە لە پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا"، بۆیە وا "سامانی مرۆیی" لەگەڵ جیاوازی و ناعەدالەتیدا بەرەوڕوو کراوەتەوە، یان خودی ئەم حکومەت و ئەم دەسەڵاتە، وەک نوێنەری چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکان، سەرچاوە و هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ڕاگرتن و بەرینکردنەوەی "بێدادی و جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان" و تەواوی نەخشە و بەرنامە و پلانەکانیشی بۆ قوڵکردنەوەی ئەم جیاوازی و بێدادیە؟

بێگومان بزووتنەوەی گۆڕان کە ئەزمونی حکومەت و دەسەڵات بەدەستکەوتی "هەمووگەلی کوردستان" دەزانێ و لەسەرو ناسنامەی چینایەتی و سەرمایەداری بوونەکەیەوە دەیناسێنێ، دەیەوێت پێمان بڵێ کە حکومەتی ئێستا حکومەتی هەمووانە، بەڵام ئەوە دەستەی فەرمان بەدەستە بێبەرنامەیە، بۆیە "سامانی مرۆیی" لەگەڵ جیاوازی و بێدادی بەرەوڕووە! ئەم بۆچوونەش لە بنەڕەتەوە پێچەوانەیە لەگەڵ واقعیەتەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بەتایبەتی حکومەت لە کوردستاندا وەک هەر دەسەڵات و ئامرازێکی دەستی چینی بۆرژوازی، فەلسەفەی بوون و مانەوەی گرێدراوە بە پاراستن و فراوانکردنەوەی پەیوەندیەکانی کار و سەرمایە و هەرزان ڕاگرتنی هێزی کاری کرێکاران و دانیشتوانی ئامادەبەکار، تالەم ڕێگایەوە کەشوهەوای ئارام و لەبار بۆ کەڵەکەی هەرچی زیاتری قازانجی سەرمایە لەدەستی چینی دەسەڵاتدار و سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکان و بازرگاناندا، هەڵخرێنێ. لەڕاستیدا ئەم حکومەتە نەک بێبەرنامە نەبووە، بەڵکو تەوای بەرنامە و هەوڵەکانی ڕووی لە قوڵکردنەوە و وفراوانکردنەوەی ئەو قەڵشتە چینایەتیەیە کە لەنێوان خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەک و سەرمایەداران و دەسەڵاتداران لەلایەکی ترەوە لەئارادایە.

بەڵگەش بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە هەموو کەسێک دەتوانێ شاهیدی لەسەر ئەوە بدات کە لە سەردەمی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، سەرهەڵدانی "توێژی فیرعەونەکان"، خاوەنانی کۆمپانیای وەبەرهێنان و بازرگانی، ڕیزێک لە بەڵێندەرانی گەورە و مامناوەند و بچوک، کە بەپێی بەرنامەی حکومەت لە دەوری خستنەگەڕی سەدان پرۆژەی ژێربینایی و بازرگانی، لە دەوری بەرهەمهێنانی نەوت و هەناردەکردنی بۆ دەرەوە، کەوتنە سەرقاچ و لەبەرامبەر کرێکاران و زەحمتکێشاندا، دابەشبونێکی فراوان و هەست پێکراویان جێخست. دواتریش کە سەرمایەداری کوردستان گیرۆدەی قەیران بوو دیسانەوە بەرنامەی حکومەت جگە لە پەلاماردان بۆ سەر سفرەی خەڵک و لێگرتنەوەی خزمەتگوزاریەکان، زۆرینەی کرێکاران و فەرمانبەرانیان لەگەڵ چارەکە مووچەدا بەرەوڕوو کردەوە.. لەهەردوو ئەم قۆناغەدا، کارنامەی حکومەت ڕۆشنە و بەپێی بەرژەوەندی و ویستی سەرمایەداران و دەسەڵاتداران چۆتە پێشەوە، کارنامەیەک کە بزووتنەوەی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

گۆڕان نایەوێت بیبینێ و بە یەکجاری خۆی لێلادەدات.
دووەم؛ لەبارەی دەستەواژەی "بێدادی لەنێوان کەرتە کۆمەڵایەتیەکاندا"، پڕۆگرام دابەش کردنێکی ڕواڵەتی لەسەر بنەمای جیاوازی پیشە و ڕەگەز و جوگرافی، داهێناوە و بە "بێدادی"ەوە بەستویەتیەوە! لەکاتێکدا خودی ئەم جیاوازیانە بەرهەمی کاری پسپۆڕی و کاردابەشکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەرمایەدارین و لە پێداویستی هەبوونی چینەکان و جیاوازیەکانی نێوانیانەوە سەریان هەڵداوە. کەسێک ئەگەر بیەوێت لە دەرەوەی ئەم دابەشبوونە ڕواڵەتییانە بڕوانێ دەبێ واقعیەتە چینایەتی وئابووریەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، بە ئەسڵ و سەرچاوە وەربگرێ، ئەگەر نا ناتوانێ دەرکێکی ڕۆشن و زانستی لەجیاوازیەکان بدات بەدەستەوە. بزووتنەوەی گۆڕان لەم دیدە ڕواڵەتیەوە، کاتێک کە "هەژار و دەوڵەمەند" وەک دوو کەرتی کۆمەڵایەتی بەفەرز وەردەگرێ، دەبێ پێمان بڵێت کە کێ هەژارەو کێ دەوڵەمەندە؟ ئایا دیاردەی هەژاری و دەوڵەمەندی لە دەرەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان بوونی واقعی هەیە؟ لەمەش زیاتر ئەوەی کە "نێر و مێ" وەک دوو کەرتی جیاوازی کۆمەڵایەتی ناسێنراوە، پڕۆگرام لەگەڵ ئەو پرسیارە بەرەوڕوو دەکاتەوە، کە ئایا ژن یەکسانە بە مێ و پیاو یەکسانە بە نێر؟ لەبارەی بێدادی لە نێوان گوند و شار و خەڵکی ئەم ناوچە و ئەو ناوچەیەشەوە، دەپرسین ئایا ئەم "بێدادی جوگرافیە" دروستکراو و بەرهەمی بێبەرنامەیی حکومەتە، یان ڕیشەی لە نیزامی سەرمایەداری و یاساکانی پەرەسەندنی ناهاوتا و چەقبەستی سەرمایەدایە؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ نووسەرانی پڕۆگرام جێدێڵین، بەڵام هونەر لەوەدا چییە کەوا بزووتنەوەی گۆڕان بەوجۆرە، بێدادیەکان و جیاوازیەکان دەناسێنێ؟

ئێمە لە بەشەکانی پێشوتری ئەم باسەدا، ئاماژەمان بۆ ئەو خاڵە کردووە کە چۆن بزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی ناسیونالیستی، ناسنامەی قەومی و "کوردبوون"ی کردۆتە بنەما و چوارچێوەیەکی "لێکچوو و هاوبەش" بۆ کۆکردنەوەی هەموو دانیشتوانی کوردستان تا هەم سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگای کوردستان و هەم دابەشبوونی بەسەر چینی کرێکار و سەرمایەداردا، وەک دووچینی سەرەکی، بەجۆرێک لە جۆرەکان ئینکاربکا و لەبری ئەمەش "کەرتە کۆمەڵایەتیەکان " وەک بێدادی و جیاوازیەکان" بناسێنێ. بێگومان بەهای هونەری ئەم داهێنانەش بۆ ئەوەیە کە واتایەکی تایبەت بە دادی کۆمەڵایەتی بدا وەک ئەوەی کە چینی بۆرژوازی کورد و دەسەڵاتەکەی دەیخوازێ. بەڵام بۆ ڕۆشنکرنەوەی زیاتری ئەم حوکمە با بزانین پڕۆگرام چ واتا و وێنایەک لە "چەمکی دادی کۆمەڵایەتی" دەدات بەدەستەوە و لەچ ڕێگایەکیشەوە هەوڵی بەدیهاتنی دەدات، لەم پەیوەندەشدا پڕۆگرام دەڵێت:

> هەرێمی کوردستان، لەپاڵ بنیاتنانی ژێرخان و گەشەی ئابووریدا، پێویستی بە <u>بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستە کە دەستەبەری بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ بکا وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و ماف</u>، <u>پێویستی بە پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکرات و سیستمێکی کۆمەڵایەتی دادپەروەرانەیە کە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی و بیمەی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان</u>

دابین بکا. چونکە دروستکردنی قەوارەیەکی نیشتمانی بەهێز، پەرەدان بە سێکتەرە جیاوازەکانی وڵات، ڕێزگرتن لە ژینگە و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لە ئاست پێگەیاندنی نەوەکانی ئێستا و ئایندەدا، بەبێ گەشەی سامانی مرۆیی مەیسەر نابێ.

گەشەکردنی هەرێم تەنها لەڕێگەی بەرزکردنەوەی تەلار و هاوردەکردنی ئامێر و شمەکی بازرگانی بەدی نایەت... بەڵکو پێویستی بە زەمینەی گەشەی سامانی مرۆیی و دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە بۆ تاک و خێزان و توێژ و گروپە جیاوازەکان. بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی دەسەڵاتەکانی هەرێمی دەزانێ کە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم... لە سێکتەری پەروەردە و تەندروستییەوە بۆ سێکتەری وەرزش و کاروباری کۆمەڵایەتی، تا سێکتەرەکانی بەرهەمهێنان و خوێندنی باڵا و لێکۆڵینەوەی زانستی و بەڕێوەبردنی وڵات. پێویستە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی،...– هێڵەکان هی ئێمەن–

لەم پەرەگرافانەی سەرەوەدا، چەند خاڵی سەرەکی ئامادەیە:

یەکەم: " دەستەبەری بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ.. وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و ماف"، ئەو واتا و پێناسە تایبەتەیە، کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی "دادی کۆمەڵایەتی" کردویەتی. بەڵام مەبەست لە "بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ" چییە؟ پرۆگرام لە وەڵامدا پێماندەڵێت " بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و مافە"!! بەڵام دیسانەوە مەبەست لە "بونەوەری ئازاد چییەو کێ دەگرێتەوە؟ ئایا بوونەوەری ئازاد سەرمایەدارانن یان کرێکارانن، هەژارانن یان دەوڵەمەندانن، نێرن یان مێ، خەڵکی شارن یان گوند؟ وە کێ ئەمانەی ئازاد کردووە و سنووری ئازادییان تا کوێیە؟ لەمەش زیاتر "بونەوەری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن" کێ دەگرێتەوە، ئایا سەرمایەداران و دەسەڵاتداران بونەوەری بەرهەمهێنن یان کرێکاران و زەحمەتکێشانێک کە هەمووتەمەنیان لە پرۆسەی کار و پێشکەشکردنی خزەتگوزاریەکاندایە؟ هاوکات کامانەیە ئەرک و مافەکان و کێ بۆ کێی دیاریدەکات؟ پرۆگرام کە وەڵامی ڕۆشن بەم پرسیارانە ناداتەوە، بەپێی لۆژیک "دادی کۆمەڵایەتی" لەنێو تەمومژی دەستەواژە و وشەگەلێکی ڕۆمانسی و ئەخلاقی و عامگەراییدا دەخنکێنێ. بێگومان هونەری ئەمەش بۆ ئەوەیە کە نابەرابەری و جیاوازییە چینایەتیەکان پەردەپۆش بکا و واتایەکی بۆرژوازی بە "دادی کۆمەڵایەتی" ببەخشێ تا سیستەمی مەوجود و دابەشبوونە چینایەتیەکان و هەموو ئەو نابەرابەریەی کە سەرچاوەی لێدەگرێ، بە ئەبەدی بهێڵێتەوە. "بوونەوەری ئازاد و بەرهەمهێن" ئەو مانایەشی هەیە، کە ئینسانی کارکرد و گوێڕایەڵی سیستم و ئیشکەرێکی تاقەت پروکاوبێت، بەبێ ئەوەی پشێوییەک لەبەردەم بەرهەمهێنان و بازاڕی سەرمایەداراندا، پێکبهێنێ و ئازادانە هێزی کاری خۆی بخاتە خزمەتیانەوە. لەڕاستیدا بوونەوەرێکی ئاواش کە گۆران لەبەرچاوی گرتووە تا دادی کۆمەڵایەتی بیگرێتەوە، ئەو ماتریاڵە ئینسانیەیە کە لە خزمەتی هێنانەکایەوەی "هەرێمێکی بەهێز"دا بەکاربراوە.

دووەم: "بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست"، ئەمە ئەو ئاڵتەرناتیڤەیە کە بزووتنەوەی گۆران بۆ

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

گەیشتن بە چەمکی "دادی کۆمەلایەتی"، باسی لێوەدەکات، ئالتەرناتیڤێک جگە لەوەی کە هیچ واتایەکی ڕۆشن نادات بە دەستەوە و لە ڕواڵەتدا وا خۆی وێنادەکات کە نەچێتە خانەی نیزام و فۆرمە ئابووری و سیاسیە باوەکانی ئەم سەردەمەوە، بەلام لەواقعدا هەمان ئەو سیستمە زاڵەی ئەمڕۆیە کە بەسەر خەڵکی کوردستاندا خۆی داسەپاندووە و قاچی لەسەر پشتی سەرمایەداری بوونی کۆمەلگا و جیاوازیە چینایەتیەکان و منافەسە و کێشمەکێشی بەشەکانی سەرمایە ڕاگرتووە. وە لەباری سیاسیشەوە هەرئەو سیستەمەیە کە ئەحزابی میلیشیایی و تالانچی دەیبەن بەڕێوە. هەربۆیە پرسیارێکی سەرەکی کە ڕووی لەم ئالتەرناتیڤەی بزووتنەوەی گۆڕانە، ئەوەیە کە مانای "کۆمەلگای تەندروست" چییە و تایبەتمەندیەکانی کامانەیە؟ وە چۆن هاوسەنگی لەنێوان جیاوازییە چینایەتی و کۆمەلایەتیەکاندا، ڕێکدەخا؟ وە لەڕێگای چ میکانیزمێکەوە "بنیاتنانی کەسایەتی مرۆڤ.. وەک بونەوەرێکی ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ئەرک و ماف" دەستەبەردەکات؟ لە دەرەوەی وەلامی ئەم پرسیارانە "کۆمەلگای تەندروست" تەنها دەتوانێ واتایەکی ئەخلاقی هەبێ و نە هیچی تر..

سێهەم: پرۆگرام چ ڕێبازێک پێشنیار دەکا و چ میکانیزمێک دەگرێتەبەر تا دادی کۆمەلایەتی لە "کۆمەلگای تەندروست"دا بەدیبهێنێ؟ لەوەلامدا دەنووسێت:

" پیادەکردنی سیستمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکرات و سیستمێکی کۆمەلایەتی دادپەروەرانە.. کە ئامرازەکانی پێگەیاندنی کەسایەتی و بیمەی کۆمەلایەتی بۆ هاولاتیان دابین بکا...

وە لە پەرەگرافێکی دواتردا دەڵێت:

"پێویستی بە زەمینەی گەشەی سامانی مرۆیی و دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە بۆ تاک و خێزان و توێژ و گروپە جیاوازەکان. بزووتنەوەی گۆڕان بە ئەرکی دەسەلاتەکانی هەرێمی دەزانێ کە دادی کۆمەلایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم".. پێویستە دادی کۆمەلایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی،...".-هێڵەکان هی ئێمەن-

سەرەتا با لە دەستەواژەی "پێگەیاندنی کەسایەتی" بگەڕێین کە وەک ڕێگایەک بۆ گەیشتن بە دادی کۆمەلایەتی دەستی بۆبراوە، بەبێ ئەوەی هیچ مانایەک ببەخشێ. ئایا ئەو کەسایەتیەی کە بڕیارە بەپێی چاکسازیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان پێبگات، چ جۆرە کەسایەتیەکە و چ ناسنامەیەکی هەیە؟ قەومی و ئاینی یان سکولاریستی و ئینسانی، ناڕازی یان ملکەچ بۆ دەسەلات و پیرۆزیەکانی خاک و نەتەوە، شۆڕشگێڕ یان کۆنەپارێز، میلیشیایی یان مەدەنی؟ بەلام پێدەچێت کەسایەتیەک کە لە نەزەر گیراوە هەر ئەو "بوونەوەرە ئازاد و بەرهەمهێن و خاوەن ماف و ئەرکە بێت" کە پێشتر لەبارەیەوە قسەمان کرد، لەم بارەشەوە هەرئەوەندە بەسە. بەلام لەبارەی "سیستەمێکی پەروەردەیی هاوچەرخ و دیموکراتەوە" ئێمە لەبەشی پێشووی ئەم باسەدا و لە تەوەرەی "ئامانجی پەروەردەیی، تەندروستی، ژینگەیی و ڕۆشنبیریەکانی بزووتنەوەی گۆڕان"دا ئەم بابەتەمان خستە بەر باسەوە و پەردەمان لەسەر ناوەرۆک و سنورە بەرتەسک و کۆنەپارێزەکانی ئەو ڕێفۆرم

وچاکسازیانەمان هەڵدایەوە کە لەم کەرتەدا گرتویەتەیە بەر. لێرەدا بۆ وەبیر هێنانەوەی کرۆکی ڕەخنەکانمان لەم پەیوەندەدا پەرەگرافێک دەگوازینەوە (خویندنەوەی تەواوی ئەم باسە، لەبەشی 5 دا ئامادەیە):

"ئێستا ئیتر ڕۆشنە کە سنووری چاکسازیەکانی بزووتنەوەی گۆڕان لەبواری پەروەردە و خوێندندا، لەهەمان دۆخی مەوجوددا قەتیسە و هەڵگری ستانداریکی کۆمەڵایەتی جیاواز لەوەی کە هەیە نییە، چونکە نە بەشێوەیەکی سەریح و ڕۆشن سیستەمێکی جیاوازی سکولاریستی و زانستگەرایی بۆئەم بوارە دەخاتەڕوو، وە نە وەک خزمەتگوزاریەکی گشتی، کە لە ئەستۆی دەسەڵاتدا بێت چاوی لێدەکات. تەنانەت بەڕۆشنی باس لە خواستی خۆڕایی کردنی پەروەدە و خوێندن لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە بۆ تەمەنێکی تر ناکات و بەگشتی ئەم بوارە لە بازاڕی کڕین و فرۆشتندا دیلێتەوە و هاوکات مانەوەی قوتابخانە نموونەیی و ئەهلیەکانیش، بەفەرز وەردەگرێ. تەنانەت ڕاشکاوانە قسەیەک لەسەر پاککردنەوەی پرۆگرام و بابەتەکانی پەرەوەردە و خوێندن، لەدید و باوەڕی قەومی و دینی ناکا."

تا ئەو جێگەیەی بە دابینکردنی "بیمەی کۆمەڵایەتی"دەگەڕێتەوە، پرۆگرام پێمان ناڵێت کە مەبەست لە چ بیمەیەکە و بە چ ئاستو پێوانەیەک ئەم بیمەیە دابین دەکات تا دادی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان لە کۆمەڵگایەکی تەندروستدا دەستەبەربکات؟ ئایا مەبەست لێی بیمەی تێروتەسەلی بێکاری و دەورانی نەخۆشی و پەککەوتەیی و خانەنشینیە؟ ئایا مەبەست خۆڕایی کردنی پەروەردە و خوێندن و دەستڕاگەیشتنی هاوڵاتیانە بە تەندروستی و خزمەتگوزاریەکانی وەک کارەبا، هاتوچۆ و گەیاندن، سەرگەرمی، وەرزش، خۆپارێزی لە سەرما و گەرما....؟ ئایا مەبەست لە بیمەکردنی لانی کەمی ژیانە بۆهاوڵاتیان و پەروەردەی خۆڕایی منداڵان و نێوجەوانانە؟ ئاشکرایە کە هیچ کام لەم بیمە کۆمەڵایەتیانە جێگای مەبەستی بزووتنەوەی گۆڕان نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیە و لە پرۆگرامدا ئاماژەی بۆ کراوە، لە چوارچێوەی خێر و سەدەقە تێناپەڕێت، بەتایبەتی کە حزبی گۆڕان لایەنگری کەرتی تایبەتی و بازاڕی سەرمایەداران و بەستنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و پێداویستیە سەرەتاییەکانی هاوڵاتیانە بە بازاڕی کڕین و فرۆشتن و مونافەسەی کەرتی گشتی و تایبەتەوە.. (ئێمە دواتر لەبارەی جۆری ئەو بیمەیەوە زیاتر قسە دەکەین کە بزووتنەوەی گۆڕان شوێنی کەوتوە).

بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان چ میکانیزمێک پێشنیار دەکات بۆ جێبەجێکردنی دادی کۆمەڵایەتی؟ لە وەڵامدا پرۆگرام پێمان دەڵێت: "<u>دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم</u> "! وەیان ئەوەی کە "<u>دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەکانی پێگەیاندن و گەشەدان بە سامانی مرۆیی</u>"!! هەمان تاس و هەمان حەمام!!.. ئێستا ئیتر ڕۆشنە میکانزمێک کە پشتی پێبەستراوە هەمان حکومەت و وەزارەتخانەکانیەتی، کە کارنامەی گەندەڵی و تاڵانچێتیەکەی بۆ سادەترین کەس ئاشکرایە. ئەوە بزووتنەوەی گۆڕانە کە بە خەیاڵی کوردایەتی و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

نیشتمان پەروەرێتیەوە کەوتۆتە شوین چاکسازیکردنی دەسەلات و حوکمەتێک کە خۆی سەرچاوە و هۆکاری نابەرابەری و بێدادیە، حکومەتێک کە ژیانی فیرعەونانەی بۆ دەستەیەکی فەرمانڕەوا پێکهێناوە و بانکەکانی جیهانیان پڕکردوە لە ملیارەها دۆلار، کەچی ژیانی هاولاتیانی ژێردەستیان بەچارەکە مووچەیەک لەقالبداوە. ئایا حکومەتێکی ئاوا دەتوانرێ تەعدیل بکرێ و بەرپرسیارێتی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی تەندروستی پێ بسپێردرێت و وەزارەتەکانی بکرێنە قازی لە جێبەجی

*/ هەروەک لەپێشەوە بەڵێنماندا، قسەیەک لەسەر، دەستەواژەی"سامانی مرۆیی" بکەین، کە چەندین جار پرۆگرام ئاماژەی بۆکردووە و لە پەیوەند بەواتای دادی کۆمەلایەتیەوە برگە و پەرەگرافەکانی ئەم تەوەرەی پێرازێندراوەتەوە. ئەمە جگەلەوەی کە پرۆگرام پێمان نالێت مەبەست لە "سامانی مرۆیی" چییە و کام بەشی کۆمەڵگا دەگرێتەوە؟ بەلام سەرچاوەی ئەم دەستەواژەیە بۆ مەکتەبی فکری "ئابووری بوژانەوەو پەرەسەندن" دەگەڕێتەوە کە زیاتر وەک چەمکێک لەلایەن ناوەندەکانی ئابووری ناسیەوە لەبەرامبەر "ولاتانی سێهەم"دا بەکاربراوە. بەتایبەتیش ئەو دەزگایانەی کە لە بوار و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و پەرەدان بە ئابووری ولاتانی دواکەوتوودا، دەستبەکارن (بۆنمونە دازگاکانی نەتەوەیەکگرتوەکان لەمبارەوە). بەپێی ئەم مەکتەبە فکریە "سامانی مرۆیی" بەواتای گەڕانەوەیە بۆ "توانا و ئامادەییە ئەقڵی و جەستەییەکانی دانیشتوانی ئامادە بەکار" و وەگەرخستنی پسپۆڕی هونەری و تەکنیکیان بۆ پێشخستنی مەودای بەرهەمهێنانی کۆمەلایەتی لەژێر سایەی سیاسەت و نەخشەکانی دەولەتدا. بەپلەی سەرەکی دەستەواژەی "سامانی مرۆیی" لەلایەک ڕەنگدانەوەی ئەو واقعیەتەیە کە لە"ولاتانی سێهەم" و ئەو ولاتانەی کە گیرۆدەن بە دواکەوتوویی ئابووری، دەبینرێ، ئەویش بەوەی کە ئەم ولاتانە خاوەنی سامانێکی زۆری سروشتین، لەوانە سەرچاوەکانی وزە، ئاو وکانزا، سروشتی لەبار، پێگەی جوگرافی. بەلام سەرچاوەکانی هێزی کار "واتە سامانی مرۆیی" لە ڕووی ئەقڵی و زانستی و تەکنۆلۆژییەوە، دواکەوتوو و نەخوێندەوار و هەڵگری هیچ پسپۆڕییەک نییە. لەلایەکی تریشەوە مەبدەئێک کە ئەم چەمکەی لەسەر ڕاوەستاوە، ئەوەیە کە دەڵێت: "ئەوە تەنها سامانی سروشتی نییە کە ئابووری ولات پێشدەخات، بەڵکو سامانی مرۆیی وەک ئەقڵ و جەستە و خیبرە، فاکتۆرێکی بڕیاردەرە"، لەم پێوەندەشدا شۆڕشی پێشەسازی و تەکنۆلۆژی لە ولاتانی ڕۆژئاوادا، بە لایەنی پێشکەوتوویی "سامانی مرۆییەوە وەک ئەقڵ و جەستە و خیبرە" گرێدەدرێتەوە، لەکاتێکدا ئەم بابەتە پەیوەندی بە پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و کەڵەکە و خۆزیادکردنی توانای بەرهەمهێنەری سەرمایە و هێزی کارەوە هەیە، نەک لایەنی ئەقڵی. تەنانەت خودی دیاردەی دواکەوتوویی ولاتانی سێهەم یەکێک لە ئەڵقە تەواوکارەکانی پێشکەوتنی سەرمایەداری ڕۆژئاوایە وەک حەوزە و بازاڕێک بۆ دەوران و وەگەرخستنی سەرمایەی جیهانی و کارتیلەکانی (بۆ ئەم باسە بگەڕێرەوە بۆ کاری بەرهەمهێن و نابەرهەمهێن- وتاری مارکس دیدگای سۆسیالیستی ژمارە5) بەلام واتای دەستەواژەی "گەشەدان بە سامانی مرۆیی" هەرچیەک بێت، هێنانەوە و پشت پێبەستنی بزووتنەوەی گۆڕان بەم دەستەواژەیە لە پەیوەند بەدادی کۆمەلایەتییەوە، هەرئەو مەبەستەی لەپشتە کە لەژێر ئەم ئالایەدا هێزی کاری ئامادەبووی کوردستان ڕاکێشێتە نێو پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کوردستانەوە تا هەرێمێکی بەهێز دامەزرێنێ، کە دیارە بە قیمەتی پرۆکاندن و کارپێکردن و چەوسانەوەی هەرچی زیاتری کرێکاران و زەحمەتکێشان و وەگەڕخستنی توانا ئەقڵی و جەستەییەکانیان بەدی دێت و ئەمەش لەژێر ناوی دادی کۆمەلایەتی و"پێگەیاندنی سامانی مرۆییدا ببرێتە پێشەوە

کردنی دادی کۆمەڵایەتیدا؟ ئایا ئەمە چاوبەستکردن و لەخشتەبردنی جەماوەر و ڕاگرتنیان نییە لەژێر سایەی هەمان سیستەمی حوکمڕانی و ئابووریدا، بەناوی دادی کۆمەڵایەتییەوە؟*

سەرەنجام لەکۆی دەربڕینەکانی بزووتنەوەی گۆڕان و ئەو سەرنجانەی کە لەم پەیوەندەدا خستمانەڕوو ئەو ڕاستیانە دەردەکەوێ کە هەم واتای "دادی کۆمەڵایەتی" و هەم ئاڵتەرناتیڤێک کە ئەم دادەی تیا بەدی دێت وە خودی ڕێباز و میکانیزمێک کە بۆی دەستنیشان کراوە واتا و ڕێباز و میکانیزمێکی بۆرژواییە و لە بنەڕەتەوە مانەوەی سیستەمی ئابووری و سیاسی و قانوونی ئێستای بە بنەما وەرگرتووە هاوکات پشتی بە دەسەڵات و وەزارەتخانەی حزبە میلیشیایی و گەندەڵەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی بەستووە. لەم چوارچێوەیەشدا، بەڕاشکاوانە دەتوانین ئەوە بڵێیین کە ئەو مەبەست و ئامانجەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەژێر ناوی "دادی کۆمەڵایەتی و پەرەدان بە سامانی مرۆیی"ەوە شوێنی کەتووە، بریتیە لە تەعدیل کردن و جوانکردنی سیستەمی حکومڕانی بۆرژوازی کورد و حزبە قەومی و ئیسلامیەکانی، هاوکات بریتیە لە پێکهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ژیانی فیرعەونانەی چینی دەسەڵاتدار و زۆرینەی بێبەشانی کۆمەڵگا و ڕزگارکردنی دەسەڵات و حکومەتی ئێستا لە ناتەواویەکان و ئەودیاردە دزێوانەی کە لە بەرچاوی خەڵکن و هەموو ئەمانەش لەژێرناوی چاکسازی و ڕیفۆرمدا، کە ڕێچکەی بەرەو دادی کۆمەڵایەتی گرتووە، ناوزەدبکات.. بەڵام بۆ زیاتر سەلماندنی ئەم ڕاستیانە، وەرن با پێکەوە چاوێک بەو بەندانەدا بگێڕین کە لەم تەوەرەدا پڕۆگرام خاڵبەندی کردوون.

## 1/ دادی کۆمەڵایەتی و هەژاری و بێکاری؛

**لەم بارەوە پڕۆگرام دەنوسێت:**

> " کارکردن بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری لەسەر ئاستی خێزان و تاکەکەس، لەپێناو بەرزکردنەوەی دەرامەتی تاک و خێزان، بوژاندنەوەی باری دارایی و بژێویی ئەو هاوڵاتیانەی کە لە خوار هێڵی هەژارییەوەن، هاوکاریکردنی ئەو هاوڵاتیانەی دووچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبنەوە" .-هێڵەکان هی ئێمەن-

ئەگەر بۆچونەکانی نێو ئەم چەند ڕستەیە بە بنەما وەربگرین ئەوا بزووتنەوەی گۆڕان یەکەم: کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاریی (نەک بنبڕکردن ونەهێشتن)، کردۆتە ئامانجێک بۆ گەیشتن بە دادی کۆمەڵایەتی.. ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە واتا و ئاستی بەکاربردنی "چەمکی دادی کۆمەڵایەتی" ڕێژەییە و موتڵەق نییە و بە ئاستێک لە ئاستەکان بێدادی و نابەرابەری لە نێوان دەوڵەمەند و هەژار، بێکار و لەسەرکاردا دەهێڵێتەوە، چونکە سەرەڕای کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری هێشتا کەسانێک هەرهەن لەچاو کەسانیکی تردا کاریان هەیە و دەرامەتیان بەرزترە. دووەمیش: بزووتنەوەی گۆڕان مەسەلەی بەرزکردنەوەی ئاستی دەرامەت و بووژانەوەی دارایی ب ەتەنها بۆ ئەو بەشە لە هاوڵاتیان بە ئامانج دەگرێ ودەیخاتە دەستوری خۆیەوە کە لە "خوار هێڵی هەژاریەوەن" وەیا دوچاری قەیرانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەبنەوە"! ئەمەش دیسانەوە بە مانای ڕێژەیی کردنی دادی کۆمەڵایەتیە، چونکە "بەرزکردنەوەی ئاستی دەرامەت و بژێوی تاک و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

خێزان" وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان کردویەتی بە پێوانەیەک بۆ ڕووبەڕووبونەوە بەرامبەر هەژاری و بێکاری، لە دەرەوەی ستانداردێکی کۆمەڵایەتی و ئاستێک لەب ژێوی شایستە، کە هەموو کۆمەڵگا بگرێتەوە، باس لێوەدەکات. ئەمەش دووبارە مامەڵەیەکی کرچوکاڵ و ناتەواو وسەرەنجام نایەکسان لە پەیوەند بەچەمکی دادی کۆمەلایەتی دەسەلمێنێ. ئەم خاڵە کاتێک ڕۆشنتر خۆی دەردەخات کە بزوتەنوەی گۆڕان باس لە بیمە کۆمەلایەتیەکان دەکا، کە دواتر لەبەرەیەوە قسەدەکەین. بەڵام ڕیشەی ئەم جۆرە لە مانا کردنەوەیەی بزووتنەوەی گۆڕان بەچەمکی دادی کۆمەلایەتیەوە لە کوێدایە؟

لە کۆمەڵگای ئەمرۆدا، هەژاری وبێکاری سەرچاوە لە نیزامی سەرمایەداری دەگرن و وەک دووخاسیەتی زاتی و دانەبڕاوی ئەم نیزامە، تا مانەوەی درێژەیان دەبێ. بەڵام بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی خۆی بە لایەنگری ئابوری بازاڕ و کەرتی گشتی و تایبەت و سەرمایەی ئەهلی و حکومی دەزانێ ومەسەلەی هەڵوەشانەوەی ئەم سیستەمەی لەدەستوردا نییە، بەپێویست ناتوانێ و نایەوێت بن بڕکردنی هەژاری و بێکاری بخاتە بەرنامەی خۆیەوە، بۆیە ناچارە باس لە کەمکردنەوەیان بکا و ئەم "کەم کردنەوەیەش" تەنها ئاڕاستەی بەشێکی کۆمەڵگابکا.

بەجیا لەم ڕاستەیش، پرسیارێکی سەرەکی کە یەخەی بزووتنەوەی گۆڕان دەگرێ ئەوەیە کە لەژێرسایەی ئابوری سەرمایەداری کوردستاندا، تا چەند و بە چ ئاستێک توانای کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری هەیە؟

لەڕاستیدا هەژاری وبێکاری دیاردەیەکی لەمێژینەی کۆمەڵگا چینایەتیەکانە وە لە هەر قۆناغیکدا لە دەوری کارکردە ئابوریەکان و خاسیەتەکانی فۆرمی بەرهەمهێنان دەردەکەون. لە نیزامی کۆیلەیەتیدا، هەژاری و نەداری لە دەوری خاوەنداریەتی کۆیلە، و کاری کۆلایەتی و بەکۆیەلە بوون و بازرگانی پێوەکردنی وەک کالا بە وێنەی سیستمێک، کە کۆمەڵگا بەسەر کۆیلە و خاوەن کۆیلەدا دابەش دەکات، هەژاری وبێکاری هەم مانا پەیدادەکا و هەم چەقدەگرێ و دواتر لە بوعدێکی فراواندا دەردەکەوێتەوە. لە کۆمەڵگای دەرەبەگایەتیشدا، هەژاری و بێکاری لە چوارچێوەی سیستەمی خاوەنداریتی زەوی و کاری بێگاری جوتیاری، کە کۆمەڵگا لە شێوەیەکی گشتیدا، بەسەر دەرەبەگ و جوتیاردا دابەشدەکات، خۆیان دەردەخەن. کەسێک ئەگەر بیەوێت هەژاری و بێکاری لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا، نەهێڵێ وەیا کەمی بکاتەوە دەبێ بکەوێتە شوێن هەڵوەشانەوەی ئەو بنەما ئابوریەوە کە ئەم کۆمەڵگایەی لەسەر ڕاوەستاوە، یانی هەڵوەشانەوەی کویلەیەتی بوون وخاوەنداریتی بۆ کۆیلەکان، یانی هەڵوەشانەوەی بێگاری و خاوەنداریتی بۆ زەوی. کەسێک کە بەشوین قەڵەوکردن وباش بژێوی کۆیەلەیەتیەوە بێت، ئەتوانێ هەژار کردنی کویلە کەم بکاتەوە، بەڵام ناتوانێ کویلەبوونی ئینسان وەک هەژارترین کەسی کۆمەڵگا، هەڵوەشێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر کەسێک بیەوێت لە ڕێگای ڕێکەوتنی نێوان درەبەگ و جوتیاردا، بەسوغرە کردنی زەوی، لەیەک بەش بۆ چوار بەشەوە (1/4) بگۆڕێ بۆ دوبەش بەچوار (2/4) و شێ بەش بەچوار بەش (3/4)، دیسانەوە توانیویەتی هەژاری جوتیاران بەڕێژەیەک کەم بکاتەوە، بەڵام هەرگیز نەیتوانیوە، نیزامی بیگاری پێکردنی جوتیار هەڵوەشێنێتەوە و لە بازنەی "ئینسانی هەژار" دەریکێشێ. بەڵام هەژاری

## خەسرەو سایە

وبێکاری لە نیزامی سەرمایەداریدا، تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە زنجیرە یاسا و کارکردێکی کوێرانەی ئابوریەوە ئاڵاوە و لەولاشەوە، لەژێر کاریگەری باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و پروپاگەندەی چینی دەسەلاتداردا، وەک دوو دیاردەی ئەبەدی وسروشتی، وەک ئەوەی بەشێکە خواوەند بەئینسانەکانی بەخشیوە، لە زەینی کۆمەڵگادا جێگایان بۆکراوەتەوە. هەژاری وبێکاری لەم نیزامەدا، ڕیشەیان لە کاری بەکرێ ومولکداریێتی تایبەتی چینی سەرمایەدار و دەسەلاتداراندایە بۆ ئامراز وهۆیەکانی بەرهەمهێنان، نیزامێک کە سەرمایەدار دەوڵەمەندە، بەڵام کارنەکەرە، لەبەرامبەریشدا، کرێکار هەژارە، بەڵام ئینسانی کارگەرە.

لەم نیزامەدا قەوارەی سەرمایە و قازانجەکەی داهاتی تاکی سەرمایەدار و دەوڵەمەندیەکەی دیاری دەکات، بەڵام بۆ کرێکار، کرێ وئاستەکەی داهاتی تاکی کرێکار و ڕێژەی هەژاربونەکەی دیاری دەکات. بەم پێیەش قازانجی سەرمایە و کرێ ورێژە بەرزونزمەکانی هەریەکەیان لە بەرامبەر ئەویتردا، هاوکێشەیەکە بۆدیاری کردنی ئاستی دوڵەمەندی وهەژاری سەرمایەدار و کرێکار. بەواتایەک یتر تا ئاستی کرێ نزم بێت و بەرەو خوارەوە ببرێت قازانجی سەرمایە ڕوی لەزیاد بوون وبەرزبوونەوەیە، بەم جۆرەش کرێکار هەژارتر و سەرمایەداران دەڵەمەند تر دەبن، لەم پەیوەندەشدا بێکاری میکانیزمێکە بۆ کەمکردنەوەی کرێ و لە خوارەوە ڕاگرتنی داهاتی چینی کرێکار بەگشتی. لەئاستێکی گشتی تردا کارکردی ئەم هاوکێشەیە بەوە دەگات کە بلێین دەوڵەمەندی لە هەرکۆمەڵگایەکی سەرمایەداریدا، بەستراوە بەهەژاریەوە، وە تاهەژاری زۆرتر بێت ئاستی دەوڵەمەندی دەوڵەمەندان بەرزترە. کەسێک بیەوێت هەژاری و بێکاری لە نیزامی سەرمایەداریدا، نەهێڵێ دەبێ نیزامی کاری بەکرێ و مولکداریێتی تایبەتی هەڵوەشێنێتەوە تا دادی کۆمەڵایەتی بەسەرهەمواندا بچەسپێنێ. لەمەش کەمتر کەسێک بەشوین کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاریەوەیە، دەبێ دەرامەتی ئینسانی کرێکار و ئامادەبەکاری کۆمەڵگا و هەموو ئەوانەی هاوشێوەی ئەم چینە ژیان دەکەن بەرەو سەرەوە بەرێ، ئەمەش لە ڕێگای دامەزراندنی کۆمەڵگای بیمەکراو ودابینکردنی خزمەتگوزاریەکان و بەرەسمی ناسینی لانی کەمی ژیانێکی هاوچەرخانە، بۆ هەمووتاکی کۆمەڵگا وبەرپرسیارکردنی دەوڵەت لەبەرامبەریدا. ئێمە دەزانین کە بزووتنەوەی گۆران وەک هەر حزبێکی بۆرژوایی، بەشوێن هەڵوەشانەوەی سەرمایەداریەوە نییە لە کوردستاندا، بەڵام با بزانین بۆ کەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری چ ڕێگایەکمان وەک "دادی کۆمەڵایەتی پێدەفرۆشێ؟ لەم بارەوە پرۆگرام 3 خاڵی وەک ڕێگایەک بۆکەمکردنەوەی هەژاری و بێکاری ڕاگەیاندووە:

" - دانانی سندوقێکی نیشتمانی کە برێک لە بودجەی هەرێمی بۆ تەرخان بکرێ لەپاڵ هاوکاری هاوڵاتیان و باجی سەر کۆمپانیا و هاوڵاتییە خاوەن دەرامەتە بەرزەکان بەپێی یاسایەک کە لەپەرلەمانەوە دەربچێ، بە پێرەوکردنی پێوەرە ئابوریە زانستیەکان بە مەبەستی پێناسەکردنی تاکی هەژار و خێزانی هەژار و شێوازی هاوکاریکردنیان.

- چارەسەرکردنی دیاردەی بێکاری لەرێگەی دابینکردنی دەرفەتی کار بۆ ئەو هاوڵاتیانەی توانای کاریان هەیە لە هەردو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و موچەی خانەنشینی بۆ هەموو ئەو هاوڵاتیانەی لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کاردەکەن کاتێ روبەڕوی قەیرانی تەندروستی دەبنەوە یان دەگەنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، لەپێناو ڕێگرتن لە هەڵاوسانی کەرتی گشتی حکومەت و هاندانی کەرتی تایبەت."-هێڵەکان هی ئیمەن-

لەپەیوەند بەم خاڵانەوە:

خاڵی یەکەم/ دانانی بڕێک لە بودجەو هاوکات وەرگرتنی باج و کۆکردنەوەی لە سندوقێکدا، جگە لەوەی مەسەلەی هەژاری و بێکاری سپاردووە بە پرۆسەیەکی پێچاوپێچ و سەخت کە هێشتا نە ڕێژەی بودجەکەی دیارە و نەب ۆ سەرفکردنەکەشی پێناسەیەکی هەیە بۆ" تاکی هەژار"، بە ئاشکرا ڕۆڵی حوکەمەت وەک بەرپرسیاری یەکەم و ئاخر لەبەرامبەر ژیانی هەژاران وبێکاراندا دەشارێتەوە و نایەوێت وەک بەرپرسیاری دابین کردنی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان ولانی کەمی ژیانیکی شایستە بناسرێت. ئەم خاڵە نەک هەر ناتوانێ هەژاری بەڕادەیەکی هەست پێکراو کەمکاتەوە بگرە هەموو ئەو ئەو بەڵێنانەش مایەپوچ دەکاتەوە کاتێک دەڵێت " بزووتنەوەی گۆران بە ئەرکی دەسەلاتەکانی هەرێمی دەزانێ کە دادی کۆمەڵایەتی ببێتە بەشێک لە بەرنامەی هەموو وەزارەتەکان و هەموو سێکتەرەکانی هەرێم".

خاڵی دووەم/ بەڵێنێکی درۆیە، کە بکرێ "چارەسەری دیاردەی بێکاری" لە ڕێگای دابین کردنی کارەوە ئەنجامبدرێ، چونکە هیچ دەوڵەتێک، تەنانەت ئەگەر دامەزراندنی "کۆمەڵگای فوڵ جۆب-پرکار"ی لە بەرنامەدا بێت، ناتوانێ هەموو ڕێژەی ئامادەبەکارانی وڵاتەکەی بخاتەکارەوە و لەم ڕێگایەوە بێکاری چارەسەرکات، بەتایبەتی لە پەیوەند بە کوردستانەوە کە مەودا و سروشتی ئابوریەکەی هێشتا بەرتەسکە و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی نەیگرتۆتەوە. بێگومان کار دۆزی دەتوانێ ڕێژەی بێکاری کەم کاتەوە، بەڵام ناتوانێ بنەبڕی کات، چونکە ئەم دیاردەیە وەک وتمان لە وجودی سەرمایەداریدایە و یەکێک لە میکانیزمەکانی ڕاگرتنی ڕێژەی قازانج و ڕێکخستنی ئاستی ڕوو لە خواری کرێ و بژێوی چینی کرێکارە. بەڵام ئەو خاڵەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بە هیچ جۆرێک بەلای بیمەی بێکاریدا نارِوا و ئاگاهانە بازی بەسەردا داوە. لێرەدا دەبێ بپرسین باشە ئەگەر بەشێک لە خەڵکی بێکاری کوردستان کاریان بۆ پەیدا نەبوو وەیان بە هەر هۆیەکەوە بێت بەپێی بەرنامە چاکسازیە ئابوریەکانی بزووتنەوەی گۆڕان نە لە کەرتی گشتی و نە لە تایبەتدا، کاریان دەستگیر نەبوو، ئەوکاتە چی وچۆن کێشەی ژیانیان بۆ چارەسەر دەکرێ؟ تاکەی چاوەڕوان بن و ژیانی هەژاری و برسێتی ڕاکێشن؟ ئا ئەمەیە بەرقەرارکردنی دادی کۆمەڵایەتی؟

خاڵی سێهەم/ بەوجۆرەی پرۆگرام باس لە دابین کردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی وموچەی خانەنشینی تەنها بۆ ئەو هاوڵاتیانە دەکات کە "کار لەکەرتی گشتی و تایبەتیدا دەکەن" وەیان " ڕوبەڕوی قەیرانی تەندروستی بونەتەوە" وە یاخود" گەیشتونەتە تەمەنی یاسایی خانەنشینی،"...، بەشێوەیەکی ئاگاهانە هەم "بیمە کۆمەڵایەتیەکان" پارچەپارچە و کەموکوڕدەکاتەوە و بەشێکی گرنگیان لە دەستور دەردەکێشێ وەهەم هەقی سەرجەم هاوڵاتیانی کوردستان بۆ بەهرەمەند

بوون لە بیمە کۆمەڵایەتیەکان دەسرپێتەوە وسەرەنجام مافی بەهەرمەندبوونی هەر هاوڵاتیەک، لەلانی کەمی ژیان و ستانداریک لە بژێوی و خزمەتگوزاری، بەڕەسمی ناناسێنێ. .. ئەمەش ئەو ئاستەیە "لە کەمکردنەوەی هەژاری و نەداری" کە بزووتنەوەی گۆڕان بە دادی کۆمەڵایەتی ناساندویەتی!

## 2/ دادی کۆمەڵایەتی منداڵان و نەوجەوانان:

لەم پەیوەندەدا، پڕۆگرام پێمان دەڵێت:

"ئەرکی حکومەتە منداڵ و نەوەی نوێ پێبگەیەنێ بەمەبەستی خوێندنی تەوزیمی، پێگەیاندنی جەستەیی و دەرونی، <u>ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بواری گشتی و بنیاتنانی وڵاتدا</u>"..

بێگومان ئەوە کارێکی زۆرباشە کەپێگەیاندنی منداڵ وەک ئەرکی حکومەت دابنرێ و بەرپرسیارێتی دابین کردنی ژیان و پێگەیاندنی منداڵ ونەوجەوانان، بخریتە شەرسانی دەسەڵات و حکومەت. دیارە ئەم ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی دەسەڵات و حکومەت، یەکەمین هەنگاوە بە ئاڕاستەی کردنی پەروەردە و پێگەیاندنی منال وەک کار و وەزیفەیەکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم وەزیفە و ئەرکە لە پێشەوە پشتی بە خاسیەتی ئینسانی و ڕێزلینان لە منالان ونەوجەوانان بەستبێت و بە هیچ مەرج و ئامانجێکی سیاسی و ئابوری و ئایدیۆلۆژیەوە نەبەسترابێتەوە. لەڕاستیدا هەقی ژیان و دابین کردنی پێداویستیەکانی پەروەردە و هەڵدانی منالان و نەوجەوانان یەکێک لە پێوانەکانی ئینسانی بوونی هەر کۆمەڵگا و دەسەڵات و سیستەمێکی حکومرانیە لە دونیای ئەمڕۆدا. بەڵام پڕۆگرام بەو جۆرەی کە ئەم ئەرک و بەرپرسیاریەتیەی بە" <u>ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن لە بواری گشتی و بنیاتنانی وڵاتدا</u>" بەستوتەوە، هەرئەو بۆچون و مامەڵەیەی کردۆتە پرەنسیپ، کە دەسەڵاتدارانی قەومی و دینی و دەسەڵاتە شەرقیەکان لە بەرامبەر منالان و نەوجەواناندا گرتویانەتەبەر و لەژێر ناوی" منالان نەوەی دواڕۆژن، یان وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان دەیلێت بۆ"بنایتنانی وڵات" وەک "هێزی زەخیرە" بۆ بازاری کار و سوپا و دام ودەزگا سەرکوتگەریەکانیان ئامادەدەکەن.

لەلایەکی تریشەوە، کارکردەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، کە لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی هەقیقەتەکانی ژیانی ئینسانەکان دەڕوا بەڕێوە، ئەو خەونی دایکو باوکانیش بەرامبەر بەڕۆڵەکانیان بەتاڵ دەکاتەوە، کە پێیان وایە "منال بۆیە بەخێودەکەن تا سبەی کە پیربوون لەبەریان بحەسێنەوە"، لە کاتێکدا دەگمەنە دایک و باوکێک ئەم خەونەیان بۆ هاتبێتەدی، بەڵکو ئاکامی ماندوبوون وسەرفکردنی تەمەنیان، مناڵەکانیان بە هەر پلە و پۆست و پایەیەک بگەن و هەرپیشەیەک بەڕێوەبەرن، ئەوا دەکەونە خزمەتی سیستەم ودەسەڵاتیکەوە کە سەرمایەداران و دەستڕۆیشتوانی کۆمەڵگا لەسەرویەوە ڕاوەستان. منالان و نەو جەوانان، ئەگەر ببنە کرێکار و پیشەوەر، وەیا پۆلیس و ئاسایش و چەکدار، ئەگەر ببنە وەزیز و فەرمانبەر و دادوەر.. خۆبەخۆ وەک لەخەونەکانی دایک وباوکیان دادەبڕێن و دەکەونە خزمەتی چینی دەسەڵاتدارەوە و گۆشەیەک لە گۆشەکانی سیستەمی مەوجود پڕدەکەنەوە. بەم حاڵەوەیە کە پڕوپاگەندەی بەردەوامی دەسەڵاتداران لەمەڕ منالانەوە، ڕووی لەوەیە کە دایکوباوک وەک خاوەنانی دواڕۆژی منالەکانیان

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بناسێنن وبیکەنە باوەڕێکی نەگۆڕ، تا ئەرکی پەروەردە و پیگەیاندنی منالان بخەنەوە سەرشانی دایکان و باوکان.
بەلام بەجیا لەم ڕاستیانە با بزانین بزووتنەوەی گۆڕان چ مامەڵەیەکی "دادوەرانە" لەگەل منالان و نەوجەواناندا دەکا و لە چ ئاستێکدا دادی کۆمەلایەتیان پیڕەوا دەبینی؟ لەمبارەوە پرۆگرام ئەم خالانەی نوسیوە:
" - ئەرکی سەرۆکی خێزانە کەشێکی دەرونی و جەستەیی گونجاو بۆ مندالانی خێزانەکەی دابین بکا. سەرۆکی خێزان "دایک بێ یان باوک" لەڕوی یاساییەوە بەرپرسیارە لە خراپ پەروەردەکردنی مندالْ، لەئاست هەر ئازارێکی دەرونی و جەستەیی کە لە سنوری خێزاندا دوچاری ببێتەوە.
- حکومەت، وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەڕوی یاساییەوە، بەرپرسیارن لە خراپ پەروەردەکردنی مندالْ و لەئاست هەر ئازارێکی دەرونی و جەستەیی کە لە دەرەوەی سنوری خێزان، لە قوتابخانە و ناوەندەکانی پەروەردە و شوێنە گشتیەکاندا، روبدات.
- بایەخدان بە وەرزش، پەروەردەی جەستەیی، گەشتی زانستی و حەوانەوەی دەرونی مندالان و نەوجەوانان و قوتابیان.
- گرنگیدان بە رۆشنبیریی و چاپەمەنی مندالان و کردنەوەی کەنالی تایبەت بە کارتۆن و پێگەیاندنی نەوەی نوێ بە وێنەی رەنگین و زمانی کوردی پاراو.
- قەدەغەکردنی کارپێکردن و بەسوخرەگرتن و سوالکردن بە مندالان، گرتنەبەری سزا و رێوشوێنی پێویست لەو پێناوەدا.
ئەم خالانەی سەرەوە چەند ڕاستیەک دەردەخەن:
1/ پرۆگرام لەخالێکدا دایک و باوک بەرپرسیار دەکات بەرامبەر بە دابین کردنی "کەشێکی دەرونی و جەستەیی بۆمنالْ"، وەهەروەها بەرپرسیاریان دەکات لە بەرامبەر "خراپ پەروەردەکردنی مندالْ"دا، کەچی لە خالێکی دواتردا " حکومەت، وەزارەتی پەروەردە و لایەنە پەیوەندیدارەکان" لەڕوی یاساییەوە بەرپرسیاردەکات! ئەمە هەم ئەو قسەیە بەدرۆدەخاتەوە کەپیشتر ڕای گەیاندووە کە "ئەرکی حکومەتە مندالْ و نەوەی نوێ پێبگەیەنێ". وە هەمیش، بەمانای ئەوە دێت کە زەحمەت و مەسروفاتی پەروەردە و پێگەیاندنی منالْ لانی کەم بەشێکی بکەوێتە سەرشانی دایکو باوک وخێزانەکان. بەلام خودی دابەشکردنی بەرپرسیارێتی پەروەردەی منالْ لە نێوان خێزان وحکومەتدا، ئەو ڕاستەیە دەدات بەدەستەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان دابین کردنی دادی کۆمەلایەتی بۆ منالان، لەدەرەوەی بازنەی ئەرکێکی کۆمەلایەتی و دەسەلات دەردێنی و لە بەشێکیدا دەیخاتەوە سەرخێزان، ئاخر دایک و باوکێک چۆن دەتوانن منالەکانیان لە "کەشێکی گونجاوی دەرونی و جەستەیی" بەهرەمەند بکەن لەکاتێکدا خۆیان گیرۆدەی هەژاری و نەداری و بێکاری وکرێچێتی و دەیان دەرد و مەینەتی تربن؟! دایک و باوکێک چۆن دەتوانن کەشوهەوای دەرونی و جەستەیی گونجاو بۆ منالەکانیان دابین بکەن لەکاتێکدا جەستەو دەرونی خۆیان لە دەرەوەی کەشوهەوا و ژینەگەیەکی شایستەی ئینسانیدا بێت؟!

2/ بەکارهێنانی دەستەواژەی "بەسوخرەگرتن"ی منالآن لە ڕیزبەندی ئەو خاڵانەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان هێناویەتەکایەوە، بەمانای ئەوە دێت ک ەتەنها کارپێکردنی بێ بەرامبەری منالآن قەدەغە و کارێک کە منالەکە کریَ وەربگریَ قەدەغە نییە! لەکاتێکدا " قەدەغەکردنی کاری پیشەیی بۆ منالآن و تازەلاوانی ژێر تەمەنی ١٦ سالی" جگە لەوەی پێوانەیەکی ڕۆشنە بۆ قەدەغەی کارپێکردنی منالآن، ئێستا بۆتە یەکێک لەو مادە یاساییانەی کە لە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیادا بەڕەسمی ناسراوە. ئەم خالەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە بزووتنەوەی گۆڕان، سەرەڕای بانگەشە دیماگۆجیەکانی لەمەڕ" سودوەرگرتن لەئەزمونی وڵاتانی پێشکەوتوو"، کەچی بە فرسەخ لە یاساکان و پرسەنسیپەکانی ئەم وڵاتانەوە دورە.

3/ باقی خالەکانی تر هێندە کرچوکاڵ و ناتەواون لە باشترین حالەتی بەدیهاتنیاندا، کەمترین گۆڕانکاری لە ژیانی منداڵان ونەوجەواناندا بەدی ناهێنیَ.* بەتایبەتی کە بە هیچ جۆرێک نەچوە بەلای ئەو بەشە لە مافەکانی منداڵان کە بەهۆیانەوە بەهرەمەندیان دەکات لە ژیانێکی بەختەوەر و ئاسودە و داهێنەرانە، ئەمەش وەک ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و ستانداردێک کە دەوڵەت و دەسەڵات لەسەرو ئاستی خێزانەکانەوە لێی بەرپرسیار بێت.

## 3/ دادی کۆمەڵایەتی و کێشەی گەنجان:

لەژێر تایتلی "کارکردن بۆ چارەسەرکرنی کێشەی گەنجان" دا پرۆگرام ئەم خالانەی خستۆتەڕوو:

– بەدواداچونی کێشەی هەمو ئەو خوێندکارانەی کە لە سالانی رابردودا لە زانکۆ و پەیمانگاکان دەرچون و لە کار و دەرفەتی دامەزراندن بێبەشکراون. کردنەوەی ئۆفیسێکی تایبەت بۆ سەرژمێرکردن و وەرگرتنی زانیاری پێویست لەبارەیانەوە تا لە دەرفەتی گونجاودا بە گوێرەی پسپۆڕیی و لێهاتوییان کاریان لە حکومەت، کەرتی تایبەت، پرۆژەکانی داهێنانی گەنجان، سەرمایەگوزرایی و کۆمپانیاکانی ئاوەدانیدا بۆ بدۆزرێتەوە.

– بەدواداچونی کێشەی کۆمەڵایەتی و دەرونی گەنجان، دواندن و کردنەوەی ۆرک شۆپ و راپرسی زانستی لە هەموو ناوچەکاندا سەبارەت بە هۆکاری لاوازبونی بەشدارییان لە کاروباری سیاسی و کارگێڕیی و بواری گشتیدا، کێشەی رەبەنی، قەیرانی بێباکی و بێئومێدیی.

– قەدەغەکردنی ئەو کۆششە سیاسی و حیزبیانەی دەخرێنەگەڕ بۆ خراپ پەروەردەکردنی گەنجان بە کڕینی ویژدانیان، داماڵینی سەربەخۆیی و ئیرادەی ئازادیان، دەستوەردان لە ئەنجامی هەلبژاردنەکانی گەنجان و خوێندکاران و سەپاندنی ویستی کەسە دەستڕۆیشتوەکانی حیزب بەسەر گەنجاندا.

– تەرخانکردنی برێکی زۆرتری بودجەی هەرێم بۆ گەشەدان بە کەرتی وەرزش و پەروەردەی جەستەیی، بۆ دروستکردنی شار و گوندی وەرزشی لە هەمو ناوچە جیاوازەکاندا.

– رێگرتن لە دەستێوەردانی سیاسی و حیزبی لە کاروباری وەرزش و لیژنەی ئۆلۆمپی و هەلبژاردنی یەکێتیە وەرزشیەکان و دەستەی یانەکاندا.

– سازدانی هەلمەتێکی نیشتمانیی، کۆمەڵایەتیی و ئاینی، سەبارەت بە کێشەی رەبەنی،

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

هۆکارەکانی سەرهەڵدان و تەشەنەسەندنی، گەڕان بەدوای چارەسەری گونجاودا.

- چالاککردنی سیستمی پێشینەی دارایی هاوسەرگیریی، پڕۆژەکانی بنیاتنانی باڵەخانە و کامپی نیشتەجێبون بۆ ئەو گەنجانەی بڕیاری هاوسەرگیریی دەدەن.
- بایەخدان بە توانا و بەهرەی هونەریی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی گەنجان، دامەزراندنی دامودەزگای پێویست بۆ ئەو مەبەستە.
- کارکردن بە سیستمێکی بانکیی بۆ بەخشینی قەرزی درێژخایەن بەو گەنجانەی کە پڕۆژەی هەرەوەزیی هاوبەش پێشکەش دەکەن لە بواری بەرهەمهێنان و داهێناندا."

ئەو کێشانەی لەم خاڵانەدا، وەک "کێشەی گەنج" ئاماژەیان پێکراوە، بریتین لە "کێشەی دامەزراندنی ئەو خوێندکارانەی کە زانکۆ و پەیمانگاکانیان تەواکردووە"، "کێشەی دەرونی گەنجان"، "کێشەی دەست تێوەردانی حزبی لە هەڵبژاردنەکانی گەنجان و خوێندکاراندا"، کێشەی کاروباری وەرزشی و لیژنەی ئۆلۆمپی"، کێشەی ڕەبەنی".. وە بڕیاریشە بزووتنەوەی گۆڕان لەڕێگای چارەسەری ئەم کێشانەوە دادی کۆمەڵایەتی بۆ "ئەم کەرتە کۆمەڵایەتیە" دەستەبەربکات! بەڵام هەموو ئەو کێشانەی کە پڕۆگرام بە کێشەی گەنج ناوی بردوون، نەک هەر ناتوانێ کێشەی جەوهەری وسەرەکی گەنجان بخاتەڕوو، بەڵکو لەژێر ناوی دادی کۆمەڵایەتیدا، پەردەپۆشی دەکات و دەیەوێت ڕووی دەسەڵات وسیستمێک سپی بکاتەوە، کە بە "دەستەکەوتی گەلی کوردستان" دەیناسێنێ.

لەڕاستیدا کێشەی جەوهەری گەنجی کوردستان شتێکی تر نییە جگە لە لە کێشەی دەسەڵات و سیستەمێکی قەومی و تێکەل بە ئیسلام کە هێزی چەکداری حزبی پاسەوان و ڕاگریەتی، دەسەڵات و سیستمێکی دواکەوتوو کە ئومێد و ئارەزوی ئینسانی گەنج و دەست ڕاگەیشتنی بە فرسەتی کار و ئازادی وشکۆفایی زانستی و بەدەنی خنکاندووە، دەسەڵاتێک کە بۆ مەرامی قازانج پەرستی سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیا و پەرپرسانی حزبی و حکومی، دەستیان لەگەڵ مەلا و شێخ و شەریعەت و سونەتە خێڵەکیەکانی کوردایەتی تێکەڵ کردووە خۆیان بە بەرپرس لەئاست دابینکردنی کەمترین خزمەتگوزاری و بژێوی هاوڵاتیانی ژێردەستیان نازانن و بە تەوای لەدژی ئازادیەکانی گەنج و سکولاریزم و مۆدیرنیزە بوونەوەی ژیانی کۆمەڵگان، ئیتر دەبێ چ کێشەیەک بە غەیری کێشەی دەسەڵات و سیستەمێک کە لە ئارادایە کێشەی گەنج بێت؟ تەنانەت "کێشەی ڕەبەنی" بەو جۆرەی پڕۆگرام ئاماژەی بۆ دەکات، کێشەیەکی زیاتر لەوە نییە کە دەسەڵاتداران ئامادە نین ئازادی زەواج و زەواجی مەدەنی بەدوور لەدەستێوەردانی مەلا و شێخ و خێزان و لە دەرەوەی ئیمتیازاتی ماددی وپرۆسەی "کڕین و فرۆشتنەوە" لەیاسادا جێگیر بکا و بەڕەسمی بیناسێنێ. لەمەش زیاتر کاتێک بزووتنەوەی گۆران ناچێت بەلای مەسەلەی دابینکردنی خۆشگوزەرانی و بیمە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ هاوڵاتیانی کوردستان و بەئاشکراش دژی دەستور و یاسا مۆدێرن و سکولاریستەکان دەوەستێتەوە، بە پێویست دەست بە چڵە پوشێکەوە دەگرێ (لەجۆری "هەڵبژاردنی خوێندکاران"، "لیژنەی ئۆلۆمپی"، "کێشەی دەروونی") تا هەرچۆنێک بێت، لە یاری هەڵبژاردنەکاندا، سەرنجی گەنجان بۆلای خۆی ڕابکێشێ. ئەمەیە ئەو دادە کۆمەڵایەتیەی کە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ گەنجان شوێنی کەوتووە.

## 4/ دادی کۆمەڵایەتی و ژنان:

بێگومان هەڵوێستی ڕاشکاوانەی هەر حزبێکی سیاسی بەرامبەر بە ستەم و چەوسانەوەی ژنان و سەلماندنی یەکسانی بێمەرج و هەمەلایەنەی ژن و پیاو لە هەموو بوارەکاندا و هەروەها داکۆکی کردن لە حورمەت و کەسایەتی ئینسانی ژن و بەڕەسمی ناسینی تەواوی ماف و ئازادیە فەردی و مەدەنیەکانی ژنان، پێوانەیەکی بنەڕەتی و مەبدەئێکی سەرەکییە، بۆ ناسینەوەی ئەو حزبە کە ئایا، لە واقعدا، لە کوێی "دادی کۆمەڵایەتی" و کۆمەڵگایەکی ئازاد و یەکساندا ڕاوەستاوە و بە چ پلە و ئاستێک بۆی تێدەکۆشێ. هەروەک بەوجۆرەش کە لێرەدا قسە لەسەر پرۆگرامی سیاسی حزبێک دەکەین و بەپێویست باسی کۆمەڵگا و بەرقەرارکردنی "دادی کۆمەڵایەتی" لە بەرامبەر نیوەی کۆمەڵگادا، کە ژنانن، دێتە ئاراوە، شوێنی خۆیەتی ئاماژە بەو بنەمایانە بکەین کە واتای یەکسانی و هەڵگرتنی جیاکاری لەنێوان ژن و پیاودا زامن دەکا و وێنای کۆمەڵگایەکمان پێدەناسێنێ کە لانی کەم دادی کۆمەڵایەتی، لە بەرامبەر ژن و پیاودا و لە بوارەکانی یاسا، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیدا، بە یەکسانی بۆ هەردووکیان پەیڕەوی لێکردووە. وە هەرئەمەش بکەینە پێوانە و ئاوێنەیەک بۆ هەڵسەنگاندن و حوکمدان بەسەر هەموو ئەو بەند و خاڵانەدا کە بزووتنەوەی گۆڕان لە پرۆگرامەکەیدا سەبارەت بە دادی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی جیاکاری نێوان "ڕەگەزی نێر و مێ" تۆماری کردووە و خۆی وەک داکۆکیکاری مافی ئافرەت هەڵخستووە.. کەوایە بابزانین ئەو بنەمایانە چین:

**بە دەربڕینێکی کورت و سادە:**

**یەکەم:** بنەمای یاسایی، واتە ڕاگەیاندنی یەکسانیی تەواو و بێمەرجی ژنان و پیاوان لە مافە مەدەنی و فەردیەکاندا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و ڕێسایانەی کە لەگەڵ ئەم پرەنسیپەدا ناکۆکن. ئەمەش لە ڕێگای بەرقەرارکردنی سیستەمێکی سکولار و دامەزراو لەسەر بنەمای مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان و جێگیرکردنی لەدەستورو یاساکانی وڵاتدا.

**دووەم:** بنەمای سیاسی، واتە دابینکردنی یەکسانیی ژن و پیاو بۆ بەشداریکردن لە ژیانی سیاسی کۆمەڵگا لە ئاستە جیاجیاکاندا. ئەمەش لە ڕێگای سەلماندنی مافی ژنان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردن لە هەموو ئاستەکاندا و مافی بەدەستهێنان و گرتنی هەر پۆست و پلە و پایەیەک.

**سێهەم:** بنەمای خێزانی، واتە دابینکردنی یەکسانی تەواوی ژن و پیاو لە خێزاندا. لە ڕێگای هەڵوەشاندنەوەی ئیمتیازاتەکانی پیاوەوە، وەکو"سەرپەرشتیاری خێزان"، یەکسانی لە پەیوەند بە سەرپەرشتی و پەروەردەکردنی منداڵ، لە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ماڵ و موڵک و کاروباری دارایی خێزان، میرات، هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و نیشتەجێبوون، تەڵاق، قەدەغەکردنی فرەژنی و هەرجۆرە ئازاردان، ترساندن، ئازادی زەوتکردن، سووکایەتی و توندوتیژیەک لە دژی ژنان و کچان لە خێزاندا.

**چوارەم:** بنەمای ئابووری، یەکسانی تەواوی ژن و پیاو لە مەیدانی ئابووری و کاری پیشەییدا. ئەویش لە ڕێگای باڵکێشانی یاساکانی کار و بیمە کۆمەڵایەتیەکان بە یەکسانی بەسەر ژنان و پیاواندا...

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئێستا با بزانین پڕۆگرام بە بەراورد بەم بنەمایانە چۆن مامەڵە لەگەڵ پرسی ژناندا دەکات. لەم پەیوەندەدا پرۆگرام لە بەندێکدا حەوت خاڵی ڕیزکردووە و ناوی لێناوە "پێڕەوکردنی دادی کۆمەڵایەتی و یاسایی لەنێوان هەردوو ڕەگەز و بایەخدان بە ڕۆڵی ئافرەتان"، لەخاڵی یەکەمدا دەنوسێت:

" – خستنەگەڕی گوشار و کۆششی پەرلەمانی و شارستانی بۆ قەڵاچۆکردنی هەمو ئەو بڕیار و دیاردە و نەریتانەی کە جیاکاری لەنێوان دوو ڕەگەزەکەدا دروستدەکەن، لەسەر ئاستی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کارگێڕی، یاسایی، مەدەنی، خێزانی، پەروەردەیی و ڕۆشنبیری."

ئەم خاڵە وەک دیارە باس لە "خستنەگەڕی گوشار و کۆشش" دەکات نەک قەدەغەکردنی ڕاشکاوانەی جیاکاری لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا، لەو بوارانەدا کە ئاماژەی پێداون. هەروەها باس لە "قەڵاچۆکردنی بڕیار و دیاردە و نەریتەکان" دەکات، بەڵام بەبێ ئەوەی ئاماژە بە یاسایەک بکا کە شوێنیان بگرێتەوە! بەتایبەتی کە لە ڕێگای بەڕەسمی ناسینی یاسای یەکسانی بێمەرج و هەمەلایەنەی ژن و پیاوەوە (بنەمای یەکەم)، دەتوانرێ بڕیار لەسەر ئەوە بدرێت کە کامە "بڕیار و دیاردە و نەریت" جیاکاری لەنێوان دوو ڕەگەزدا دروست دەکات و دەبێ قەڵاچۆبکرێ.

لە خاڵی دووەمدا هاتووە:

"– گوشار و کۆششی پەرلەمانی و شارستانی بۆ قەڵاچۆکردنی هەمو جۆرەکانی توندوتیژیی جەستەیی و ڕۆحی دژی ڕەگەزی مێینە لە خێزانەوە بۆ کۆمەڵگا و نێوەندەکانی خوێندن و کارگێڕی تا دامودەزگا باڵاکانی دەوڵەت. حکومەت ئەرکی سەرپەرشتیکردنی دارایی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و شوێنی نیشتەجێبوونی ئەو ئافرەتانە دەگرێتە ئەستۆ کە دوچاری توندوتیژی و کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی دەبنەوە."

لەم خاڵەشدا دیسانەوە باس لە "گوشار و کۆششی پەرلەمانی.." دەکات بۆ قەڵاچۆکردنی جۆرەکانی توندوتیژی لەدژی "ڕەگەزی مێینە"،* بەبێ ئەوەی ڕاشکاوانە قەدەغەی جۆرەکانی توندوتیژی ڕابگەیەنێ و لە ڕوانگەی یاساییەوە بە کردەوەیەکی دژ و نامرۆڤانە بیناسێنێ. هەر بۆیەشە قسەیەک لە سزادانی بکەر و ئەنجامدەرانی ئەم کردەوانە بە زاریدا نایەت و خۆی لێپاراستووە. بە

---

*/ بزووتنەوەی گۆڕان کەلەچەند جێگای پڕۆگرامەکەیدا، ئاماژەی بە "جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ" لەبری "جیاوازی نێوان ژن و پیاو" کردووە، بەتایبەتیش لەپەیوەند بەباسی دادی کۆمەڵایەتییەوە، ناکرێ هەڵوێستەیەکی لەسەرنەکەین، چونکە لەپشت ئەم بەکارهێنانەوە، مەبەست و ئامانجێکی دیاریکراو ڕاوەستاوە. سەرەتا بەکاربردنی "نێر و مێ" لەبری ژن و پیاو بەمانای هێنانەخوارەوەی بەهاو پێگەی ژنە لە بوونەوەرێکی ئینسانی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ ڕوانگەیەکی سێکسی و بایۆلۆژی. ئەمەش هەر ئەو ڕوانگە دواکەوتووانەیە کە بەشێک لە فیمینیستەکان لەژێر کاریگەریەکانی پۆستمۆدێرنیزم و هەڵوەشانەوەی بەهاو پێناسە کۆمەڵایەتییە ئینسانیەکان، دەری دەبڕن و زیاتر لە ماهییەتێکی بایۆلۆژی و جیاوازی "ئۆرگانە سێکسیەکانی ژن و پیاو"ەوە بۆچوونی خۆیان لەمەڕ کێشەی ژنان دەخەنەڕوو، وەک ئەوەی بەڵای سەری ژن "عەورەت" بێ و پیاوسالاریش لە "چۆکی پیاو"ەوە سەری دەرهێنابێت، نەک ئەوەی کە ⟸

پێچەوانەوەی "گوشار و کۆششی پەرلەمانی"یەکانی بزووتنەوەی گۆڕانەوە، کاتێک دەتوانرێت دژایەتی بە کردەوەی جۆرەکانی توندوتیژی لەدژی ژنان بگیرێتەبەر، دەبێ <u>**یەکەم**</u> بە ڕۆشنی و بە یاسا ئەم دیاردەیە قەدەغە ڕابگەیەنرێ و <u>**دووەمیش**</u> ئەنجامدەرانی بە تاوانبار بناسرێن و لەگەڵ سزای یاساییدا ڕووبەڕووبکرێنەوە. لە ڕاستیدا بەهای ئەم جۆرە هەڵوێست گرتنە ناڕۆشن و ناڕاشکاوانەی حزبی گۆڕان و هاونموونە قەومی و ئیسلامیەکانیەتی کە تا ئێستا نەیانویستووە، هیچ کەسێک لەتاوانبارانی کوشتنی ژنان بەسزا بگەیەنن، کە دڕندانەترین جۆری توندوتیژییان بەرامبەر بە ژنان ئەنجامداوە.

لە خاڵی سێهەمدا پرۆگرام دەچێتە سەر لایەنی هوشیارکردنەوە و دەنووسێت:

> "ئەنجامدانی <u>هەڵمەتێکی پەرلەمانی، شارستانی، ڕۆشنبیری، ئاینی و کۆمەڵایەتی</u> بۆ هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لە گوند و شار و شارۆچکەکان سەبارەت بە بایەخی <u>ئازادیو مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ئافرەتان</u>، سەبارەت بە بایەخی بەشدارییان لە دامەزراندنی دەوڵەتی شارستانی مۆدێرن و بەرهەمهێندا."

لە پەیوەند بەم خاڵەوە، ئاشکرایە کە ئەنجامدانی هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیان بە ماف و ئازادیەکانی ژنان، خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشە، بەڵام ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەم هەڵمەتەدا دەست بەدامێنی ئاینەوە دەگرێ، ئیتر ئەو ڕوانگەیە ئاشکرا دەکات کە پێی وایە دین و یاسایەک کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا تێکەڵکراوە، نەک هەر دژی ماف و ئازادیەکانی ژنان نییە، بەڵکو ڕێزی لە ژنان گرتووە و ماف و ئازادی پێبەخشیوە! بەڵام لەمەش زیاتر، پرۆگرام باس لە هەڵمەتی هوشیار بوونەوە دەکات سەبارەت بە "بایەخی <u>ئازادی و مافە مەدەنی و سیاسیەکانی ئافرەتان</u>"، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت ئەو ماف و ئازادیانە چین کە بۆ ژنانی بەڕەسمی دەناسێنێت و بڕیارە هەڵمەتی هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیانی بۆ بگرێتەبەر!؟ ئەمە ئەو خاڵەیە کە بە یەکجاری لە

---

⟹ جیاوازیەکانی نێوان ئینسانەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەوانەش جیاوازی ڕەگەزی، ئاکامی زاڵبوونی سیستمە ئابووری و سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتیەکانە و ڕاستەوخۆ درێژکراوەی جیاوازی و ستەمگەرییە چینایەتیەکانە لەهەر کۆمەڵگایەکدا. بەڵام ئەگەر بۆ فیمینیستەکان جیاوازی نێر و مێ، وەک مەبەست و ئامانجێک بۆ "ڕەتکردنەوەی ئاشتەوایی نێوان ژن و پیاو" بەکارببەن سەرەنجام بەهۆیەوە ڕەقبوونەوە لەپێناو پیاوسالاری، تائەو ئاستە ڕەواج پێبدەن کەئیتر باوەڕ و ئامانجی "یەکسانی ژن و پیاو" بکرێتە خەیاڵ و لەدەستوری جوڵانەوەی یەکسانیخوازی بکرێتە دەرەوە، ئەوا بۆ بزووتنەوەی گۆڕان سودوەرگرتن لەم چەمکە (نێر و مێ) ئەو بەها سیاسییەی هەیە، کە لەلایەکەوە، باوەڕدارانی ئیسلامی و هەموو ئەوانەی خۆبەستی سەوابتی ئاینی ئیسلامن لەم حزبەدا دڵنیابکاتەوە، کە یەکسانی ژن و پیاو شتێک نییە لە دەستوردا بێت، لەلایەکی تریشەوە، بە ژنانی ناڕازی و یەکسانیخواز بڵێت، کە "ژنیان ژن وتووە و پیاویان پیاو وتووە" خودا و ئاینەکان ئەوانی بە نێر و مێ دروستکردووە هەرواش دەمێننەوە، بۆیە لەوە زیاتر داوامان لێمەکەن کەئێمە لەڕیفۆرم و چاکسازیەکانماندا بەرەو دادی کۆمەڵایەتی بۆ ئێوەمان دیاریکردووە!

پرۆگرامدا نەهاتووە و خۆی لێلادراوە.

لەخاڵی چوارەمدا پرۆگرام باس لەدیاردەی هەراسانکردنی سێکسی دەکاو دەنوسێت:

- قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەراسانکردنێکی سێکسی دەرهەق بە ڕەگەزی مێینە. سزادانی توندی ئەو بەرپرسە سیاسی و حکومی و حیزبییانەی کە پۆستەکانیان بۆ ئەو مەرامە بەکاردەهێنن."

لە بەرامبەر ئەم خاڵەشدا، ئەوە زۆر باشە کە پرۆگرام "قەدەغەکردنی هەر جۆرە هەراسانکردنێکی سێکسی" ڕاگەیاندووە، بەڵام لێرەشدا لە چەند ڕووەوە کەموکوڕی و کەلێنێکی گەورە بەدیدەکرێت: **یەکەم،** ئەوەی کە دیاردەکە بە یاسا قەدەغە ناکا و بەکراوەیی کردەکە دەهێڵێتەوە. **دووەم،** ئەوەشی کە "سزای توند" بە تەنها بۆ "بەرپەرسەکان" بەرەوا دەبینێ، نەک وەک ئەوەی کە هەر کەسێک لەکۆمەڵگادا دەست بۆ ئەم کارانە ببات، لەگەڵ یاسا بەرەو ڕووە و سزادەدرێت. **سێهەمیش،** ئەم خاڵە هیچ قسەیەکی لەسەر لەشفرۆشی نەکردووە، لەکاتێکدا نموونەیەکی فراوان و بارزی هەراسانکردنی سێکسیە. ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆران چۆن لە دیاردەی لەشفرۆشی دەڕوانێ و چ ڕێگایەکی بۆ بنبڕکردنی هەیە، بۆ نووسەرانی پرۆگرام جێدێڵین.

لە خاڵی پێنجەم و شەشەمیشدا، پرۆگرام دەچێتەسەر باری ئابووری ودەنووسێت:

"- تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورەتر بۆ چاودێریی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، موچە و بیمەی دایک لە قۆناغی دووگیانی، زەیستانی و بەخێوکردنی منداڵدا.

- هاوکاریی دارایی، بیمەی کۆمەڵایەتی، کردنەوەی خولی ڕاهێنان و دابینکردنی مووچەی خانەنشینی، لەکاتی تەمەنی یاساییدا، بۆ ئافرەتە بەرهەمهێنەکانی ناوماڵ، وەک بەرگدروو، فەرشچن و خانمە دەستڕەنگینەکان بە گشتی."

لەبارەی ئەم دوو خاڵەشەوە پرۆگرام سەرەڕای ئەوەی خۆی لەقەرەی بابەتە سەرەکییەکانی دۆخی ئابووری ژنان و یەکسان کردنی ئابوورییان لەگەڵ پیاواندا نەداوە (بگەڕێرەوە بۆ بنەماکانی سێهەم وچوارهەم کە پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە) هاوکات زۆر بە ناڕۆشنی و بەکرچوکاڵی قسەی لەسەر "بیمەی دایک" و بەخێوکردنی منداڵ کردووە، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێت "بیمەی دایک" چەندە و چۆن حساب دەکرێ؟ هەروەها پێمان ناڵێت ئیمتیازاتی ژنانی دووگیان و مناڵەبەر لەقۆناغە جیاجیاکاندا چۆنە و چییە؟ کێ پەروەردەی منداڵ دەگرێتە ئەستۆ، دایک یان باوک؟ دایانگە و باخچەی ساوایان، شیر و خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری لەسەر مەسرەفی کێ دابین دەکرێ؟ ئەمانە هیچ قسەیەکیان لەسەر نەکراوە! لەمەش زیاتر پرۆگرام باس لە "هاوکاری دارایی وبیمەی کۆمەڵایەتی" دەکات، بەڵام ئەمەش بەتەنها بۆ " ئافرەتە بەرهەمهێنەکانی ناوماڵە" کە جلەدوورن وە یا فەرش دەچنن و "خانمی دەست ڕەنگین" (عەجیب داهینانێکە لە دادی کۆمەڵایەتیدا)! ئایا لەڕاستیدا ئەو ژنانەی کاری ناوماڵ دەکەن و پیاوان بەهێزی تازەوە دەنێرنەوە سەرکار و ئەو ژنانەی کە لە گۆشەی تاریکی ماڵدا هەموو تەمەنیان بە پەروەردە و گەورەکردنی نەوەی نوێوە سەرف دەکەن "کاری بەرهەمهێن" ناکەن؟ ئایا ئەم ئینسانانە ناچنەخانەی "خانمانی دەست ڕەنگینەوە" تا بیمەی کۆمەڵایەتی و خانەنشینی بیانگرێتەوە؟ بەڕاستی بۆچوونێکی ئەوپەڕی

**خەسرەو سایە**

دواکەوتووانە و دژە ژنانەیە. چونکە لەم ڕووەوە گۆڕان بەناوی "قەڵاچۆکردنی جیاوازی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ" و دادی کۆمەڵایەتیەوە، خۆی جیاکاری لەنێوان ژناندا دروست دەکا و ئەوان بەناوی "ژنانی بەرهەمهێن و نابەرهەمهێنی ناوماڵ، خانمی دەسترەنگین و نادەسترەنگین"ەوە دابەشدەکا و لەسەر ئەم بنەمایەش "هاوکاری و بیمەی خانەنشینی"یان پێدەبەخشێ!

لە دوایین خاڵیشدا (خاڵی حەوتەم) پرۆگرام وەک داهێنانێکی تازەی کردبێت بۆ ژنان و باسی «جیاکاریی پۆزەتیڤ» دێنێتەئاراوە و دەنووسێت:

"تەرخانکردنی ڕێژەی شارستانی شیاو بۆ ئافرەتان لە هەمو دامودەزگاکانی دەوڵەت و فەرمانگە و ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیکردن و کارگێڕیدا. پێڕەوکردنی بیرۆکەی »جیاکاریی پۆزەتیڤ «وەک لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوودا کاری پێدەکرێت، بەو مانایەی ئەگەر پیاوێک و ئافرەتێک، بەهەمان توانا و لێهاتوییەوە، بۆ پۆستێک پاڵێوران ئافرەتەکە پێشدەخرێت."

ئەوە ڕاستە کە چەمکی "جیاکاریی پۆزەتیڤ" لەهەندێک لە وڵاتانی پێشکەوتوودا کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەم چەمکە لەسەر بنەمای جێگیر بوونی بیرۆکەی یەکسانی نێوان ژن و پیاو و خەبات بۆ هەڵگرتنی ستەم و جیاکاری لەبەرامبەر ژنان و پێڕەوی کردن لەو بنەمایانەی کە لە سەرەوە باسمان کرد دەستی بۆبراوە، (بۆنموونە وڵاتانی ئەسکەندناڤی). بەڵام سەیر لەوەدایە بزووتنەوەی گۆڕان لە ئاخری دەسەتکەوتە ئینسانیەکانی وڵاتانی پێشکەوتووەوە دەست پێدەکا، بەبێ ئەوەی بنەما و پرەنسیپەکانی یەکسانی ژن و پیاو لەسیستەمێکی حوکمڕانیدا لەم وڵاتانەوە وەربگرێ و ڕاشکاوانە خوازیاری ئەوەبێت کە لە دەستور و یاساکانی وڵاتدا جێگایان بۆبکاتەوە!

بەڵام بەدوای ئەو سەرنجە کورتانەی کە لەسەر هەریەک لەخاڵەکانی سەرەوە داومانە، هێشتا وەڵامی ئەوپرسیارە بە نەدراوەیی دەمێنێتەوە کە ئایا ستەمکێشی ژنانی کوردستان چ جێگایەکی لەپرۆگرامی بزووتنەوەی گۆڕاندا گرتووە؟ ئایا لەڕاستیدا ئەم حزبە وەک ئەوەی بانگەشە بۆ دادی کۆمەڵایەتی لەنێوان "ڕەگەزی نێر ومێ"دا کردووە، لایەنگری ڕاستەقینەی ماف و ئازادییەکانی ژنانە؟

1/ بەوپێیەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لە هیچ شوێنێکی پرۆگرامەکەیدا بە ڕۆشنی و ڕاشکاوانە لایەنگری خۆی بۆ یەکسانی بێمەرج و هەمەلایەنەی ژن و پیاوی لەتەواوی بوارەکاندا ڕانەگەیاندووە و پەیوەستەگی خۆی بۆ جێگیرکردنی ئەم مەبدەئە لە یاسا و دەستوری هەرێمی کوردستاندا نەخستۆتە دەستورەوە، هاوکات بە نارۆشنی باس لە ماف و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکان دەکات و پێمان ناڵێت کە سنوورەکانی ئەو ماف و ئازادییانە چین، بە پێویست ناتوانێ وەک داکۆکیکەری پەیگیری ماف و ئازادیەکانی ژنان و وەک لایەنێک بناسرێت کە لانی کەم خوازیاری جێگیرکردنی یەکسانی ژن و پیاوە لە یاساکانی وڵاتدا. تەنانەت بزووتنەوەی گۆڕان چ لە بواری کۆمەڵایەتی و خێزانیدا و چ لە ڕووی ئابووری و کار و پیشە و بیمە کۆمەڵایەتیەکانەوە، ئەو ئاستە ناچیز و کەم و بێبایەخانەش کە بۆ پیاوان بەڕەسمی ناسراوە، بۆ ژنانی بەڕەسمی نەناساندووە.

2/ پرۆگرام لەو چوارچێوەیەدا کە باس لە بێدادی بەرامبەر بە "ڕەگەزی مێ" دەکات، بە تەنها

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

لەسەر دیاردەی توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی و هەندێ مەسەلەی تر کە پەیوەندییان بە خێزان و بواری ئابووری و هوشیارکردنەوەی هاوڵاتیانەوە هەیە ڕاوەستاوە، ئەمەش یەکجار سنووری‌کی بەرتەسک و ئاستێکی کرچوکاڵ و ناڕۆشنە، کە هەرگیز لە ئاست ئەو ڕێژەیە لە ستەم و چەوسانەوە و ئەو مەوقعە ژێردەستەیی و پلەدووییەدا نییە، کە ژنانی کوردستان تێی کەوتون. خۆپارێزی و باسنەکردنی چەندین بابەت و مەسەلەی تر کەپەیوەندییان بەدۆخی ناهەمواری ژنانەوەیە ئەڵقەیەکیترە کەپرۆگرام بەلایدا نەچووە و خۆی لێدزیونەتەوە لەوانە، ئازادیەکانی ژنان، ئازادی زەواج و تەڵاق، سەفەر و مانەوە، پەیوەند گرتنی جنسی، مەسەلەی مناڵ لەباربردن، قەدەغەکردنی فرەژنی و هەڵوێستگرتن لەدیاردەی لەشفرۆشی، مەسەلەی مووچەی یەکسان بۆ کاری یەکسانی ژن و پیاو، هەڵبژاردنی پیشە، مەسەلەی میرات و دارایی خێزان و سەرپەرشتی مناڵ دوای جیابوونەوە، دابینکردنی دایەنگەو باخچەی ساوایان و شیرو پێداویستیەکانی مناڵ و مافەکانی ژنانی مناڵبەر و دووگیان.. ئەمانە و دەیان بابەتیتر کە بزووتنەوەی گۆڕان نەچووەبەلایدا و دەشیەوێت "دادی کۆمەڵایەتی" لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا بەدی بهێنێ.

3/ ئێمە داوایەکی گەورە لەحزبی گۆڕان ناکەین، وەک ئەوەی کەحزبێکی دژی سەرمایەداری بێ و ئەو ڕاستیە ببینێ کە سەرمایەداری ئەم سەردەمە بەشێوەیەکی دیاریکراو خۆی لەسەر حاڵەتی نایەکسانی نێوان ژن و پیاو دامەزراندووە و لەبەرامبەریشدا، داوای هەڵوەشانەوەی ئەم نیزامەی لێبکەین، بەڵکو مەبەستمانە ئەو ڕاستییە دەرخەین کەبزووتنەوەی گۆڕان، لەئاست ئەو دەوڵەت و حزبە سەرمایەداری و بۆرژوازیانەشدا نییە، کەیەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوانیان بەڕۆشنی لەیاساکانی وڵاتدا سەلماندووە و لایەنگری ئەوپەڕی خۆشگوزەرانی و دوورخستنەوەی دەستی مەزهەب و پیاوسالارین بەسەر ئینسانی ژنەوە. هەروەها ماف و ئازادیەکانی ژنانیان لەئاستێکی فراواندا سەلماندووە، هاوکات دەمانەوێت ئەوە دەرخەین کە بزووتنەوەی گۆڕان تەنانەت لەئاست ئەو بەرنامە و بڕیارانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لەمەڕ مافی ژن و منداڵدا ڕایگەیاندووە لەدواوەیە و ئەوەشی بۆ ژنان و منداڵانی کوردستان بەڕۆشنی لە پرۆگرامەکەیدا جێگیرنەکردووە. لەکۆمەڵگای ئەمڕۆی کوردستاندا، سەرەڕای ئەوەی کە سەرمایەداری کوردستان و دابەشبوونی چینایەتی و جیاکاری و ستەمکێشی ژن، وەک یەکێک لەکۆڵەکەکانی سەرخانی سیاسی و سیستەمی حوکمڕانی، ڕاستەوخۆ بۆ مەرامی قازانجهێنەری چینی دەسەلاتدار و ڕاگرتنی هێزی کاری هەرزان لەبەردەم سەرمایەداران و خاوەن کۆمپانیاکاندا، پارێزگاری لێدەکرێ و ژنان لەمەحرومییەت و ژێردەستەییدا دەهێڵرێتەوە، بەڵام بەو هۆیەوە کە دین و نەریتە خێڵەکی و پیاوساڵاریەکان، ڕیشەیەکی قووڵتریان لەنێو نیزامی سیاسی و ئیداری و کەلتووریی کۆمەڵگادا داگیر کردووە و ئەوە خودی دەستەی فەرمان ڕەوا و حزبە ناسیونالسیت و ئیسلامیەکانە، ئەم دین وفەرهەنگ وباوەڕە کۆنەپەرست و دژە ژنانەیان پاراستووە، بەپێویست ستەمکێشی و بێمافی و ژێردەستەیی ژن بەئاشکراترین و قێزەونترین شێوە خۆی دەنوێنێ.. لەکوردستان ژنان لەژێر سایەی دەسەڵاتی حزبە بۆرژوا ناسیونالیست و ئیسلامیەکاندا، کێشەو گرفتەکانیان هەرئەوە نییە کەماف و ئازادیەکانیان بەڕەسمی ناناسرێ و لەچاو پیاواندا هاوڵاتی پلەدوو و ژێردەستەن، تەنانەت گرفتی ژنان هەرئەوە نییە،

کەباری ئابووری و پیشەیی و خیزانییان، لەخوار پیاوانەوە ڕاگیراوە و کراونەتە پاشکۆی پیاوان، بەڵکو گرفتەکە لەوەدایە لەقانون و یاساکانی وڵاتدا، لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و فەرهەنگی باودا، لەئەدەب و هونەر و هەموو بوارەکانی ژیاندا، لەگەڵ بێحورمەتی و تەحقیر و بەکەم گرتنێکی ئاشکرا بەرەوڕوو کراونەتەوە، بەڕادەی ئەوەی کە وەک ئینسان سەیریان نەکرێ... ناچارکردنی هەزاران ژن بەخۆسوتاندن، بەڵگەی ئەم بێحورمەتیەیە کەلە کۆمەڵگادا بەژنان دەکرێ. هاوکات، کوشتنی ژنان بەبەهانەی شەرەف، لوت و گوێبڕین و هەڵواسین بەپرد و بەردەباران و زیندانیکردنی ژنان لەحەمام و دەیان دیاردەی نامرۆڤانەی دیکە کە تائێستا ڕێژەی قوربانیەکانی شانیداوە لە ژمارەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال، هەموو ئەم حاڵەتانەش سنووری دیاردەی توندوتیژی بەوپەڕی دڵڕەقییەوە تێپەڕاندووە. ئەمە لە کاتێکدایە کەئەنجامدەرانی ئەم تاوانانە کەبەسەدانیان لێدەستگیرکراوە، هیچ کەسێکیان بەسزا نەگەیاندراون، هەربۆیە ئەم دەستدرێژییانە بەرامبەر بەژنان بەکردەوە، بەتاوان حسابیان بۆناکرێ. لەمەش زیاتر، پەسەندکردنی یاسای فرەژنی لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە، هاوکات فتوای مەلا و هوهاکێشانی پیاوانی ئاینی وهەڕەشەکردن لەژنان.. هەموو ئەمانە واقعیەتێکی تەڵخ و مەینەتباری بەسەر ژنانی کوردستاندا داسەپاندووە، کەچی بەئاستەم بزووتنەوەی گۆڕان بەلایدا نەچووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کەبزووتنەوەی گۆڕان وەک هەرحزبێکی ناسیونالیست کە بەتوندی بەباوەڕە قەومی و ئیسلامیەکانەوە پابەندە و ئامادە نییە هیچ یاساو بڕیارێک پەسەند بکات کەپێچەوانە بێت لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامی و "بەها قەومیەکاندا"، بەپێویست ناتوانێ و نایەوێت لەبازنەی حزبە دەسەڵاتدارەکان دەرچێ. ئەوەش کە باس لە"دادی کۆمەڵایەتی بۆ ڕەگەزی مێ" دەکات لەلایەک ڕەنگدانەوەی ئەو فشارەیە کەدۆخی ژنان لەسەر هەرحزبێکی قەومی و ئیسلامی داناوە و ئەوانی ناچارکردووە بەوەی کەهەرچۆنێک بووە، لەبەرنامەو پڕوپاگەندەکانیاندا، جێگایەکی بۆبکەنەوە، وە لەلایەکی ترەوە بزووتنەوەی گۆڕان وەک ئەوەی چاوی لەپەرلەمان و هەڵبژاردن و سندوقەکانی دەنگدان بڕیوە و پێویستی بەکۆکردنەوەی دەنگ هەیە، ناچاربووە بەوەی کەهەرچۆنێک بووە لەشێوەیەکی کرچوکاڵ و ناتەواودا باس لەماف و ئازادیەکانی ژنان بکات تا بەقازانجی خۆی ڕایانکێشێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانەوە. ئەمەش کارێکە کە بچوکترین ئالوگۆڕ لەژیانی ژێردەستەیی و ستەمکێشی ژناندا ناهێنێ.

## 5/ دادی کۆمەڵایەتی و پێشمەرگەو..

لەم پەیوەندەدا پرۆگرام نوسیویەتی:

"پاداشتکردن و هاوکاریکردنی پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانییانی ئەنفال و کیمیاباران، زیندانییە سیاسیەکان، قوربانییانی جەنگەکانی سەردەمی داگیرکردن، قوربانییانی شەڕی ناوخۆ، هەموو ئەو کەسانەی کە لەپای کوردستانیبوون ستەمیان لێکراوە، گیان و ئەندامی جەستەیان لەدەستداوە، ماڵ و حاڵیان بەخشیوە. پێویستە لە پاداشتکردن و هاوکاریکردنی ئەم توێژەدا گوێنەدرێتە پێشینەی سیاسی و پێگەی

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کۆمەڵایەتی و جوگرافییان، پێویستە لە پەرلەمان و دەزگا پەیوەندیدارەکاندا بەرگری لە مافیان بکرێ لەڕێی کاراکردنی سیستمی مووچە، بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی، دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی شارستانی بۆ پێشمەرگە و قوربانییە زیندوەکانی کوردستان"

سەرەتا ئەوەبڵێین کە "دانانی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان" وەک توێژێک کە "شایەنی هاوکاری بن" بەڵگەیە بۆ بەدرۆ دەرهاتنی هەموو ئەو پروپاگەندانەی کە بزووتنەوەی گۆڕان و حزبە ناسیونالیستەکان لەمەڕ پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان دەیکەن، لەچەشنی ئەوەی کە "پێشمەرگە سونبولی بزووتنەوەی کوردایەتییە"، "پێشمەرگە تا ئەو ئاستە پیرۆزە کە خاوەنی سەروەریەکانی نەتەوە و نیشتمانە" یان "کەسوکاری شەهیدان سنووری سوورە بۆمان".. لە ڕاستیدا، هێنانی برگەیەکی لەم جۆرە بۆ ناو پرۆگرام، وێڕای ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان، بەهەمان شێوەی حزبە ناسیونالیستەکانی تر، کەخۆیان بەڕابردووەوە گرێداوە و لەڕێگای بەکوشتدانی هەزاران کەس و کردنیان بەشەهید و قوربانی، دەیانەوێت سەرمایەیەکی سیاسی تائەبەد بۆلایەنگری لەخۆیان و سیاسەتەکانیان بسازێنن و بەتایبەتیش بیانکەنە کەرەسەی هەڵبژاردنەکان و دەنگەکانیان مسۆگەر بکەن، لەهەمانکاتدا، دەیانەوێت لەم ڕێگایەوە خۆیان لەدانی بیمەی کۆمەڵایەتی و دابینکردنی لانی کەمی ژیان بۆ هەموو هاوڵاتیانی کوردستان، بدزنەوە. ئایا ئەگەر حکومەتێک لەکوردستاندا لەسەرکاربێت، بیمەی تێروتەسەلی کۆمەڵایەتی بۆ هەموو هاوڵاتیان بەیەکسانی دابین بکات، حکومەتێک ئەگەر لەخەمی بێکاراندابێ و کار یان بیمەی بێکارییان بۆدابین بکات، حکومەتێک ئەگەر خۆی بەرپرسیار بزانێ بەرامبەر بە دابینکردنی خانوبەرە و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان و لەیەک وتەدا مسۆگەرکردنی لانی کەمی ژیان بۆهەمووان بەبەرپرسیار بزانێ، ئیتر چ پێویست دەکات هاوڵاتیانی کوردستان لەژێر ناوی " پێشمەرگە، کەسوکاری شەهیدان، قوربانیانی ئەنفال و کیمیاباران، زیندانییە سیاسیەکان، قوربانییانی جەنگەکانی سەردەمی داگیرکردن، قوربانییانی شەڕی ناوخۆ،..." دابەشبکرێن و بەم هۆیەشەوە هاوکاری بکرێن لەلایەن دەسەڵاتەوە؟ لەڕاستیدا ئەم دابەشکردن و بەڵێندانە بەپێشمەرگە و قوربانییانی ئەنفال و... تەنها بۆ ئەوەیە چاولەبەری دەسەڵات بکرێن و لەشاڕێی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئینسانی داببرێن و تاماون بەناونیشانی کەسوکاری شەهیدان و قوربانییانی ... بمێننەوە. ئەمەش بەهای ئەو دادە کۆمەڵایەتییەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان بەشوێنیەوەیەتی.

## 6/ دادی کۆمەڵایەتی و قوربانییانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان:

لەژێر ناونیشانی "هاوکاریکردنی قوربانییانی قەیرانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان"دا پرۆگرام چەند بابەتێکی جیاوازی کۆکردۆتەوە کەلێرەدا بەکورتی لەسەریان ڕادەوەستین:

"<u>کارکردن</u> بۆ چارەسەری کێشەی بێماڵی و کرێچێتی و <u>جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە</u> لە بواری نیشتەجێبوونی هاوڵاتیاندا".

لەم خاڵەدا پرۆگرام کێشەی خانووبەرە دێنێتە ئاراوە، بەبێ ئەوەی هیچ ڕۆشنایی و ڕێگاچارەیەکی بەکردەوە بخاتەڕوو. ئەوەی تەئکیدی لێکردووە "کارکردنە لەسەر کێشەی بێماڵی و کرێچێتی و جێبەجێکردنی پرۆژەی گەورە.." بەڵام پێمان ناڵێت ئایا ئەو "پرۆژە گەورانە"، خانووبەرە بەخۆڕایی بۆ هاوڵاتیانی بێسەروپەنا ئامادە دەکات یان وەک کۆمپانیا بازرگانیەکانی دروستکردنی شوقە و ڤیلا، کەتەنها ئەو بەشە لەهاوڵاتیان سودمەندن لێی کەپارەدارن؟

لەخاڵێکیتردا باسی قاچاخچێتی بەمادە هۆشبەرەکانەوە دەکاو دەنووسێت:

"دۆزینەوەی باندەکانی بازرگانی و قاچاخچێتی ماددە هۆشبەرەکان لە ناوخۆ و دەرەوەدا و دروستکردنی لیژنەی ئەمنی هاوبەش لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا لەو پێناوەدا".

لە پەیوەند بەچۆنیەتی مامەڵەکردن بە دیاردەی بازرگانی کردن بە ماددە هۆشبەرەکانەوە پرۆگرام لەگەڵ ناڕۆشنیەکی دوولایەنە بەرەو ڕووە، **یەکەمیان** لەڕووی یاساییەوە بەڕۆشنی بازرگانی کردن بەم مادانەوە بەکاریکی قەدەغە و نایاسایی ڕاناگەیەنێ و ئەنجامدەرانی لەگەڵ سزادا بەرەوڕووناکاتەوە و بەتەنها کەوتۆتە شوێنی دۆزینەوەی باندەکانی بازرگانی! **دووەمیش** هیچ شتێک لەسەر توشبووانی ماددە هۆشبەرەکان ناڵێ، ئایا ئەو هاوڵاتیانەی کەگیرۆدەی ئەم گرفتەدەبن، وەک هاوڵاتیەکی خاوەن ڕێز کەگیرۆدەی نەخۆشی دەبێ مامەڵەیان لەگەڵدا دەکا و دەیانخاتە بەر پرۆسەی چارەسەرییەوە، یان لەبەندیخانەدا گیریان دەکەن و تامەرگ لەبەردەم تەحقیردا ڕایان دەگرن و ژیانیان بەفەرامۆشی دەسپێردرێ؟

لەخاڵێکی تردا پرۆگرام باس لەمامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانییاندا دەکا و دەنووسێت:

" پێڕەوکردنی مامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانییان وەک قوربانیی قەیرانە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکان. ئەرکی حکومەتە کەشێکی مرۆڤانەیان لەڕووی جەستەیی و مەعنەوی و فێرکارییەوە بۆ دابین بکات، پاش تەواوکردنی ماوەی یاساییان لە زینداندا لەناو کۆمەڵگا و دامودەزگاکانی وڵاتدا جێگەیان بکاتەوە".

ئەوە باشە کەمامەڵەی مرۆیی لەگەڵ زیندانییاندا بکرێ و کار بکرێ بۆ ئاسایی کردنەوە و گێڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگا، بەڵام لەمەشدا هیچ شتێک لەسەر پرۆسەی تێپەڕبوونی سزادراوان، لەوکاتەوەی لەسەر تۆمەتێک دەستگیردەکرێ تا دەخرێتە زیندانەوە ناڵێت، تەنانەت هیچ شتێک لەسەر مافەکانی "تۆمەتلێدراوان و تاوانباران و سزادراوان" ناڵێت !

لەخاڵێکیتردا پرۆگرام کۆمەڵەبابەتێک پێکەوە ئاماژەپێدەکات:

"چارەسەرکردنی کێشەی کەسانی بێحاڵ و ماڵ، دێوانەکانی سەر جادە، دیاردەی سواڵکەری، بەتایبەتی لەنێو منداڵاندا، بەسوخرەگرتنی منداڵ و نەوجەوانان بەرامبەر کرێیەکی کەم، بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی لەشفرۆشی".

بەڕاستی هەموو ئەم حاڵەتانەی کەلەم خاڵەدا ڕیزکراون، دۆخێکی نامرۆڤانە و هەستیار دەخەنەڕوو، هەربۆیەش باسکردن لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەیان، ڕێگای یاسایی و ئیجرائاتی دەستبەجێ و بەرنامەگەلێک دەخوازێ کە بەهاناوە چوونی خێرای ئەم جۆرە کەسانە وەک ئەرکێکی حکومەت و دامودەزگاکانی بگیرێتەبەر، بەڵام پرۆگرام تەنها بەیەک وشە ئیکتیفا

دەکات، بەبێ ئەوەی پێمان بڵێ چۆن چارەسەری ئەم کێشانە دەکات؟
لە دواخاڵی ئەم بەندەدا مەسەلەی پەنابەری دێتەئاراوە:

"ڕێزگرتنی پەناهەندەکان و دابینکردنی کامپ و شوێنی ژیانی شیاو بۆیان، ڕێزگرتنی کرێکارە بیانییەکان کە لە پرۆسەی بنیاتنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستاندا کاردەکەن. بەدواداچونی کێشەی زوڵملێکردن و خراپ بەکارهێنانیان ئەرکی حکومەتە".

لەبارەی ئەم خاڵەشەوە پرۆگرام پەنابەر و "کرێکاری بیانی" لەژێر وشەی "ڕێزلێگرتندا کۆدەکاتەوە و یەکەمیان لە کۆمەڵگا دادەبڕێێ و دەیانخاتە کەمپەوە و دووەمیشیان لەدەرەوەی یاسای کار و ماف و ئازادییەکاندا دایاندەنێ. بزووتنەوەی گۆڕان لەکاتێکدا باس لە"ڕێزی پەنابەران" دەکا و بەشانازییەوە سیاسەتی کەمپسازییان لەبەرامبەردا دەگرێتەبەر، هەمان سیاسەتی ڕاسیستانەی دەوڵەتانی ڕاستڕەوی وڵاتانی ئەوروپا دووبارە دەکاتەوە، کەنەک هەر مامەڵەیەکی دادوەرانە نییە، بگرە جیاکردنەوەی ئەم ئینسانانە و دوورخستنەوەیانە لەکۆمەڵگا و ئەو ماف و ئازادییانەی بەڕەسمی بۆ هاوڵاتیان ناسراون!

## 7/ دادی کۆمەڵایەتی و سیستەمی خانەنشینی:

لەم بەندەدا پرۆگرام چەند خاڵێک بۆ چاککردنی سیستەمی خانەنشینی پێشنیار دەکات کەلەبارەیانەوە قسەدەکەین:

"- دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە خانەنشینی، بەجۆرێک <u>شایستەی تەمەنی خزمەت و ماندووبوونی مرۆڤی بەرهەمهێن و ڕەنجدەر بێت</u> لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

- هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسا و بڕیارە تایبەتانەی کە بۆ خانەنشینکردنی وەزیر، پەرلەمانتار، پلە تایبەتەکان و بەرپرسان و ئەندامانی حیزب دەرچوون، کە هەندێکیان نایاسایی و هەندێکیشیان بەیاسا ڕێکخراون، بەجۆرێک تەنها یەک پێوەر بۆ دیاریکردنی تەمەنی یاسایی خانەنشینی بەسەر هەموو فەرمانبەرانی دەوڵەتدا، بێجیاوازی، جێبەجێ بێ.

- بەرزکردنەوەی مووچەی خانەنشینی خاوەن پلە وەزیفییە نزم و ناوەنجیەکان و کەمکردنەوەی مووچە زۆرەکان.

- دابینکردنی مووچەی خانەنشینی بۆ کرێکاران، جوتیاران و بەرهەمێنەرانی ناوماڵ و کەرتی تایبەت."

کۆی ئەم خاڵانەی سەرەوە وەک ئەوەی "سیستمی خانەنشینی" گەڵاڵە دەکاتەوە، هەڵگری ناتەواوی و سەرنجدانی جدییە. بەتایبەتی کاتێک ئەم سیستەمە لەپەیوەند بەدادی کۆمەڵایەتییەوە دەخرێتەڕوو:

**یەکەم**، ئەوەی کە لەم خاڵانەی سەرەوەدا، ئاستی مووچەی خانەنشینی "<u>شایستەی تەمەنی خزمەت و ماندووبوونی</u>" بێت و هەروەها هەردووکەرتی گشتی و تایبەت بگرێتەوە، خاڵێکی موسبەتە، هاوکات ئەوەشی کە مووچەی پلەدارە خانەنشین کراوەکانی نێو دەسەڵات کەم بکرێتەوە دیسانەوە

هەنگاوێکی باشە، بەڵام ناتەواوە و هێشتا نەک دادی کۆمەڵایەتی، بگرە هاوسەنگی لەنێوان مووچەی خانەنشینی کرێکاران و کارمەندێکی سادە لەگەڵ، پلەدارانی نێو دەسەڵاتدا دروست ناکات، چونکە پێوانەی سەرەکی لەدیاریکردنی ئاستی موچەی خانەنشینیدا -وەک ئەوەی لەم سیستەمەدا دیاری کراوە- شایستەبوونە لەگەڵ کار و تەمەندا، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاستی لانی کەمی کرێ و مووچەی فەرمانبەران و پێشکەوتنی باری کۆمەڵایەتی و چوونەسەری چاوەڕوانییە کۆمەڵایەتیەکان و ستانداردی ژیانی سەردەم و ئاستی خێزانی.

ئەمڕۆ لەکوردستان کە لانی کەمی مووچە و کرێی کرێکاران و فەرمانبەران لە نێوان ٢٠٠ بۆ ٣٠٠هەزار دیاریکراوە، لەکۆی گشتیدا لە نێوان ٥٠٠ و ٦٠٠هەزارتێپەڕ ناکات و کاتێکیش خاوەنانی خانەنشین دەکرێن لە ٤٠٠هەزار زیاتر نابێت، ئەم بڕەپارەیە سەرەڕای ئەوەی کە وەڵامدەرەوەی لانیکەمی ژیان و بژێوی، نەک هیچ خێزانیکی پێنج وە یا سێ کەسی نییە، بگرە بەشی تەنها ژیانی ڕۆژانەی تاکە نەفەرێکیش ناکات. لەحاڵێکی ئاوادا ئەگەر مووچەی خانەنشینی پلەدارانی دەسەڵات چەند قاتیش کەمبکرێتەوە، وەک ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لەسیستەمی مووچەکەیدا بەدواوەیەتی، دیسانەوە ئەو دۆخە ناهاوتا و بێدادییە دەهێڵێتەوە کە ڕووبەڕووی ژیان و گوزەرانی مووچەخۆران بۆتەوە.

**خاڵی دووەمیش** لەم سیستەمی خانەنشینییەی کەئاماژەی بۆکراوە، ماوەی کارکردن و تەمەنی کەسەکە ئاماژەی پێنەکراوە و مەعلوم نییە دوای چەند ساڵ و لە چ تەمەنێکدا مافی خانەنشینی دەیگرێتەوە.

**دواخاڵیش** کەبەهیچ جۆرێک پڕۆگرام نەچووە بەلایدا، زیادبوونی ساڵانەی مووچەی خانەنشینییە وەک ئەوەی ژیانی کرێکاران و فەرمانبەرانی خانەنشینکراو ڕاوەستاوبێت و گرانی و چوونەسەری ڕۆژبەڕۆژی نرخی کاڵا و پێداویستیەکانی ژیان و چاوەڕوانیەکانی ئینسانی هاوچەرخ نەیگرێتەوە. ئەمەیە هەموو ئەوسیستەمەی کەبزووتنەوەی گۆڕان بەناوی دادی کۆمەڵایەتییەوە بۆ مووچەخۆرانی خانەنشینکراو دەیخوازێ!

## 8/ داددی کۆمەڵایەتی و مامۆستا و فەرمانبەران:

لەبەندی دەیەمدا پڕۆگرام چەند خاڵێکی وەک ڕێگای "دابینکردنی دۆخێکی دادپەروەرانە بۆ مامۆستایان و فەرمانبەران" خستۆتەڕوو، کەلێرەدا بەپێویستی دەزانین سەرنجێکی کورتیان لەسەر بدەین:

"- <u>پێداچوونەوە بە سیستمی مووچە و ڕاژەی فەرمانبەرانی هەرێمدا</u>، بۆ باشترکردنی باری گوزەرانی خۆیان و خێزانەکانیان، بۆ ڕاگرتنی ئاستێک لە دادپەروەریی شیاو لەنێوان پلەکانی مووچەدا.

- <u>پێداچوونەوە بە مووچە و دەرماڵەی مامۆستایان و فەرمانبەراندا</u> بەجۆرێک ئەو بڕە پارەیەی وەریدەگرن <u>شایەنی ماندووبوون و کۆششیان بێت</u> لە بنیاتنانی وڵات و ئامادەکردنی نەوەی نوێدا.

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

– پێڕەوکردنی سیستمێکی دادپەروەرانە بۆ پاداشت و کاری ئۆڤەرتایم، بۆ جیاکردنەوەی پاداشتی بەرهەمی باش لە بەرهەمی ناوەنجی و خراپ.

–خەرجکردنی دەرماڵەی هاتوچۆ، دەرەوەی شار، کاری مەترسیدار، بەشێوەیەک لەسەروو ئەو بڕەوە بێت کە ئێستا هەیە.

– دابینکردنی کەشێکی دادپەروەرانە لە فەرمانگە و شوێنەکانی کاردا بۆ کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە، چ لەڕووی دارایی و چ لەڕووی ئاکاری کارەوە.

– قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە بۆ کاری ناشایستە و شەخسیی بەرپرسەکان لە دەرەوەی کاری فەرمی.

لەڕاستیدا ئەم خاڵانەی سەرەوە بەقەدەر ئەوەی باس لە "سیستمی مووچە و ڕاژە و دەرماڵەی مامۆستاو فەرمانبەران دەکات"، بەو ئاستەش ناتوانێ "دۆخێکی دادپەروەرانە" لەژیان و گوزەرانی ئەم توێژەی دانیشتوانی کوردستاندا پێکبهێنێ. چونکە:

**یەکەم:** بەو دەلیلەی کەپڕۆگرام باس لە پێداچوونەوە بەسیستمی مووچەی مەوجود دەکات، یانی داوای هەڵوەسانەوەی ناکات و دەیهێڵێتەوە. سیستەمێک کەسەرتاپا ناعادیلانەیە و لەدژی ژیان و گوزەرانی مامۆستا و فەرمانبەرانە. تەنانەت لەمەسەلەی "پێداچوونەوەکەشیدا" پێمان ناڵێت بە چ ئاستێک "مووچە و ڕاژە و دەرماڵەکان" بەرەوسەرەوە دەبات.

**دووەم:** پڕۆگرام وەک ئەوەی سیستەمی مووچەی ئێستای ژێرسایەی دەسەڵاتداریێتی ناعادیلانەی یەکیەتی و پارتی قەبوڵکردووە، بەهەمان شێوە، ناچێت بەلای دیاریکردنی ئاستی مووچەی مامۆستا و کرێکار و فەرمانبەراندا و بگرە پێوانەیەکی واقعی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە دیاریکردنی ئەم لانی کەمەدا، کەبگونجێ لەگەڵ ژیانی شایستەی هاوڵاتیانی کارکردووی هەرێمدا، ناخاتەڕوو. ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆران لەسەرتاپای پڕۆگرامەکەیدا، وەک پێوانە بۆ "دابینکردنی دۆخێکی دادپەروەرانە" بۆ مامۆستا و فەرمانبەر و کرێکاران، پشتی پێبەستووە "ڕەنج و ماندووبوونی ئەوانە"، (لەڕاستیدا، لەکۆمەڵگای سەرمایەداریدا، هیچ کارێک ناتوانێ یەکسان بێت بەمووچەی پێدراو، چونکە لەم نیزامەدا ئامانج کاری بەکرێیە، بەدەستهێنانی قازانجە لەسەر حسابی ڕەنج و ماندووبوونی بکەرەکەی بۆ خاوەنکارە، کەوایە هیچ مووچە و کرێیەک ناتوانێ یەکسان بێت بەڕەنج و ماندووبوونی ئەنجامدەرانی کارەکە) وە یان "باشی و خراپی و مامناوەندی بەرهەمەکانیانە"! کەبەهیچ جۆرێک پێوانەیەکی واقعی نییە و ئەگەریش لەبەرئەنجامی "پێداچوونەوە بەسیستمی ئێستادا، ئاستێک لەزیاد کردنی مووچە مەیسەر ببێت، ناتوانێت لەدەرەوەی سیاسەت و مەرامی دەسەڵاتداران و ئەو چوارچێوەیەی کەئەوان دیاری دەکەن بۆ ئاستی ژیان و گوزەران، دەرچێت.

**سێهەم:** پڕۆگرام بەوجۆرەی سیستەمی مووچەی ئێستای قەبوڵکردووە و تەنها پێیدادەچێتەوە، هەم کاری زیادە و هەم پارچەپارچە کردنی بەشەکانی مووچە، کەلەسیستمی ئێتسادا پەیڕەوی لێدەکرێت، لەژێرناوی "پاداشت، دەرماڵە، ختورە و... شتی لەم جۆرەدا قەبوڵکردووە. کەسەرچاوەی دۆخی ناعەدالەتییان پێکهێناوە. ئەوشتەی کەپڕۆگرام ناوی "پاداشتی بەرهەم"ی لێناوە، لەڕاستیدا بەشە دزراوی مووچەیە کەوەک مەرحەمەتێک دەسەڵات و خاوەنکار بە کرێکاران و فەرمانبەرانی

دەدات. بەتایبەتی ئەگەر پاداشتی بەرهەم وەک بەرئەنجامێک لەچوونەسەرەوەی ئاستی بەرهەمداری هێزی کار و ماندووبوونی کەسی کارکردوو وەربگرین، ئەگەر پێمان وایە ئەوە بەرهەمی ڕەنجی کاری کرێکار و فەرمانبەرانە کە لەم یان لەو بەشەی بەرهەمهێنان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریدا، داهاتەکان زیادی کردووە، ئەوا ئەو زیادەیە لەداهات بەمانای نەدانی لەپێشەوەی مووچەی تەواوی کرێکار و کارمەندەکەیە.

**چوارەم:** لەبارەی "ئۆڤەرتایم"یشەوە کەپرۆگرام بەشانازییەوە لەپێداچوونەوەی سیستەمی مووچەدا کەوتوتەشوێنی و گوایە ئەگەر ڕێژەکەی زیاد بکات ئەوا دۆخی دادپەروەرانەی سازاندووە! لەکتێکدا ئەمە هاندانە بۆ ئەنجامدانی کاری زیادە و تێپەڕینە لەماوەی دیاریکراوی کاری ڕۆژانەی فەرمانبەران، ئەمە بەمانای کەمکردنەوەی ماوەی پشوو، تەفریحی و پێڕاگەیشتنی کرێکاران و کارکردووانە بەئەرکە خێزانی و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیاندا. ئەمە بەمانای زیاترکارکردن و زووتر پیر بوونی ئەم ئینسانانەیە، کەنەک نابێ وەک بوارێک بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی مووچە و دەرامەتی مامۆستا و فەرمانبەران سەیر بکرێ، بەڵکو دەبێ قەدەغە بکرێ و بواربدرێ بەکەسانی ئامادەبەکاری تر ئەم ماوە زیادەیە لەڕێگای دامەزراندنیانەوە لەئەستۆبگرن.

**پێنجەم:** پرۆگرام باس لە "خراپ بەکارهێنانی کارگوزار و فەرمانبەرانی پلەکانی خوارەوە بۆ کاری ناشایستە و شەخسیی بەرپرسەکان لە دەرەوەی کاری فەرمی" دەکات و قەدەغەی ڕاگەیاندووە. بێگومان واتای ئەم جۆرە کارانە بەمانای بێگاری دێت، واتە کاری بێبەرامبەری کەسانێک بۆ"گەورەپیاوان و خاوەنکار و بەرپرسانێک کە پلەوپایەی باڵاتریان لەهاوڵاتی ئاسایی پێدراوە. ئەم جۆرە کارانە وەک کاری زیاتر و لەدەرەوەی کاری فەرمی، زیاتر پاشماوەی سیستەمی دەرەبەگایەتی و خێڵەکییە وەک میراتێک لەسەرمایەداریشدا لەلایەن دەسەڵاتداران و پلەداران و خاوەنکارەکانەوە، دەستی بۆدەبرێ و بێگاری و بەسوغرە گرتنی کەسانێک وەک "ئیستخدامی شەخسی" بێبەرامبەر بەکاردەبرێن. بەڵام سەیر لەوەدایە پرۆگرام تەنها ئەم جۆرەکارانە بۆ"بەرپرسان" قەدەغە دەکات، نەک لەئاستی کۆمەڵگادا، وەک ئەوەی کەبەشێکە لەنۆرم و حاڵەتی نائینسانییانەی ناو سیستەمی کارێک کەسەرمایەداران و دەوڵەمەندان و خاوەن کۆمپانیاکانیش دەستی بۆدەبەن.

ئەم ڕاستییانەی ئاماژەمان بۆکرد، ئەوە دەسەلمێنێ کەبزووتنەوەی گۆڕان، وەک هەر حزبێکی بۆرژوایی تر، کە خۆی بەنیزامی سەرمایەدارییەوە بەستۆتەوە، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی خاوەنکار و کۆمپانیا و سەرمایەدارانی کوردستانەوە لەمووچە و داهاتی کرێکاران و فەرمانبەران دەڕوانێ و هەمان سیاسەت و سیستەمێک دووپاتدەکاتەوە کەئەم چینە لەبەرامبەر ئاستی ژیان و گوزەرانی مووچەخۆراندا، گرتوویەتیەبەر. پارچەپارچە کردنی مووچە لەژێر ناوی "کرێ و مووچەی ڕەسمی و ئیسمی"،"ئیعالە، دەرماڵە، ختورە، پاداشتی بەرهەم..." ئەمانە لەپاڵ دیاری نەکردنی لانی کەمی کرێ، بەپێوانەی داهاتی دەوڵەت و خاوەنکارەکان و زیندەگی خێزانێکی پێنج کەسی و هاوتا لەگەڵ باری شارستانی و هاوچەرخدا، هاوکات ڕاگرتنی ئاستی مووچە و کرێ بەبێ زیادبوونی ساڵانە، دانی زێدەپارەیەک لەبری کاری ئیزافی وەیان کاری قۆنتەراتی،

پارچەکاری، تەنانەت کاری بێگاری،... گوایە ئاستی مووچە و کرێ بەم جۆرەکارانە بەرەوسەرەوە دەبرێ، لەکاتێکدا ئەم جۆرە کارانە هاندانە بۆکاری زیاتر و بەمانای توندکردنەوەی ماوەی کارە. هەموو ئەمانە لایەنەکانی ئەوسیستەمەیە، کە دیاریکردنی ئاستی مووچەی کرێکاران و فەرمانبەرانی کوردستانی پێسپێردراوە، ئەم جۆرە دابەشکردنەی مووچە بەو ڕاددەیە مسۆگەر نییە و دڵنیایی نادات بەمووچەخۆران کاتێک کەکۆمەڵگا پێدەنێتە سەردەمی قەیرانە ئابووریەکانەوە و دەسەڵاتداران بەم یان بەو بەهانەیە ئەم یان ئەو بەشە لەمووچەکان دەبڕن و لەژێر بڕیار و سیاسەتی سکهەڵگوشیندا، مووچەی کرێکاران و کارمەندان کەمدەکەنەوە.. بزووتنەوەی گۆڕان کەبڕیاریداوە بەم سیستەمەدا بچێتەوە و ئەگەریش مەرحەمەت بکات شتێک زیاد بکات، بەدڵنیاییەوە ناتوانێ نە "دۆخێکی دادپەروەرانە" بۆ مووچەخواران فەراهەمکات، وە نەدەتوانێ "هاوسەنگییەک" لەمووچەی ئەوان و کاربەدەستان و پلەدار و خاوەن کۆمپانیاکاندا، بەدیبهێنێ. سەیر لەوەشدایە بزووتنەوەی گۆڕان لەباسی مووچە و مولحەقاتەکانیدا، بەهیچ جۆرێک ئاماژە بۆڕۆڵی نوێنەرانی کرێکاران و فەرمانبەران و مامۆستایان ناکات، کەحزوریان هەبێ لەهاوشانی دەسەڵاتداراندا، بۆ بڕینەوەی ئاستی مووچە و هەرگۆڕانکارییەک لەمبارەوە دێتەکایەوە. ئەمە لەکاتێکدایە کەباسی مووچە، باسە لەژیانی مووچەخۆران و دەبێ وەک لایەنێکی سەرەکی دەخاڵەتبدرێن لەدیاریکردنی ئەو سیستەمەدا، کەئاستی ژیان و گوزەرانی ئەوان لەڕێگای مووچەوە دیاری دەکات.

## 9/ بازرگان و کاسبکاران و دادی کۆمەڵایەتی:

پرۆگرام بەمەبەستی "دابینکردنی کەشێکی لەبار بۆ بازرگان و کاسبکاران" نووسیویەتی:

"- ڕێگریکردن لەهەر <u>جیاکارییەک</u> کە لەنێوان <u>بازرگاناندا دەکرێت</u>، <u>ڕێگریکردن لە بەرتەسککردنەوەی دەرفەتی کار و قازانج لەبەردەم هەندێک بازرگاندا بەقازانجی هەندێکیتر</u>، کە بەهۆی خزمایەتی، ئینتمای حیزبی، مەحسوبیەت و بەرژەوەندیی ژێربەژێرەوە ئەنجام دەدرێت.

بەڕاستی عەجیب دادوەرییەکە! بزووتنەوەی گۆڕان هێندە دڵسۆزی دادوەرییە فریای ڕێگرتن لەو جیاکارییەش کەوتووە کە ڕووبەڕووی بازرگانان بۆتەوە و "دەرفەتی کار و قازانجیان لەبەردەمدا تەسک بۆتەوە"!! لەڕاستیدا ئەم خاڵە وێڕای لایەنگرییەکی ئاشکرای چینایەتی حزبی گۆڕان بۆ بازرگانان و بازاڕی ساختەچێتییان، هاوکات دەیەوێت کاری بازرگانی لەخاسییەتە بێویژدانی و ڕکەبەرییەکەی لەکۆکردنەوەی قازانجدا، داماڵێ و وەک چینێکی زوڵم لێکراوی ژێردەستی "خزمایەتی، ئینتمای حیزبی، مەحسوبیەت و بەرژەوەندیی ژێربەژێر" بیانناسێنێ! لەکاتێکدا بازرگان و بازرگانانی وردودرشتی کوردستان، بەحوکمی بازاڕی سەرمایەداری و سیستەمێکی میلیشیایی و ڕیزی کۆمپانیاکان، هەم خۆیان لەمنافەسەی کۆکردنەوەی قازانجدان و هەم گرێدراوی چینی دەسەڵاتدارانن و پێکەوە لەیەک بەرژەوەندی هاوبەشدا کۆبوونەتەوە. بازرگانی و پرۆسەی کۆکردنەوەی قازانج کە ویژدان ناسێ و لەدەرەوەی پێوانە ئەخلاقییەکانە، ئەنجامدەرانی ئامادەن

**خەسرەو سایە**

لەپێناو کۆکردنەوەی هەرچی زیاتری قازانجدا، ژیان و گوزەران و ئەمنیەتی خۆراکی و تەندروستی هاوڵاتیان بخاتە ژێر پرسیارەوە. هاوردەکردنی کاڵای نەشیاو و زیانبەخش بەتەندروستی و ژینگە، تا داسەپاندنی نرخی بەرز بەسەرکاڵا پێویستەکانی ژیان و بژێویدا، ئەمانە لەپاڵ پشتیوانی کردنی دەسەڵات لەبازرگانان وەک ئەوەی کەخۆیان لەڕیزی بازرگانانی گەورەی وڵاتدان، یەک واقعیەتی ئینکارنەکراوی کردەی بازرگانییە لەکوردستان، کەبزووتنەوەی گۆڕان نایەوێت بیبینێ و بگرە ئەوان وەک توێژێکی غەدرلێکراو دەناسێنێ.

لەخاڵێکیتردا پرۆگرام دەنووسێ:

" - لابردنی ئەو کەند و کۆسپە بیرۆکراتییانەی کاسبکار، دوکاندار، خاوەن مارکێت و وەستا و پیشەوەرەکان جاڕس دەکەن. دابەشکردنی خزمەتگوزاری و پێداویستییە شارستانییەکان بۆ گەشەدان بە بازاڕ بەشێوەیەکی ئاسۆیی.

ئەم خاڵە وێڕای ئەوەی ڕیزی بازرگانان و کاسبکاران وەستا و پیشەوەر تێکەڵ دەکا و هەموویان وەک یەک دەخاتە ژێرچەتری دادی کۆمەڵایەتییەکەوە کە بزووتنەوەی گۆڕان شوێنی کەوتووە، هاوکات هەموویان دەسپێرێ بە "گەشەدان بەبازاڕێک کەشێوەی ئاسۆیی هەبێ"! لەکاتێکدا نەئێمە و نەهیچ کەسێک نازانێت هونەری ئەم "بازاڕە ئاسۆییە" چییە کەلەڕێگای گەشە پێدانیەوە دادی کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا بۆ بازرگانان و کاسبکار و وەستا و پێشەوەر بەدی دەهێنێ؟ لەمەش زیاتر پرۆگرام لەخاڵێکیتردا شۆفێرانیش بۆسەر ئەم ڕیزی تێکەڵاو کردنە زیاد دەکا و دەنوسێ:

- کارئاسانی بۆ شۆفێرە گشتییەکانی نێو شار و هێڵەکانی دەرەوە، ئەرکی حکومەتە کەشێکی دەروونی لەباریان بۆ دابین بکات و ڕێگە نەدات مامەڵەی نامرۆڤانەیان لەگەڵ بکرێت. ئەرکی حکومەتە ئۆتۆمبێل و قەرزی درێژخایەنیان بۆ دابین بکات، لەکاتی ڕوداو و لێقەوماندا بە هانایانەوە بچێت و پێداویستیی تەندروستی و بیمەی کۆمەڵایەتییان بۆ دابین بکات، لەکاتی پیربوون و پەککەوتندا مووچەی خانەنشینییان بۆ ببڕێتەوە.

ئەم خاڵە ئەو ڕاستییە دەردەخات کەبزووتنەوەی گۆڕان، سیستەمی هاتوچۆ و کاری شۆفێران، کەئێستا لەکوردستان بەڕێوەدەچێت و لەدەرەوەی ئەرکی حکومەت کاردەکا و شۆفێرانی لەگەڵ هەزارویەک دەرد و مەینەتی بەرەوڕوو کردۆتەوە، وەک خۆی دەهێڵێتەوە و بەهیچ جۆرێک ناچێت بەلای "سیستەمی هاتوچۆی گشتی -Public Transport-"دا کەدەوڵەت ڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی بگرێتە ئەستۆ و شۆفێرانیش وەک کارمەندی حکومی بەمووچە و مافەکانی خۆیانەوە کاری تێدابکەن.

لەڕاستیدا سیستەمی هاتوچۆی ناوخۆ و نێوان شارەکانی کوردستان، هێندە دواکەوتوو و بێفەڕ و مەترسیدار و دژی ژینگە و شۆفیران و هاوڵاتییانە، هەرگیز شایەنی هێشتنەوە و ڕاگرتنی نییە، لەژێرناوی "کارئاسایی و بیمەکردنی شۆفێران" و شتی لەم جۆرەدا، چونکە ئەم سیستەمە جگەلەوەی پاشماوەی ڕژێمی بەعسە، هاوکات سپێردراوە بەبازاڕی کۆمپانیا و کەرتی تایبەت و دەسەڵات وەک هەرخزمەتگوزارییەکی تر، شانی خۆی لەبەرپرسیارێتی دەرکێشاوە و ئاکامە زاینبارەکانیشی بەسەر هاوڵاتییان و شۆفێراندا، شکاوەتەوە. کارەساتەکانی هاتوچۆ، خراپیی

## پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ڕێگاوبان و نەبوونی هێما و ڕێساکانی سەر شەقام، پیس کردنی ژینگە و ڕقەبەری نێوان شۆفێران و هاوڵاتییان، تا نەبوونی سەلامەتی... بەڵگەی داڕزیوی سیستەمی ئێستای هاتوچۆی کوردستانە، کەبزووتنەوەی گۆڕان هێشتا بەدەستیەوە گرتووە و گەرەکیەتی لەچوارچێوەیدا، دادی کۆمەڵایەتی بۆ شۆفێران بەدەست بهێنێ. لەدواخاڵی ئەم بەندەدا پڕۆگرام دێتەسەر باسی "دەسەتگێڕەکان"، کتیب فرۆشەکان و شمەک فرۆشانی سەرجادە" و دەنووسێت:

- کارئاسانی بۆ فرۆشیارە دەستگێڕەکان، کتێب فرۆش و شمەک فرۆشەکانی سەر جادە، ئەرکی حکومەتە، بەرلەوەی دەرفەتی کاریان لە شوێنە گشتییەکاندا بەرتەسک بکاتەوە، شوێنی کاری شیاویان بۆ دابین بکات. بیمەی کۆمەڵایەتیی و تەندروستیی و موچەی خانەنشینییان لە تەمەنی یاساییدا بۆ دابین بکا".

لەپەیوەند بەم خاڵەشەوە بزووتنەوەی گۆڕان بەدوای پەیداکردنی "شوێنی کار"ەوەیە بۆ زەحمەتکێشانێک کەبەهۆی بێکاری و نەبوونییەوە دەستیان داوەتە کارێک کەلەڕاستیدا کارێک نییە شایەنی ئینسانی ئەم  سەردەمە بێت. بزووتنەوەی گۆڕان لەخەمی ئەوەدایە کەئەم کەسانە بەکارەکانیان "شوێنەگشتییەکان بەرتەسک دەکەنەوە" و بۆئەوەی ئەم حاڵەتە چارەسەرکات، باسی کارئاسانی دێنێتە ئاراوە و بەم جۆرەش خودی ئەم جۆرە لەکار ئەبەدی دەکا و دەیهێڵێتەوە. بزووتنەوەی گۆڕان جگەلەوەی کەنایەوێت سەرچاوەی ئەمجۆرە کارانە بگێڕێتەوە بۆ دیاردەی بێکاری و هەژاری و لێرەوە بۆچارەسەر بگەڕێت، هاوکات کاری دەستگێڕی و بۆیاغچێتی و شمەک فرۆشی سەرجادەکان، کەزۆرجار "سواڵکردن"یشی پێ تێکەڵ دەبێت، بەشایستەی گەنجان و ژنان و هاوڵاتیانێکی پیر و پەککەوتە دەزانێ. بەڕاستی خەڵکی کوردستان لەگەڵ عەجیب دادوەرێک بەرەوڕوون؟!

## 10/ دادی کۆمەڵایەتی و کرێکاران و جوتیاران:

دوا بابەتێک کەلەم بەشەدا و لەپەیوەند بە تەوەرەی دادی کۆمەڵایەتییەوە قسەی لەسەر دەکەین، بەندێکە کە پڕۆگرام تایبەتی کردووە بەهەردوو توێژی کرێکاران و جوتیارانەوە و لەم بارەشەوە نووسیویەتی:

" پشتیوانیکردنی هەردوو توێژی کرێکاران و جوتیاران لەڕێگای:

- هاندانی هێزی کاری کوردستانی لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا.
- چالاککردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران بەجۆرێک گوزارشت لە خەم و داواکاریی ئەو دوو چینە بکەن و نەچنە ژێر کاریگەریی دەسەڵاتی سیاسییەوە.
- دابینکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی خێزانی و خانەنشینی بۆ ئەو کرێکار و جوتیارانەی کە دەگەنە تەمەنی یاسایی خانەنشینی، یان لەکاتی کار و بەرهەمهێناندا دوچاری گیانلەدەستدان، کەمئەندامی، نەخۆشی و جۆرەکانی تری مەترسی دەبنەوە".

سەرەتا با لەسەر خودی خاڵەکان ڕاوەستین:

**خەسرەو سایە**

**یەکەم،** ناوبردنی کرێکار و جوتیار* بە "توێژ" ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ بێنرخ کردن و لاواز نیشندانی کرێکارانی کوردستان، لەچاو "بەش، کەرت، پێکهاتە، پیشە، ڕەگەز" و هەموو ئەو دابەشکردنە بەرژەوەندیخواز و ئایدۆلۆژییەدا، کە بزووتنەوەی گۆڕان کۆمەڵگای کوردستانی پێ دابەش کردووە و لەم ڕوانگەیەوە باسی دادی کۆمەڵایەتی لەپرۆگرامەکەیدا پێ نووسیوەتەوە.

**دووەم،** "هاندانی هێزی کاری کوردستان بۆکارکردن لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاریدا" چ بەهایەکی بۆ کرێکاران هەیە و لەم خاڵەدا دەبێ چ ئاستێک لەدادی کۆمەڵایەتی بۆکرێکاران مومکین ببێ! ئایا هاندان بۆ کارکردن لە "بەرهەمهێنان و ئاوەدانکردنەوەدا" شتێکی لەوە زیاتر دەبەخشێ بەکرێکاران کەتا ئێستا پێیاندراوە؟ ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەئینسانی کرێکار تەنها لەو حاڵەتەدا باسدەکرێن کە شانومل بدەنەبەر کارێک کەچینی دەسەڵاتدار دەیخوازێ؟ ئەگەر مەبەست لەم خاڵە ئەمە نییە، تکایە پێمان بڵێن هاندانی هێزی کار بۆ کاری ئاوەدانکردنەوە و بەرهەمهێنانی زیاتر چ سودێکی زیاتری لەوە هەیە بۆ کرێکاران کە لەسایەی دەسەڵاتی ئێستادا بەنسیبی کراوە؟

**سێهەم،** لەباسی "چالاککردنی سەندیکاکانی کرێکاران و جوتیاران"یشەوە، دەبێ ئەوە بڵێین کەبزووتنەوەی گۆڕان تەنها چاوی لەپاشماوەکانی حزبی بەعسە بۆ کرێکاران کەئێستا لەلایەن حزبەکانی دەسەڵاتەوە لەدژی ماف و ئازادییەکانی کرێکاران بەکاردەبرێ. بزووتنەوەی گۆڕان کەبەهیچ کلۆجێک نەچوە بەلای ئازادی ڕێکخراوبوونی کرێکاران و پێکهێنانی ڕێکخراوەی خۆیان، یەکسەر چەسپاوە بە سەنیدکاگەلیکەوە، کەنەک کەمترین گوزارشت لەخواستەکانی کرێکاران و جوتیاران ناکات، بەڵکو ڕاستەوخۆ ئامڕازی دەستی دەسەڵاتدارە بۆ سەرکوت و پارچەپارچەکردنی ڕیزەکانیان و داسەپاندنی هەلومەرجێکی نابەرابەری کار و ژیان بەسەر ئەم چینەدا.

---

*/ لەڕاستیدا، هێنانی جوتیاران وەک "توێژێک" لەپاڵ کرێکاراندا، نیشانەیەکی عامگەریی و نازانستییە کەبزووتنەوەی گۆڕان لەمەڕ بوونی جوتیار <u>وەک چینێک لەکۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمڕۆی کوردستاندا،</u> دوپات دەکاتەوە، بەبێ ئەوەی هەمووئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و سیاسییانە ببینێ کەبەسەر پێکهاتی دانیشتوانی گوند و لادێکانی کوردستاندا، لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، هاتووە، بەتایبەتی دوای پرۆسەی ئیسلاحی زەراعی سالانی 1972 بۆ 1974. ڕەنگە سەرچاوەی ئەم بۆچوونە حزبی شیوعی بێت کەتائێستاش بڕوای وایە "بازووی کار جوتیار و کرێکارە". بەڵام بەدەر لەبەکارهێنانی میتۆدی فیزۆکراتیزمانە بۆ ناسینەوەی چینە کۆمەڵایەتیەکان، لەسەر بنەمای جۆری کاری تایبەت، وەک ئەوەی کەهەرکەس کاری کشتوکاڵ بکات ئیتر جوتیارە و ئەوانەشی کار لەزەویدادەکەن و کشتوکاڵ دەچێنن ئیتر سەربەچینی جوتیارانن، ئەگەر ئەمڕۆ واقعیەتی چینایەتی دابەشبوونی سەرمایەدارانەی دانیشتوانی گوندەکانی کوردستانمان نیشاندەدەن. کرێکاری لادێ، موڵکداری بچوک و خاوەن زەوی و زاری گەورە و پرۆژە کشتوکاڵیەکان، پڕۆژەی ئاژەڵداری و پەلەوەرو ماسی.. ئەمانە کەلەپەیوەند بەئەرز و ئاوەوە بەڕێوەدەبرێن وەک هەر کارێکی تری کارگەیی و مانیفاکتۆری، خەسڵەتێکی سەرمایەدارییانەیان هەیە نەک دەرەبەگی تا کارکردوانی بەجوتیار ناوببرێن. بەم جۆرەش ناکۆکی چینایەتیی نێوان کرێکار و سەرمایەدار و بەشەکانیان، بەهەمان ناوەرۆکەوە لەگوندەکان و کاری کشتوکاڵیدا ئامادەیە..

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەڵام هەروەک ئەوەی ئێمە لەبەشەکانی پێشوودا، باسمان کردووە، کەبزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی ناسیونالسیتی تر، خاک و نەتەوە و پیرۆزییە نیشتمانییەکان و کوردبوون و کوردایەتی... ئەو چەمکانەیە کە ناسنامەی خۆی وەک ڕەوتێکی سیاسی ناسیونالیستی و ڕیفۆرمخواز، ناساندووە، بەپێویست ئینسان و ناسنامەی ئینسانی و چیانیەتی و لایەنگری بۆ کرێکاران و زەحمەتکێشان، نەک هەر جێگایەکیان نییە، بەڵکو بەڕۆشنی وجودی کرێکاران وەک چینێکی گەورە و خاوەن قورسایی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، ئینکار دەکرێ و هەوڵ دەدرێ وەک "توێژ، پیشەوەر" نیشانبدرێ و بکەوێتە ژێر دەستوقاچی "کەرت و ڕەگەز و پێکهاتە قەومی و ئاینییەکانەوە". ئەمە لەکاتێکدایە کە کرێکاران، بەرهەمهێنەری بنەڕەتی کۆمەڵگای کوردستانن و لەسەر ڕەنج و شانی ئەوان داهات و ڕێچکەی ئابووریی وڵات دەچەرخێ. لەمەش زیاتر خودی ئەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا، بەهیچ جۆرێک نەچووە بەلای یاسای کاری کرێکاران و لائیحەی دەستەبەری ڕەفاهی کۆمەڵایەتیدا، تەنانەت نەباسێک لەماف و ئازادییەکانی کرێکاران دەکات، لەوانە، ئازادی مانگرتن و ڕێکخراوبوون، ئازدی هەڵبژاردنی نوێنەرایەتی کرێکاری، مافی بەهرەمەندبوون لە کرێی شیاو، سەلامەتی شوێنی کار، پشوو و مۆڵەت، خانەنشینی و خزمەتگوزارییەکان... وەختێک بزووتنەوەی گۆڕان بازی بەسەر هەموو ئەم بابەتانەدا داوە و هیچ قسەیەکیان لەسەر ناکات، دیسانەوە بەپێویست ئەوەی وتوویەتی و دەیڵێت لەمەڕ دادی کۆمەڵایەتییەوە بۆ "توێژی کرێکار و جوتیار" نەک هەر ناتوانێ وەڵامی شایستە بداتەوە، بەڵکو نابەرابەرییەکی ڕۆشنی چینایەتی لەکۆمەڵگادا، ڕادەگرێ و پشتیوانی مانەوەی لێدەکات.

## وەك بەرئەنجام:

وەک بەرئەنجامێک لەم باسەی کە کردمان، ئەتوانین بەڕۆشنی ڕاگەیەنین، کە ڕوانگەی بزووتنەوەی گۆڕان بۆ چەمکی دادی کۆمەڵایەتی، ڕوانگەیەکی بۆرژوازییانە و بنەماگرتووە لەبەرژەوەندیەکانی چینی دەسەڵاتدار و خاوەن کۆمپانیا و سەرمایەدارانی کوردستان. خودی ئەوەی ڕیشە و لایەنەکانی بێدادیی کۆمەڵایەتی لەکوردستاندا، لەسەر بنەمای پلورالیزمێکی ڕەگەزی، ئیتنیکی، پیشەوەری، جوگرافی، دەبینێ و واقعیەتی دابەشبوونە چینایەتییە کۆمەڵایەتیەکان و سەرمایەداری بوونی کۆمەڵگای کوردستان، ئینکار و دەسرێتەوە، تەنانەت خودی ئەوەی کە "جیاوازییەکان و نابەرابەرییەکان" لەڕواڵەتی "کەرتە کۆمەڵایەتیەکان، پێکهاتە قەومی و ئاینییەکان، ڕەگەزی نێرومێ، پێشمەرگە و شەهیدان... و شتی لەم بابەتەدا دەبینێ و دەیانکاتە قاڵبێک بۆ تەحقیقی دادی کۆمەڵایەتی، لەبنەڕەتەوە دامەزراندنی "کۆمەڵگایەکی ئینسانی، ئازاد و بەرابەر، خۆشگوزەران و باشتر" ڕەت دەکاتەوە، تەنانەت لەمەش کەمتر چەمکی هاوڵاتی یەکسان وەک بنەمایەک بۆ دادی کۆمەڵایەتی هەڵدەوەشێنێتەوە و دەیخاتە لاوە.

دادێکی کۆمەڵایەتی کەبزووتنەوەی گۆڕان لە مەسەلەکانی هەژاری و بێکاری، خواستەکانی مناڵان و گەنجان، دۆخی ناهەمواری ژنان، مووچە و بیمە کۆمەڵایەتییەکان و...دا بەشوێنیەوەیەتی،

جگەلەوەی ڕیفۆرمێکی ناتەواو کرچوکاڵە و وەڵامدەرەوە نییە بە ماف و ئازادی و ژیان و گوزەرانی هاوڵاتییانی کوردستان، هاوکات بەبەراورد بەو ڕیفۆرمانەی کەچینی بۆرژوازی لەئەورووپادا گرتویەتیەبەر، زۆر لەدواوەیە. بزووتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی ناسیونال بۆرژوا ڕیفۆرمیستی، کەدەستدەگرێ بەخودی سیستەمی دەسەڵاتداریتی و قانونی و ئیداری و ئابووریی ئێستای کوردستانەوە و تەنانەت خودی ئەوەی کەپەرلەمان و دەزگا حکومییەکان و وەزارەتەکان وەک تەنها ڕێگا و میکانیزمی گەیشتن بەدادی کۆمەڵایەتی، بەدەستەوەدەگرێ، بەپێویست، ڕیفۆرم و چاکسازییەکان و سەرلەبەری دادێکی کۆمەڵایەتی کەواتای لێداوە، لەپرۆگرامەکەیدا، هەموو ئەو نابەرابەری و جیاکاری و ستەم و زوڵمە دەهێڵێتەوە کەبەسەر بەشەکانی هاوڵاتییانی کوردستانەوەیە. ئامانجێک کەبزووتنەوەی گۆڕان هەیەتی لە "دادی کۆمەڵایەتی" جگەلەوەی تەعدیلێکی بۆرژوا ڕیفۆرمیستانەی سیستەمی مەوجودە، لەهەمانکاتدا هەوڵدانە بۆ ڕووسپی کردنەوەی دەسەڵاتی ئێستای بۆرژوازی کورد و دەرکێشانیەتی لەژێر فشاری نارەزایەتیەکانی جەماوەردا و سەرەنجام سەپاندنی "هاوسەنگی"یەکی دروستکراوی خۆیەتی بەسەر خەڵکی ستەمدیدەی کوردستاندا، تا بەوەهمی چاکسازییەوە دۆخی ئێستا قەبوڵ بکەن .

**ماویەتی (چاوەڕوانی دوا بەشی ئەم بابەتەبن)**

عوسمانی حاجی مارف

# سەبارەت بە ستەم و مەسەلەی میللی

لە ڕادیۆی پێشەنگدا هەفتانە بەرنامەیەک بە ناوی هەر هەفتەو باسێک لە گەڵ هاوڕێ خەسرەو سایە پێشکەش دەکەین، لە هەفتەیەکدا باسی بەرنامەکە دەربارەی دەوری پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا، ماوەیەک بە دوای پێشکەش کردنی ئەو بابەتە و بڵاوبونەوەی، کەسێک پرسیارێکی بۆ ناردم دەڵێت "تۆ دەڵێیت حزبەکانی کوردایەتی نوێنەرایەتی وەلانانی ستەمی میللی ناکەن هەروەها ئەمەت لە چەند شوێنی تردا دووبارە کردۆتەوە، دەکرێ لەسەر ئەم مەسەلەیە ڕونکردنەوەی زیاتر بدەیت." بۆیە لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم بەپێی پرسیاری ئەو کەسە ئەوە ڕۆشن بکەمەوە بۆچی حزبە ناسیۆنالستەکان یاخود خودی بزووتنەوەی ناسیۆنالستی نوێنەرایەتی وەلانانی ستەمی میللی ناکەن!

حزبەکانی کوردایەتی کە خۆیان وەک نوێنەری کورد پێناسە دەکەن و هەر بەو ناوەشەوە چەندین ساڵە هەڵسوڕانی سیاسی دەکەن، لە هەمان کاتدا بە بانگەوازی نەتەوە و ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستیەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانیانەوە وەک گروپی سیاسی بچوک و دواتر دروستکردنی حزب و تا دروست کردنی هێزی چەکداری و شەڕەکان و ڕێکەوتنەکانیان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا هەوڵیان داوە بۆ بردنە پێشی سیاسەتەکانیان خورافاتی قەومی و نەتەوەچێتی و بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە و ڕاسیستی سایە بکات بەسەر کۆمەڵگەی کوردستاندا و نەتەوە پەرستی بکەنە بۆچونی باو و زاڵ، بە هێزی چەکدارییان و ڕێکخستنی خەڵک و بە دەسەڵاتی سیاسیانەوە لە ڕێگەی میدیاکانیانەوە، سەروبنی قسەو باسیان دەوری کورد و کوردایەتی و باس کردن بووە لە دەوڵەتی کوردی و ئامانجەکانی، سەربەخۆش لەوەی چەندە جدین لەسەر دەوڵەتی کوردی یا بۆیان دەبێتە واقع و ئەتوانن جێ بەجێی بکەن، بەڵام تەواوی ئەو حزبانەی لەژێر پەردە و ئاڵای کوردایەتیدا هەڵسورانی سیاسیان نمایش دەکەن، ئەوانەی لەدەسەڵاتدان یان ناوی ئۆپۆزیسیۆنیان لەخۆیان ناوە و ڕەخنە لەدەسەڵات دەگرن، بەوپەڕی خەست بوونەوەی کوردایەتیەکەیان بە دڵسۆزی بێت یان فرۆفێڵ، لەباری پراکتیک وئەزمونی سیاسیانەوە ئەوەیان

**عوسمانی حاجی مارف**

ئاشکراکردوە کە نەک هیچیان نوێنەرایەتی وەلاتانی ستەمی میللی ناکەن و نوێنەری خەڵکی ستەم لێکراو نین، بەڵکو جارێکی تر خۆشیان بە قوڵبوونەوەی کوردایەتیەکەیان بە تالانچێتی و کەڵەکەی بێ شوماری سەرمایە و دوور لەبەرژوەندیەکانی خەڵکی، بە دوور لەوەلاتانی چەوسانەوەی نەتەوایەتی و چارەسەری کێشەی کورد بۆ خۆشیان لە مەوقعیەتی گەیشتنیان بە دەسەلاتی سیاسی و دەوریان لە شکاندنی ئیرادەی خەڵک هەمان زوڵمی قەومی لە سەر کەسانێک کە کورد زمان نین دوبارە دەکەنەوە، پێویست دەکات ووردتر بچینە سەر ناوەڕۆکی ئەم باسە و وەلام بێت بەو پرسیارەی بۆچی کوردایەتی وەلاتانی زوڵمی قەومی نیە؟

واتە پێش هەموو شتێک پێویستە بە دوای ئەوەدا بچین، ستەمی میللی بۆ خۆی چیەو لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە و چەندیش پەیوەند دەبێتەوە بە بزووتنەوەی ناسیۆنالستیەوە.

کاتێک بازاڕی سەرمایەداری جوگرافیا و سنورو دەسەلات و دەوڵەتێک دیاری دەکات بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی کارو سەرمایە، پێویستی بەوەیە سیستمێکی سیاسی و نمونەیەکی گونجاو لە دەوڵەت بۆ ئەو وولات و جێگایە دیاری بکات، واتە پێش هەمو شتێک دامەزراندن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی بازاڕی کار لەچوارچێوەی سنورێکی دروستکراودا و دامەزراندنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی، بە دەسەلاتی سیاسی بورجوازیەوە ناوەڕۆکی بزوتنەوەی ناسیۆنالستیە، بەپێی پێداویستیەکانی ڕێکخستنی ئەو بازارە لە جوگرافیاو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، بۆرجوازی پێویستی بەوەیە لەڕێگەی حزب و دامودەزگا دەوڵەتیەکانیەوە بکەوێتە سەر بانگەشەی پیرۆزی خاک و نیشتمان و پاراستنی سنور دەکەنە شێوازو ئامرازێک بۆ داپۆشینی واقعیەتی پێکهاتەی کۆمەڵگە، کە پەیوەندی کارو سەرمایەیە، کرێکار و سەرمایەدارە، بەناوی دڵسۆزی و خزمەت بۆ خاک و نیشتمان و نەتەوە مەوقعیەتی کرێکاران لە پەیوەندی بەرهەم هێناندا بە شێوەیەک نیشان بدەن کە ناوەڕۆکی واقعی خۆی وون کات و وەک بەندێک ناچار بە کار بێت و خزمەت بە نیشتمان پێشکەش بکات.

ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازی لە کێشمەکێشی نێوانیاندا ئەو ئامرازو شێوازە گونجاوە بەدەستەوە دەگرن و کێشمەکێش و شەڕی لەسەردەکەن و دەیپارێزن کە تاچەند دەتوانێت بازاڕی کار پارێزراو بهێڵێتەوە، هەر بۆیە بەجیا لە داڕشتنی یاساو دەستور هەر یاسایەکی کار لە شوێن و ناوچە و وولاتێکدا کە دانیشتوانەکەی چەند زمان و نەتەوە و دین و پێکهاتەی جیاوازی لەخۆ گرتووە، بۆرجوازی بۆ داپۆشینی زیاتری ئەو پەیوەندیە بنەڕەتیەی کۆمەڵگە کە پەیوەندی کارو سەرمایەیە، لە هەندێ شوێن سود لە جیاکردنەوەی ئەو پێکهاتانەش وەردەگرێت، کار لەسەر جیاکردنەوەیان دەکات و بە شێوازی تایبەت بەکاریان دەهێنێت، بە تایبەتی بۆرجوازی نەتەوەی سەردەست بەشێوازی جیاجیا پەیڕەوی لە تەفرەقەی قەومی و ئاینی و نەژادی و هەرجۆرە جیاکردنەوەیەکی ئینسانەکان دەکات لەپەیوەند بە دابینکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنان لە ڕێگەی کاری هەرزان و تێکدانی نارەزایەتی و ڕیزی یەکگرتوی کرێکارانەوە.

لەو جێگایانەی کە ئاستی دەوری بزوتنەوەی ناسیۆنالستی بەرزدەبێتەوە بۆ ناسنامەی نەتەوەیی و نەتەوەپەرستی، ڕەوتی دەسەلاتی بۆرجوازی نائینسانیتر و مەترسیدارتر سەردەردەهێنێت، لەباری

## سەبارەت بە ستەم و مەسەلەی میللی

عەمەلیەوە زیاتر توانای پەردەپۆشکردنی ناکۆکی چینایەتی و شەڕی نێوان کرێکارو و سەرمایەداری هەیە، لەو وولاتانەی بۆرجوازی نەتەوەی سەردەست ناسنامەی نەتەوەیی خۆی دەکاتە پێناسەی دەولەت و نەتەوەکانی تر دەکاتە پلە دوو، کارەساتی جیاکردنەوەی ئینسانەکان و زولمی قەومی دەکاتە واقعیەتی ژیانی ئەو کۆمەلگەیە، لەهەمان کاتدا دەوری هەیە لە بێ ئیرادەکردنی ئینسانەکان و زەمینەی بلاوبوونەوەی بیروباوەڕی کۆنەپەرستی دەرەخسێنێت. ئەوەی پێویستە لەبیری نەکەین چۆن دین و دینداری وەهمێکە و ناتوانێ واقعی بوونی خۆی بسەلمێنێت بەهەمان شێوە نەتەوە و نەتەوە پەرستیش ناواقعی و دروست کراوە و ناسەلمێندرێت، واتە ئایدۆلۆژیایەکە ڕەوتێکی بۆرجوازی بۆ سەپاندنی دەسەلاتی سیاسی عەمەلی دەکاتەوە و بازاڕی کاری پێ دەپارێزێت. ناولێنانی دەولەت بەناوی نەتەوەیەکەوە وەک دەولەتی عەرەبی، تورکی، کوردی..یان دەولەتی ئاینی وەک جمهوری ئیسلامی...، دەبێتە سەرچاوەی ستەم و چەوسانەوەیەکی زیاتر لەسەر کرێکاران و زەحمەتکێشان، پێویستە بە ڕێگای ئینسانی و ئینسان دۆستی و ئازادی خوازنە و گەڕانەوە بۆ دەورو ئیرادەی خەلک وەلام وەربگرێتەوە نەک لە ڕێگەی ڕەواج دان بەشەڕی قەومی و مەزهەبیەوە، بەو مانایەی لە دنیای واقعدا کۆمەلگەیەک کە دەرگیربووە لەگەل ناسنامەی قەومی و بۆتە کێشەیەک و زولمی قەومی تیا بەرهەم هاتوە، پێویستە چارەسەری ئینسانی و گونجاوی بۆ بەڕەسمی بناسرێنێت.

بۆ زیاتر چونە ناو بابەتەکەوە با وولاتێکی وەک عێراق بە نمونە بێنینەوە، کە لە مێژوی دامەزراندنی دەولەتی عێراقەوە لە دەستوردا عێراق بە وولاتێکی عەرەبی و بەشێک لەوولاتانی عەرەبی پێناسە دەکرێت، واتە ئەوە بەڕەسمی دەناسن عێراق ولاتێکی عەرەبیەو تائێستاش هەر بەم جۆرە ماوەتەوە، لەلایەکی تریشەوە ئاینی ڕەسمی وولات، ئاینی ئیسلامە، لەکاتێکدا لە ناو عێراقدا زمان و نەتەوە و پێکهاتەی تریش بەشێکە لە دانیشوانەکەی، وەک کورد و تورکمان، مەسیحی و ئاشوری و یەزیدی و..هتد. کەواتە عێراق لەگەل ئەوەی دانیشتوانەکەی چەندین پێکهاتەیە بەلام بۆرجوا ناسیۆنالستی عەرەبی بۆ ئامانج و سیاسەتێک لە پەیوەند بە هەولدان بۆ یەکخستنی وولاتانی عەرەبی و شەڕی دژ بە "داگیرکەر و ئیمپریالی" ڕەسمیەتی داوە بەوەی کە عێراقی لەسەر بنەمای نەتەوەیەک و عەقیدەیەک ناوناوە. ئەم نەتەوەیە واقعی بێت یان وەهم بە شوێنی خۆی، بەلام وایان پێناسە کردووە کە عێراق ولاتێکە سەر بە نەتەوەی عەرەبیە و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە لەگەل وولاتانی تری عەرەبیداو دەبێت بازاڕێکی کاری هاوبەش و دەولەتێکیان هەبێت. بۆرجوا ناسیۆنالستی عەرەبی لە دەستووردا ئەمە بە فەرمی دەناسێنێت، سەدەیەکە دانیشتوانی وولاتانی عەرب زمان بە عروبە و سیاسەتە کۆنەپەرستەکانی سەرقال کراون و چەندین کارەسات ژیانی دنیشتوانی ئەو وولاتانەی داگرت و کردە قوربانی و داوتریش ناسیۆنالستی عەرەبی سیاسەتەکانی مایە پوچ مایەوە.

واتە لە وولاتێکدا کە زمان و نەتەوە و ئاینی جیاوازی لەخۆ گرتبێت، بەلام ناوی ئەو دەولەتە بنرێت عەرەبی، یا تورکی، یا ئیسلامی ئەوە بەرەسمی باقی نەتەوەکان و ئاینەکانی تر دەکاتە پاشکۆ و پلە دوو، ئەمەش سەرچاوەیەکی بەردەوامی چەوسانەوەی نەتەوایەتی یا ئاینیە و نەبوونی ئازادی

سیاسی و ئازادی عەقیدەیە. ئەمە بەواتای جیاکردنەوەی ئینسانەکانی دانیشتوانی ئەو وڵاتەیە لەسەر بنەمای ئیمتیازدان بە نەتەوەیەک بەسەر باقی پێکهاتەکانی تردا، پێچەوانەی ئەوەیە کە دەبێت پەیوەندی ئینسانەکان بەو ووڵات و دەوڵەتەوە لەسەر بنەمای هاووڵاتی بون پێناسە بکرێت، ئەمەش ئەو کێشەیە دەخوڵقێنێت کە ستەمی نەتەوایەتی دەکاتە مەسەلە و گرفتێکی جدی تا ئەو ئاستەی کە کرێکارانی ئەو ووڵاتە لەبری یەکگرتن بکەونە بەرامبەری یەکەوە.

ڕۆشنە کەسانێک بە هاوڵاتی پلە دوو لە قەڵەم بدرێن نارەزایەتیان دەبێت، بێگومان خواستیان دەبێت و لە بەرامبەر کێشە و گرفتێکی بەردەوام بەرەو ڕوودەبن و دەیانەوێت بە هاوڵاتی پلە دوو ئەژمار نەکرێن و یەکسان بن. لە دنیای واقعدا نابێت هاوڵاتیان پلەی جیاوازی هەبێت، بەناوی نەتەوەو دین و نەژادو ڕەنگەوە، ئەوە دەسەڵاتی بۆرجوا ناسیۆنالستە ئەم جیاکاریە لە جێگایەکدا بۆ پاراستنی پەیوەندی کارو سەرمایە ڕەواج پێ ئەدات و کاری پێ دەکات.

ئەم نمونەیەی لەسەر عێراق باسمان کرد بەو شێوازەی بۆرجوا ناسیۆنالستی عەرەبی رەسمەیەت ئەدا بە ناسینی عێراق بە وڵاتێکی عەرەبی لە هەمان کاتدا دان بەوەشدا دەنێت کە نەتەوەو پێکهاتەی تریش هەن، بەڵام لەسەر بنەمای ئەو رەسمیەتدانە بە عەرەبی بوونی عێراق پێکهاتەکانی تر دەکاتە پلە دوو، جگە لەمە نمونەیەکی تر لە ناسیۆنالستی تورکی ئەوەیە کە تەواوی تورکیا بە نەتەوەی تورک دەناسێنێ و دان بە هیچ پێکهاتەیەکی تردا نانێت، ئەمەش شێوازێکی ترە لە پیادەکردنی زوڵمی نەتەوەیی، چونکە خەڵکانێکی زۆر هەن قەبوڵیان نیە بە تورک بیان ناسێنن، خۆیان بە نەتەوەی تر دەناسێنن، لە سەردەمی کەمال ئەتاتورکەوە ناسیۆنالیستی تورک بە هیچ شێوەیەک دانی بە کورددا نەناوە، ئەگەر زمان بێت یان نەتەوە هەر شتێکی تر. پێناسەی وڵاتەکەی بە شێوەیەک کردووە، کە تورکیا تەنها تورکە و هی تورکە. بۆیە هەموو ئەوانەی تر، کە وا بیر دەکەنەوە، کە سەر بە نەتەوەیەکی ترن یان زمانێکی تریان هەیە و خۆیان بە تورک ناناسن، دەبێتە زوڵمی نەتەوەیی لەسەریان، کە هەمیشە نارازی دەبن و دەبێتە خوڵقاندنی بەرزکردنەوەی هەستی قەومی و هەڵگیرسانی شەڕی قەومی. بۆرجوا ناسیۆنالستی نەتەوەی ژێردەست ئەم فرسەتە دەقۆزێتەوەو لە هەڵسورانی سیاسیدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتی سیاسی دەیکاتە هێزو فشار لەبەرامبەر بۆرجوا ناسیۆنالستی نەتەوەی سەردەستدا، بۆ دەستکەوت و ئیمتیازاتێک بۆ بەشداری لەدەسەڵاتی سیاسیدا، هەرکات بۆرجوازی نەتەوەی ژێردەست ئەو ئیمتیازاتانەی بەدەست هێنا یا دەسەڵاتی سیاسی مسۆگەر کرد دەستبەرداری تەواوی خواستەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبێتەوە و هەمان مامەڵەی ڕێکخستنی بازاڕی کاردەکات، بۆرجوازی نەتەوەی سەردەست دەبێتە دۆستی و کرێکاران و زەحمەتکێشان دەبنە گەورەترین دوژمنیان.

بۆ ئەوەی ئەم بابەتە زیاتر ڕۆشن کەینەوە بچینە سەر وەڵام بەو پرسیارەی بۆچی ناسیۆنالستەکان و حزبەکانی کوردایەتی نوێنەرایەتی وەلانانی زوڵمی قەومی ناکەن، بەجیا لەوەی لە بیرو بۆچونی ئێمەدا نەتەوە هەیە یا خورافەیە، یاخود باوەڕمان بە ئاین هەبێت یان نەبێت، بەڵام لە ڕێگەی جیاکاری نەتەوە و دین و نەژاد، و ئیمتیاز دان بە نەتەوەیەک یا ئاینێک..زوڵم دەبێتە ئەمری واقع و دیاردەیەکی ئاشکراو سەرچاوەی نائارامی و نائاسودەییە پێویستە بە ڕێگا چارەی

ئینسانی مامەڵە بکرێت.
بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی یاخود نەتەوە پەرستی بۆ خۆی بەرهەمی زوڵمی قەومی نییە تا نوێنەرو بەرگریکەری وەلاتانی زوڵمی قەومی بێ. بزووتنەوەی قەومی بەگشتی بەرهەمی گەشەی بازاڕی سەرمایەداری و دامەزراندنی دەوڵەت و دەسەلاتی ڕەوتێکی بۆرجوازیە، لەهەر چوارچێوەیەکی سیاسی و دەوڵەتیدا بۆرجوازی ڕوخسارێکی تایبەتی و گونجاو دەکاتە داردەست بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بۆ نمونە ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراقدا دەوڵەتێک لەسەر ئەساسی قەوم دروست دەکات وەک چینی بۆرژوازی و دەسەلاتی ڕەوتێکی کۆمەلایەتی لەسەر ئەساسی نازناوی نەتەوەیەک، دەوڵەت و ئابووری و جوگرافیاکەی دادەمەزرێنێت و پەیوەندییەکانی ئابوری و سیاسی پێک دەهێنێت. تەماشا بکەن لە ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، بە جیا لە فەڵەستین کە کێشەی هەبووە، لە تەواوی ولاتانی عەرەبزماندا حزبە قەومیەکان بەجیا لەوەی پێناسەی وولاتەکەیان بە نەتەوەی عەرەب دەکەن و باسی یەکگرتنی ولاتانی عەرەب دەکەن لەهەمان کاتدا ڕەواج بە عەرەبی بوون و خورافاتی قەوم پەرستی و شانازی بە عروبەو مێژوەکەیانەوە دەکەن، کەئەم بزوتنەوەیە هیچ پەیوەندیەکی بەوەوە نییە کە ئەو وولاتانە زوڵمی قەومیان لەسەر بێت، بەڵکو زادەی واقعیەتی مێژووی بەسەرمایەدار بون و گەشەی سەرمایەداریە لەو وولاتانە و شەڕی سەربەخۆیی بازاڕ و دەسەلاتی بورجوازی عەرەبی یان عەرەبیزمە بۆ پەیداکردن و دابینکردنی مەوقعیەتێک لەبەرامبەر ولاتانی سەرمایەداری جیهانیدا. واتە ئەم لێکدانەوەیە ئەمان گەیەنێت بەو واقعیەتەی کە ناسیۆنالیزم لەسەر ئەساسی زوڵمی قەومی نەهاتۆتە مەیدانەوەو نایەتە مەیدانەوە، بەڵکو ڕەوتێکی بۆرجوازیە بۆ کۆنترۆڵی بازاڕێکی کاری سەربەخۆ، کە پێداویستی پەیوەندی ئابووری و پاراستنی سیستمی سەرمایەداریە لەو وولاتانە و دیاریکردنی جێگاوڕێگای لە ناو بازاڕی سەرمایەداری جیهاندا ئەو باڵە یا ئەو ڕەوتە لە بۆرجوازی کە ناسیۆنالستی عەرەبیە وەلامی ئەداتەوە. بەگشتی بورجوازیش ئەوەندە نەتەوەپەرستی بۆ گرنگە و بەکاری دەهێنێ تا سەقامگیرو جێگیری بە بازارەکەی ئەدات وەک چۆنیەتی ئاستی گەشەی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوادا و گەیشتنی دیموکراتیەکان و لیبراڵەکان بەدەسەلاتی سیاسی.
ئەوەی ئەحزابی ناسیۆنالیستی کوردی لە ڕوانگەی خۆ بە هەق زانینیان بە ناوی بەرگری لە نەتەوەی کوردەوە شەڕ و کێشمەکێشی سیاسی لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا کردوە و دەیکەن، هیچ لەو هاوکێشە و مەسەلەیە ناگۆڕێت کە بۆرجوازی کوردیش شینی کۆنترۆڵی بازاڕی کار دەکات و بەدوای هەمان پاراستنی پەیوەندی کارو سەرمایەوەیە، ئەمە ئەسڵی لەمەیدان بوونی بزووتنەوەی کوردایەتیە نەک زوڵمی قەومی.
ئەوەی ئاشکرایە سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لە ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا هاوکاتە لەگەڵ گواستنەوەی سەرمایە بۆ ئەو ناوچانەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەنگاوەکانی گەشەی سەرمایەداری لە ئێران و تورکیا و عێراقدا، گرفتێک کە یەخەی بە بۆرجوازی کورد گرتووە نەیتوانیوە بەجیاو سەربەخۆ ببێتە پاسەوانی بازاڕێکی کار کە ناوی کوردستان بێت، چونکە مەوقعیەتی سەرمایەدارانی کورد بۆ خۆی پاشکۆ بون بووە بە بازاڕی سەرمایەداری ئەو

وولاتانەی تیا ژیاون . هەر بۆیە بورجوازی کوردیش بەو مەوقعیەتە لاوازەیەوە زیاتر لە چوارچێوە ی شەراکەت لە دەسەلات و ڕاگرتنی یەک پارچەیی ئەو وولاتەوە و زیاتر بە خواستی حوکمی زاتیەوە هەڵسوڕانی سیاسی نواندوە، لەهەمان کاتدا وەک فشار و کێشمەکێشی لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا، کێشەو زوڵمی نەتەوایەتیان بەکار هێناوە بۆ وەرگرتنی ئمتیازات و گۆرینی هاوکێشەی سیاسی بە قازانجی حزبەکانیان.

وەلام دانەوە بۆ وەلانانی زوڵمی نەتەوایەتی جیاوازە لە هەوڵدان بۆ ئەوەی لەسەر ئەساسی ئەو نەتەوەیە پێکهاتەیەکی سیاسی دروست بکەیت، دەوڵەت بێت یاخود حوکمی زاتی و فیدڕالی بێت واتە هەر شێوەیەک مانای دەورو شەراکەت بێت لە دەسەلات لەسەر بنەمای هەویەتی نەتەوەیی، یانی شەراکەت بێت بە ناوی کوردەوە لە دەسەلاتدا. ئەمانە داواکردنی ئیمتیازاتێکە و جیاکردنەوە و دابەشکردنی هاولاتی ئەو وولاتەیە بە ناوی نەتەوەو ئاینەوە، کە ئەحزابی ناسیۆنالیستی لە جوگرافیایەکدا یان لە جێگەیەکی دیاریکراودا، بۆ ئەوەی شەریک بێت لە دەسەلاتداو ئیمتیازێک بۆ خۆی بەدەست بهێنێت، بۆ ئەوەی دەسەلاتی هەبێت یان دەوڵەت دروست بکات بەو ناوەوە ئیمتیازاتێک وەربگرێت، ئەمە جوولانەوەکەیەتی. واتە بۆ ئەوە دروست نەبووە، کە زوڵم لابەرێت. مێژووی بزووتنەوەی قەومی لە تەواوی جیهاندا بەم شێوەیەیە. لە ئەڵمانیاوە تا تورکیا و وولاتانی عەرەبی و هەرجێگەیەکی تری جیهان، کاتێک بزووتنەوەیەک دروست دەبیت، خۆی بە ناوی قەومێکەوە ناو دەنێت و دەیەوێت بەم ناوەوە جوگرافیایەکی دەوڵەتی و سنوورێک بۆ خۆی دروست بکات. هۆکارەکەی ئەوە نییە، کە زوڵمی لەسەرە و دەیەوێت زوڵمەکە وەلا بنێت، بەڵکو ڕەوتێکی بۆرژوازیە دەیەوێت دەسەلاتی سیاسی بگرێت و دەوڵەتێک دامەزرێنێت و دەست بەسەر بازاڕی کاردا بگرێت و لەبازاڕی جیهاندا جێگاوڕێگایەک بۆ خۆی دامەزرێنێت.

لەو کاتەی ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراقدا دەسەلاتی بەدەست بووە، بۆرژوازی کوردیش لە تەواوی هەڵسوڕانی مێژووی سیاسیدا لە شەستەکانەوە بە شێوەی هێزی چەکداری و تەنانەت پێشتریش کە حزبی سیاسیی دروست کردووە بۆ ئەوەی شەریک بێت لە دەسەلاتی سیاسیدا داوای بەشی بۆرجوازی کوردی کردووە لە دەسەلاتی سیاسی و پرۆسەی بەرهەم هێناندا، بەلام بەهۆی لاوازی مەوقعیەتی بۆرجوازی کوردی لە کێشمەکێشی لەبەرامبەر دەوڵەتی ناوەندیدا پەنایان بۆ دواکەوتووترین شێوازی هەڵسوڕانی سیاسی و پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان بردووە، تا ئەو ئاستەی بەر بە چاکسازی کشتوکاڵی و ئابوری و گەشەی سەرمایەداری بگرن و پەنا بۆ دەرەبەگ و ئاغاکان و هێزی عەشیرەتی بردووە تا بزوتنەوەکەیان بەهێز بکەن و ئاستی هاوسەنگی هێز بەو شێوەیە لە بەرامبەر دەوڵەتی ناوەندی و بۆرجوازی نەتەوەی سەردەست بگۆڕن، لەهەمان کاتدا هوشیاری گشتی کۆمەڵگەیان بەکار هێناوە بە ئیحساساتی قەومی و ڕاسستی و تا ئاستی ڕەواجدان بە دوژمنایەتی کوردو عەرەب.

ئەم جۆرە لە شێوازی هەڵسوڕانی سیاسی نەک وەلام بە وەلانانی زوڵمی قەومی ناداتەوە بەڵکو داسەپاندنی ئەوپەری کۆنەپەرستی و هێنانە دواوەی بەشەرەکان و هێنانە دواوەی خواستەکانیان و ئاوات و ئامانجیانە لە ئازادی سیاسی و پێکەوەژیان و ئینسان دۆستی و یەکسانی هاولاتیان و

## سەبارەت بە ستەم و مەسەلەی میللی

ژیانی هاوچەرخ بۆ هەڵگیرسانی شەڕی قەومی و مەزهەبی، کە دەوری حزبەکانی بۆرجوازیە بە شێوەی جیاوازی ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیانەوە، جیاکردنەوەی مرۆڤەکانە لەسەر ئەساسی ڕەش و سپی، کورد و عەرەب و تورکمان، ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی. ناسیۆنالیستی کوردی هەر بۆ خۆی ئاستی کۆنەپەرستی و دژی ئینسانیەکەی ئەو پەیامەمان پێ ڕادەگەیەنێت کە لەسەر ئەساسی ئەوە دروست نەبووە، کە کورد زوڵمی لێکراوە و لەو پێناوەدا خەباتی سیاسی دەکات. بەڵکو لەسەر ئەو ئەساسەیە، کە وەک حزبێکی بۆرژوازی ناسنامەیەک بۆ خۆی دروست دەکات تا ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لەسەر خەڵکی کورد زمانە بەکاری بهێنێ بۆ مەرام و ئامانجە سیاسیەکانی خۆی، هەر ئەم دەورو مەوقعیەتەشە لەماوەی نیو سەدە زیاتر لە هەڵسوڕانی سیاسیاندا تەواوی نەخشەو هەنگاوە سیاسیەکانیان مامەڵەو بازرگانی بووە بە چارەنوسی خەڵکی کوردستان و مەسەلەی کوردەوە.

لە هەر جێگەیەکدا، کە بزووتنەوەیەک بە ناوی ئەوەی کە بۆ نمونە دەوڵەت دروست نەبووە تێیدا یان بۆرژوازیەکەی دەسەڵاتی نییە، کۆمەڵگەیەکیش کە تێیدا دەژی زوڵمی لەسەرە، سوود لەمە وەردەگرێت. بەڵام ئامانجی سەرەکی خۆی ئەوە نییە. تەماشا بکەن ئەحزابی ناسیۆنالیستی کورد تەواوی شەڕی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا بۆ ئەوە بووە کە شەریکی بکەن لە دەسەڵاتدا و هەمان جێگاوڕێگای ئابووری و سیاسی هەبێت. تا ئەو ئاستەی داوای حوکمی زاتی یان فیدراڵی دەکات یان هەر شکڵێکی تر، ئێستاش کە کوردستانی عێراق لە سایەی دەسەڵاتی هەردوو حزبی کوردایەتیدایە و بۆرجوازی بە ئامانجی خۆی گەیشتووە کە دەسەڵاتی سیاسی و پێکهێنانی حکومەتە ئەتوانین بڵێن کە زوڵمی قەومی نەماوە، بەڵام مەسەلەی کورد، وەک کێشەیەک ماوەتەوە کە ناسیۆنالستی کورد بەگشتی و هەردوو حزبی دەسەڵاتدار بە تایبەتی مامەڵە و یاری بەم مەسەلەیەوە دەکەن.

هەروەها بە مانایەکی تریش ئەمانە بەشێوەیەکی گشتی نوێنەرایەتی لابردنی زوڵمی قەومی ناکەن. چونکە کاتێ بزوتنەوەی کوردایەتی گەر بتوانێ بە واقعیش دەوڵەتی کوردی دابمەزرێنێت و نازناوی دەوڵەتەکەیان کوردی بێت و لە دەستوردا بەرەسمی کوردستان بکاتە دەوڵەتی کوردی مانای ئەوەیە هەمان پرۆسەی دەوڵەتانی ناسیۆنالستی عەرەبی یا دەوڵەتی تورکی کۆپی دەکەنەوە، ئەو دانیشتوانانەی کە کوردزمان نین دەکەنە هاووڵاتی پلە دوو، کە هەر ئێستاش حکومەتە فیدراڵیەکەیان بەناوی کورد و بەهەر شەق و شرپەیک و کێشەکانیەوە تەعبیرە لەوەی هاووڵاتیانی غەیرە کورد لەم هەرێمی کوردستانەدا لە سایەی حکومەتەکەی پارتی و یەکێتیدا پلە دوون و بە زەحمەت ژیان بەسەر دەبەن.

زوڵمی قەومی بەو شێوەیە وەلا دەنرێت، کە ناسنامەی دەوڵەتی قەومی نەمێنێت، حوکمی زاتی و فیدرالی قەومی نەبێت، دەوڵەت نازناوی قەومی لەسەر نەبێت و غەیرە قەومی بێت، نە عەرەبی نە تورکی نە کوردی، بەڵکو لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون پێناسە بکرێت و هیچ نەتەوە و ئاین و ئایدۆلۆژیەک بەرەسمی نەناسێت، دەوڵەتی کوردی واتە ناسینی کورد بە قەومی دەرجە یەک و باقی نەتەوەکانی تر کە لە ژێر سێبەری دەوڵەتی کوردیدا گوزەران دەکەن دەبنە پلە دوو، بەم

شێوەیە هاوکێشەکە و قەوانەکە دوبارە دەبێتەوە و زوڵمی قەومی بەردەوامی بەخۆی ئەداتەوە و وەلا نانرێت، واتە تەنها جیاکردنەوەی هەر ئاین و هەر ئایدۆلۆژیا و نەتەوەیەک لە دەوڵەتدا مانای واقعی لابردنی زوڵمی قەومی و ئاینیە.

لە سایەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی عەرەبیدا یا ناسیۆنالستی تورکی و بە شەراکەت لەگەڵ ناسیۆنالیستی کورددا گەر بەوپەڕی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە و بێ غەش و "برایانە" پرۆسەکە تێپەڕێنن، ناتوانن لەو شیوازە کۆنەپەرستیە پاک بێتەوە کە شێوازی زاڵی دەسەڵات نوێنەرانێک دەبن کە ناسنامەی قەومی و ئاینی بەخۆیان بەخشیوە و پێشتر دانیشتوانی وولاتیان دابەش کردوە، کاتێ بە گوێرەی بەرژەوندیەکی هاوبەش شەڕیان ڕاگرتووە، کە لەهەر ئاڵوگۆڕێکدا بە خێرایی قابیلی هەڵگیرسانەوەی شەڕو پێکدادان و کوشتاری یەکتری و نائاسودەییە، پێناسەکردنی وولات و دابەشکردنی هاوولاتیان بە نەتەوە جیاوازەکان، سەرچاوەی نائاسودەیی و نائارامی شەڕی بەردەوامە.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین و پێداگری لەسەر بکەین تا هێزی کار لە بازاڕدا مامەڵەی پێ بکرێت و پەیوەندی کارو سەرمایە و کرێکارو سەرمایەدار بەردەوام بێت و کۆتایی نەیەت، سەرچاوەی هەموو جۆرە چەوسانەوە و زوڵموزۆرێک دەبێت لەسەر ئینسانەکان، ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری و پاراستن و مانەوەی پەیوەندی بەرهەم هێنانی سەرمایەداری سەرچاوەی بنەڕەتی تەواوی بەلاو شەڕو نائاسودەیی کۆمەڵگەی بەشەریە و سەرچاوەی بەرهەم هێنانەوەی تەواوی بیروباوەڕی نەتەوەپەرستی و کۆنەپەرستانە و دژی ئینسانیە، هەر بۆیە شۆڕشی سۆشیالیستی و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ڕزگاربوونی بەشەریەتە لە چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان و هەڵوەشانەوەی بازاڕی کار، واتە کار وەک کالایەک مامەڵەی پێ نەکرێت، ئەو کات بەشەریەت هیچ پێویستیەکی بە ئایدۆلۆژیا و بۆچونێکی نائینسانی نییە، پێویستی بە ڕەواجدان بە ناسنامەی ئاینی و نەتەوەیی و نەژادی و جیاوازی ژنان و پیاوان نییە.

ئەمە فەزای ڕەسمیەتدانە بە جیاکردنەوەی ئینسانەکان بە ناوی ئاین و نەتەوەوە بەجیا لەوەی پێکهێنەری نائارامی و شەڕی مەزهەبی و قەومیە، لە هەمان کاتدا بۆخۆشی ڕێگریەکی گەورەی بەردەم خەباتی کرێکاران و شۆڕشی کرێکارییە، کرێکاران کوردزمان بن و عەرەبزمان لە هەر جێگایەک بێت لە بەغداد یان سلێمانی یان بەسرە، کاتێک دەچێت بۆ کار، پێداویستی ژیان سەپاندویەتی بەسەریاندا بچنە بازاڕی کارەوە و هێزی کاری بفرۆشێت ئەگەر ئەم کرێکارە کوردزمان بێت یان عەرەب زمان یان لە هەر جێگەیەک بیت، هیچ جیاوازییەکی نییە. ئەو بۆ نمونە دەچێت بۆ کارگەیەک کار دەکات، کە بە ئارەزووی خۆی نییە و هەڵبژاردنی کارەکەشی ناچارییەکە بۆ بەردەوامی ژیانی خۆی و خێزانەکەی دەبێت ئەو کارە بکات. بە هەر پێناسەیەک بێت ئەم کەسە کرێکارە و هیچ بەرژەوەندیەکی لەوەدا نییە ناسنامەی ئاینی و قەومی بەبەرگدا بکرێت، کێشەکانی ئەم کرێکارە سەعاتی کار و کرێی کارەکەی و سەلامەتی کارو تەندروستی، ئازادی ڕێکخراوبون و ناڕەزایەتی و مانگرتنە.. کە بە لەبەرکردنی بەرگی مەزهەبی و قەومی تەواوی ئەو مافانەی لێ

زەوت دەکرێت.
هەر بۆیە حزبە ناسیۆنالست و دینیەکان خورافاتی نەتەوەپەرستی و مەزهەب دەکەنە ئایدۆلۆژیا و بیروبۆچونی باوی زاڵی ناو کۆمەڵگە و بەردەوام کاری لەسەردەکەن، ماف وخواست و ئایندەی ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەسپێرن بە ئایندەیکی نارۆشن، ئاینیەکان باس لە دنیایەکی نەزانراو نادیارو بەهەشتێک دەکەن تا ئینسانەکان دەستبەرداری ژیانی ئێستاو خواستەکانیان ببن خۆیان هەڵگرن بۆ دنیایەک کە کەس نازانێ چیە و چۆنە، نەتەوەپەرستەکان چارەنوس و ژیانی کرێکاران و زەحمەتکێشان دەکەنە قوربانی ڕزگاری خاک و نیشتمان و گیانی نەتەوەپەرستی، حزبەکانی کوردایەتی نیو سەدەیە خەڵکی کوردستان لە چاوەڕوانی دەوڵەتی کوردیدا ڕاگرتووە، کە نمونەی دەسەڵاتەکەشیان سەلماندی چۆن مایەی کارەسات و دەردی سەری و هەژاری و نەداری بون و دەوڵەتەکەشیان کارەساتی تری بەدواوەیە.
 کرێکارێکی کوردزمان  لە بەغداد یا هەڵەبجە کار بکات، چ پەیوەندییەکی بە ڕزگارکردنی "کوردە"وە هەیە؟ یاخود کرێکارێکی عەرەبزمان گەر لە هەولێر یا لە بەسرە کار بکات، چ پەیوەندییەکی بە عروبە و یەکگرتنی وولاتانی عەرەبیەوە هەیە، کرێکاران لەهەر شوێنێکی دنیادا بن پێگەی واقعی و ماف و خواستی هاوبەشیان هەیە، ئەوەی بۆ کرێکاران گرنگە کرێی کارەکەی و کەمی سەعاتی کار و زەمانەتی کارو دابینکردنی ژیانیەتی.
لە هەر جێگەیەکدا، کە کرێکاری  کوردزمان و عەرەبزمان و هەر زمانێکی تر پێکەوە کار دەکەن، گەر شەڕ و ئاشوب و سیاسەتەکانی ئەحزابی قەومی نەبێت، ئەم ئیحساس و جیاکاریانەیان نەبووە. ئەوە دەور و واقعیەتی سیاسەتی ئەحزابی ناسیۆنالسیتی کوردیە فەرزی کردووە بەسەریاندا، ئەم حزبانە هەمیشە سوودیان لەوە وەرگرتووە کە لەسەر ئەساسی جیاکاری، ئینسانەکان بدەن بە یەکدا و کرێکاران یەکگرتوو نەبیت، بەشێک لەوەی کە ڕێگە نادات کرێکاران یەک بگرن، واقعیەتی تەشەنەی بۆگەناوی بۆچونەکانی ڕەوتی ناسیۆنالستی و ئاینی و مەزهەبیە.
نەتەوە پەرستی نەک هەر وەڵام بە وەلانانی زوڵمی قەومی یاخود مەسەلەی کورد ناداتەوە، بەڵکو شەرمەزاریە بۆ بەشەریەت، خوڵقێنەری فەزای ئاشوب و کارەسات و شەڕە، زوڵمی قەومی کاتێک لەبەین دەچێت و تووی نامێنی کە ئینسانەکان یەکسان بن و جیاوازی چینایەتی لەبەین بچێت، نابێت ناسنامەی قەومی و ئاینی و نەژادی و ڕەگەزی ئیمتیاز بێت بۆ هەر کەس و گروپ و کۆمەڵگەیەک، دەبێت دین جیابێت لە دەوڵەت و پەروەردە، دەبێت دەوڵەت غەیرە قەومی بێت. واتە هەمو ئەوحزب و لایەنانەی پێداگری لەسەر دەوڵەتی قەومی دەکەن نەک نوێنەرایەتی وەلانانی زوڵمی قەومی ناکەن بەڵکو دەبێت لە مەوقعیەتی پیادەکردنی زوڵمی قەومیدا حسابیان بۆ بکرێت .
 ناسنامەی نەتەویی بۆ دەوڵەت هەر بەتەنها پیادەکردنی زوڵمی قەومی لێ بەرهەم نایەت بەڵکو دەوری زۆر جدی دەبینێت لەسەر بێ ئیرادەکردن و دەورو دەخاڵەتی خەڵک لە دەسەڵاتی سیاسی و دیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا، ڕەسمیەتدان بە هەر عەقیدە و ئاین و نەتەوەیەک لە دەستوری دەوڵەتدا مانای پێ شێلکردنی ئازادی سیاسی و ئازادی بیروباوەڕو عەقیدەیە. لەقاڵبدانی

ئینسانەکان بەبێ  خواستی خۆیان بە ناسنامەو عەقیدە و ئاینێک کە باوەڕیان پێی نیەو هەڵبژاردەی خۆیان نییە، مافی ئیختیاربون نادات بە ئینسانەکان تا ئەوەی باوەڕیان پێیەتی تەبەنی ببەن. تا ناسنامەی قەومی کارساز بێت لە هەڵسوڕانی سیاسی و پێناسەی دەوڵەتی پێ بکرێت، ڕێگا دادەخات بەڕوی بڕیار و ئیرادەی ئینسانەکان کە چۆن چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن. وەلانانی کێشە و زوڵمی قەومی لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ دەورو ئیرادە و بڕیاری زۆرینەی خەڵکەوە مەیسەر دەبێت. هەر نەتەوەیەک لەژێر کارکردی فەزای سیاسی و دەسەڵاتی بۆرجوازی نەتەوەی سەردەستدا چەوسانەوەی بەسەردا دابڕاوەو ئیحساسی زوڵمی قەومی دەکەن، دەبێت لەڕێگەی گەڕانەوە بۆ ڕاو دەنگدانی خەڵکەکەی بڕیار لە سەر چارەنوسیان بدرێت، کە ئایا لەو وڵاتەدا دەمێننەوە یان جیا دەبنەوە، بەڵام حزبە ناسیۆنالستەکان وەک ئاشکرایە بە ئارەزوی خۆیان و پداویستیە سیاسیەکانیان بەناوی کێشە و وەلانانی زوڵمی قەومی یەوە، هەمیشە بازرگانی و یاریەکی بێ کۆتایی بەچارەنوس و ژیانی خەڵکەوە دەکەن.



**گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی**

# هەلومەرجی جیهانی و تێپەڕینی بە تونێڵی تاریکیدا

**نیوەی دووەمی نیسانی ٢٠١٧**

**جەمال موحسین:** ئەم کاتەت باش هاوڕێ سورەیا، خۆشحاڵین بۆ ئەم فرسەتە و بەو هیوایەین بتوانین پێکەوە قسەوباسێک بکەین لەسەر هەلومەرجی جیهانی.

جیهان بە بارودۆخێکی زۆر ناجێگیر و پڕ کێشەدا تێئەپەڕێ، دەسەڵاتگرتنی ناسیۆنالیزمی توندڕەو بە سەرۆکایەتی ترەمپ لە ئەمریکا، بریکسیت و وەلاتانی کامیرۆن و هاتنە سەر حوکمی تیریسا مەی، شەڕێکی خوێناوی لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەڕێوەئەچێ، لە عێراق و سوریا چڕتربۆتەوە و کارەساتی ئینسانی ڕۆژانە کۆمەڵگای بەشەری بێداد ئەکات. دواترینیان سەرهەڵدانەوەی سوڵتانیزم لەسەر دەستی ئەردۆگاندا□ کۆکردنەوەی هێزێکی چەند هەزاری ئەمریکا لە کۆریای باشور بە بۆنەی کێشە لەگەڵ کۆریای باکور و هەڕەشەی ئەمەی دواییان بۆ بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، هەڕەشە یەک لە دوای یەکەکانی ڕوسیا لە ئەمریکا و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سوریا و سەدان بەڵای تر سیمای ژیانی جیهانی ئەمرۆ پێئەهێنن.. با بەم دوو پرسیارە دەست پێ بکەین: بڕوای ئێوە ئیمکانی ڕوودانی شەڕی سێیەمی جیهانی و تەنانەت بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی هەیە؟ ئایا ئەم تایبەتمەندێتیانە چ پێداویستیەک بۆ بۆرژوازی جیهانی پێئەهێنن؟

**سورەیا شەهابی:**

سوپاس بۆ ئێوە. لە پەیوەند بەوەوە کە جەنگی سێیەمی جیهانی دەست پێئەکات ئەمەوێ بڵێم کە ئەو جەنگە دەستی پێکردووە، زۆر دەمێکە. زیاتر لە دەیەیەکە دەستی پێکردووە. لە ڕاستیدا هەر دوای ڕوخانی دیواری بەرلین و تەواوبوونی جەنگی سارد و لێدانی یەکەم جار لە عێراق چەند فازێکی بوون، ١١ ی سێپتێمبەر فازێکی بوو. بەڵام ئەمە ڕێک وەک جەنگی یەکەم و دووەم نییە کە دوو جەمسەر پێکبێت و کوچە و شەقامەکانی ئەوروپا بۆمباران بکەن بەڵام ئەم جەنگە هەر ئێستا بەرێوەیە و ڕۆژانە خەریکە قوڵتر و قوڵتر ئەبێتەوە. جوگرافیای ئابوری سیاسی دنیا گۆڕاوە. دەورانێک ئەمریکا هەوڵی دا خۆی وەکو جەمسەرێکی سەرەکی و سەرۆک زامن بکات بەڵام بە تێکدانی عێراقیشەوە دەمێکە لە واقعدا دنیا چەند جەمسەریە. ئەمە تایبەتمەندێتی دنیای چەند جەمسەریە کە سەرۆکی نییە. لە کانونی بۆرژوازیدا سەرۆکی نییە. دنیایەکی چەند جەمسەریە بەجۆرێک بۆرژوازی عەرەب خوازیاری بەشی خۆی بووە و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەجۆرێک سەریهەڵداوە، سەرکوتکردنی شۆڕشەکانی میسر و سوریا کە ڕاستە شۆڕشی دیموکراتیک و خەڵکی بوو بەڵام لە ڕاستیدا بەشێک بوو لەوەی بۆرژوازی عەرەب ئەیویست بەشی خۆی هەبێ کە بە پێویست عەرەبستانی سعودیە نوێنەرایەتی ناکەن، میسر زیاتر نوێنەرایەتی ئەکرد. بەهەرحاڵ ئەمەوێ بڵێم کە ئەو جەنگە دەستی پێکردووە بەڵام فازێکی ترە، فازێکی ڕۆشنتر و ڕاستەوخۆ کە جەنگ لەسەر چییە، نە لەسەر سەدام حسێن بوو، نە لەسەر دیکتاتۆرەکان بوو، نە لەسەر ئیسلامی سیاسی بوو، سەرئەنجام لەسەر ئەوە بوو کە لە دنیادا سەرۆک کێیە و کێ ئەبێ. ئەمریکا دۆڕاوی ئەم دەورەیەیە. دوو بۆرژوازی دۆڕاوی ئەم دەورەیەمان هەیە، ئەمریکا و بەریتانیا. ئەمریکا نەیتوانی و ناتوانێ سەرۆک بوونی خۆی زامن بکات و ئێستا دووبارە جەنگ گەڕاوەتەوە جێگایەک کە لێی ئاڵۆزکاوە. ئیتر مەسەلەکە ئەوەیە ئەمریکا، بۆرژوازی ڕۆژئاوا چۆن ئەیەوێ سەرۆک بوونی خۆی دابین بکات. بە بڕوای من ئەمە قەیرانی جیهانی سەرمایە نییە. چین قەیرانی نییە، ئابوری هیند قەیرانی نییە، بەنگلادیش قەیرانی نییە، ئەمانە گەشەی ئابورییان هەیە.

ئەم جەنگە لەسەر ئەوەیە کە مونافەسەی ئابوری ئەمریکا لەگەڵ چیندا چی لێ دێت، ناتوانێ مونافەسە بکات. یەکێتی ئەوروپا جەمسەرێکی ئابوری دەرکەوتوو و دابڕاوە لە ئەمریکا و خستنەلاوەی ئەم یەکێکە لە مەسەلەکانی ئەم جەنگی مونافەسەیەی کە لە ئارادایە. وە ئەم جەنگە خەریکە ئەچێتە فازێکی ترەوە. بەهەرحاڵ جەنگی سێیەمی جیهانی وا لە ڕووداندایە و وا ئەچێتە فازێکی ترەوە و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەسڵیە و بەهانەی سوریا و بەهانەی سەدام چوونەتە کەنارەوە. بۆ نمونە چۆن بەر بە چین بگری و بۆ ئەوەی بتوانی ئەوە بکەی ئەبێ ئاسیای باشوری

## هەلومەرجی جیهانی و تێپەڕینی بە تونێڵی تاریکیدا

ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ئاسیاش نائەمن بکەیت و بیکەیتە ڕۆهەڵاتی ناوەڕاست. ٨٠% ی ئاڵوگۆڕی بازرگانی کۆریای باکور لەگەڵ چیندایە. جەنگی بە وەکالەتی کۆریا و چین بخەیتە ڕێگا لەبەرئەوەی بتوانی بەر بە توانا و دەسەڵاتی ئابوری چین بگری لەبەرامبەر ئەمریکادا. ئەمانە پرسیار و مەسەلەکانن. بۆچی بە ئێرەیان گەیاندووە؟ ئیتر مەسەلەکە لەبەرئەوەیە کە ئەمریکا شانسی ئەوەی نییە کە ئابوریەکی پێشڕەو، پێشڕەو نە بە مانا ئینسانیەکەی، بە مانای گەشە بسەپێنێ بەڵام نابودکردن یاخود تێکدانی ئابوری چین وەک کەعبەیەک وایە بۆی.

بەڵام ئەوەی کە ئایا ئەتۆم بەکاردەهێنن یان نا، من وای بۆ ناچم کە ڕاستەوخۆ ئەتۆم بدەن لە شەقامەکانی ئەوروپا و ئەمریکا. سەیرکەن ئەمریکا ئیمکانیاتێکی هەیە کە ئێستا بۆمبی تازەی لە ئەفغانستان تاقیکردۆتەوە. باڵادەستی میلیتاریستی هێناوەتە پێشەوە، ئیتر باڵادەستی ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی و دیموکراتی کەوتۆتە لاوە. لە ڕووی تەکنەلۆژی سەربازیەوە باڵادەستن و ئەم موشەکانەی کە لە ئفغانستاندا تاقیکردەوە تەنها بۆ نیشاندانی ئەمەیە. ئیمکانیاتێکی ئەتۆمی هەیە هێشتا ڕوسیا بڕیاری نەداوە چەکی ئەتۆمی بەکاربهێنێ، ئەمریکا ئەتوانێ پوچەڵی بکاتەوە. بە واتایەکی تر، ئەمریکا باڵادەستی لەوەدا ئەوێ کە "ئازادانە" و بێکێشە بتوانێ بەسەر هەموو جیهانەوە باڵادەستی هەبێ. ئەمە شتێک بوو کە ئەمریکا بە میراتی لە دوای جەنگی ساردەوە بۆی مایەوە. نە ڕوسیا و نە ئەڵمانیا یەکەمیان لەبەر شکستی لە جەنگی سارددا و دووەمیشیان شکستی لە جەنگی دووەمی جیهانیدا لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە ئەم جێگەوڕێگە و ئیمتیازەیان نەبوو. ئەمریکا لەم مونافەسە جیهانیەدایە، ڕوسیا موشەکێکی نا بە سوریاوە کرایە سکاندالی گەورەی جیهانی لەبەرئەوەی ڕوسیا مافی نییە بەڵام ئەمریکا مافی هەیە و سەرۆکی دنیای ئازادە. ئەمریکا ئەم مافەی لە جەنگی ساردەوە بە دەستهێناوە و مافی هەیە هەر شوێنێک بیەوێ بیکوتێ. بەجۆرێک هەموو جیهان بووبووە موڵکی خۆی وەهەوڵیش ئەدات ئەم خاوەندارێتیە بپارێزێ. جێگەوڕێگە و گرنگی میلیتاریزم بۆ ئەمریکا لەم شوێنەوە سەرچاوەی گرتووە. کۆریای باکور کە ئەمریکا خەریکە هەڕەشەی لێئەکات، ناجێگیریەکی حکومەتەکەی هەیە لەبەرئەوەی ڕووبەڕووی ناڕەزایەتی فراوان بۆتەوە لە ناوخۆدا. ئەیانەوێ ئێرەش بکەن بە لیبیایەکی تر و لەم ڕێگەیەوە لە چین بدەن، واتە لە دەسەڵات و توانای ئابوری چین. ئەمە چەندین مەسەلەکە کە لە ئارادان و سەرئەنجام ئەم جەنگە هەیە.

**جەمال موحسین:** بەڵام بە پێی قسەکانی تۆ، جەنگ بەو شێوە کلاسیکیەی جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی نییە ئەگینا جەنگەکە هەیە و دەمێکیشە دەستی پێ کردووە. بەڵام بەشێکی زۆری ئەم شەڕە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتۆتەوە. من مەبەستەکەم ئەوەیە بە پێی ئەو مەفهومە کلاسیکیەی لینین

کە لە (ئیمپریالیزم بالاترین قۆناغی سەرمایەداریە) دا باسی ئەکات کە هێزە گەورە جیهانیەکان هەوڵ ئەدەن بۆ دابەشکردنی جیهان لە نێوان خۆیاندا و لەم نێوەشدا ئەچن بە شوێن چنینەوەی غەنیمەکانیاندا. با کەمێک لەم مەسەلەیەش وردبینەوە، بۆچی چاویان لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە و بۆ ئەم ناوچەیە ئاگری شەڕ گرتوویەتیەوە؟

سورەیا شەهابی: سەیرکەن، خۆتان دەقیق ئاماژەتان کرد بە باسی لینین. هەر ئەمە و بەشێکی تری ئەوەیە کە جەنگ ئیدامەی سیاسەتە. ئەم سیاسەتی ڕووبەڕووبوونەوەیە بووە و ئێستا ئەیانەوێ لەگەڵ چیندا بیگەیەننە مەیدانی سەربازی. مەبەستم لەوەیە کە جوگرافیایەک کە بە تایبەتی لە ڕووی ئابوریەوە شوێنێکی ئارامە بۆ چین، ئەیانەوێ بیخەنە ژێر فشاری سەربازی و قەیرانەوە. ئیتر ئەم بەرنامەیەش لە ڕێی بەهانەی کۆریای باکور و بەرنامە ئەتۆمیەکانیەوە ئەبەنە پێشەوە. تا لە ڕێی کۆریای باشورەوە کە پێگەیەکی سەربازی ئەمریکیە ناوچەی ژیانی چین نائارام و میلیتاریزە و قەیراناوی بکەن. بەهەمان ئەوجۆرەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەیبەنە پێشەوە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە ئەمە بەو سادەییە نییە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەچێتە پێشەوە. زۆر ئاڵۆزتر و فراوانترە و ئیمکانی هەیە زۆر وێرانکارانەتر بێ. هەڕەشەکانی ئەمریکا کە ئەگەر چین پێش بە کۆریای باکور و بەرنامە ئەتۆمیەکانی نەگرێ ئەوا ئەمریکا بە مافی خۆی ئەزانێت کە ڕاستەوخۆ ئەو کارە بکات، فشارێکە بۆ سەر چین کە بچێتە ئەو ئاستەوە.

من ئەڵێم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆچی؟ لەبەرئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێک کە شکڵی گرتبوو یەکێک لە پاشماوەکانی جەنگی سارد بوو، مەسەلەی فەڵەستین هەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا وڵاتە عەرەبیەکان بۆرژوازیەکی زۆر گەورەی هەیە و چینی کرێکارێکی فراوانی هەیە، میسرمان هەبووە کە لەباری مێژووییەوە دەوڵەتەکەی یەکگرتوو بووە، سعودیە و قەتەر و ئیمارات و ئەمانە دەوڵەتانێکی کۆنەپەرست بوون و بە پشتیوانی و پارەی ڕۆژئاوا پارێزگاریان لێ کردووە. پێویستە ئاماژە بە تێزەکانی مەنسور حکمەت بکەین لە پەیوەند بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە کە زۆر ڕۆشن ڕوونی ئەکاتەوە. کە باس لەوە ئەکات لە دوای ئەم جەنگی ساردەوە جەمسەرێک کە خوازیاری بەشە بۆرژوازی عەرەبە. شکاندنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی عەرەبی و دابەشکردنی بۆ ڕۆژهەڵاتی شیعە و سوننی و مەسیحی و یەزیدی و فلان و فیسار، ئەمە پرۆژەی ئەمریکا و بۆرژوا ئیمپریالیستیە لەبەرامبەر بۆرژوازی عەرەبدا. شۆڕشی تونس و میسر دیموکراتیک بوو بەڵام بۆ جڵەوگرتن بوو بە دەرکەوتنی بۆرژوازی عەرەب کە ئیتر قبوڵی نییە ئەم هەموو حکومەتە تا سەر مۆخ کۆنەپەرستە بەسەر سەریەوە بێ بە پارە و پشتیوانی ڕۆژئاوا پارێزگاری لێ بکرێ، هەم میسر و هەم تونس وابوو. یەکێکی کە مەسەلەی سەدام بوو لە عێراقدا. بەهەرحاڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگایەک بوو کە ئیمکانیەتی ئەوەی بۆ ڕۆژئاوا دابین ئەکرد کە ململانێکانی خۆی لەوێدا

## هەلومەرجی جیهانی و تێپەڕینی بە تونێڵی تاریکیدا

بەرێتە پێشەوە بە هۆی ململانێیەکی سیاسی گەورە کە لەگەڵ مونافیسەکانیدا هەیبوو. لەولاوە ئێرانت هەیە کە حکومەتێکی کۆنەپەرست بە زەبر خۆی پاراست و سەپاند بەسەر شۆرشێکدا، هەلومەرجێک هاتە پێشەوە کە زۆر ناجێگیر بوو وە بە شوێن بیانویەکدا ئەگەڕا کە فیتنەیەک بنێتەوە و بیهێنێتە خوارەوە لەسەر حوکم. لە هەمان کاتدا مەترسی بۆرژوازی عەرەب، ئەمریکا نەیئەتوانی بڕوات میسر بۆمباران بکات. بۆیە هێرشی سەدام بۆ کوەیت بیانویەکی دایە دەست کە دەخاڵەت بکات کە حکومەتی عێراقی خۆی کێشەی هەبوو، لە کاتێکدا لوبنان ئەو کێشەیەی نەبوو، میسر نەیبوو. بۆیە هێرش بۆ سەر عێراق دەستی پێئەکات چونکە ئەڵقە لاوازەکەیە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەبوایە وای لێبهاتایە چونکە گەر وانەبووایە ئەبووە جێگای سەرگرتنی شۆڕشە دیموکراتیکەکان و جێگای سەرهەڵدانی سێکیولاریزمێک بوو کە لە میسر و تونسدا سەری بەرزکردبۆوە. لە عێراقدا هەروەها ئەیتوانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانە و پێشەکەوتوو سەربەرزبکاتەوە، لە ئێران جوڵانەوەی چەپ و سێکیولار ئەیتوانی حکومەت بخاتە دژوارییەوە. هەموو ئەمانە هەبوو. بۆیە ئەبوایە هەوڵەکان لەو جێگایانە هەیە کە ناجێگیری هەیە. جا ئەم ناجێگیریە ئەتوانێ کۆنەپەرستانە بێ، ئەتوانێ ناجێگیری شۆڕشگێڕانە بێ. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ناجێگیر بوو وە بناغەیەکی ئەم ناجێگیریە مەسەلەی فەڵەستینە. مەنسور حکمەت ئاماژە بەمە ئەکات کە ئیتر بۆرژوازی عەرەب ئەمە قبوڵ ناکات، ئەوەی کە تۆ ئیسرائیل بە زۆر بپارێزی و بیهێڵیتەوە بە هێزی مادی و مەعنەوی و سەربازی ڕۆژئاواوە لەبەرامبەر دەوڵەتی بۆرژوازی عەرەبی گەورەدا، مەترسیدارە. ناتوانی بیپارێزی، ئەمانە هەمووی پاشماوەی جەنگی ساردن. جێگەوڕێگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەمەیە، ئێستا وا ئەیانەوێ کۆریا باکوریش لەبەرئەوەی حکومەتەکەی ناجێگیرە بەو مانایەی خەڵکەکەی نایانەوێ بزانن ئێرەش بکەن بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرامبەر چیندا بەڵام ئەمە هەروا سادە و ئاسان نییە.

**جەمال موحسین:** بۆچی حکومەتەکەی ناجێگیرە؟

**سورەیا شەهابی:** لەبەرئەوەی چەند حکومەتێکی دیکتاتۆری هەن کە خەڵکەکەی ناڕازین، لە سوریا بووە، لە لیبیا بووە، لە کۆریای باکور ناڕەزایەتی هەیە و لە چینیشدا هەبووە. چین بارودۆخێکی ئابوری زۆر باڵادەستتری هەیە لە ئەمریکا. چین هیچ پێویستیەکی نییە، دابەشکردنی جیهان کە ئەمەوێ قسە بکەم لەسەری ئەوەیە کە دابەشکراوە بەوجۆرە کە لینین کردوویەتی. خۆبەخۆیی دابەشکراوە. چین توانایەکی ئابوری هەیە و کێشەیەکی نییە، ئەیەوێ ئەمریکا و میلیتاریزمەکەی ئاگای لە دنیا بێ و ئەویش لەسەر چینینەوەی ئابوری زیاتر بڕواتە پێشەوە، ئەمریکا قبوڵی نییە.

## گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی

سەرئەنجام چین باڵادەستی ئابوری هەیە، ڕوسیا باڵادەستی ئابوری سەربازی نییە، ئەمریکا یەکەمین هێزی سەربازی دنیایە و لەڕووی ئابوریشەوە هێشتا بەتوانایە. کۆریای باکور کە بە میحوەرێکی شەڕ پێناسەیان کردووە لە ناوخۆدا نارەزایەتی فراوانی جەماوەر بە دژی هەیە...

**جەمال موحسین:** بە مانایەکی تر لە هەر شوێنێک کە حکومەتەکەی ناجێگیر بێ و خەڵک لە دژی بێ ئەمریا و ڕۆژئاوا ئەیانەوێ ئەمە بەکاربهێنن بۆ ئەوەی بەئاقارێکی تردا بیشکێننەوە کە بە قازانجی خۆیان بڕواتە پێشەوە؟

**سورەیا شەهابی:** ڕێک وایە. لە ئێرانیشدا وابوو. مەگەر گۆڕینی ڕژێم لە کوێ ئەکەن؟ خۆ ناچن لە نایجیرا بیکەن یا لە شوێنێک بیکەن کە حکومەتی کۆپەنەرستی سەربەخۆیانن، بگرە ئەو حکومەتانەی کە لە ڕووی تەقلیدیەوە لەگەڵ خۆیاندا نین، هەتا ڕژێمەکەی ئەردۆگان ناگۆڕن چونکە سەر بە ڕۆژئاوایە. بەڵام ئەو ڕژێمانەی سەر بە خۆیان نین و لەژێریشەوە نارەزایەتی هەیە بە ڕوویاندا، تەواوی ئەمانە کە ئیمکانیەتی ئەوە هەیە کە خوارەوە بتوانێ حکومەتەکان بگۆڕێ لە ئێراندا، لە وڵاتە عەرەبیەکاندا، لە ئاسیای باشوری ڕۆژهەڵاتدا هەموویان خەفە ئەکات. کۆریا کە نزیکی چینە و جوگرافیایەکی وای هەیە کە جێگەوڕێگەیەکی پێئەدات لە ڕووی ئابوری سیاسییەوە.

**جەمال موحسین:** لێردا خاڵێک پێویستە ئاماژەی پێ بدەین ئەویش ئەوەیە کە تۆ باسی ئەوەت کرد وەک لینین ئەڵێ جەنگ ئیدامەی سیاسەتە. بەڵام مەنسور حکمەت لە تیۆری جەنگ، جەنگی تیۆریدا زۆر بە ڕۆشنی باسی ئەوە ئەکات کە لە پشت هەر جەنگێکەوە بەرژەوەندیەکی ئابوری چینایەتی هەیە، چینی بۆرژوازی هەیە. ئەم هەموو کێشمەکێش و ململانێیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە دنیادا وەک تۆ باست کرد وا درێژ ئەبێتەوە بەرەو کۆریا. ئایا بە بڕوای تۆ تێکچوونی دنیا بەم جۆرە وەکو لە سەرەتاشدا وتمان ئەم تایبەتمەندێتیە ئەبێ چ سوودێکی هەبێ بۆ بۆرژوازی جیهانی لە ڕووی بەرژەوەندی چینایەتیەوە؟ وەک تۆ وتت دنیا دابەش بووە و سیاسەتێکیش پیادە ئەکەن، بەڵام ئەمە لەسەر بەرژەوەندیەکی چینایەتیە. ئەگەر لەسەر ئەم باسە کەمێک قسە بکەی.

**سورەیا شەهابی:** بە دروست ئاماژەتان پێکرد کە جەنگ ئیدامەی سیاسەتە و سیاسەتیش جەنگی چینەکانە بۆ بەرژەوەندی ئابوری. بزانن، ئێمە دوای جەنگی سارد، بۆرژوازی ڕۆژئاوامان هەبووە کە سەرکەوتوو بووە و بڕیار وابوو کە بڕوات ئیدارەی دنیا بکات. بەڵام ئەلگۆی گەشەی نییە، ئابوریەک کە خەریکە لە بەرژەوەندی بۆرژوازیەوە گەشە ئەکات بۆرژوازی چینە، هیندە،

بەنگلادیشە. ئێوە شتێک نادۆزنەوە کە بەرهەمی ئەوێ نەبێ، لەوێ کار هەیە. سەرمایە تەنها بە باڵادەستی فەرهەنگی و سیاسی و ئەمانە ناتوانێ بەردەوام بێ گەر باڵادەستی ئابوریت نەبێ. ئابوری بۆرژوازی ڕۆژئاوا مۆدێلی گەشەی نییە، چۆن گەشە بدات؟ ئابوریەکەی گەشە ناکات. سەردەمێک بوو لەبەرامبەر سەرمایەی دەوڵەتی و سۆڤیەتدا ئەتتوانی گەشەی ئەم ئابوریەی ڕۆژئاوا ببینی، نیشانتی ئەدا بە تەکنۆلۆژی باڵاتر، هەتا سەعاتکاری کەمتر و کواڵیتی بەرهەمێکی باشتر بە بەراورد بە شتێک کە لە سۆڤیەتدا بەرهەم ئەهات. ئێستا هەرچی هەیە بەرهەمی چین و بەنگلادیش و هند و ئەو جوگرافیایانەیە کە تەنها هێزی کاری هەرزان و سەرکوتی تەواو و بێمافی بێوێنەی لێیە. بۆرژوازی ئەلگۆی گەشەی ئەمەیە، کە وەک چین کار بکات، ٧٠ سەعات کار بکات، ٢٠_٣٠ کەس بچرژێنە ژوورێکی بچووکەوە، لەتاو نالەباری خۆت لە پەنجەرەیەکەوە بخەرە خوارەوە و خۆت بکوژە... یان بۆ نمونە قەڵەمێک کە پێشتر بە ٥٠ پاوند بوو ئێستا بتدەنێ بە ٥٠ پێنس، ئیتر ئابوری ئەمریکا و ئابوری ڕۆژئاوا ناتوانێ منافەس بکات. مەسەلەکە قەیرانی دەورەیی نییە. ئەلگۆی گەشەی نییە، سەرئەنجام ئایندەی ئابوری ئەمریکا بە وێنەی جەمسەرێکی ئابوری و بۆرژوازی ڕۆژئاوا کە ئێمە مەبەستمان ئەوروپایە لەبەرامبەر چیندا ئایندەی نییە. سەرۆکی دنیا، سەرۆکی ئابوری دنیا چینە، بەڵام سەرۆکی سیاسی دنیا ئەو نییە. ئەم ناکۆکیە ئەبێ بکەوێ بەلایەکدا. ئەمە چ بەرژەوەندیەکی هەیە. من ئەڵێم بۆرژوازی ئەمریکا ڕووی لە پوکانەوەیە، ناتوانێ جێگەوڕێگەی خۆی بپارێزێ، ناتوانێ منافەسە بکات. ڕێگایەکی هەیە ئەویش ئەوەیە جەنگێکی بازرگانی بخاتەڕێ کە ترەمپ هات نەیتوانی. ئێمە لە سەرەتاوە وتمان ترەمپ نامێنێ لەبەرئەوەی ناتوانێ جەنگی بازرگانی بخاتەڕێ. ناتوانێ ئاباوری میللی شکڵ پێبدا، نە بەریتانیا بریکسیتی ئابوری میللی بێ نە ئەمریکا ئەتوانێ. لەولاوە بۆرژوازی ئامادەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی دنیا بخاتە ئاگرەوە و وێرانی کات. بەشێکی تری بۆرژوازی لە ئەورپا هەیە وەک ئەڵمانیا نوێنەرایەتی بۆرژوازیەک ئەکات کە وێرانکاری و جەنگی ناوێ و لێرەوە بەرامبەرکێ ئەکات. من بەمانە ئەڵێم "بۆرژوازی سیناریۆی سپی" چونکە بەرژەوەندی خۆی ئەوێت و نایەوێ کۆمەڵگا وێران و نابود بێ. بەڵام ئەمریکا لەبەرئەوەی وەک ئەمریکا بمێنێ نە ئەتوانێ کار پەیدا بکا و نە ئەتوانێ سەرمایە بپارێزێ.

**جەمال موحسین:** بەڵام هاوڕێ سورەیا ئەو بەم جەنگ و وێرانکاریە ئەتوانێ هاوسەنگی هێزەکەی بەرزبکاتەوە و دوبارە ئەم بەرژەوەندیە ئابوریەی خۆی بهێنێتەوە ئاستێکی سەرتر؟ وەک منافەسەی پێناکرێ، ئایا بە نانەوەی ئەم ئاشوبە ئەتوانێ ئەو کارە بکات؟

## گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی

**سورەیان شەهابی:** ئومێدی بۆرژوازی ئەمریکا ئەوەیە ئەم دابەشکردنی کارە وەک خۆی بمێنێ. یانی ئەمریکا سەرۆکی دنیا بمێنێ، بتوانێ چین کۆنترۆڵ بکا، چین لەم مەیدانە ئابوریەدا جێ پێی فراوان نەبێتەوە، وە ڕابەری ئەمریکا لە دنیادا تەئمین بکرێ و بەزۆری ماشێنی میلیتاریستی بەرژەوەندیە ئابوریەکانی خۆی دابین بکات. بەڵام ئەمە ئیمکانی نییە مەگەر تۆ بتوانی هەمووان سەرکوت بکەی و لە ترسی توانای سەربازی تۆ پێ درێژ نەکەن. ئەگینا بۆچی ئەبێ چین سەرۆکایەتی ئەمریکا قبوڵ بکات؟ ئەگەر بچێتە ئاستێک کە بەرامبەرکێی سەربازی و بە چەک بکات لەگەڵ ئەمریکادا. ئومێدی ئەمریکا ئەوەیە کە بۆشایی بخاتە نێوان توانای سەربازی ڕوسیا لەگەڵ چیندا تاکو لەبەرامبەر ئەودا ئەمان یەکتر تەواو نەکەن. ئەمریکا ئەیەوێ کات بکڕێ بەوەی کە تەواوی ناوچەکە نائارام بکات تاکو بتوانێ شکست بە ئابوری چین بهێنێ. ئیتر منافەسەی ئابوری هەیە لەگەڵی. ئایا ئەمە ئایندەی هەیە؟ من ئەڵێم نا نییەتی. ئایندەی بۆرژوازی ڕۆژئاوا وا لە جێگەیەکی ترە، بە دەست ئەمریکاوە نییە. ئەمریکا توانای تێکدەرانەی هەیە بە ئومێدی ئەوەی منافیسەکانی کە چینە وەک هێزێکی ئابوری و ڕوسیا وەک هێزێکی سەربازی بخاتە قەیرانەوە و کێشەیان بۆ دروست بکات هەربەوجۆرەی کە ٢٠ ساڵ کردی. ٢٠ ساڵە نەیتوانیوە قەیرانەکانی چارەسەر بکات ئەیەوێ ٢٠ ساڵی تریش بیکشێنێ. ئیتر ئەوەی ئەتوانێ یان نا، ئەوە باسێکی ترە. بەهەرحاڵ باسەکە بۆ بۆرژوازی ئەوروپا جگە لە بەریتانیا بۆرژوازیەکی سیناریۆی سپین، بە بەرژەوەندی درێژماوە تەئمین ئەبێ.

**جەمال موحسین:** بابێیە سەر پرسیارێکی تر. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە کاولکاریەی ئەمریکا بە داخەوە دنیا بە ئاگری شەڕ سووتاوە، ئەم هەموو کارەساتە ئەبینین بەبەرچاومانەوە ئەم هەموو خەڵکە سیڤیلە ئەکوژرێ و دەربەدەر ئەبن. سەرئەنجام لە نێو کۆمەڵگای بەشەریدا، لە نێو بەشەریەتی موتەمەدیندا ئەوەی کە مەنسور حکمەت پێی ئەڵێ کە دێوێکی نوستوو هەیە، بەڵام بێدار نابێتەوە. با کەمێک ئەمە لێکبدەینەوە کە بۆچی مرۆڤایەتی وا مردووە؟ ئایا ناکرێ کۆمۆنیزم لە ئاستی جیهانیدا سەردەربێنێت و پێش بەم دۆخە بگرێ؟

**سورەیە شەهابی:** من بەو حوکمە و موشاهەدەی ئەمڕۆ موافق نیم کە بەشەریەت نووستووە و بێدارنەبۆتەوە. بارودۆخی دوای حکمەت گۆڕاوە. ئەو نەبوو بەهاری عەرەبی، بریکسیت، خەبات لە دژی سیاسەتی سکهەڵگوشین لە ئەوروپا ببینێ، پوچی دیموکراسی ڕۆژئاوا بە چاوی خۆی ببینێ کە چۆن بێئیعتمادی بە سیستم و دامودەزگا و ئەحزابی تەقلیدی پەرلەمانی لە ئەوروپا و ئەمریکا و هەموو پۆخڵەواتەکانی کە چیان بەسەرهاتووە ببینێ. بە بڕوای من کۆمەڵگای بەشەری بێدارە. لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا خەبەری بۆتەوە. ئێمە بەهاری عەرەبیمان بوو، لە قسەکانمدا ئاماژەم پێکرد کە لە خوێنیان هەڵکێشا و کردیان بەم زەلکاوە. لە خەباتی دژی سیاسەتی سکهەڵگوشین لە تەواوی ئەوروپا دەستی پێکرد، ئێمە یۆنانمان هەیە. بەڵام بەهۆی نەبوونی ئاڵای کۆمۆنیزم یاخود توانا و کانونی کۆمۆنیستیەوە ناکامیەکەی گەیشت بەوەی کە بەشی ئەم ناڕەزایەتیانە ڕازی بێ بەهەر بەدیلێک کە لەدەرەوەی حکومەت بێ. ئەگەر ئێمە لە جیاتی بریکیست لە ئەوروپادا کۆمۆنیزممان هەبووایە بەرامبەرکێ لەگەڵ ئەوروپای یەکگرتوو بە ئاڵایەکی میللیەوە سەریدەرنەئەهێنا. یان لە مەسەلەی ترەمپدا، ترەمپ ئاکامی دیاردەی هەڵوەشانەوەیە. بزانە، هیچ کاتێک خەڵک ئەوەندە سیاسی نەبوون لە بەیانیەوە تاکو شەو متابەعە ئەکەن بزانن دنیا چی بەسەرهاتووە. ئەمە لەمپەڕ بۆ ئەوپەڕی دنیاوە هەیە و هەمووشی هەستی هاوچارەنووسی هەیە بەڵام ترساندوویانە. هەر ئەوەی کە ئەترسێ جەنگی سێیەمی جیهانی ببێ و بۆمبی ئەتۆمی بەکاربێ لە بۆرژوازیەکەیەوە ئەترسێ تا چینی کرێکار و بێبەش. من ئەڵێم بەشەریەت بەخەبەرە و بچوکترین شت ئەتوانێ بیگۆڕێت، یەک هەنگاو پێشڕەوی لە ئێراندا، لە کوردستانی عێراقدا لەم گۆشە و ئەو گۆشەی دنیادا پێشڕەویەک نەک بەرگری بگرە هێرش بکرێ بە بڕوای من ئەتوانێ هەلومەرجەکە هەڵگێڕێتەوە. بەڵام ئێستا ترساوە. ئەوەی کە ترەمپ وەک دیاردەی هەڵوەشانەوە یاخود بریکیست هەیە بەرهەمی فشاری خوارەوە بوون.

**جەمال موحسین:** هەروەک تۆ ئەڵێی بەخەبەرە بەس تۆقێندراوە. بەڵام لە سەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کۆمۆنیزم سەریدەرهێنابوو لینینێک هەبوو کە توانی ئەو کارە بکات. من لە قسەکانی تۆ ئەوەم دەرکێشا کە باشە خەڵک بەخەبەرە بەڵام ئەم ئاڵای کۆمۆنیزمە میلیتانتە سەروشکڵی دیار نییە لە جیهاندا، مەبەستت لەمەیە زیاتر؟

**سورەیا شەهابی:** ڕێک وایە. بزانن لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئێمە بزووتنەوەی سۆشیالیستی بەهێزمان هەبوو لە ئەوروپا، بزووتنەوەی وابەستە بە چینی کرێکار. سەرکوتی ئەم بزووتنەوەیە ئاڵای فاشیزم و نازیزمێک بوو کە لە بەریتانیا و گشت وڵاتەکانی ئەوروپادا موافق بوون لەگەڵ هیتلەردا. لە جەنگی یەکەمیشدا ئەوە بوو شۆڕشمان بوو. بە داخەوە ئێستا وا نییە بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە کۆمۆنیزم شانسی نییە. بە بڕوای من کۆمۆنیزم شانسی هەیە و شۆڕشە کۆمۆنیستیەکانیش مومکینە. بەڵام لە ڕێگایەکی ترەوە، خەم و مەسائلی تری هەیە. تۆ ڕەنگە ناچار بی لە جێگایەکدا لە کەنار بۆرژوازیەکەوە بجەنگی لەبەرامبەر سیناریۆی ڕەشدا، لە کەناریەوە نەک ئەوەی یەکگرتوو بی لەگەڵیدا و لەژێر ئاڵای ئەودا بی. تا ئەو جێگایەی بەوێنەی

## گفتوگۆ لەگەڵ سورەیا شەهابی

بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی بەهێز نەهاتبیتە مەیدان، ئەکرێ لەبەرامبەر ئەم ملهوڕیەی ئەمریکا بە پاشکۆبوونی بەریتانیا لەگەڵ چەند هێزێکی تری بۆرژوازی سیناریۆی سپی هەن کە ئەکرێ لە کەناریانەوە هەلومەرجێکت بۆ فەراهەم بێ کە هەنگاوەکان ببەیتە پێشەوە. من ئەڵێم کۆمۆنیزم شانسی هەیە بە تایبەت لە وڵاتێکی وەک ئێران یان کوردستانی عێراق. سوریایان کردە سونە و شیعی، ڕوسیا و ئێران بردیانەوە لە غیابی کۆمۆنیزمدا. ئەگەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بتوانێ کوردستانی عێراق جیابکاتەوە، کە جوڵانەوەی قەومی بارزانی و ئەوانە ناتوانن بیکەن، حکومەتێکی سێکیولاری غەیرەقەومی دابمەزرێنێ، شتێک وەک لە نمونەی کۆبانی، ئەمە مومکینە. لە ئێراندا، کۆماری ئیسلامی بونیادی ئایدۆلۆژی دارماوە، تەنها بە توانای ئەمنیەتەوە ماوە. خەڵک هەرچیەک بیانەوێ لە دژی حکومەت ئەتوانن بیڵێن. ئەتوانی بەرەی بەهێز دروست بکەی بۆ هێرشبردن نەک بۆ پاراستنی هەلومەرجی ئێستا کە ئەمەی دواییان دروشم و ئاڵای بۆرژوازی و ئاڵای ڕاستی توندڕەوە کە هەلومەرجەکە با خراپتر نەبێ. من ئەڵێم ئێمە لە ئێرانیش و کوردستانی عێراقیشدا شانسمان هەیە. لەوێ شتێک بکەین لە ئەوروپا و ئەمریکا وا نامێنێتەوە. بۆرژوازی بیانەوێ دۆخی ئابورییان چاک بکەن، ئەبێ بارودۆخی کرێکاری ئەڵمانی و بەریتانی و ئەمریکی بگەیەنن بە بارودۆخی کرێکارانی چینی. ئێستا ناتوانن ئەم کارە بکەن. ئەم میلیتاریزمە کاولی ئەکات، کوشتار ئەکات. ئێستا باسی ئەوە ئەکەن نزیکەی ٥٠ تا ٦٠ ملیۆن ئینسان ئەکەونە مەترسیەوە ئەگەر ناوچەی کۆریا بکەنە ناوچەی میلیتاریستی و جەنگ. سەرئەنجام ئەمانە هەمووی کاولکاری بەدوای خۆیدا ئەهێنێ بەڵام نابێ بە جەنگی سێیەم بە هەمان شێوەی دووەم چونکە ئەگەر تۆ بۆرژوازیەک بیت بتەوێ لە سەرکردایەتی بەرامبەرکێی جیهاندا بوەستی ئەبێ بتوانی یەکگرتووی بکەی، ئەبێ بتوانی ئومێدی پێشڕەوی بدەیت، ئەبێ بتوانی بڵێی من کارت بۆ پەیدا ئەکەم. فاشیستەکان بە کار هاتنە سەر حوکم. لە ئیتاڵیا موسولینی هات و بە شێوەیەکی فراوان کاری دابین کرد وەک باس ئەکرێ بەشێک لە چینی کرێکاری هێنا بە دوای خۆیدا بەوەی کە وتی شەراب هەرزان ئەبێ. ئەمریکا ناتوانێ ئەم کارە بکات. بەو مانایە ئەڵێم ناتوانی لە ڕابەری جەنگی جیهانیدا ڕابوەستی کاتێک نەتوانی کرانەوەی ئابوری دابین بکەیت. وە ئەم کرانەوەی ئابوریە بۆ بۆرژوازی ڕۆژئاوا بە تایبەت بۆ ئەمریکا و بەریتانیا وجودی نییە. بوعدی کاولکاری هەیە بەڵام لە سەری جەمسەرێکی جیهانی بۆ شتێک بۆ نمونە کە نازیزم هەیبوو نییە. یان مەسەلەن کۆمۆنیزم ئەتوانێ بیکات، کۆمۆنیزم وەڵامی ئابوری هەبوو، وەڵامی یەکگرتووکردنی هەبوو لە شۆڕشی بەڵشەفیکیدا، ئەویش کە من ئەم جەنگەم ناوێ، نان و ئاشتیم ئەوێ. وەڵامی یەکگرتووکردن و پێشڕەوت هەبێ ئەتوانی ئاڵاهەڵگری بزووتنەوەکەی خۆت بیت.

## هەلومەرجی جیهانی و تێپەڕینی بە تونێڵی تاریکیدا

**جەمال موحسین:** کەوایە با بێینە سەر ئەوەی کە ئەم ڤێرژنە لە کۆمۆنیزم کە تۆ باسی ئەکەی. ئەوەی کە بەهەرحاڵ ئەم جۆرە لێکدانەوەیەی هەبێ بۆ بارودۆخەکە و بەم مانایە لە کۆمۆنیزمی مارکسەوە بڕوانێ ئەمە بە داخەوە لاوازە. پێت وایە ئێمە کاتێک کە ئەم جوڵانەوەی ئێمە، کۆمۆنیزمی کرێکاری، کە ئەمجۆرە لێکدانەوانە ئەدەین لەسەر جیهان و ناوچەکە چۆن ئەتوانرێ ئەمە بهێنرێتە ناو کۆمەڵگای ئەوروپی و تەیارکردنی چەپ، بەم مانایە ئەمە ئەرکێک نییە لەسەر ئێمە؟

**س. ش:سورەیا شەهابی:** بەڵێ وایە. ئێمە کێشەکەمان ئەوەیە کۆمۆنیزمەکەمان زەربەی بەرکەوتووە. ڕۆژانێک کە مەنسور حکمەت بوو وە توانایەک کە بزووتنەوەکە بووی، دڵنیا بە هەم عێراق و هەم ئێران تەسویریان جیاواز بوو. ئەمە لە شەخسیەت پەرستیەوە نییە تەواوی ئۆپۆزسیۆنی ئەوکاتە لە پەراوێزی ئۆپۆزسیۆنێکدا بوو کە حکمەت سەرەکەی بوو کە هەم مارکسیست بوو، هەم کۆمۆنیست بوو، هەم کۆمەڵایەتی بوو، هەم وەڵامی دەسەڵاتی سیاسی بوو وە هەم بنەمای لێکدانەوە بوو. بە لەدەستچوونی ئەو گەورەترین زەربەمان خوارد. ئێمە ئێستا کۆمۆنیزمەکەمان کۆمەڵایەتی نییە دیعای دەسەڵاتی سیاسی ناکات. لە سەنگەری بەرگیردا بۆ پاراستنی خەتێک پێشڕەویمان هەبووە. ئەبێ دەستخۆشی لە هەر کەسێک بکەین کە خەتی حکمەتی پاراست کە نەئەچووە پشت پرۆژەی ئاڵوگۆڕی ڕژێم لەلایەن ناتۆوە، لە بەرامبەر ئەم هێزی کۆنەپەرستەوە نەئەچووە پاڵ هێزێکی کۆنەپەرستی تر... و نمونەی تری لەم بابەتە. هەروەک چۆن جوڵانەوەی مارکسیزمی شۆڕشگێڕ زیندووکردنەوەی مارکسیزم بوو لە ناو بزووتنەوەی چەپدا، ئێمەش حکمەتیزممان زیندووکردۆتەوە. زیندوومان کردۆتەوە بەڵام کۆمەڵایەتیمان نەکردۆتەوە. حزب و دەسەڵاتی سیاسی کوا؟ من ئەڵێم کۆمۆنیزمەکەت ئەبێ کۆمەڵایەتی بێ و بچێ حکمەت پراکتیزە بکات.

**جەمال موحسین:** بەڵام ئەمە لە ئاستی جیهانیدا نییە. ئەو زیندووکردنەوەیەش کە تۆ باسی ئەکەی ئەکرێ لەو کۆمەڵگایانەی ئێمەدا ببینرێ، کەم یان زۆر.

**سورەیا شەهابی:** لە ئاستی جیهانیدا من ئەمەوێ بڵێم ئێمە هەنگاوێک پێشڕەوی لە ئێراندا یان لە عێراقدا بکەین ئەتوانین کاریگەری دابنێین. ئێمە ناتوانین ئاستی جیهان بگۆڕین کاتێک لە ناوچەیەکدا نەتوانین دەسەڵات بگرین کە ئیمکانی دەسەلاتگرتنمانی تیا هەیە. ئێمە ئەتوانین ڕۆشنگەری بکەین. ببینە شەپۆلێک لە هەڵهاتن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەڕێکەوت، دەرکەوتنی بەشەریەت ئەوە بوو

که دەرگای وڵاتەکانی بەزۆر کردەوە و دوای ئەو هەموو تەبلیغاتە فریودەرانە و تێکدەرانەیەی بۆرژوازی ڕۆژئاوا باوەشی کردەوە و وتی پەنابەران بەخێرهاتن بۆ ئەم وڵاتانە. ئێمە ئەمانتوانی لە ڕۆژئاوا سەربارى دروستی لێکدانەوە قسەمان، پرۆژەمان دانا (هەموومان دانیشتوانی جیهانین) و وتمان ئەمە مەیدانێکی گرنگە. بەڵام ئەگەر خۆت دەسەڵاتێک نەبی لەو ناوچانە، ناتوانی لێرە کاریگەری دابنێی. ئەتوانی بڕۆی پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەکاندا پەیدا بکەی و ئەبێ ئەم کارە هەر بکەی بەڵام ئەبێ لەولا ببینە دەسەڵات. ئێمە شانسی ئەوەمان هەیە کە بەهۆی توانایییەک کە لە کوردستانی ئێران هەمانە ئەبێ بڕۆین کۆمۆنیزمی حکمەت پراکتیزە بکەین. ئیتر پاراستنی خەت و تەنها خۆهێشتنەوە بەسە. لە کوردستانی عێراقیشدا هەمان هەلمان لەبەردەمدایە بە بڕوای من.

**جەمال موحسین:** ڕاستە، بەهەرحاڵ مەسەلەکە پەیوەستە بە دەسەڵاتەوە، لە هەر شوێنێک دەسەڵات بەدەستبهێنین لە وڵاتانی تری دنیادا ئاڵای سوور بەرزئەبێتەوە.

**سورەیا شەهابی:** ئێستا ئیتر ئەم باسانەمان کردووە ئیتر نۆرەی ئەبێ چی بکەینە. ئیتر ئەبێ فرسەت بدۆزینەوە قسە بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەبێ چی بکەین نەک چی دروستە و جیهان لە چ دۆخێکدایە، ئێمە لێکدانەوەمان هەیە، ڕۆشنکردنەوەمان هەیە، دنیا بە شێوەیەکی دروست ئەبینین، بەڵام قسەکە ئەوەیە کە (چی بکەین؟) ەکان بهێنینە دەرەوە. ئەمەیە کلیلی پێشڕەوەی کۆمۆنیزم و بێگومان کاریگەریشی ئەبێ بەسەر دنیاوە.

**جەمال موحسین: هیوادارم بۆ ژمارەکانی تری دیدگای سۆشیالیستی بێینە سەر ئەم لایەنەی مەسەلەکان.**



**کارڵ مارکس**

# کاڵا

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: جەمال موحسین**

(ئەم وەرگێڕانە لەم ڤێرژنەوە کراوە: کۆکراوەی کارەکانی مارکس و ئەنگڵس بەرگی ٣٥. سەرمایە، بەرگی یەک_کتێبی یەک، چاپی لۆرێنس و ویشەرت ٢٠١٠ (لاپەڕەکانی ٤٥ تا ٥١)

## کاپیتاڵ

**بەرگی یەك، کتێبی یەك (پرۆسەی بەرهەمهێنانی سەرمایە)، بەشی یەك: کاڵا و پارە، بەندی یەك سەبارەت بە کاڵا، لقی یەك: دوو فاکتۆرەکەی کاڵا: بەهای بەکارهێنان و بەها (ناوەڕۆکی ماددی بەها و ڕادەی بەها)**

لەو کۆمەڵگایانەدا کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری تیایدا باڵادەستە، سەروەت بە شێوەی ''کەڵەکەبوونێکی زەبەلاحی کاڵاکان''* و پێوانەکەشی وەک کاڵایەکی تاک خۆی ئەنوێنێ. هەربۆیە ئەبێ لێکۆڵینەوەکەشمان بە شیکردنەوەی کاڵا دەستپێبکات.
پێش هەر شتێک کاڵا ئۆبجێکتێکە (شتێکە) لە دەرەوەی ئێمە. شتێکە کە بەهۆی خاسیەتەکانیەوە

*/ کارڵ مارکس، ڕەخنە لە ئابوری سیاسی، بەرلین، ١٨٥٩، ل ٣

پێویستیە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ مەیسەر ئەکات. ئاخۆ سروشتی ئەو پێویستیانە، بۆ نمونە لە گەدەوە یان لە خەیاڵەوە سەرچاوەیان گرتبێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.* وە لێرەشدا بە شوێن ئەوەوە نین بزانین کە شتەکە چۆن ئەم پێویستیانە مەیسەر ئەکات، چ ڕاستەوخۆ بێ وەک ئامرازەکانی ژیان یان وەک ئامرازەکانی بەرهەمهێنان.

هەر شتێکی بەسوود، وەک ئاسن، کاغەز... هتد.، ئەتوانرێ لە ڕوانگەی چەندێتی و چۆنێتیەوە تەماشا بکرێ. ئەو شتە کۆکراوەی زۆر خاسیەتی جیایە و هەربۆیە ئەتوانرێ بە شێوەی جیا سوودی لێ وەربگیردرێت. دۆزینەوەی بەکارهێنانە جیاوازەکانی شتەکان کاری مێژووە.** هەروەها دامەزراندنی ئەو ستانداردانەی بە شێوەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراون بۆ پێوانەکردنی چەندێتی ئەم شتانە کارێکی مێژووە. سەرچاوەی هەمەجۆرێتی ئەم پێوانانە بەشێکی لە سروشتی هەمەجۆری شتەکاندایە کە پێوانە ئەکرێن و بەشێکیشی لە داهێناندایە.

بە کەڵکهاتنی شتێک بەهای بەکارهێنانەکەی پێکئەهێنێ.*** بەڵام ئەم سوودە لە هەواوە نەهاتووە. لەبەرئەوەی بە خاسیەتە فیزیکیەکانی کاڵاکەوە بەستراوە، بە بێ بوونی خودی ئەو کاڵایە ئەویش ناتوانێ بوونی هەبێ. کاڵایەکی بۆ نمونە وەک ئاسن، دانەوێڵە یان ئەڵماس لەبەرئەوەی بە هەمان ڕادە شتێکی ماددیە، واتە بەهای بەکارهێنانە، کەواتە شتێکی بەسوودە. ئەم خاسیەتەی کاڵایەک وابەستەیە بە بڕی کاری پێویستەوە بۆ دابینکردنی سیفاتە بەکەڵکەکانی ئەو کاڵایە. کاتێک باس لە بەهای بەکارهێنان ئەکەین، هەمیشە وای دائەنێین کە لە چەندێتیەکی دیاریکراو وردئەبینەوە بۆ نمونە چەند دەرزەنێک کاتژمێر، چەند دۆنمێک لە کەتان یان چەند تەنێک ئاسن. بەهای بەکارهێنانی کاڵا ماتریاڵی لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتە کە ئەویش زانیاری بازرگانانەیە سەبارەت بە کاڵا.****

---

*/ ئارەزو پێویستی لە خۆیدا هەڵگرتووە، شەهیەی مێشکە و هەروەک چۆن برسێتی شتێکی سروشتیە بۆ جەستە، ئارەزوش هەروا... زۆرترین ژمارە لە شت بەهاکەیان لەوەدایە کە چەند پێویستیەکانی مێشک دابین ئەکەن. نیکۆلاس باربۆن، هەڤپەیڤینێک سەبارەت بە سکەلێدانی پارەی تازە. لە وەڵام بە بۆچوونەکانی بەڕێز لۆکدا، لەندەن ١٦٩٦، ل ٢،٣

**/ ''شت باشیەکی خۆیی (جەوهەری) هەیە'' (ئەمە زاراوەی تایبەتی باربۆنە سەبارەت بە بەها لەبەکارهێناندا) ''کە لە هەموو شوێنەکاندا هەمان باشی هەیە، هەروەک چۆن موگناتیس ئاسن ڕائەکێشێ (ل.٦٠). خاسیەتی ئەو موگناتیسە کە بۆ ڕاکێشانی ئاسن هەیەتی، تەنها کاتێک قابیلی بەکارهێنانە کە بەهۆی ئەو خاسیەتەیەوە جەمسەرەکانی موگناتیسەکە دۆزراوەتەوە

***/ بایەخی سروشتی هەر شتێک لەوەدایە کە چەندێک پێداویستیەکان دابین ئەکات، یاخود خزمەت بە ڕازیبوونی ژیانی مرۆڤ ئەکات. (جۆن لۆک، چەند بۆچوونێک سەبارەت بە ئاکامەکانی دابەزینی بەرژەوەندی، لەندەن، ١٧٧٧، بەرگی ٢، ل. ٢٨. ئەبینین کە نووسەرە ئینگلیزەکانی سەدەی حەڤدە وشەی 'بایەخ' یان بە مانای بەهایەکی بەکارهاتوو، وە وشەی 'بەها' یان بە مانای بەهای گۆڕینەوە بەکارهێناوە. ئەمە ڕێک ئەو ڕۆحیەتەیە لە زماندا کە حەز ئەکات وشەیەکی تیوتۆنی [جێرمانیکی کۆن_وەرگێڕی کوردی] بۆ شتە واقعیەکان و وشەیەکی ڕۆمانسی [ئەو زمانانەی کە لە لاتینیەوە وەرگیراون وەک ئیسپانی و فەڕەنسی و ئیتاڵی... _وەرگێڕی کوردی] بۆ ڕەنگدانەوەیان بەکاربهێنن).

****/ لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا یاسای خەیاڵی ئابوری زاڵە، ئەویش ئەوەیە کە هەمو کەسێک وەک کڕیار زانیاریەکی تەواوی هەیە لەسەر کاڵا

بەهای بەکارهێنان تەنها بە بەکاربردن ئەبێ بە واقع و هەروەها ناوەڕۆکی ماددی تەواوی سەروەتیش پێکئەهێنێ، جا ئەم سەروەتە لە هەر شێوەیەکی کۆمەڵایەتی خۆیدا بێ. لەم شێوەیەی کۆمەڵگادا کە ئێمە قسەی لەسەر ئەکەین، لەوەش واوەتر سەروەت عەمباری ماددی بەهای گۆڕینەوەیە.

لە یەکەمین نیگادا، بەهای گۆڕینەوە خۆی بە وێنەی پەیوەندی چەندێتی دەرئەخات، واتە وەک ئەو ڕێژەیەی کە بەها بەکارهاتووەکانی جۆرێک لە شت ئەگۆڕدرێنەوە بە جۆرێکی تر*، ئەمەش پەیوەندیەکە کە بە بەردەوامی بەپێی کات و شوێن ئەگۆڕێت. کەوابوو بەهای گۆڕینەوە وەک شتێکی بە ڕێکەوت و بەتەواوەتی ڕێژەیی دەرئەکەوێ و بەم پێیەش وەک بەهایەکی خۆیی (جەوهەری) دەرئەکەوێ**. واتە بەهایەکی گۆڕینەوە کە بە شێوەیەکی جیانەکراوە پەیوەستە بە کاڵاوە و وەک بەشێکی سروشتیە لەو بە جۆرێک لەو ڕووەوە ناکۆک دەرئەکەوێ. با کەمێک وردتر لە مەسەلەکە بکۆڵینەوە.

کاڵایەکی دیاریکراوە بۆ نمونە دۆنمێک گەنم بە X ئاسن و Y ئاوریشم و Z ئاڵتون ئەگۆڕدرێتەوە_ واتە بە کورتی بە کاڵای تر لە جیاوازترین ڕێژەدا. کەواتە گەنمەکە لە جیاتی بەهایەکی گۆڕینەوە، چەندین بەهای هەیە. بەڵام چونکە X ئاسن و Y ئاوریشم و Z ئاڵتون هەریەکەیان بەهای گۆڕینەوەی دۆنمێک گەنم ئەنوێنن، کەواتە X ئاسن و Y ئاوریشم و Z ئاڵتون، وەک بەهای گۆڕینەوە ئەبێ بتوانرێن بخرێنە جێگای یەک یاخود یەکسانن بە یەکتری. لەبەرئەوە یەکەم؛ بەها فیعلیەکانی گۆڕینەوەی کاڵایەکی دیاریکراو شتێکی یەکسان دەرئەبڕن، دووەم؛ بە گشتی بەهای گۆڕینەوە تەنها شێوازی دەربڕین و شێوەی دیاردەیی شتێکە کە لەخۆیدایە و بەڵام لێشی جیایە.

با دوو کاڵا بە نمونە وەربگرین: دانەوێڵە و ئاسن. ئەو ڕێژانەی کە ئەوانی پێ بە یەکتر ئگۆڕدرێنەوە هەرچەندێک بێ هەمیشە ئەتوانرێ بە هاوکێشەیەک دیاریبکرێ کە تیایدا بڕێکی دیاریکراو لە دانەوێڵە یەکسانە بە بڕێک لە ئاسن. بۆ نمونە، یەک چارەکە تەن دانەوێڵە یەکسانە بە X بەش لە سەد پاوند ئاسن. ئەم هاوکێشەیە چیمان پێ ئەڵێ؟ پێمان ئەڵێ کە لە دوو شتی جیادا، واتە چارەکە تەنێک دانەوێڵە و X بەش لە سەد پاوند ئاسن، شتێکی هاوبەش بە هەمان بڕی یەکسان بۆ هەردووکیان بوونی هەیە. کەواتە دوو شتەکە ئەبێ یەکسان بن بە شتی سێیەم، کە ئەمیش خۆی لە خۆیدا نە یەکەمیانە و نە دووەمیانە. کەواتە هەریەک لەوانە، تا ئەو ڕادەیەی بەهایەکی گۆڕینەوەیە، ئەبێ دابشکێنردێ بۆ ئەمەی سێیەمیان.

نەخشەیەکی ئەندازەیی سادە ئەم مەسەلەیەمان زیاتر بۆ ڕۆشنئەکاتەوە. بۆ ژماردن و بەراوردکردنی ڕووبەری چەند فۆرمێکی لە هێڵی ڕاستپێکهاتوو، ئەیانکەین بە سێگۆشەیی. بەڵام

---

*/ "بەها لە پەیوەندی گۆڕینەوەی شتێک بە شتێکدا ئەبینرێ، پەیوەندی گۆڕینەوەی بڕێک لە بەرهەمێک بە بڕێک لە بەرهەمێکی تر" (لۆ ترۆسن، دو لێنتێرێ سۆسیال، فیسیۆکراتس، پاریس، ١٨٤٦، ل. ٨٨٩

**/ "هیچ شتێک بەهایەکی جەوهەری نییە"، ئێن باربۆن، لەندەن، ل. ٦. یان وەک باتلەری شاعیر ئەڵێ: "بەهای شتێک هەر بەو ئەندازەیەیە کە سوود ئەگەیەنێ".

ڕووبەری سێگۆشەکە خۆی بە شتێک دەردەبڕدرێت کە بە تەواوەتی جیاوازە لە فۆرمە بینراوەکەی، یانی بە نیوەی بەرهەمی بنکەکەی کەرەتی بەرزیەکەی. بە هەمان شێوە بەهای گۆڕینەوەی کاڵاکان ئەبێ بتوانرێ بە شتێک دەربببڕدرێت کە بۆ هەموویان هاوبەشە، بە شتێک کە بە بڕێکی کەمتر یان زیاتر خۆیان ئەینوێنن.
ئەم "شتە" هاوبەشە ناتوانێ نە خاسیەتێکی ئەندازەیی و نە کیمیایی و نە هەر خاسیەتێکی تری سروشتی کاڵا بێ. ئەم خاسیەتانە تەنها کاتێک سەرنجی ئێمە ڕائەکێشن کە کاریگەرییان لەسەر بەکەڵک بوونی ئەو کاڵایانە هەبێ، واتە بیانکەن بە بەهای بەکارهێنان. بەڵام گۆڕینەوەی کاڵاکان بە ڕۆشنی کردارێکن کە بە تەجریدکردنی تەواوەتی لە بەهای بەکارهێنان دەستنیشان ئەکرێن. ئیتر بەهایەکی بەکارهێنان هەر بە ئەندازەی دانەیەکی تر باشە کە بە چەندێتیەکی کافی بوونی هەیە. یان، وەک باربۆن ئەڵێ: "جۆرێک لە کاڵاکان بە ئەندازەی ئەوانی تر باشن ئەگەر بەهاکانیان یەکسان بن. جیاوازی یان جیاکردنەوە نییە لە نێوان ئەو شتانەدا کە بەهای یەکسانیان هەیە... بەهای سەد پاون لە قوڕقوشم یان ئاسن، بەهاکەی بە هەمان ئەندازەی بەهای سەد پاون لە زیو یان ئاڵتونە*.
کاڵاکان بە وێنەی بەهای بەکارهێنان جۆرێتی جیاوازیان هەیە، بەڵام بە وێنەی بەهای گۆڕینەوە تەنها چەندێتی جیاوازن و سەرئەنجام لەم حاڵەتەدا زەڕڕەیەک بەهای بەکارهێنانیان تێدا نییە.
ئێستا ئەگەر بەهای بەکارهێنانی کاڵاکان بخەینە دەرەوەی لێکدانەوەکەمان، تەنها یەک خاسیەتی هاوبەشیان بۆ ئەمێنێتەوە ئەویش ئەوەیە کە بەرهەمی کارن. بەڵام تەنانەت ئەم بەرهەمی کارەش خۆی لەسەر دەستی ئێمەدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر دابڕینێک (تەجریدێک) بکەین لە بەهای بەکارهێنانەکەیدا و هاوکاتیش دابڕینێک بکەین لەو توخم و پێکهاتە ماددیەیدا کە بەرهەمەکە ئەکاتە بەهایەکی بەکارهێنان، ئیتر وەک مێزێک، خانوویەک، دەزوویەک یان هەر شتێکی تری بەسود نایبینین. وجودەکەی وەک شتێکی ماددی لەبەرچاو نامێنێ. چیتر بە بەرهەمی کاری دارتاشێک، بەنایەک، کرێکارێکی ڕستن یاخود وەک هەر جۆرێکی تری دیاریکراوی کاری بەرهەمهێن دانانرێ. گەر لەپاڵ سیفاتە بەسوودەکانی خودی بەرهەمەکاندا، هەردووک سیفەتی بەسوودی ئەو جۆرە جیاوازانەی کار کە تیایاندا بەرجەستە بووە و شێوەی کۆنکرێتی ئەو کارە لەبەرچاو نەگرین، شتێکی تر نامێنێتەوە جگە لەو شتەی کە هاوبەشە بۆ هەموویان. هەموویان کورت و کەم ئەبنەوە بۆ یەک شت و یەک جۆر لە کار، واتە کاری مرۆڤ بە موجەڕەدی.
ئێستا با لە پاشماوەی هەریەک لەم بەرهەمانە بکۆڵینەوە کە لە هەریەکەیاندا هەمان واقعی نامادی هەیە، تەنها مەیینی کاری هاوتوخمانەی مرۆڤە، هێزی کارێک کە بەکاربراوە بەبێ ڕەچاوکردنی شێوازی بەکاربردنەکەی. ئەوەی کە ئەم شتانە پێمان ئەڵێ ئەوەیە کە هێزی کاری مرۆڤ لە بەرهەمهێنانیاندا بەکاربراوە، ئەوەیە کە کاری مرۆڤ تیایاندا بەرجەستە بووە. کاتێک بە شێوەی کریستاڵەکانی بوونە ماددی و کۆمەڵایەتیەکان تەماشای بکەین کە لە هەموویاندا هاوبەشە، ئیتر

*/ ئێن باربۆن، لەندەن، ل ٥٣ و ل ٧

ئەبینین کە بەهان.
بینیمان کاتێک کە کاڵاکان ئەگۆڕدرێنەوە، بەهای ئاڵوگۆڕیان وەک شتێکی تەواو سەربەخۆ لە بەهای بەکارهێنانیان خۆی دەرئەخات. بەڵام گەر لە بەهای بەکارهێنانیان تەجریدیان بکەین، ئەوا ئەو بەهایەیان ئەمێنێتەوە کە لەسەرەوە پێناسەکرا. لەبەرئەوە هەر کاتێک کاڵاکان ئاڵوگۆڕیان پێکرا، ئەو بوونە ماددیە هاوبەشەی کە لە بەهای گۆڕینەوەی کاڵاکاندا خۆی دەرئەخات، ئەبێ بە بەهای ئەو کاڵایانە. چوونەپێشەوەی لێکۆڵینەوەکەمان نیشانی ئەدات کە بەهای گۆڕینەوە تاکە فۆڕمە کە تیایدا بەهای کاڵاکان خۆی نیشان ئەدات. بەهەرحاڵ لە ئێستادا ئەبێ لە سروشتی بەها بکۆڵینەوە، سەربەخۆ لەمە، واتە سەربەخۆ لە فۆرمەکەی.
لەبەرئەوە بەهای بەکارهێنان، یاخود شتومەکێکی بەسود تەنها لەبەرئەوە بەهای هەیە کە کاری مرۆڤ بە موجەڕەدی تیایدا بەرجەستە بووە یاخود ماددیەتی پەیدا کردووە. کەواتە قەبارەی ئەم بەهایە چۆن بپێوین؟ بێ پێچوپەنا، بە بڕی ئەو شتە ماددیەی کە بەها ئەخوڵقێنێ، واتە کارێک کە لەو شتومەکەدایە. بەهەرحاڵ بڕی کاریش بە ماوەکەی. ماوەی کاریش بە دەوری خۆی ستانداردەکانی لە هەفتە و ڕۆژ و کاتژمێردا ئەدۆزێتەوە.
ڕەنگە هەندێک خەڵک وای بۆبچن کە ئەگەر بەهای کاڵایەک بە بڕی کاری بەکارهاتوو تیایدا دیاریبکرێ، ئەوا چەند کرێکارەکە تەمەڵتر و ناکارامەتر بێ، ئەوەندەش کاڵاکەی بەبەهاتر ئەبێ لەبەرئەوەی کاتی زیاتری بۆ بەرهەمهێنانی پێویستە. بەهەرحاڵ کارەکەی کە شکڵ ئەدا بە بوونی ماددیانەی بەها بریتیە لە کاری هاوتوخمیانەی مرۆڤ، شێوازێکی هێزی کاری بەکاربراو. تەواوی هێزی کاری کۆمەڵگا، کە لە تەواوی بڕی بەهای هەموو ئەو کاڵاکایەنەدا بەرجەستەبووە کە ئەو کۆمەڵگایە بەرهەمیهێناون، لێرەدا وەک یەک بارستایی هاوتوخمیانەی هێزی کاری مرۆڤ ئەژمارئەکرێ هەرچەندە لە یەکەی تاکی بێشومار پێکهاتبێ. هەریەک لەم یەکانە وەک یەکن مادام سیفەتی تێکڕای هێزی کاری کۆمەڵگایان هەیە و هەر بەمجۆرەش کاریگەرییان ئەبێ. واتە، چەندی پێویست ئەبێ بۆ بەرهەمهێنانی کاڵایەک لە تێکڕادا کاتی زیاتر پێویست نییە، یانی زیاتر لەوەی کە لەباری کۆمەڵایەتیەوە ئەخوازێ پێویست نییە. ئەو کاتی کارەی کە لەباری کۆمەڵایەتیەوە ئەخوازرێ ئەوەیە کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی شتومەکێک لە هەلومەرجی ئاسایی بەرهەمهێناندا و بە تێکڕای پلەیەک لە لێهاتوویی و چڕی کە لەو کاتەدا زاڵە. هاتنی تەونی میکانیکی بۆ ئینگلتەرە ڕەنگە کارێک کە پێویست بووە بۆ چنینی بڕێک لە دەزوو بۆ کردنی بە قوماش کردبێتی بە نیوە ئەوەندە. لە راستیدا چنینی دەستی بەردەوام وەک پێشوو کاتی پێویست بووە، بەڵام بۆ هەموو ئەوانە بەرهەمی کاتژمێرێک لە کارەکەیان دوای گۆڕانەکە بریتی بووە لە تەنها نیو کاتژمێر کاری کۆمەڵایەتی و بەم پێیەش بووە بە نیو ئەوەندەی بەهاکەی پێشووی.
کەوایە ئەبینن ئەو شتەی قەبارەی بەهای هەر شتومەکێک دیاریئەکات بڕی ئەو کارەیە کە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە پێویستە، یاخود ئەو کاتی کارەی لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بۆ بەرهەمهێنانی پێویستە*. لەم پەیوەندەدا هەر کاڵایەکی تاکی ئەبێ بە نمونەیەکی تێکڕایی چینەکەی

*/ "بەهاکەیان" (پێداویستیەکانی ژیان)، "کاتێک لەگەڵ یەکتریدا ئەگۆڕدرێنەوە بەو برە لە کار رێکئەخرێن کە ⇦

دابنرێ *. لەبەرئەوە ئەو کاڵایانەی کە تیایاندا بڕی یەکسان لە کار بەرجەستەبووە یاخود کە ئەتوانرێ بە هەمان کات بەرهەمبهێنرێن هەمان بەهایان هەیە. بەهای هەر کاڵایەک نیسبەت بە کاڵایەکی تر بەپێی ئەو کاتی کارەی پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی یەکێکیان نیسبەت بەو کاتەیە کە پێویستە بۆ بەرهەمهێنانی ئەوەکەی تر **.
لەبەرئەوە بەهای کاڵایەک بە نەگۆڕی ئەمێنێتەوە ئەگەر ئەو کاتی کارەی کە بۆ بەرهەمهێنانەکەی پێویستە بە نەگۆڕی بمێنێتەوە. بەڵام ئەمەی دواییان بەپێی هەر ئاڵوگۆڕێک لە بەرهەمهێنەریی کاردا گۆڕانی بەسەردا دێت. ئەم بەرهەمهێنەرییەش بەپێی هەلومەرجی جیاواز دیاریئەکرێ، لەوانە تێکڕای بڕی لێهاتوویی کرێکاران، ئاستی زانست و پلەی جێبەجێکردنی بەکردەوەی ئەو زانستە، ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیانەی بەرهەمهێنان، ئاست و توانایی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و هەلومەرجی فیزیکی. بۆ نمونە هەمان بڕی کار لە وەرزێکی گونجاودا لە ٨ گالۆن دانەوێڵەدا بەرجەستە ئەبێتەوە، بەڵام هەمان بڕ لە وەرزێکی ناگونجاودا تەنها لە ٤ گالۆندا. هەمان کار لە کانێکی دەوڵەمەنددا کانزای زیاتر ئەهێنێتە دەرەوە وەک لە کانێکی هەژاردا. ئەڵماس بە دەگمەن لەسەر ڕووی زەمین دەستئەکەوێ، هەربۆیە دۆزینەوەکەی بە تێکڕایی کاتێکی کاری زۆری تێئەچێ. سەرئەنجام کارێکی زۆر لە ئامێری ڕێنوماییەکی بچوکدا خۆی ئەنوێنێ. جەیکوب گومانی هەیە کە ئاڵتون هەرگیز بەهای تەواوەتی خۆی پێدرابێ ***. ئەمە هێشتا زیاتر شمولی ئەڵماس ئەکات. بەپێی ئێسوێج، بەرهەمهێنانی تەواوەتی کانەکانی ئەڵماسی بەرازیلی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ تا کۆتایی ١٨٢٣ نەگەیشتووە بە نرخی ساڵ و نیوێکی تێکڕای بەرهەمهێنانی شەکر و قاوە لە هەمان وڵاتدا، هەرچەندە ئەڵماسەکان کاری زیاتریان تێچووە و هەربۆیەش بەهای زیاتریان نواندووە****. لە کانە دەوڵەمەندەکاندا، هەمان بڕی کار خۆی لە ئەڵماسی زیاتردا بەرجەستەئەکاتەوە و بەهاکەیان دائەبەزێ. ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو بین کە کارێکی بچوک بەکاربەرین بۆ گۆڕینی کاربۆن بۆ ئەڵماس ئەوا ڕەنگە بەهاکەیان بێتە خوارتر لە بەهای خشت. بە

⟹ پێویستە و بە گشتی بەکارهاتووە بۆ بەرهەمهێنانیان". چەند بیرۆکەیەک دەربارەی بەرژەوەندی پارە بە گشتی و بە تایبەتیش لە سامانی گشتیدا، لەندەن ل. ٣٦ و ٣٧. ئەم کارە سەرنجڕاکێشەی ناوی نووسەرەکەی نەزانراوە، کە لە سەدەی دواییدا نووسراوە، هیچ مێژوویەکی لەسەر نییە. بەهەرحاڵ لە بەڵگە ناوخۆییەکانەوە ئەوە ڕۆشنە کە لە سەردەمی جۆرجی دووەمدا لە دەوروبەری ساڵەکانی ١٧٣٩ و ١٧٤٠ دا دەرکەوتووە.

*/ بە ڕاستی، هەموو بەرهەمەکان کە لە جۆرێکن کۆمەڵێک پێکئەهێنن و نرخەکەشیان بە گشتی دیاریئەکرێ بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجێکی تایبەتی، لو ترۆسن. ل. ٨٩٣

**/ "بەوێنەی بەها، هەموو کاڵاکان بارستایی کاتی کاری مەییون." (کارڵ مارکس، کۆکراوەی بەرهەمەکانی مارکس و ئەنگلس، بەرگی ٢٩. ل ٢٧٢

***/ ئاماژە بە کتێبی لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بۆ بەرهەمهێنان و بەکاربردنی کانزا بەنرخەکانی دەبلیو جەیکوب. لەندەن، ١٨٣١، بەرگی ٢، ل. ١٠١

****/ بڕوانە ئێیچ مێرڤیڵ، محازەرە سەبارەت بە ئیستیعمار و موستەعمەرەکان، بەرگی یەک، لەندەن، ١٨٤١. ل ٥٢

گشتی هەتا بەرهەمهێنەریی کار گەورەتر بێ، کاتی کارەکە کە بۆ بەرهەمهێنانی شتومەکێک پێویستە کەمئەبێتەوە، بڕی کارێک کە لەو شتومەکەدا بەرجەستەبووە کەمئەبێتەوە و بەهاکەشی کەم ئەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە، هەتا بەرهەمهێنەریی کار کەمبێتەوە، کاتی کارەکە کە بۆ بەرهەمهێنانی شتومەکێک پێویستە گەورەترئەبێ و بەهاکەشی هەروا گەورەترئەبێ. لەبەرئەوە بەهای کاڵایەک ڕاستەوخۆ وەک چەندێتیەک ئەگۆڕێ یان بەپێچەوانەوە وەک بەرهەمهێنەریی ئەو کارەی تیایدا بەکاربراوە ئەگۆڕێ.

شتێک ئەتوانێ بەهای بەکارهێنان بێ، بەبێ ئەوەی بەهای هەبێ. ئەم مەسەلەیە بەمجۆرەیە هەرکاتێک کە بەکەڵکبوونەکەی بۆ مرۆڤ وابەستە نەبێ بە کار. بۆ نمونە هەوا، زەوی نەکێڵدراو، لەوەڕگای سروشتی و... هتد. شتێک ئەتوانێ بەسوود بێ و بەرهەمی کاری مرۆڤ بێ بەبێ ئەوەی کاڵا بێ. هەرکەسێک کە ڕاستەوخۆ پێداویستیەکانی خۆی بەدیبهێنێ بە بەرهەمی کارێکی خۆی، بێگومان بەهای بەکارهێنان ئەخولقێنێ بەڵام کاڵا ناخولقێنێ. بۆ ئەوەی ئەمەی دوایيان بخولقێنێ، ئەبێ نەک تەنها بەهای بەکارهێنان بەرهەمبهێنێ، بگرە ئەبێ بەهای بەکارهێنان بۆ کەسانی تریش بەرهەمبهێنێ، واتە بەهای بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی. وە نەک بۆ کەسانی تر بەبێ هیچ زیادەیەک. جوتیاری سەدەکانی ناوەڕاست دانەوێڵەیەکی بەرهەمئەهێنا کە کرێی زەویەکەی ئەدا بە ئاغاکەی و یەک لەسەر دەی دانەوێڵەکەشی ئەدا بە کەشیش. بەڵام نە دانەوێڵە کرێ بۆ دراوەکە و نە بەشی یەک لەسەر دەکەشی نەبوون بە کاڵا بەهۆی ئەو ڕاستیەوە کە بۆ کەسانی تر بەرهەمهێنرابوون. بۆ ئەوەی بەرهەمێک ببێ بە کاڵا ئەبێ بگوازرێتەوە بۆ کەسێک کە وەک بەهای بەکارهێنان بچێتە خزمەتیەوە ئەویش لەڕێگای ئاڵوگۆڕپێکردنەوە.

لە کۆتاییدا هیچ شتێک ناتوانێ بەهای هەبێ بەبێ ئەوەی ببێت بە شتێکی بەکەڵک. ئەگەر شتەکە بێکەڵک بێ، ئیتر ئەو کارەشی تیایدایە بێکەڵک ئەبێ. کارەکە بەکار هەژمارناکرێ و لەبەرئەوە ئیتر هیچ بەهایەک ناخولقێنێ.

# بەڵگەنامەکان

# یاری کردن بەماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستان، مەحکومە!

## لەپەیوەند بەهەوڵەکانی  پارتی و یەکێتی بۆئەنجامدانی ڕیفراندۆم

بەدوای هەڵکردنی ئاڵا لە شاری کەرکوک، جارێکی تر پارتی و یەکێتی مەسەلەی سازدانی ڕیفراندۆم لەکوردستانیان، وەک کەمپینێکی سیاسی و دیبلۆماسی بەدەستەوەگرت، پروپاگەندەی دەرکەوتنی سەرۆک و بەرپرسانی ئەم دوحزبە وەک ڕابەرانی سەربەخۆیی و داکۆکیکەر لە"مافی گەلی کورد بۆ بڕیاردانی چارەی خۆنوسین"، تا هێنانەکایەوەی  مادەی 140 و پێداگری لەکوردستانی  بوونی کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان، لەپاڵ جەولەی دانیشتنەکانی وەفدی هاوبەشی ئەم  دووحزبە لەگەڵ لایەنەکانی کوردستان سەبارەت بەپرسی ڕیفراندۆم، هاوکات سەردانیکردنی بەغدا و کۆبونەوە لەگەڵ عەبادی و سەرۆکی پەرلەمان و چەند لایەنی تری عێراقیدا، لایەنە سەرەتاییەکانی تائێستای ئەم کەمپینە سیاسی و دیبلۆماسیەیە، کەیەکەمین هەنگاوەکانی خۆی بەنێو توندبونەوەی فەزای ڕقەبەری قەومی وسەرهەڵدانی بارگرژی نێوان هەرێم و بەغدا و وەدەنگ هاتنی دەوڵەتانی ناوچەکە و بەخشینەوەی دەریایەک لەپڕوپاگەندەی کۆنەپەرستانەی قەومی و درۆ و چاوەشەکاریدا، خۆی تێدەپەڕێنێ.
بانگەوازی ئەمجارەی ئەم دوو حزبە بۆ پرسی ڕیفراندۆم، کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بەبارودۆخی ناوخۆی کوردستان و ناوچەکەو ڕەوتی بەرەو کۆتایی هاتنی داعش لەجەنگی موسڵدا هەیە، لەبنەڕەتەوە گۆشەیەکی سەرەکی لەپلاتفۆرمی پارتی و ئامانجە بۆرژوا - ناسیونالیستیەکانی دەخاتەڕوو. پلاتفۆرمێک کە لەلایەکەوە پرسی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کراوەتە ڕێگای یەکخستنەوەی حزب و لایەنە قەومی و ئیسلامیەکانی نێو دەسەلات و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەیان لەژێرچەتری سیاسەتەکانی پارتیدا، سەرەنجام تێپەڕکردنی هەمو ئەو کێشەو ناکۆکیانەی نێوانیان، کەبەدوای شکستی پەرلەمان و حکومەتی بنکەفراوانی هاوبەشیاندا، وەک قەیرانێکی سیاسی لەئارادایە. لەلایەکی تریشەوە، ئەم پرسە لەپێناو فراوانکردنەوەی سنورەکانی دەسەڵاتدارێتی و سەرچاوە ئابوری و داراییەکانی بۆ بۆرژوازی کورد، لەپەیوەند بەئارایشدانەوەی ناوچەکە

کەبەدوای تەواوبوونی شەڕدا، ئەگەرێکی بەهێزە، بەدەستەوە گیراوە. بەتایبەتیش دووبارە پێناسەکردنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و دەوڵەتی مەرکەزی، بەجۆرێک نفوزی حزبە ناسیونالیستەکان، لەکەرکوک و"ناوچە دابراوەکان"دا، زامن و قانونی بکات، ئامانجێکی تری ئەم کەمپینەیە.

بەڵام ئەوەی کەدەبێ جەماوەری خەڵکی کوردستانی پێ ی هوشیار بکرێتەوە ئەوەیە کەناسیونالیزم و حزبەکانی، لەڕیزی پێشەوەیاندا، پارتی و یەکێتی، هەمیشە و بەردەوام بۆ بەشداری لەدەسەڵات و وەرگرتنی ئیمتیازات لەدەوڵەتی عێراق و ناوچەکەو هێزە ئیمپریالیستیەکان، هاوکات بۆ قایمکردنی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکی کوردستانەوە و بۆ فراوانکردنەوەی نفوزی سیاسیان، مەسەلەی کوردیان وەک کارتێکی سیاسی بەکار هێناوە و بۆ گەیشتن بەئامانجەکانیان مامەڵەیان پێوەکردوە و هیچ کاتێکیش ئامادەنەبون رێز لەڕای گشتی خەڵکی کوردستان بگرن و گەڕانەوە بۆ ڕای ڕاستەوخۆی ئەوان وەک بنەمایەک بۆچارەسەی ئەم کێشەیە لەبەرچاوبگرن.گرێدانەوەی کوردستان بەحکومەتی عێراقی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە و سەپاندنی فیدرالیزم بەسەریاندا، بەبێ هیچ پرسوڕاکردنێک بەخەڵکی، دواین نمونەی ئەم مامەلەپێکردن و یاریەیە که ئەم حزبانە بەکێشەی کوردەوە کردویانە. لەئیستاشدا ریفراندۆم بەوجۆرەی کە یەکێتی و پارتی ڕایان گەیاندوە کە مەرج نیە کار بە ئاکامی ریفراندۆم بکەن، بەجیا لەوەی گاڵتەکردنە بەدەور و ئیرادەی خەڵک، تەنها ئەو مانایەی دەبێ کە ئەم دوو حیزبە بۆیان گرنگ نیە خەڵکی کوردستان لەو گێژاوە سیاسیەی کە ساڵانیکی زۆرە تیایدا چەقیوە، دەرکێشن و گرفتێکی جدی کەناوی مەسەلەی کوردە چارەسەربکەن، بەڵکو ئاکامی ریفراندۆم هەڵدەگرن بۆ بەند و بەست لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی و دەوڵەتانی ناوچەکە و هەروەها چاوەڕێی سیاسەتی دەوڵەتانی ئیمپریالیستی دەکەن بۆئەوەی لە موحاسەباتی سیاسی ناوچەکەدا چ بەشێکیان بۆ دادەنێن. بۆیە لەم ڕوانگەیەشەوە ریفراندۆمێک کە پارتی و یەکێتی، هێزە قەومی و ئیسلامیەکانیان بۆ هەڵخراندوە، جگە لە گاڵتەجاری و یاری کردن بە چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە هیچی دیکە نیە.لە ئاوەها حاڵەتێکیشدا ڕیفراندۆمێک کە پارتی و یەکێتی دەیانەوێ ئەنجامی بدەن تەنها بەکارهێنان و وەرگرتنی ئیمزای خەڵکە بۆئەوەی خۆیان وەکو نوێنەری ئەوان لە پەیوەند بە دەوڵەتانی ناوچەکە و دەوڵەتی عێراق و هەروەها دەوڵەتانی ئیمپریالیستیەوە هەڵسوکەوت و مامەڵە بکەن و دەسکەوت و ئیمتیازاتی سیاسی پێوەربگرن و لەبەرامبەر خەڵکی نارازیشدا وەکو پروپاگەندەیەکی سیاسی بۆ چەواشەکردن و ڕووو وەرگێڕانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەسەر کێشەکانی خۆیان و قەیران و برسێتی و هەژاری هێرشە بەردەوامەکانی حکومەتی هەرێم بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانیان.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان ئەم یاریکردن و مامەلەپێکردنەی یەکێتی و پارتی و سەرجەم حزبە قەومی و ئیسلامیەکان بە چارەنوسی خەڵکی کوردستانەوە مەحکوم دەکاو رایدەگەیێنێت ، کە سیاسەت و ئامانجێک کە لەپشتی هەوڵی ئەم حزبانەوە، بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆم ڕاوەستاوە، نەک هیچ پەیوەندیەکی، بە بەرژەوەندیەکانی خەڵک و دەرکێشانی

## یاری کردن بەماف و چارەنوسی خەڵکی کوردستان، مەحکومە!

کۆمەلگای کوردستان لەگێژاوی سیاسی ئێستا نیە، بەڵکو کردنی ئەوانە بە ئامرازێک بۆ گەیشتنی دەسەڵاتداران، بەئیمتیازاتی زیاتری ئابوری و سیاسی و ڕاکێشانی خەڵکی کوردستانە بۆ نێو دەورەیەکی تر لەبارگرژی و نائارامی و شەڕو ڕقەبەری قەومی.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، وێرای دوپاتکردنەوەی پێداگری خۆی لەسەر مافی خەڵکی کوردستان بۆ بریاردان لەسەر جیابوونەوە و سەربەخۆی کوردستان، لەرێگای ریفراندۆمێکی ئازاد و قانونیەوە، هاوکات ڕایدەگەیێنێت، بۆ ئەوەی ئەم ریفراندۆمە لەکەش و هەوایەکی عادیلانە و بەدور لەزەغت و زۆر و توندوتیژی و هەلاواردانی قەومیدا ئەنجامبدرێ، دەبێ ئەم هەنگاوانە بگیرێتەبەر:

1/ ڕیفراندۆم بۆ بریاردانی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ، یا مانەوە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بەماف و هەقی یەکسانەوە، ئەنجام بدرێ و ئەنجامەکەی دەبێ هەمولایەک بەرەسمی بیناسن و پێوەی پەیوەست بن.

2/ ریفراندۆم پێویستە لەژێرچاودێری دەزگایەکی نێونەتەوەیی وەکو "نەتەوە یەکگرتوەکان"دا بەڕێوەبچێت.

3/ ریفراندۆم دەبێ بەدوای هەڵگرتنی دۆخی ئاوارەیی و جەنگی بەسەر هاولاتیاندا و لە کەشوهەوایەکی سیاسی تەواو ئازادانە و دوور لە فشارو زۆرکردن و بونی هێزی میلیشیا لەسەر ژیانی خەڵکیدا، بەسەرەنجام بگات. بەجۆرێک کە هەموو هێزو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان فرسەتی یەکسانیان هەبێت بۆ بەشداری پروپاگەندەی سیاسی خۆیان سەبارەت بە پرسی ریفراندۆم.

4/ دوای تەوابوونی دەنگدان و دەرکەوتنی ئاکامەکەی، ئەگەر بڕیار لەسەر جیابونەوەی کوردستان درا، پێویستە دوای ئەوە ریفراندۆمێکی دیکە لەو ناوچانەی دەرەوەی هەرێم سازبکرێت بۆ دەنگدان لەسەر ئەوەی ئایا دەیانەوێ بێنە پاڵ دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان یان دەیانەوێ لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بمێننەوە. ئەم سیناریۆیە باشترین و ئینسانی ترین سیناریۆیە کە خەڵکی کوردستان و کەرکوک و ناوچەکانی دیکەش بەوپەڕی ئازادیەوە دەتوانن تێیدا دەنگی خۆیان بدەن بۆ یەکلاکردنەوەی پرسێکی زۆر هەستیار و پڕ گرێ و گۆڵەی عێراق بەجۆرێک کە دەرگا لەبەردەم هەموو ئەگەرێکی نەخوازراو و بەگژاکردنەوەی هاولاتیانی کورد و عەرەب و تورکمان دادەخات!

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٧/٤/٢٠١٧**

## چەند ڕێسایەکی دیدگای سۆشیالیستی

- دیدگای سۆشیالیستی گۆڤارێکی فیکری و سیاسی وەرزیە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریئەکات. لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان بڵاوئەبێتەوە.

- دیدگای سۆشیالیستی بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لە شوێن و کەناڵی تری میدیای نووسراو و بینراو و بیستراو... بڵاوبوبێتەوە. مەگەر ئەوەی بابەتێک سەرنووسەر بڕیاری لەسەر بدات بە هۆی ئەوەوە کە تەواوکەری تەوەجوهێک یان تەوەر و باسێک بێت کە لەو ژمارەیەدا هەیە.

- سەرنووسەر ئازادە هەر بابەتێک کە بۆ گۆڤارەکە دێت قبوڵ یان ڕەت بکاتەوە. هەر بابەتێک بڵاونەکرێتەوە، نووسەرەکەی لە هۆکارەکانی ئاگادارئەکرێتەوە. بابەتی نێردراو بۆ گۆڤارەکە، لە حاڵەتی بڵاوبوونەوە یان بڵاونەبوونەوەیدا بۆ خاوەنەکەی ناگێڕدرێتەوە.

- سەرنووسەر مافی کورتکردنەوە و دەستکاری کردنی وتار و بابەتەکانی هەیە، کەسانێک کە نایانەوێت بابەتەکانیان دەستکاری بکرێت. ئەبێ بە تیبینیەکی نووسراو ئەمە بەسەر نووسەر رابگەیەنن.

- هەڵەبڕی وتار و بابەتەکان، ئەرکی خاوەنەکانیانە و سەرنووسەر بەرپرس نییە لە هەڵەی خاڵبەندی و ڕێنووسی بابەتەکان. بۆیە هەرکەسێک کە بابەت یان وتار بۆ دیدگا دەنێریت، ئەرکیەتی هەم هەڵەبری ڕێنووسی و هەم ڕەچاوی زمانی بەکارهاتووی کوردی. سەرنووسەر مافی ئەوەی هەیە بابەتێک کە ڕەچاوی ئەم خاڵەی نەکردبێ ڕەت بکاتەوە.

- ئەو بابەتانەی لەسەر مەسەلە و بابەتە گەرمەکانی ڕۆژن لانی کەم دوای تێپەڕبوونی دوو هەفتە بەسەر بڵاوبوونەوەی گۆڤارەکەدا خاوەنەکانیان مافی بڵاوکردنەوەیان هەیە. ڕاسپاردەی گۆڤارەکەیە کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بدات بە ناوی گۆڤارەکە و ئەو ژمارەیەی بابەتەکەی تیا بڵاوبۆتەوە.

بۆ بەدەستهێنانی ژمارەکانی پێشووی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی،
دەتوانن لەگەڵمان پەیوەندی بگرن:


0047 47276028

**didgaisocialisti@gmail.com**


**دیدگای سۆشیالیستی، بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**

# Socialist Outlook

A POLITICAL INTELLECTUAL QUARTERLY ISSUED BY
WORKER-COMMUNIST PARTY OF KURDISTAN

SIXTH ISSUE, APRIL 2017